ژمارە: ٥١
ساڵی پێنجەم، ئەپرێل ٢٠١٠

گۆڤارێکی ئەدەبیی، هونەریی، رووناکبیرییە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز:
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

سەرنووسەر:
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر:
محەمەد عەبدوڵڵا

سەرپەرشتیاری هونەریی:
ڕێبین مەجید

Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

ناونیشان: گردی ئەندازیاران، بەرامبەر ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ
تەلەفۆن: ٣١٨٠٩٩٤

دەستەی نووسەران:

کارزان عەبدوڵڵا
ئەکرەم محەمەد ئەمین
نەورۆز جەمال

تایپ و نەخشەسازی:
پەیام ئەحمەد

هەڵەچن:
سنەوبەر کەریم
مونا عەبدوڵڵا

لۆگۆ:
حەمیدی نازمودە

مۆتیف:
هاوژین

تیراژ
٥٠٠

# پێڕست

## لێکۆڵینەوە


| | | |
|---|---|---|
| کوشتنی شیعر... | سیروان ڕەحیم | ٧ |
| بنیاتە زمانەوانییە جوانکارییەکان... | نەجات حەمید ئەحمەد | ١١ |
| سەرەتاکانی چیرۆکی منداڵ... | لەتیف هەڵمەت | ٢٧ |


## دەق


| | | |
|---|---|---|
| ئەڤینی چاوتروکانەکانی تۆ... | هەندرێن | ٤٩ |
| خۆنەبوون... | عیسا چیایی | ٥٣ |
| لەئاوێنەیەکدا جێ بەخۆم ناگرم... | ئیدریس عەلی | ٥٤ |
| دڵ بەئاوێنە ناسپێرم... | کوردۆ کاروان | ٥٧ |
| وێنە شکاوەکانی نیگەرانی... | داستان بەرزان | ٦٨ |
| خەونێکی پایزیی... | سەروەر کەریم | ٧٢ |
| بە دەزوویەک دڵم دەدوورمەوە... | ئارام کاکەی فەلاح | ٧٤ |
| سۆراخ... | تایەر ساڵح سەعید | ٨٢ |
| قور .... بانی... | ئاوات مەحمود غولام | ٨٤ |


## دیدار


| | | |
|---|---|---|
| دیدار لەگەڵ دلاوەر قەرەداغی... | سەرتیپ عوسمان | ٩١ |
| دیدار لەگەڵ کەریم دەشتی... | حەمە کاکەڕەش | ٩٧ |


## وەرگێڕان


| | | |
|---|---|---|
| ڕۆمان پەنجەرەیەکی کراوە بەرەو... | هیوا سەلیمی | ١٢١ |
| دیدار لەگەڵ دان براون... | شێرزاد هەینی | ١٢٥ |
| دیدار لەگەڵ تەسلیمە نەسرین... | دلێر محەمەد | ١٣٣ |
| میوانداریی... | دلاوەر قەرەداغی | ١٣٧ |
| هاملێت بێ هاملێت... | غەفور ساڵح عەبدوڵڵا | ١٤٥ |
| ئەوا هەر یەک شت هەیە!... | ئەنوەر محەمەد ئەحمەد | ١٧٣ |
| بۆ ماریانا... | عەزیز ڕەئوف | ١٧٥ |


## هونەر


| | | |
|---|---|---|
| سەردەمی پڕ خوماری دیاری قەرەداغی... | ئالان پەری | ١٧٩ |
| دیدار لەگەڵ شوان کەمال-ی پەیکەرساز... | چنور محەمەد | ١٨٥ |
| دیدار لەگەڵ مۆفەق لهۆنی... | شەنکار عەبدوڵڵا | ١٩٠ |
| ساتە فەلسەفییەکانی مۆسیقا... | ئەنوەر عەبدوڵڵا | ١٩٥ |

کوشتنی شیعر

سیروان ڕەحیم



# لێکۆڵینەوە

بنیاتە زمانەوانییە جوانکارییەکان لە شیعرەکانی هاشم سەراج-دا

خوێندنەوەی: نەجات حەمید ئەحمەد

سەرەتاکانی چیرۆکی منداڵو توێژینەوەیەک دەربارەی خەسڵەتو جۆرەکانی چیرۆکی منداڵ

لەتیف هەڵمەت

# کوشتنی شیعر



**سەلما مێرباوم-ئایزینگەر...**
**١٨ ساڵ ژیا، بەڵام ئەدەبێکی زیندووی بەجێهێشت**

**سیروان رەحیم**

**ئەوە شیعرێکە وا دەکات لە هەژاندا مرۆڤ بگری، شیعرێک: ئەوەندە روون، ئەوەندە جوان، ئەوەندە روناک، ئەوەندەیش هەرەشەلێکراو.**
**هیلدە دۆمین (١٩٠٩-٢٠٠٦) ژنە نووسەر و شاعیری ئەڵمانی**

«من لە تاسە پێچراوم» ناوی دیوانە تاقانەکەی سەلمایە. سەلما کەنیشکێک بوو هێشتا دڵی زیندووی پڕ وزە و تژە* لە خەونی ڕەنگین بوو. ئەو هێشتا نەگەیشتبوو بە بیستەکانی تەمەنی، کاتێک پیاوگەلی نازیی** بوون بە هۆکاری مەرگی. سەلمای هەژدە ساڵە و شاعیر نەمامێکی ئەوەند ناسک بوو مەحاڵ بوو بەرانبەر بە باهۆزی نازییەکان خۆڕاگرێت. کاری نەکردە بوو ئەو نەمامە ناسکە نەتەوێت***. ئەو لە ئۆردوگای زۆرەملێ و کارپێکردنی قورس و پڕۆکێنەردا لەوە زیاتر نەیدەتوانی وزەی ژیانی تێدا بگەڕێ و گیانی سپارد. سەلما گیانی سپارد، هەژدە ساڵ ژیا، بەڵام پاش خۆی ئەدەبێکی جوان و دڵکێشی بە جێهێشت.

لەشکر و سەرکردە دڕندەکان بە تەنها شار و ئاوایییەکان داگیر ناکەن، بە تەنها ماڵ و باڵەخانەکان وێران ناکەن، ئەوان چەندین تاوانی دی دەکەن کە مرۆڤ کەمتر هەستیان پێدەکات، چونکە بەرجەستە نین و نابیندرێن. تاوانگەلێک هەرگیز قەرەبوو ناکرێنەوە و هەرگیز شوێن برینیان سارێژ نابێتەوە.





لە ناو تاوانی ئەوانەدا کوشتنی شیعریش هەیە. کوشتنی شیعر بە چی قەرەبوو دەکرێتەوە؟

ئایا هەست و دەروونی سەلما مێرباوم- ئایزینگەر دەبێ چەند هەواری دیوان و چەند پەپولەی شیعر و چەند ئاوریشمی ڕەنگینی وشەی تێدا بووبێت؟

ئایا کوشتنی هەموو ئەو مێرگە ڕەنگینانەی ئەدەب و جوانی چۆن قەرەبوو دەکرێنەوە؟

ئەوەی کەمتر لە ئەدەبیات و ڕاگەیاندنی ئێمەدا ڕۆشنایی چۆتە سەر، بابەتی جینۆسایدی کولتور و هونەرە لە سەردەمی دەسەڵات و داگیرکاریی نازییەکاندا. لەسەردەمی دەسەڵاتی ئەواندا لە ئەڵمانیا و دەرەوەی ئەڵمانیا بە هەزاران کتێب سوتێندران و بەهەزاران ناونیشان قەدەغە کران. ژمارەیەکی زۆر بیرمەند، روناکبیر، رۆژنامەوان، هونەرمەند و وەشانکار هاتنە کوشتن یان ئەشکەنجە دران. ژمارەیەکی زۆرتریش ئاوارە بوون و ناچارکران تا نەمانی دەسەڵاتی نازی تاراوگەنشین بن.

ئەو کەنیشکە شاعیرە نەونەمامی بەر ئەو باهۆزە ترسناک و بێ ئامانە بوو.

سەلما مێرباوم- ئایزینگەر لە ١٩٢٤/٨/١٥ لە دایکبووە و لە ١٩٤٢/١٢/١٦دا لە ئۆردوگای بێگاری و کاری پڕوکێنەری نازییگەلدا لە ئۆکرانیا گیانی لە دەستدا. دەروونـی پڕ شیعر و جوانیی ئەو لە هەژدە ساڵییدا بۆ هەمیشە خامۆش کرا. سەلما شاعیرێک بوو ئۆکرانی، بەڵام زمانی زگماکی ئەڵمانی بوو. ئەو بە ڕەچەڵەک جولەکە بوو. بۆیە نازییەکان لەگەڵ هەزارانی دیکەدا ڕاپێچی ئۆردوگای مەرگیان کرد. سەربارى ئەوەی مەرگی سەلما مەرگێکی ناوادەیە، مردن لە ١٨ ساڵیدا، بەڵام شیعرەکانی نەک هەر زیندوون، بەڵکو بوون بە بەشێک لە ئەدەبی جیهانی****.

سەلما مێرباوم- ئایزینگەر کچی دوکاندارێکی ئاسایی، ماکس مێرباوم، بوو. ئەوان لە شاری چەرنۆڤیتز، لە رۆژئاوای ئۆکرانیا دەژیان. سەلما لە سەرەتایەکی زۆر زوودا دەست بە خوێندنەوە و کارکردن دەکات. خوێندنەوە و کارکردن لەسەر ئەدەبیاتی شاعیری ئەڵمانی هاینریش هاینە (١٧٩٧-١٨٥٦)، راینەر ماریا ریلکە (١٨٧٥-١٩٢٥) کە یەکێک لەو شاعیرانەیە گرنگی تایبەتی لە ئەدەبیاتی ئەڵمانییدا هەیە. هەروەها شاعیری فەرەنسی (ئەدەبی رەمزی) پاول فەرلاین (١٨٤٤-١٨٩٦) و شاعیر و فەیلەسوفی بەنگالی رابینرانات تاگۆرا (١٨٦١-١٩٤١) هەڵگری خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەبیات «ساڵی ١٩١٣».

لە ساڵی ١٩٣٩ بەدواوە سەلما دەست بە نووسینی شیعر دەکات، واتە کاتێک

تەمەنی ١٥ ساڵ بووە. هاوکاتیش شیعری لە زمانەکانی عیبری، فەرەنسی، ڕۆمانی-ەوە وەرگێڕاوە. پاش کشانی لەشکری نازی بە سەر خاکی ڕۆمانیا و یەکێتی سۆڤیەتی ئەوسادا «١٩٤٠»، کاتێک سنووری ڕۆمانیا و یەکێتی سۆڤیەت دادەبڕن، لە مانگی حەفتی ساڵی ١٩٤١دا خێزانی سەلما ناچار دەکرێن بچنە ئۆردوگای زۆرەملێی شارەکە و لەوێ بژین، بەڵام چ ژیانێک؟ پاشان هەموو خێزانەکەیان پێکەوە ڕەوانەی کامپێکی تری بێگاری دەکرێن، کامپی «ترانسنیستریا» هەر لە ئۆکرانیا. لەو کامپەدا، سەلما تووشی گرانەتا دەبێت. دواتر هەمان ئەو دەردە، گرانەتا، دەبێت بە هۆی مردنی سەلما لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا. نازیگەل بەو جۆرە شیعرێک دەکوژن، شیعرێکی ناسک، شیعرێک لەسەرەتای گەشە و بەهاری ئەدەبی و خەونی ڕەنگاوڕەنگی خۆیدا.

سەلما پاش خۆی ٥٧ شیعری بەجێ هێشتووە، سەرجەم ئەو شیعرانە لە لایەن هاوڕێیەکی سەلماوە لە کاتی شەڕدا دەگەیەندرێنە ئیسرائیل و پاشان لە دیوانێکدا چاپ دەکرێن. سەرەتا بە شێوەیەکی سادە چاپ دەکرێن، بەڵام دیارە ئەگەر ئەو هاوڕێ خوێندکارەی سەلما نەبوایە، بێگومان شیعرەکانی سەلما و ناوی سەلمای شاعیر بۆ هەمیشە بزر دەبوون.

شیعر و ناوی سەلما مێرباوم- ئایزینگەر ساڵی ١٩٨٠ بە تەواوی لە ئەڵمانیا ناسران، ئەو کاتەی لە لایەن نووسەر و ڕۆژنامەوان یۆرگن زیرگە (١٩٣٨) دیوانەکەی بە ناوی «من لە تاسە پێچراوم» بڵاو کرایەوە. دواتر چاپی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥ و لە ساڵی ٢٠٠٨دا چاپی سێیەمی کرایەوە.

### دوو نموونە لە شیعری سەلما مێرباوم- ئایزینگەر:

١.

من ڕێگای بەرانبەر خۆرنشینم
مردنی ڕۆژی زەرین و
زەنگی قاوەیی مێگەل و
سورایی ئێوارەی ماندووم.
براکەم، لە بێ میراتیم گەڕێ
باوەڕە گەشەکانت
بە فرمێسکە شینەکانمدا هەڵمەواسە.
جوانییم چەقۆیەکە
بە نێو دڵتدا تێدەپەڕێ
ژانی شینی جاویدانم،



بەرگی دیوانی سەلما
مێرباوم-ئایزینگەر





دوو لێون لە (مەی)دا نوقم بوو.
تاسەم
قەرەجێکە
لە با کێوییەکاندا زراڤ بووە و لوول دەخوات
تاسەم
دایکێکی سپیی مردووە
بەسەر پشتی خۆرئاوایەکی تاریکەوە.
براکەم، لە بێ میراتیم گەڕێ
باوەڕە گەشەکانت
بە فرمێسکە شینەکانمدا هەڵمەواسە.

٢.

تۆ، دەزانی تۆ، چۆن باران دەگری و
من چۆن ڕەنگپەڕیوانە دادەچەڵەکێم
و
پەی نابەم بە شوێنێک بۆ هەڵاتن؟
چۆن ترساوانە ئیتر من شتێک نازانم
ئەمە ئیمپراتۆری منە، یان ئەمە ئیمپراتۆری من نییە
شەو موڵکی منە، یان، من موڵکی ئەوم
ئایا وەها لێوبەبار و نا دڵنیام
کە ئیتر بە ڕاستی ناگریم؟

* تژە: پڕ، لێوانلێو. بە داخەوە ئەو وشە کرمانجییە لای ئێمە بە هەڵە بووە بە «تەژی».
** نازیی: کورتەی ناسیۆنال سۆسیالیزموس-ە. ڕێکخراوێکی پەرگیری خاوەن جیهانبینی دژەجولەکە، دژەکۆمونیست و دژەدیمۆکراسی-یە. ئەم بزاڤە سیاسییە لە ئەڵەمانیا پاش شەڕی یەکەمی جیهانیی سەری هەڵدا. هەواداران و لایەنگرانی لە چوارچێوەی پارتی کاری ناسیۆنال سۆسیالیستی ئەڵەماندا، بەسەرکردایەتی ئەدۆلف هیتلەر (١٨٨٩-١٩٤٥)، ساڵی ١٩٣٣ لە ئەڵەمانیا دەسەڵاتیان گرتە دەست.
*** نەتەوێت: نەنوشتێتەوە.
**** ئەدەبی جیهانی مەبەست لەو دەقانەیە سنووری نەتەوە و زمانی خۆیان تێدەپەڕێنن و بە زمانەکانی دی دێنە وەرگەڕاندن. بە تایبەتی زمانگەلێک کە بە فراوانی بە کاردەهێندرێن. دیارە دەبێ ئەو ئەدەبە بۆ هەموو ئەوانی دیکەیش پڕواتە بێت یان سەرنجیان رابکێشێت. بێگومان ئەو دەمە دەبێت بە یەکێک لە سەرمایە و میراتی ئەدەبی جیهانی. بۆ یەکەمجار زاراوەی ئەدەبی جیهانی لە لایەن شاعیری ئەڵەمان کریستۆف مارتین ڤیلاند-ەوە (١٧٣٣-١٨١٣) بەکارهاتووە. ئەدەبی جیهانی ئەدەبێکە لە گیانێکەوە سەرچاوە دەگرێ کە گیانی نەتەوەیەک نییە و بێ سنوورانە بەرهەمی خۆی دەئافرێنێت.

سەرچاوە:

Selma Meerbaum-Eisinger: Ich bin in Sehnsucht eingehüllt: Gedichte. Hoffmann und Campe, Hamburg 2008

# بنیاتە زمانەوانییە جوانکارییەکان لە شیعرەکانی هاشم سەراج-دا



خوێندنەوەی: نەجات حەمید ئەحمەد

**(٢-٢)**

(٤)

### زەمەنی بوون و بە شوێن بوون لە دەرەوەی مانا ناوەندییەکان وەکو بەهایەکی جوانکاریی

ئەگەر ساتی نووسینی شیعر، ساتی ئامادەبوونێکی ناهوشیاریی و شڵەژاویی درک نەکردن بێت بە شوێن و زەمەن، ئەوا ژیان لەو ساتانەی پێناسێکی جوگرافی یان مێژوویی هەڵدەگرن شیعر ناگەیەننە حاڵەتی تەفرەدانی ناسینەوە وەکو بزرکردنی ئەدگارە ناسراوەکانی شوێن و زەمان.... شیعر لەو کاتەدا دەگاتە ئەو حاڵەتە ئیتر لەو رووبەرەی لە دەستدانی هەستەکانی(درک پێکردن، ناسینەوە، چوونەوەسەری ناسنامەدار، ئەگەرانەوەی فیکری بۆ زەمەن و شوێن)دەبێتە ئەو چوونەوەسەرە سەر گەڕدانانەی کە بە جارێک زمان و بیرکردنەوە دەخەنە شێوازێک لە نووسینەوە کە ماناکان چیتر ناوەندێتیەکی زەمەنی و کاتی بوون هەڵناگرن... ئاخۆ ئەم حاڵەتەی لە دوای نووسین و کاتی نووسین و پێش





نووسینی شیعر لە لای شاعیراندا دروست دەبن چ پەیوەندییەکیان بە شیعرەوە هەیەو چۆن زمان بەرەو شیعرو بنیاتێکی شیعری دەبەن؟... ئاخۆ ئەمە حاڵەتە یان تەکنیک یان چۆنێتیی بیرکردنەوەیە لە لای شاعیرێکی وەکو هاشم سەراجدا؟ لە پێشدا شیکردنەوەکەمان لەم ئاستەدا پێویستیی بە روونکردنەوەی زیاتری ئەم بۆچوونانە هەیە.

ساتی نووسینی شیعر ئەو ساتەیە کە شاعیر تەنها لە ژێر کاریگەرییەکانی زمان و ساتی هاتنەگۆی خۆیدا دەبێت، واتە ئەو ساتەی کە هەموو شتەکانی دەوروبەر هەموو زەمەن و سەردەمە جیاوازەکان بۆیان هەیە ئامادەبن لە زمانداو ئەوە شاعیرە ئەو کاریگەرییانە چۆنی بوێت ئاوها دەیاننووسێتەوە... ئەمە کردارێکی ئاساییە کە هەموو نووسەرێک تەنانەت شاعیریش نەبێت هەمان ئامادەبوونی تێدایە، بەڵام ساتی واش هەیە ساتی نووسین ئیتر لە کات و زەمەنەکان دەردەچێتە دەرەوە، بەوەی کات و شوێن بوونی خۆیان و پێناسی خۆیان لە دەست دەدەن بەو شێوەیەی لە ژیان و بیرکردنەوەماندا هەن، واتە کات و شوێن نابنە دەربڕینێکی مانا خوڵقێنی زانراو لە یادەوەریماندا، بەڵکو کات و شوێن تەنها دەبنە حاڵەتی ساتی نووسین، واتە دەچنە دەرەوەی هەموو ناساندنێکی دیاریکراوی بیرکردنەوە، شاعیر لەو گەردوونە بێ ئەدگارەدا تەنها فریای ساتی شڵەژانە نا کۆنترۆڵکراو و نا دیسیپلین کراوەکان دەکەوێت، بەڵکو پێناسی کات و زەمان ئەو بەها مەعریفی و ئەو بەها پێناس کارەیان نامێنێت کە لە بووندا هەیانە... بە کورتی و روونتر واتە لە نووسینی شیعردا شاعیر بگاتە حاڵەتێک لە ناهوشیاری و بێ ئاگایی و نا درک پێکردن کە هاوشێوەی مەست بوونێکی دەروونی و زەینی بێت نەک جەستەیی...کاتێک شاعیر لە ساتی نووسیندا خۆی لە هەموو ساتەکانی گەڕانەوە بۆ زەمەنە هاوبەشەکان و شوێنە هاوبەشەکان دەتەکێنێت، کاتێک شاعیر چیتر وەکو هوشیارییەکی مانادارو مەبەستدار سەیری خۆی و دەوروبەری خۆی ناکات و شوێن و زەمەن نابنە دوو هۆکاری بەرجەستە بوونی فیکری و ئایدۆلۆژی و تەنانەت فەلسەفیش، ئەوا شوێن و کات بەهای زانراو و بە یادەوەرکراوی خۆیان لە دەست دەدەن... نووسین لەو ساتەی کە درک پێکردنەکانی مرۆڤ لە شوێنی خۆی لەناو دەبات و تەنها حاڵەتی نووسین زاڵ دەبێت، کە وەڵام دانەوەیەکە بۆ ئەو ساتەی بیرکردنەوە کە ساتی نووسینی شیعرەو دەگمەن دووبارە دەبێتەوە، لەوێوە ماناکانی شیعر لە سەر ئەو زمانە یان لەو زمانەوە لە دایک نابێت... بەڵکو لەو ساتەوە لە دایک دەبێت کە ماناکان لە بیرکردنەوەی چوارچێوەدارو درک پێکراوی بە ئەنقەست دەردەچێتە

دەرەوە... لێرەوە بۆ زیاتر روونکردنەوە ئەم ساتانە بەم خاڵانە دیاریان دەکەین و ئینجا نموونەکان لە شیعرەکانی شاعیرەوە وەردەگرین:-

١-ساتی دەرچوون لە کات و شوێن، گەڕانەوەیە بۆ ساتی نووسینی شیعر لە دەرەوەی پێناسە زەمەنی و کاتییەکان.

٢-حاڵەتی نووسین حاڵەتێکی هاروهاجبوونی ناخەکییە بەرامبەر بە دەوروبـــەرو بە هیچ چوونەوە سەرێکی لێکدانەوەی مـانـادارو لۆژیکی ناناسرێتەوە.

٣-گەیشتن بە ساتی نووسین گەیشتنە بە دۆزینەوەی ئازادکردنی زمان لە هەموو ناوەندێتیەکی مانای داسەپێنەر کە لە نیبۆ کۆی هەستە قەدەغە کارەکانی مرۆڤدا کاریگەریان لە کردارێکی هوشیاری و ناهوشیاریدا جێ دێڵن.

٤-زمان دەبێتە رەنگدانەوەی بیرکردنەوەیەکی سەرەڕۆیانەو سەرگەردان بە هەموو هەستە جیاوازەکانی وەکو درک پێنەکردن و خەمۆکی بوون و گەشانەوەو کامەرانی بوون وشکست و خۆبینینەوەو خۆ بزرکردن، واتە کۆی ئەو هەستانەی کە شاعیرێک لێیانەوە دەست بۆ زمان دەبات ...بەڵام هەموو ئەم هەستانە لە گەردوونێکی یان بۆشاییەکی هوشیاریدا دووبارە پێناسەیەکی زەینیی نوێ لەخۆ دەگرنەوە. کەواتە حاڵەتی بزرکردنی شوێن و زەمەن حاڵەتێکی نەتەنها دەروونی و نە زەینی و نە فەلسەفییە، بەڵکو گەڕانێکی پەشێوە بە دوای ئەو جوانیانەی بیرکردنەوەو بەخشندەییەکانی توانای شیعر نووسین... با بڕوانینە ئەم دێڕانە:-

**٢٤**

**لەم سووڕە ئەزەلییەدا**

**ناندینێک لە وشە و**
**تەنوور بانێک لە ئیقاع و**
**باڵکۆنێک لە گۆشەنیگای شێواو**
**و مشتاخێک**
**لە وێنە هەڵواسراوەکانی زەینی**
**ئاخاوتنی ناوادەی گیانی —شامان-ێکی**
**کەڕەناژەنی بەختەوەر و سەرشێتە**
**لە دارستانێکی ئاقیقیدا پرشنگە خواییەکانی**
**جوانی بەسەما سیحراوییەکانی بەهرەوە**
**دەنووسێت و بەلەنجەکانی حاڵ و جەزبەو**
**غەیبوبەش لەنێو دەچێت!**



با لەو وشانە وردبینەوە کە هەڵگری ئەدگارێکی یان سیفەتێکن کە دەلالەت لە شوێنێک یان بوونێکی بەرجەستە کراوی شتەکان دەکەن لە رستەکانی:

**ناندینێ لە وشە**
**تەنوور بانێک لە ئیقاع**
**باڵکۆنێک لە گۆشەنیگای شێواو**
**مشتاخێک لە وێنەی هەڵواسراوی زەینی**
**لە دارستانێکی ئاقیق**

هەروەک دەبینین شوێن لە بچووکترین ناسینەوەکانی یان وەسفەکان و دیاریکردنەکانی خۆی دەرکراوەتە دەرەوە نە ناندین و نە تەنوورو نە باڵکۆن و نە دارستان و نە مشتاخ چیتر پێناسی خۆیان نییە، ئەو شوێنە بچووکانە دەبنە شوێنی زەینیی حاڵەتی گەشانەوەی زمان لە نێو بیرکردنەوەیەک کە بێ دیاریکردن و بێ سنوورە، هەر بۆیە شوێنەکان لە خەسڵەت و وەزیفەی هاوبەشیان دەکەون و دەچنە نێو مانایەکەوە کە هیچ داکۆکیکردن و بانگەشە بۆکردنێکی هاوبەش قبووڵ ناکەن، ئەوە تەنهاو تەنها شاعیرە وەستاوەو خۆی دەخواتەوە، ئەوە تەنهاو تەنها خۆیەتی لە بەردەم شێواندنی پێناسەکانی شوێن و تەنانەت شتەکانیش، لەوێدا نان دین کاری بە وشەیە، تەنوور بان کاری بە ئیقاعە، باڵکۆن کاری بە گۆشە نیگایە... مەبەست هەموو ئەم شوێنانە چیتر نابنە شوێنێکی هاوبەش و ناسراو، ئەم شوێنانە دەبنە ساتی بیرکردنەوەو ساتی نووسین و نابنە ساتی وەستان لە زەمەنێکی دیاریکراو و کاتێکی دیاریکراو... ئەم دیارینەکردنانەش هەڵاتنێکی پەشێوی بوونی زەینی و فانتازییە کە بە هێزێکی دەربڕینی جوانکارییەوە هەردوو رستەی:

لەم سووڕە ئەزەلیەدا... لەگەڵ رستەی کۆتایی لەنجەو حاڵ و غەیبووبەدا بەیەکەوە دەبەستێتەوە...

کاتێک بیرکردنەوە بە هەموو کاریگەربوونە نا پێناسکراوەکانی زەین و بیر تووشی حاڵەتێک لە لە دەستدانی هۆگری بوونێک دەبێت بە شوێنێکی دیاریکراو و کاتێکی دیاریکراوەوە، مرۆڤی بیرکەرەوە چیتر بەهاکانی ئەو شوێن و زەمەنانە وەکو مانا ناگرێتە خۆی، چونکە هەموو ماناکانی زەمەنە دیاریکراوەکانی مرۆڤ رێگەیەکن بۆ چوونەوە سەر گشتی بوونێکی بیرکردنەوەو تێڕوانین بۆ دنیا. شاعیر ئەو کاتەی ئەم چوونەوەسەرە دیاریکراوانە رەت دەکاتەوە بە بێ مەبەستێکی یان ئامانجێکی مانادار، ئەوا زەمەن وەکو بوونێکی رەهاو ماشێنێکی دینامیکی لە جووڵە دەچێتە سەرەوەی ئەو دیاریکردنە زەمەنیانەوەی کە پێناس

بۆ شتەکان و ماناکان دەدۆزینەوە و ئەو رێچکەیەی کە شاعیر ویستوویەتی بیگرێتە بەرو چێژێکی ناخەکیی پێ ببەخشێت، ئەو ساتەیە کە بتوانی تیایدا هەموو مانا داسەپاوە زەمەنی و شوێنییەکان لە دەست بدەیت بەو مەبەستەی لە هەموو داسەپاندنە دیسیپلینکراوەکانی شوێن و کات وەکو مانای خۆسەپێن خۆی ئازاد بکات، ئەم ئازادبوونە، گەڕانەوەیە بۆ ساتی ئامادەبوونێکی نا پێشوەختەیی و نا بەهادارەیی شوێن، چونکە زەمەن و شوێن لە دیاریکردندا هەموو ئەو ئازارانەی کە بە مێژوو کراون... هەموو ئەو کێشانەی مرۆڤ دەخەنە شەڕەوە لەگەڵ دنیاو ئەوانی دیناهێڵن دەرک بە ساتی بێگەردانەو بێگوناهانەی خۆت بکەی لە بووندا... هەر بۆیە دەبێت بە چاوێکەوە سەیری کات و شوێن بکەی کە راستیەکی رەهای نا بەهادارن وەکو مانا، بەڵام راستییەکی نەچەسپاویشن وەکو سات و شوێنی بیرکردنەوەو چێژ وەرگرتن لە نێویاندا... واتە زەمەن کە سوورێکە بە لایەنی مرۆڤەوە ئەوا شوێن – ساتەکان ناهوشیار بوون و خۆ داماڵاندنێکە لە هەموو پێناسە پێش وەختەکان... لەوێوە شاعیر خۆی دەخاتە سوورێکەوە نەک وەرز و ساڵ و رۆژێکەوە وەکو ناونانی مێژوویی و وابەستکردنی مانا بەو مێژووانەوە، بەمەش شوێن ناوەندێتیەکی زەمەنی بوون هەڵناگرێت، بەڵکو کرانەوەیەکی بێ سنوور بوون و بێ دیاریکردن لە خۆ دەگرێت و تەنها دەبێتە شایەتیەک بۆ ئامادەبوونێکی زەینی و دەروونی و ناهۆشیاری و لە دەستدانی هەموو ئەو بەها کۆنکرێت رێژانەی دیاریکردن، کە ئەو دەخەنە نێو بازنەیەکی زەمەنی و شوێن بوونەوە... پێک گەیاندنەوەی ئەو حاڵەتەی کە خودی شاعیری تێدایە لەگەڵ ئەو سوورەی پێناسی زەمەنی هەڵناگرێت، بە تەواوەتی پێگەیاندنەوەی بیرکردنەوەی مرۆڤە بە رەهابوونی بیرو دەروون لە چێژێکی نەناسراو و بێ یادەوەری.... لێرەوە جوانکارییەکانی زمانی شیعر دەکەوێتە سەرەوەی هەموو بنیاتەکانی ماناوە کە مانا خۆی لە خۆیدا ناگاتە ئەوەی هیچ رێنماییەکی عەقڵی و لۆژیکی بۆ زەمەن و کات بکات.

**بڕێجار بەخۆم دەڵێم**
**زەمەن سەتڵێکی سەوزی**
**پڕاوپڕ لە**
**کەف و مەرجان و**
**میلۆدییە**
**لە پڕێکا**
**لە پەنجەرەی**



**هەورەبانێکی**
**قاوەڕەنگەوە**
**دەرژێندرێ! (عەترو حەشیش...ک٧)**
**هەروەها لە بڕگەیەکی دیکەدا:-**
**چرکەیەکی**
**ئەبەدی**
**هەس**
**تێیدا مرۆڤ**
**لە دارو بەردو**
**خۆڵ و**
**خۆڵەمێش**
**خامۆشترە!(عەترو حەشیش و... لاولاوەکانی گوناە)**

ئەگەر زەمەن خۆی لە خۆیدا سەتڵێکی سەوز بێت و پڕ لە کەف و مەرجان و مێلۆدی بێت ئەگەر شوێنی پەرتکردنی ئەو مانایانەی یان ئەو شتانەی لە زەمەندان لە پڕێکدا لە پەنجەرەی هەورەبانێکی قاوەییەوە بێت، بۆمان هەیە بپرسین شاعیر لە کوێی زەمەن و شوێندایە؟ وەستانی شاعیر لە زەمەن و شوێن وەستانێک نییە لە بوونێکی ناسراو و بە واقیع کراو و بە زانیاریکراو، بەڵکو وەستانە لە سات و شوێنێکدا کە زۆر نزیکە لە ئەو نهێنی و مانا نەزانراو و شاراوانەی کە زەمەن و شوێن بۆیان هەیە لە خۆیان بگرن وەکو بەهایەکی جوانکاریی... زەمەن بەهایەکی جوانکاریی پێبەخشراوە، هەروەها بەهایەکی ئەفسانەیی و فانتازی، بەوەی هەموو لۆژیکە رەهاکانی بیرکردنەوەی پەیوەست بە زەمەنەوە چیتر مانایان نامێنێت بەوەی شوێنی ئەو بزربوونە نەهلەستیە نا رووداوە، هەلاتنێکی چێژاوییە لە هەموو مانایەکی زەمەنی و شوێنگەیی بوون کە بۆیان هەیە چێژەکانی بکوژن، کاتێک شاعیر لە شوێن دەڕوانێت وەکو دۆزینەوەیەکی پەرجووداری نا مەبەستدار بە دیسیپلینکردن ئەوا هەردوو چەمک دەگوازرێنەوە بۆ دەرەوە بوونێک لە هەستەکان و دەرک پێکردنەکان... ئەمە خۆی لە خۆیدا چۆنێتیەکی داڕشتنی زمانەوانییە زیاتر لەوەی چۆنێتیەکی داڕشتنی مانادار بێت وەکو هەڵنانەوەیەکی بابەتیانە، چونکە بابەت لەوێدا پەرت دەبێت و پێناسێکی جوانکاری بە خۆی دەبەخشێت.... زمان لە رووکارێکی نا رەنگ و نا پەڵەداری بەرەڵادا دەنووسرێتەوە، کە ساتە پێش وەختەکانی نووسین لەگەڵ ساتی نووسیندا یەکدەگرنەوە، هەموو وشەکان و رستەکان پەیوەست بە زەمەن و شوێنەوە

ئاماژەیەکن بۆ ئەو تێکدانە مەبەستدارو بێگوناە و نالایەنداریەی کە دەتوانێت یان بۆیان هەیە دووبارە بەو بەها زەمەنی و شوێنگەییانەدا بچنەوە، کەوا لە مرۆڤ دەکەن لە ئاسایی بوون و رام گرتندا هەموو دەسەڵاتەکانی بیرکردنەوەی کۆک و تەباو رێکخراو سنووری بە ئەفسانەکردن و بە فانتازیاکردنی بیرکردنەوەو تێگەیشتن زۆر بچووک بکەنەوە... کاتێک شاعیر هەموو ئەو دەسەڵاتانەی وتن و بیرکردنەوەو زمان و راهاتن لەسەر مانای پەروەردەکراو و تێرکراو بە رێکخستن دەسڕێتەوە، ئەوا ئەو دووبارە سەیری دنیا دەکاتەوە وەکو شوێن و زەمان نا، بەڵکو وەکو ئەو ساتانەی کە ئاماژەیەکن بۆ بوونمان لەو دیاریکردن و سنوورو رێکخستنانەدا... دەشێت زەمەن سەتڵێکی سەوز بێت نەک رۆژمێرێک بێت. ئەو سەتڵەش کە بەهایەکی زمانەوانیی شوێنگەریی هەیە پڕ بێت لە کەف و مەرجان و مێلۆدی.... ئەوا شاعیر لە زەمەن و شوێنەکانی بوون نەک دوور دەکەوێتەوە، بەڵکو بە دوای پەیوەستێکی جوانکاری و ئەفسانەیی و فانتازیی نوێی مرۆڤدا دەگەڕێت لەگەڵیاندا کە مەبەستی شیعر دۆزینەوەی بەهاکانیان نییە، بەڵکو دۆزینەوەی ئەو ساتانەیە کە پێک گەیاندنەوەیەکی منداڵانەی بێگوناە لە نێوان مرۆڤ و شوێن و زەمەندا بێتە کایەوە، کە ئیتر ئازارەکان تەنها چێژێکی نەزانراو بە بیر دەبەخشن بەبێ هیچ داواکاریەک، بەبێ هیچ وەستانێک، بەڵکو تەنها بەو روحەی بیرکردنەوە کە دەیەوێت خۆی لە شوێنێکی دیکەو زەمەنێکی دیکەدا ببینێتەوەو دووبارە روانینی خۆی بۆیان داڕێژێتەوە. ئەم شێوازەی گەیشتن یان درک پێکردن یان بیستن یان بینینەی کە بۆ شوێن و زەمەن دیارییان دەکات بە کراوەیی هەوڵی ئەوە بۆ گەڕانەوە سەری وشە دەدات کە تیایدا وشە بتوانێت توانا جوانکارییە شاراوەکانی خۆی دووبارە دەرخاتەوە، نەک وەکو ناساندن و هەڵنانەوەیەکی بابەتیانە، بەڵکو وەکو دۆزینەوەیەکی جوانکاریانەو زمان توانای ئەوەی تێدا بێت سیحرو هێزی وشە وەکو بەهایەکی نازەمەنی و نا شوێنگەیی دەرخات کە هەردووکیان درک پێکردنمان بگۆڕن بەوەی زەمەن دەبێتە ساتی نووسینی شیعر و کاری زمان و بیرکردنەوە... شوێن دەبێتە وەستان لە ماناکانی ساتی نووسیندا، واتە ئامادەبوون لە شوێنی ئەو مانایانەو لە زەمەنێکی دیاریکراو کە زەمەنی نووسینە.

لە برگەی دووەمدا ئەو ساتەی وەستان لە سەر ماناکان وێنەیەک بە تێگەیشتن دەدات کە بە جارێک وێنەیەکی زۆر خەمباری و کەوتنە سەری ساتێکە، کە ئیتر هەموو ئەوەی لە بووندا هەیە ماناو بەها پەرستراو و جەنگ بۆ کراو و هەموو هیوا رازاوەو ئاڵ و واڵاکانی مرۆڤ لە ژیاندا بەهاکانیان لە





دەست دەدەن و هەست بەوە دەکەین بوون بۆی هەیە لە چرکەیەکی بیرکردنەوە یان وەستان لە شوێنێکی بیرکردنەوەدا تووشی دەرکەوتنێکی خۆ سەیرکردن و خۆ خوێندنەوەی تراژیدی بێت... زەمەن چیتر وەستانێک نییە یان شایەتییەکی رۆژمێرو ساڵ و مانگ و وەرزو ناسینەوە باوەکانی کات نییە، زەمەن رەهەندێکی تراژیدیی گەیشتنی مرۆڤە بەو ساتە دیاریکراوەی کە خودی نیگەرانی و بێ هیوا بوونە قووڵەکانی مرۆڤ هەڵدەگرێت... لێرەدا بۆ دەرکردنی زمان لە قورسایی بابەتیانەو بۆ دوور خستنەوەی زمان لە ناوەڕۆکە خۆسەپێنەکانی بابەت شاعیر هەوڵیداوە ئەو ساتی وەستانە تەنانەت لە شوێنێکی زەمەنی و پێناسێکی شوێنکەوتەیی ناسراویش دوور بخاتەوە و لە جیاتی ئەو وەستانە باوانەی لە شوێن و زەمەندا ئەو بە دوای زەمەنێکدا گەڕاوە کە زەمەنی بیرکردنەوەو نووسینە و شوێن شوێنی وەستانە لە ماناکانی وەستان لە زەمەنێکی نا جوگرافیی نا سنووردا‌ری... بەڵکو شوێن و زەمەن ئاماژەیەکن بۆ لە دەستدانی هەموو بەها بابەتیە ناوەڕۆکدارو وەسفکارو درێژەپێدانێکی مەعریفی و ئەو دەچێتە گەردوونی ساتێکی بیرکردنەوە کە تراژیدیاکانی شوێن و زەمەن زەبری ناخەکیانەو ویژدانیانەیان لە مرۆڤ داوەو مرۆڤی شاعیر سەیری خۆی دەکات کە چۆن هەموو ناسینەوەکانی زەمەن و شوێن ناسینەوەیەکن بۆ لەناوچوون و نغرۆ بوون... ئەمە بایەخپێدانی شاعیرە بە هێزێکی زمانەوانی کە هەموو زانینەکان تێپەڕ دەکات و بە سەریاندا دەڕوات و نایان کاتە رێگەیەک بۆ باسێکی یان گوتارێکی مەعریفیی رووت، بەڵکو رێگەیەک بۆ خۆ بینینەوە لە ساتێکدا لە چرکەیەکدا کە چرکەیەکی جوانکاریی تراژیدی بێت بۆ دەرک بە خۆ کردنەکانمان لە زەمەن و شوێندا... واتە بیرکردنەوە لە بوونی مرۆڤ لە شوێن و زەمەن بیرکردنەوەیەک نییە کە دواجار تەنها لە سنوورێکی دیاریکراوی بابەتیانەوە بێت، بەڵکو لە دۆخێکی جوانکاریانەوە بێت...

(٥)

کارکردن لەسەر بنیاتێکی مانای نا سەرچاوەیی

مەبەست لە بنیاتی مانا پەیوەست بە شیعرەوە، چۆنێتی بەخشینی بنیاتێکە بە کاتی بیرکردنەوە و کردارە زەینییەکان ئەو مانایانەی لە سەرەتا نووسینەوە لەگەڵ ساتی بیرکردنەوەی شاعیردا گەشە دەسێنن و لە پاشاندا شاعیر کاتێک دەیەوێت بوونێکی بەرجەستەکراویان پێ ببەخشێت ئەوسا بە دووی زمانێکدا دەگەڕێت کە توانای هەڵگرتنی ئەو مانایانەی هەبێت کە کاریگەرییان

جێهێشتووه... تاکو بنیاتێکیان پێ ببەخشێت و کاتێک ئەو مانایانە دەتوانن لە لایەن شاعیرەوە شێوازێکی نوێی دارشتن بە خۆوە بگرن، ئەوسا دەتوانین ناوی بنیاتێکی شیعری–زمانەوانیی پێ ببەخشین.

بنیاتی مانای ناسەرچاوەیی نەگەڕانەوە سەری هەموو مەعریفەی دیسیپلینکراو و هەموو بیرێکی بە ئۆرگانیکراو و بە تیۆریکراوە... هەموو مانایەکە کە بۆی هەبێت زمان بکاتە بڵندگۆیەکی ڕەوشتی و مەعریفیی پاڵپشتکراو بە زانیاری و وتنی ڕێکخراو لە دواییشدا ڕەتکردنەوەی هەموو لۆژیکێکی هێورکەرەوەی عەقڵی، کە مرۆڤی شاعیرو زمانەکەی جڵەوگیر دەکەن لە پاشانیشدا ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو ماناو ڕێکخستنانەی مانایە کە دەسەڵاتێک دەنوێنن، کە ئەمەیان شاعیر هەر خۆی ڕایگەیاندووە، بەڵام پەیوەست بە شیعرەوە نەک بە بیرەوە ئەوە ئەو ڕەتکردنەوەیە وەکو جێگرەوەیەکی لێ دێت نەوەک وەکو زانینێک یان ڕاگەیاندنێک...

ئەمانە هەموو ئەو مانایە دەگەیەنن کە شیعر کاتێک بانگەشەیەکی زمانەوانیی لەمجۆرە دەخاتە ڕستەوە، ئەوا ئەو لە ڕووبەرێکی ماناد‌ا کاردەکات کە بنیاتێکی شێوەیی–جوانکاریی لەخۆ دەگرێت و چیتر شاعیر ناکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ناوەڕۆکێکی یەکگرتووی بابەتیانەوە، بەڵکو ئەگەرچی هەندێک جار ناونیشان وەکو یەکەیەکی بابەتیی یەکگرتوو خۆی دەنوێنێت ئەوا شاعیر لە ڕایەڵی ڕووکارە زمانەوانییەکەی شیعردا بنیاتی شێوەییەکی شیعری دەنێت، نەک ناوەڕۆکداری بابەتی، کەواتە بابەتی یەکگرتوو لە شیعری ناسەرچاوە دەگرێت ئەو شیعرەیە کە قووڵترین و دوورترین ڕەهەندی بیرکردنەوە بە زمان دەبەخشێت، بەڵام ئەو ڕەهەندەی بیرکردنەوە ناگەڕێتەوە سەر هیچ سەرچاوەیەکی مەعریفی و زانینی پێش وەختەی مانا کە بۆیان هەبێت بیرکردنەوە لە نێو زمانی شیعرو لە خوێندنەوەدا هاو تێگەیشتنی پێش وەختەیان هەبێت. ئەمەش وەزیفەیەکی یان ڕۆنانێکی زمانەوانیی شیعریی زۆر قورسە کە شاعیر کاری تێداکردووە. با پێکەوە بڕوانینە ئەم دێڕە شیعرییانەی شاعیرو بیانخوێنینەوە:

**سروشت باخچەیەکە**
**لە کانزا و**
**کانێک لە گوڵە لۆتس**
**گۆڕستانێکی بێ کۆتاش**
**لە وەهمی سپی**



**یاخود ئەم دێڕانەی کە دەڵێت:-**
**ئێڤارێکی سپی و شەوێکی پرتەقاڵی و**
**بەرە بەیانێکی سوور**
**لەهیکرا**
**هەڵدەکا صەبای ڕەنگرێژیی ئەجەل هەڵ**
**لەم گوڵشەنی**
**ناز و نووز و گریشمەی جوانییەدا**
**ئەی خودا**
**زەمەن زەمزەمەی زەماوەندی زەمەندی**
**بۆیەی رووخساری**
**گیابەندێکی نازپەروەری هەست برۆنزییە و**
**تنۆک تنۆک دڵۆپ دڵۆپ تنۆک تنۆک**
**دڵۆپ دڵۆپ تنۆک تنۆک دڵۆپ دڵۆپ**
**دادەڕژێ تنۆک تنۆک دا دا دا**
**چ غەیبستانێکی ئاڵۆزە وجوود**
**ئەی یار**
**ئەی شۆخانیترین یار**
**چیتر نا نا نا**
**نەوای چەهچەهەی هوزاری**
**ڕۆح نایێ نا نا!** (هەستە کحوولیەکانی ئێوارە _ تێکست–ل)

لە کۆپلەی یەکەمدا سروشت تەنها وێنەیەکی زەینی بە شیعر کراوە لەوکاتەی وەسفی سروشت دەکرێت، کە خەسڵەتێکی کۆگیری مرۆیی هەیەو دەتوانێت بە هەزاران ناوەڕۆکی بابەتی و لە ڕوانگەی جیاوازی تێڕوانین و ئایدۆلۆژیاو فیکرو فەلسەفەوە سەیری بکرێت، بەڵام ئەو واتە شاعیر تەنها لە و گۆشە جوانکارەی بینینەوە سەیری دەکات و بەخشینی وەسفەکانی زەوی داماڵدراون لە هەموو بەهایەکی بابەتیانە کە بۆیان هەبێت باسێکی بابەتی بخوڵقێنن...کاتێک سروشت دەبێتە:

باخچەیەک لە کانزا و کانێک لە گوڵە لۆتس ..... گۆڕستانێکی بێ کۆتاش لە وەهمی سپی

ئەو وێنەو ناوەڕۆکە بابەتییەی کە لەلای خوێنەردا دروست دەبێت یان لە خوێندنەوەماندا دروست دەبێت، ئەوەیە کە سنوورێک نییە لە نێوان جوانیی

کانزاکان وگوڵە لۆتسدا هەموو تەواوکەری جوانیی یەکترن نەک تەواوکەری مانای یەکترن... شاعیر نایەوێت لە هیچ لەو بیرکردنەوەو وردبوونەوەی خودیانەی خۆی سروشت وەکو مانایەکی سەرچاوەداری فیکری و بابەتی وەرگرێت، بەڵکو ئەو سروشت وەکو دیمەنێک لە دیمەنە تێکەڵبووەکان و پێکداهاتوەکان وەردەگرێت، ئەمەش تێڕوانینێکە کە لە شیعردا کاردەکات و تەنها شیعرە دەتوانێت ئەم دووریيەی روانین لەخۆ بگرێت، چونکە ئەو واتە شاعیر تەنها ئەوەی دەوێت وەکو وێنەیەکی جوانکاری سەیری سروشت بکات .

لە رووی زمانەوە کۆپلەی لەم بابەتە نەیدەتوانی شیعریەت بەرهەم بێنێت ئەگەر شاعیر نەیتوانیایە رەگەزەکانی پڕتاوی و سەرسوڕمان و غەریبی و سەیریی بینین و بیرکردنەوە لە لاماندا دروست نەکات کە دوا وەسفیش بۆ سروشت وەکو گۆڕستانێک بۆ وەهمی سپی بزرکردنی درککردنە بەو هەموو زانیاری و ووردبوونەوەو ناوەڕۆکە قورسانەی کە بە درێژایی زەمەن بە سروشت بەخشراون، ئەمە بزرکردنی زمان و وەسفەکانە لە تێڕوانینێکی داماڵدراو لە هەموو داخوازییەکی بابەتیانەو فیکریانەی رووت... تەنها گۆشە نیگایەکی بیرکردنەوە لەم رستانە وەستانە لە سات و وەختێکی نازەمەنیی ناپێناسکراوی بزر لە بووندا... بزرکردنی سەرچاوەکانی پێناسکردن و ناسینەوەو چوونەوەسەری زانراوەکانە، کە ئەمەش خۆی لە جۆرێک لە هۆنراوەی سپی نزیک دەکاتەوە کە تیایدا چیتر مانا گەورەکان لە بیرکردنەوە شوێنیان نامێنێتەوەو شیعر لە گەردوونێکی سپی و پڕ نەکراوە لە زانین کار دەکات.

لە برگەی دووەمدا هەوڵەکانی شاعیر بۆ خۆ دەربازکردن لە ماناکانی ناوەرۆکی (دیاریکردن، پێناسکردن، فیکر، ئایدۆلۆژیا، لە قاوغدان و وەسفکردنی مەعریفیانە) شڵەژانێکی زمانەوانی، کە تاکو گەرەلاوژەیەکی دەروونی زمانەوانی لەگەڵ ماناکاندا رۆدەچێت... لەو ساتانەی کە زمان هەموو لۆژیکێکی رێسایی و فیکری و فیقهیی خۆی لە دەستدەدات و دەڵێت زمان توانای گرتنەخۆی ئەو ساتانەی نییە... ئەوەی لە پشتەوەی ئەم ساتەی بیرکردنەوە چێژدارەیە ماناکانی وەستان نییە لەسەر دۆزینەوەیەکی یان گەشانەوەیەکی فیکری، بەڵکو کاردانەوەی گەشانەوەو خامۆشبوون و بەرزبوونەوەو دابەزینی خودی ژیانە لەو ساتانەدا وەکو فەزایەکی ژیانی بێ سەرچاوەیی لە ماناوا، هەربۆیە کاتێک زمان لەو ساتانەدا ناتوانێت بە بێ بیرکردنەوە وەکو فیکر داڕشتنێکی لۆژیکی بە تواناکانی شاعیر ببەخشێت. شاعیر زمان تێکدەدات لەسەر شێوازی پاش و پێشکردنی بکەرو کردارو وەسف و ناو و دووبارەکردنەوەی وشەو





شیتەڵکردنەوەی شڵەژاوی پیت و دەستەواژەکانی بەوەی:–

زەمەن پێناسێک نییە بۆ زانین... زەمەن سنوورێکی نییە بۆ ساتە رەهاکانی جۆشسەندن... چوارچێوەیەک نییە بۆ وێنە لۆژیکییەکانی بیرکردنەوە... زەمەن ئەو رەنگانەیە کە هاوتەریبی و هاو شێوەیی و هاو روحیان لەگەڵ ساتەکانی ژیانماندا هەیە...

**زەمەن زەمزەمەی زەماوەندی زەمەندی**
**بۆیەی رووخساری**
**گیابەندێکی نازپەروەری هەست برۆنزییە و**
**تنۆک تنۆک دڵۆپ دڵۆپ تنۆک تنۆک**
**دڵۆپ دڵۆپ تنۆک تنۆک دڵۆپ دڵۆپ**
**دادەڕژێ تنۆک تنۆک دا دا دا**

لە راستیدا زمان تارادەی هەڵچوون و پێکداهاتن و تێکچڕژان و نالۆژیکی و نا ماناداری سەرچاوەیی لەگەڵ ساتە ژیاوەکانی دەست بەرداری بوونی بیرکردنەوەی واقیعی هەڵدەکشێت... کە لە رووە نالۆژیکییەکەی زمانەوە ئاشکرایە کاتێک شاعیر لە هەموو ئەو زانین و مەعریفەو فیکرانەی بیرکردنەوە ناوەستێت و دەیەوێت وێنەیەکی ناچەسپاو بە ژیانی ساتەوەختی ببەخشێت، ئەو پەنا دەباتە بەر شێوازی تێکدانی لۆژیکی زمانەوانی و رێزمانی و ئەم کردارەش وەکو سەنعەتێکی شیعریی پێش وەختە لە لایدا سەرهەڵ نادات، بەڵکو وەکو هەڵچوونێکی سنووربەند نەکراوی دەروونی و زەینی بەسەر دەچێت و هەر ئەم سیفەتەش سیمایەکی شیعریی بنیاتدار بە زمان دەبەخشێت بە رادەیەک زەمەن هەموو وەسفە پانۆرامایيەکانی خۆی لە دەستدەدات و دەبێتە بوونێکی ئەفسانەیی و فانتازی... هەڵگرتنی هەموو ئەم وەسف و دووبارەکردنەوەیەی کارو کردارو وەسف بۆ زەمەن بە تەواوەتی گەیشتنە بە وەڵامدانەوە پەشێوەکانی کاردانەوەی دەروونی و زەینیی پاش هەموو زانینەکان، نەک بەرجەستەبوونی زانینەکان، ئەمەش دەستبەرداری بوون و وریابوونە لە خۆپاراستن لە بەخشینێکی بیرکردنەوەی لۆژیکی و واقیعی. تۆ لە خوێندنەوەی رستەی لەمجۆرە تەنها وێنەی کاردانەوە دەروونییە شڵەژاوەکانت لە لادا دروست دەبێت، نەک زانین و گەیشتن بە مانایەکی لۆژیکی، ئەگەر ئەو توانای ئەوەی نەبوایە حاڵەتی زەینی و دەروونیی خۆی بەو پەشێوییەوە لە زماندا بنوێنێت ئەگەر نەیتوانیایە زمان بە سنووردارییی ماناکانی خۆیەوە بگەیەنێتە ئاستی پێکداهاتنی ناتەبایی و نا رێسایی ئەوا نەیدەتوانی ئەو شیعرییەتە بەرهەم بێنێت، کە روویەکی بنیات

داری بوون و هەڵنانەوەی نا دیسیپلینکراو زاڵبووە لە نووسینەوەیدا... ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە جەختی لەسەر بکەینەوە کە زمان لە روویەک لە رووەکانەوە کاردانەوەیەکی عەقڵانی نییە بۆ ئەوەی شیعرییەت لە بنیاتێکی زمانەوانیدا بەرهەم بێنێت، بەڵکو زمان دەبووایە بە دوای ئەو هێزەی دەربڕین لێکردندا وەکو کۆیەکی یەکنەگرتووی ناتەبایی و نارێسایی دەرکەوێت، کە ئەمەش خۆ دوورخستنەوەیە لە هەموو ئەو مانایانەی کە بۆیان هەیە گرفتارییەکی بابەتیانەمان لەلا دروست بێت یاخود لەو رستانەی کە دەڵێت:-

**چ غەیبستانێکی ئاڵۆزە وجوود**
**ئەی یار**
**ئەی شۆخانیترین یار**
**چیتر نا نا نا**
**نەوای چەهچەهەی هوزاری**
**رۆح نایێ نا نا**

ئەم دیمەنە مانایانە داکشانی شیعرە بەرەو گەوهەرێکی نەزانراوی بوون، کە هەموو بوونەوەرەکان تیایدا درک بە وەستانی خۆیان ناکەن، نە لە زەمەن و نە لە شوێنە دیاریکراوەکانی بوونەوە، چونکە بوون غەیبستانێکی ئاڵۆزە کە شاعیر دەیەوێت بیرمان بۆ ئەوە بەرێ لە بووندا چ مانایەک هەیە کە بە مانەوە و بەردەوام بوون گوشادمان کات و وەڵامێکی بۆ ئەم ساتانەی بیرکردنەوەمان هەبێت کە تیایدا هەموو ناسنامەو پێناس و شوناسەکانمان... هەموو زانین و تەنانەت نەزانینەکانمانیش ناتوانن لە یەک مانای یەکگرتووی دیاریکراو لەگەڵ خۆیدا کۆمان بکاتەوە، ئەم ساتی دابڕانە لە ماهییەت و گەوهەرەکانی بوون بە تەواوەتی ساتی داڕوخانێکی مەعریفی و درک پێکردنی عەقڵی و بە مەنهەج بوونێکی زانستی رەت دەکاتەوە، بەڵکو روحییەو لەگەڵ بوون وەکو ساتێکی دیاریکراوی ژیاوەدا و گەڕانە بە دوای ئەو وێنە زەینی و دەروونیانەی کە هەم ئازارو هەم گەشانەوەو هەم هیواو هەم نائومێدییەکی قووڵ بە مرۆڤ دەبەخشن، ئەمەش بە تەواوەتی خووڵقاندنی مانایەکی فیکری و فەلسەفی نییە بە قەد ئەوەی پەرتکردنیانە لە ساتێک لە ساتەکانی بیرکردنەوەدا.

ئەم گۆشە نیگایانەی باسیانمانکردن، چەند روویەکی دیاری بەکارهێنانی زمانن لە بنیاتێکی زمانەوانیی شیعریدا، کە بێگومان خەسڵەتی زمانەوانی و زمانەوانی دەروونی و زمانەوانی و زەینی دیکە هەن بۆ باسکردنی چۆنێتیی بنیاتنانی زمانێکی شیعریی بنیاتداری جوانکاری لەلای شاعیر. ئەوەی لێرەدا گرنگە و بۆ باسکردن دەمێنێتەوە ئەوەیە کە ئاخۆ لە گەردوونێکی زمانەوانیی ئەوەندە کراوەو بێ سنوور و بێ سەرچاوەیی و پاڵپشت نەکراو بە مەعریفەو زانین چۆن بنیاتی زمانەوانی شیعریی لە دایک دەبێت؟

بنیاتی زمانی شیعریی لە بناغەوە بنیاتێکی مانای ئاڕاستە کراو و وەزیفی نییە نە لە ماناو نە لەو شێوە نووسینەی پەخشان و نووسینی شیعر پێکدەگەیەنێتەوە، بەڵکو بە تەواوەتی شێوە بنیاتدارەکانی چۆنێتیی وتن و رێکخستنی زمانەوانییە کە بۆیان هەیە زمانی شیعر لە لایەکەوە بنیات بنێن و لە لایەکی دیکەوە مانا بەو شێوەیە بەکار بێنن کە کاریگەریی شیعری بخووڵقێنن... ئەم هونەرەی کە دەچێتە دووتوێی هونەری شێوازەکانی نووسینەوە کرۆکی ئەزموونێکی شیعریی زمانەوانی بەرجەستە دەکەن، کە شێوەیەک بە کەوتنەوەی ماناو قورسایی مانا دەدەن لە زمانی شیعردا. ئەم کردارە تواناکانی شاعیر دەردەخات لە هۆنینەوەی شیعری و ئەو بنیاتەی کە لە سەری دەوەستێت... بەڵام زمان و شێوەکانی وتنی ماناو هەموو ئەو کاریگەرییە ناخەکی و دەروونی و هزرییانەی کە شاعیرێک پێوەیان خەریک دەبێت رەنگدانەوەیان لە زمانی شاعیردا دەبێت، کە لە هەمانکاتدا تایبەتمەندێتیەکی شیعری و زمانەوانیی پێدەبەخشن و لە شوێنێکی دیاریکراوی نووسیندا کە شاعیر لە چەندین لاوە وەڵامدانەوەی بۆ ئەو کاریگەرییانە دەبێت و لە پاشاندا مانا بەرەو ئەو رووانە دەبات کە ئەو مەبەستییەتی... شاعیرانێک مانا بەرەو کارتێکردنە سەر دەروونی دەبەن، شاعیرانێکی دیکە بەرەو کاریگەریی سیاسیی، هی دیکەش بەرەو کاریگەرییەکی فیکری و فەلسەفی، بەڵام بە لایەنی هاشم سەراجەوە ئەو هەموو خولیاکانی بۆ ئەوەیە کە ماناکان ئەوەندە لە سەرچاوە دەگەرێتیی زانین و زانیاری بە هەموو شێوەکانییەوە لە شیعرەکانی لابەرێت کە شیعر بۆی هەبێت تاکو دوورترین شێوەی رووت و بێگەردیی زمانەوانی دەرکەوێت، بێگومان مانا داسەپاندن و هەژموونگەرایی و گرفتاریی خۆی هەیە کە وا دەکات ئەم بەلابردنەی زمان بەرپەرچداتەوەو هەندێکجار شاعیر بەرەو جۆرێک لە بەرجەستەبوونی ناوەڕۆکدارو ماناداری جیاواز بەرێت، کە ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر زمانی شیعردا دەبێت دەشێت شاعیر بە یەکێک لەو شاعیرە هەرە دیارانە بخوێنینەوە کە بەرەو رووی زۆرترین کرداری پەرپەرچدانەوەی کاریگەریی بابەتیانە و ناوەڕۆکدارییانە بۆتەوە، چونکە ئەو بە دووی ئەو بنیاتە زمانەوانییە شیعرییانەدا دەگەڕێت کە بۆیان هەبێت زمان وەکو بنیاتێکی جوانکاریی دەربخەن، نەک وەکو دەسەڵاتێکی تاک ئاڕاستەیی مانابەخش، لەگەڵ ئەمەشدا چۆنێتی کەوتنەوەی ماناکان بێ کاریگەریی زەینی

و بیرکردنەوە نابن، هەر ئەمەش دەبێتە ئەو کەلێنەی کە زمان لێیەوە بەرەو ئازادییەکی خەیاڵی و فانتازی دەچێت.

بنیاتی زمانەوانیی جوانکاریی لە لای شاعیر گێرەشێوێنییەکی زەینی و نازەمەنیی بێگەردە کە چڕاوگەی ماناکان وەکو دانە ملوانکەی ڕەنگاوڕەنگ پەرتدەکات لە زماندا تاکو کۆکردنەوەیان لە ستوونێکی یان بنیاتێکی بەرجەستە کاری ناوەڕۆکداری تۆکمەو ڕێکوپێک و لۆژیکی فڕێداتە لاوە و هێزی خەیاڵ و وێنەی بینینی شتەکان لە رووە جیاوازەکان و دەرچوون لە دیاریکردن و لە چوارچێوە گرتنی ماناو زمان بکاتە ئەو شێوە نووسینەی شیعر کە چێژی بینین و بیرکردنەوەو هەستە جوانکارەکانی خوێندنەوە ببزوێنێت، لە لاماندا ئەمە کردارێکی زۆر قورس و ئاستەمە، چونکە زمان وەکو وتمان هەمیشە دەسەڵات و هەژموونی ناوەڕۆک و مانای هەیە. ئیتر ئەم کێشەیە یەکلابوونەوەیەکی تەواوی لە کۆی شیعرەکانی شاعیردا بە کراوەیی جێدێڵێت و بۆ ئاشکرا کردنی نهێنییەکانی زمان هێشتا ئەو ئەزموونە شیعرییە پێویستیی بە نووسینی زۆرترو هۆنینەوەی زۆرتر هەیە لە لای شاعیر.

کەواتە شاعیر هاشم سەراج لە خووڵقاندنی رەزمێکی داچۆڕانی وشە لە سیماو خەسڵەتە جوانکارییەکەی لە بەکارهێنانێکی جوانکارییانەی وەسف و لە گەڕان بە دوای هێزە شاراوەکانی وشەدا ئەو تەنها ئامانج و بیرکردنەوەی لە وێدایە کە زمانێکی شیعری بەرجەستە بکات، کە زمانێکی جوانکاریی بێت، نەک زمانێکی تەنها مەعریفی و فەلسەفی و بابەتیانە. کاتێکیش بیرکردنەوە وەکو بیر تێکەڵ بە زمانی شیعر دەبێت، ئەو لە ناواخندا دەیەوێت زمان دەرکەوتەیەکی جوانکارییانەی هەبێت، نەک دەرکەوتەیەکی ناوەڕۆکداری یەک ئاڕاستەیی و یەک بابەتی، بەمەش زمان وەکو مانا لە شیعرێکی دیاریکراودا پەرت و بەش بەش دەبێت لە رووی ناوەڕۆکەوە، فرە ریتم و فرە جووڵەو فرە وێنە دەبێت لە رووی ماناوە وەکو بەهایەکی جوانکاریی و تێرکراو بە زانینێک کە زانینێکی چەسپاوی ئایدۆلۆژی و ئایدیالی نییە.

پەیوەست بە بنیاتەوە زمانی شاعیر زمانێکە کار لەسەر هەردوو بنیاتی زمانی جوانکاری و بنیاتی زمانەوانیانەی مانا دەکات، بەڵام هەردوو بنیات سنوورێکی مەعریفی نییە بۆ جیاکردنەوەیان، واتە چوونەوەسەرێکی ئەدەبی و مەعریفی و فەلسەفیی دیاریکراو و پڕکراو لە زانین بۆ جیاکردنەوەیان، ئەو کاتێک دەیەوێت زمان وەکو بەهایەکی جوانکاریی بخاتەڕوو کار لەسەر بنیاتێکی زمانەوانی دەکات کە وشەو رستەو بچوکترین رەگەزەکانی زمان



هێزە شاراوەکانی دەربڕین لێکردنیان دەردەخەن، دۆزینەوەیەک لەو ساتانەی کە زمان هەمیشە گرفتارمان دەکات بۆ مانا زۆرو زەبەندەکانی خۆی لە ساتی بیرکردنەوەمان، بەڵام ئەو زمان وەکو بەهایەکی بابەتیانەی پڕکراو لە ناوەڕۆک و وتنی مەعریفی و فەلسەفی بەکار ناخات، واتە نایکاتە میکانیزمێکی بابەتیانەو ناوەڕۆک بەخشی ئایدۆلۆژی، بەڵکو دەیەوێت زمان بە تەنیشت بیرو بیرکردنەوە توانا جوانکارییەکانی دەرخات، ئەو جوانکاریانەش کاتێک دەچێتە نێو رەگەزەکانی بیرکردنەوەو ماناوە ئەوا لەگەڵ ئەو رەگەزانەدا هەموو جوانکارییەکانی خۆی دەردەخات.

بنیاتی جوانکاری لە زمانی شیعریی شاعیردا پەیوەستە بە کۆمەڵە رەگەزێکی زمانەوانی و چۆنێتیەکی بیرکردنەوە، نەک باش یان خراپ بیرکردنەوە... شاعیر کاتێک لەو رەگەزانەدا کار دەکات لە هەمانکاتدا بنیاتی زمانێکی جوانکاری دەنێت کە گرنگترین رەگەزە جوانکارییەکانیش گەڕانە بە دوای شێوەی رەزمی دەنگ و وشە، چۆنێتیی بەکارهێنانی مانای وشەو رستەو تەنانەت پیتەکانیش کارنەکردنێکی بە ئەنقەست لە ناوەڕۆک و بابەتی خاوەن مانای یەکگرتوو و یەک ئاڕاستەیی، کاتێکیش کار لەسەر بابەتێک دەکات، گرنگ نییە بە لایەوە ئاڕاستەی بابەتیانە بۆ کوێی دەبات یان هەموو دەسەڵاتێکی بابەتیانە رەت دەکاتەوە کە یەک ئاڕاستەیی لە بیرکردنەوە بە زمان ببەخشێت، ئەو بابەتەکانی شیعر بە لایەوە کەرەستەیەکی دەربڕین لێکردنن لە زماندا بۆ دەرخستنی تواناکانی زمان، نەک تەنها ماناکانی زمان و هەردووکیان پێکەوە کار لەسەر شێوازی داڕشتن دەکەن، واتە چۆنێتیەک بۆ وتن و ئەم چۆنێتیەش لە ساتەکانی بیرکردنەوەدا بەرجەستە دەبێت، نەک لە مانا بەرجەستەو گەورەکانەوە، چونکە مانا و قورساییەکەی بەهای خۆیان لە دەستدەدەن کاتێک شاعیر دەگاتە ئەو ساتەی نووسین کە ئیتر مانای زانراو و داکۆکی لێکراو ناواخنێکی زاڵ و ئاڕاستەکار بێت، بەڵکو ساتی نووسینی شیعرو بیرکردنەوە تێکەڵ دەبن و تەنها کاریگەرییەکانی مانا لەسەر بیرکردنەوە زمانی خۆی دەخوڵقێنێت، نەک کاریگەرییە پێش وەخت و زانراوەکانی مانا، ئەم چۆنێتیەش لە کارکردن لە هەردوو بەهادا وەکو بەهایەکی شیعری وەرگیراون، نەک وەکو بەهایەکی ناوەڕۆکدار و ورووژێنەرو هاندەر بۆ ناوەندێتیەکی ناوەڕۆکداری ماناو زمانەکەی، بەمەش بنیاتی زمانەوانیی جوانکاری و بنیاتی مانا لە شیعرەکانیدا دەگاتە ئاستی میکانیزمێکی زمانەوانی و لە رووی ئەو بنیاتەو چۆنێتی دەرکەوتنیمان بۆ روون دەبێتەوە.

najat34@maktoob.com

# سەرەتاكانی چیرۆكی منداڵ و توێژینەوەیەك دەربارەی خەسڵەتو جۆرەكانی چیرۆكی منداڵ



لەتیف هەڵمەت

## سەرەتایەکی پێویست:

گەلێك كەس وا دەزانن نووسین بۆ منداڵ زۆر ئاسانە، هەر قەڵەمت گرتە دەستەوە ئیتر بابەتت بەسەردا دەبارێتو كانگای زێری داهێنان دەدۆزیتەوە، بەڵام ئەمە بیروبۆچوونێكی هەڵەیەو نووسین بۆ منداڵ كارێكی رۆشنبیریی ئاسان نییە، پێویستی بە ئەزموونی زۆرو زەمینەی لەبارو خەیاڵی فراوان هەیە، نووسەری چیرۆكی منداڵ هەمیشە پێویستی بەوە هەیە نەك هەر جیهانە ونبووەكانی سەردەمی منداڵیتی بدۆزێتەوەو بەس، بەڵكو دەبێت منداڵ ببێتەوەو ببێت بە منداڵێكی وەها سەرسام بە دووچاوی پڕ لەسەر سورمانو رامانەوە بڕوانێتە جیهانی رووبارو دارستانو چیاو باخچەی منداڵانو فێرگەو ئاسمانو مانگو ئەستێرەو هەورو بارانو هەموو شتەكانی دەوروبەری خۆیو



لە روانگەی منداڵێتی خۆیەوە چیرۆك بۆ منداڵان بنووسێت، شایانی باسە لە چیرۆكی منداڵدا دەبێت پاڵەوانو كەسایەتی چیرۆكەكە یەك دەوری بدرێتێ یان چاكەخوازی یاخود بەدكاریی‌و نابێت پاڵەوانی چیرۆكی منداڵ چاكە خوازبێتو لە هەمان كاتیشدا بەدكار بێتو ئەم دووروویی‌و دووفاقییە بەدگومانی لەلای منداڵ دروست دەكات، باوەری بە كەسایەتی چیرۆكەكە لەق دەبێتو تووشی دڵەراوكێی دەكات... هەروەها ئەگەر نووسەری چیرۆكی منداڵ ویستی لە چیرۆكەكەدا هەندێك دیمەنی پێكەنیناویی‌و گاڵتەوگەپ بەرجەستە بكات، دەبێت ئەوە بزانێت جیهانی گەورەو منداڵ جیاوازنو شێوازی نووسین بۆ گەورەو منداڵ دوو جۆری جیاوازنو دەبێت وای بەرجەستە بكات سەرنجی منداڵ بۆ لای دیمەنەكە رابكێشێت، وەكو ئەوەی لە دیمەنێكدا یەكێك قووتوویەك بۆیەی سپی دەكات بەسەرو چاوی شارلی شاپلندا یان وەكو ئەوەی كە لە چیرۆكێكی ئیزۆپدا هاتووە بۆقێك دەیەوێت لە زەبەلاحیدا لاسایی مانگا بكاتەوەو هەر فوو لەخۆی دەكاتو فوو لەخۆی دەكاتو لەپڕ وەكو میزڵدانو بفیلك دەتەقێتو لەتوپەت دەبێت...

د. نوری جەعفەر و ژنە نووسەری منداڵان (كاسلین بترتوون)و پسپۆری دەروونی منداڵانو پەروەردەی منداڵان (بیاجیە)و چەند پسپۆرێكی دی لەو بوارەدا چیرۆكی بۆ منداڵان نووسراو بەگوێرەی تەمەن جیادەكەنەوەو دەڵێن، ئەمجۆرە چیرۆكە بۆ منداڵانی تەمەن (پێنج- هەشت) ساڵو ئەو جۆرە چیرۆكەیش بۆ منداڵی تەمەن (٩-١٢)و ئەو جۆرەی دی بۆ منداڵی تەمەن (١٣-١٥-١٦)و هتد.

بەرای من وەكو كەسێك بە منداڵی هۆگرێكی پلەیەكی چیرۆكی گوێئاگردانو دیرۆكەكانی گوڵستانو بوستانی سەعدی شیرازی‌و بەسەرهاتەكانی ناو كتێبی- منطق الطیر-ی فەریدەدینی عەتارو چیرۆكو دیرۆكو بەسەرهاتو رووداوەكانی ناو كتێبی – الف لیلە ولیلە- سەرگوزشتەكانی مەلای مەزبوورەو ئەحەی كورنو بووم... لە روانگەی ئەزموونی دەوڵەمەندو ئێستای خۆمەوە- بیاجیە- و هاوبیرەكانی بەهەڵەداچوونو منداڵان لە هەموو تەمەنێكدا حەزیان لە هەموو جۆرە چیرۆكێكی خەیاڵی‌و ریالیستو زانستی‌و خەیاڵی زانستی‌و ئەفسانەیی‌و جادوویی‌و پاڵەوانبازیی‌و سەرچڵی‌و سەركێشی‌و خێرخوازییە... من خۆم بە پازدە شازدە ساڵیش گوێم لەو چیرۆكە هەمە چەشنانە گرتووەو چەژم لێیان وەرگرتووە، كە بە شەش حەوت ساڵی و دە دوازدە ساڵی پوورە رەعنای سەیزادەو باجی كافیەو میمكە عەتیەی دایكی دادە بەهیە بۆیان

دەگێڕامەوە، دڵنیاشم منداڵان لە هەر هەموو تەمەنێکداو بە هەموو زمانەکانی خۆیان حەزیان لە چیرۆکی —کاڵای باڵای پاشا- ی (هانز ئەندرسن)و چیرۆکی (ئالیس لە وڵاتانی عاجباتییەکان)ی (لویس کارۆل)و چیرۆکی (ڕۆبنسن کرۆزۆ)و (سەرچڵییەکانی هکلبری فن)ی (مارک توین) هەروەها (تۆم سوێر)و (سەندرێلا)و چیرۆکی (الخنفساء الذهبية)ی (ئەدگار ئالان پۆ)و هەموو چیرۆکە ئەفسانەییو پڕ لە فانتازیا سەرسوڕهێنەرەکانو چەژی لێوەردەگرن، ڕاستە ڕەنگە هەندێک منداڵ هەبن لە تەمەنی پێنج شەش ساڵییەوە پەنجا تا سەد جار گوێیان لە چیرۆکی تیتیلەو بیبیلەو دەنکە هەناریۆ مەلیک ئەحمەدو هتد بووبێت... ڕەنگە لە دە دوازدە ساڵیو چواردە پازدە ساڵیدا حەز لە گوێگرتنی نەکەن، بەڵام منداڵێکی دە دوازدە ساڵ یان چواردە پازدە ساڵ... ئەگەر بۆ یەکەمین جار گوێی لەو چیرۆکانە بێت بەدڵنیاییەوە بەتاسووقو تامەزرۆوە گوێی لێدەگرێتو بەڕای من دیاریکردنی یان پۆلبەندکردنی چیرۆکی گوێئاگردانو چیرۆکی جۆر بەجۆری منداڵان بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵان... مەبەست ناپێکیو هەروەکو ئەوە وایە بڵێین ڕۆمانی (سەدساڵ لە گۆشەگیری)ی (مارکیز)و (بەدگۆران)ی (کافکا) و (پیدرۆپارامۆ)ی (خوان ڕۆلفو) بۆ کەسانی تەمەن لە سەرووی چلوپێنج ساڵەوە نووسرانو ڕۆمانی (پیرەمێردو دەریا)ی (هەمنگوای)و (باخچە)ی (مارگرێت دۆرا)و (عمارە یعقوبیان)ی (علاءالاسواني) بۆ خوار تەمەنی چل ساڵ نووسراونو کە ئەمە پۆلێنکردنێکی نابەجێو ناپەسەندەو ڕۆمانو هەموو جۆرەکانی ڕۆمان هی هەموو کەسێکە حەزی لە خوێندنەوەیان بێتو تەنانەت بۆ منداڵیش، ئێستا دەزگاکانی چاپو بڵاوکردنەوە لە وڵاتانی جیهان شاکارەکانی ڕۆماننووسە بەناوبانگەکان بەشێوەیەکی هونەری بۆ منداڵان کورتو پوخت دەکەنەوە، بۆ ئەوەی منداڵان بیانخوێننەوەو چەژ لەو ڕۆمانانە وەربگرن... جگە لەوەش هەوڵی بەردەوام هەیە بۆ نووسینەوەی ژیاننامەی ڕۆماننووسو شاعیرو کەسایەتییە ناودارەکان بەشێوەی چیرۆکو نۆڤلیت بۆ منداڵان ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە منداڵ لە هەموو قۆناغێکدا حەز لە خوێندنەوەی ئەو بابەتانە دەکات کە بۆ منداڵ دەنووسرێنو ناکرێت ئەگەر منداڵێک حەزی لە خوێندنەوەی کتێبێکی منداڵانە کرد پێی بڵێین ئەو کتێبە هی قۆناغی ئەم تەمەنەی تۆ نییەو مەیخوێنەرەوەو فڵان کتێب بخوێنەرەوە... منداڵ خۆی بە گوێرەی زەوقو پلەی ژیریو ڕۆشنبیریی خۆی کتێبی خوێندنەوەی خۆی هەڵدەبژێرێتو ئیتر نە (بیاجيه)و نە هیچ پسپۆڕێکی پەروەردەیی ناتوانن بە گوێرەی زانیاری خۆیان کتێبی بۆ دەستنیشان بکەن، کە بیخوێنێتەوە یان نەیخوێنێتەوە، ئەمجۆرە بیروڕایانە بیروڕاگەلێکی



جێگیر نیینو لە وڵاتو کۆمەڵگایەکەوە بۆ وڵاتو کۆمەڵگایەکی دیو لە منداڵی ماڵێکەوە بۆ منداڵی ماڵێکی دی دەگۆڕێنو لە بۆتەو قالبێکی چەسپاودا نامێننەوە، بەڵکو بەگوێرەی بارودۆخی ئاڵوگۆڕی دەروونییو ژیریی منداڵ دەگۆڕێـت و قاڵبی جۆراوجۆر وەردەگرێت...

لەم بەراییەدا ماوەتەوە ئەوە بڵێین کە لە سەرەتادا ئەو گۆڤارانەی چیرۆکی منداڵانیان تیادا بڵاودەکرایەوە بریتیبوون لە کۆکراوەیەکی تۆمار ئاسای پڕ لە شیعرو چیرۆکو پەخشانو وێنەی جۆربەجۆر، هەروەها جار بەجاریش چیرۆکی سەرچڵیو گیانبازییو بەشێوەی زنجیرە بڵاو دەکرانەوەو یەکەمین گۆڤاری تایبەتی منداڵانیش لە سەدەی حەڤدەدا لە سویسرا بڵاوکرایەوە... یەکەمین گۆڤاری منداڵانیش لە ئینگلستان لەلایەن- جۆن نیوبری- یەوە بەناونیشانی (لیلیبیوتان)- گۆڤاری بچکۆل- لە شوباتی ساڵی — ١٧٥ لە لەندەن بڵاوکرایەوەو لە ساڵی ١٧٥٦ دا خاتوو — دی بومونت—ی بە ڕەگەز ئینگلستانی یەکەمین گۆڤاری منداڵانی لە فەرەنسا بڵاوکردەوە، لە ئەمەریکاش لە نێوان ساڵانی (١٧٨٩-١٨٣٤) گۆڤاری منداڵ—و گۆڤاری —نەوجەوان- دیاری مامۆستا —کەشکۆلی نەوجەوانان- مامۆستا- هەروەها هەمە ڕەنگەکانی نەجەوانان- هتد بۆ منداڵان بڵاوکرانەوە... هەروەها ئەو گۆڤارانە بایەخیان بە چیرۆکی منداڵان دەداو زۆرجار بە ڕەسمکارییەوە بڵاویان دەکردەوە...

لە عێراقیشدا یەکەمین ژمارەی گۆڤاری منداڵان بەناونیشانی —**التلميذ العراقي**- —قوتابی عێراقی- لە ١/تشرینی دووەمی/ ١٩٢٢-دا بڵاوکرایەوەو بایەخی زۆر درا بە بڵاوکردنەوەی چیرۆکی منداڵانو لە ١٥/حوزەیرانی/ ساڵی/ ١٩٢٤یشدا گۆڤارێکی دی بەناونیشانی- الكشاف العراقي- بڵاوبۆوەو دەیان چیرۆکی جوانیان بۆ منداڵان تیادا بڵاوکرایەوەو یەکەمین گۆڤاری منداڵانیش، کە بە کوردی دەرچووە گۆڤاری-گڕوگاڵی منداڵانی کورد- بووە، کە لە ١/ پوشپەڕی ١٣٢٥ لە سایەی کۆماری مەهاباددا بڵاوبۆتەوەو سێچوار ژمارەیەکی لێ دەرچووە، بابەتەکانی لە ئاستی پێویستدا نەبووەو شایانی باسە هەر لە ساڵانی سیوچلەکانی سەدەی بیستەوە کەم تا زۆر هونەری چیرۆکی منداڵان بەشێوەیەکی سەرەتاییو لەژێر کاریگەری شیعرو چیرۆکی عەرەبی بۆ منداڵ نووسراوداو بەشێوەی وەرگێڕانو دانانیش کەم تا زۆرو ناو بەناو بایەخی باشی پێدراوەو زێوەرو فایەق بێکەسو بەختیار زێوەرو گۆرانو نەجمەدین مەلاو ڕەمزی قەزازو.... هتد. پێشڕەوایەتی ئەم بابەتە نوێیەی وێژەی کوردییان کردووەو زەمینەیەکیان داڕشتووە، کە بۆ ئەو ڕۆژگارە باش بێت و دواتریشو

تا ئێستاش دەیان نووسەری سەرکەوتووی چیرۆکی منداڵان لە رووبەری وێژەی منداڵاندا بە کوردی ناویان دەرکەوتووەو چیرۆکی جوان شاکاریان بۆ منداڵانی کورد نووسیوەو دەنووسن‌و یەکەمین گۆڤاری منداڵانیش بە کوردی لە ساڵی ١٩٧٥ ل بەغدا بە ناوی -ئەستێرە- چاپو بڵاوکراوەتەوەو دوای چەند ژمارەیەک رژێمی فاشی ئەوسای بەغدا قەدەغەی کردووەو رایگرتووە.

## توێژینەوەیەک دەربارەی خەسڵەت‌و جۆرەکانی چیرۆکی منداڵ

چیرۆکی منداڵ‌و گەورە جۆرە دەقێکی وێژەیی نووسراو یان زارەکییە، چەند چەشنێک لە چەشنەکانی چیرۆک لە دێر زەمانەوەو لەگەڵ کۆبوونەوەی کۆمەڵگا سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتیدا لەسەر خوانی دوای راوشکارو ناو ئەشکەوتەکاندا هەبووەو تاکو ئێستاش دەیان چیرۆکی زۆر دێرین ماوەتەوەو هەندێکیان بەشێوەی زارەکی دەگێردرێنەوەو هەندێکیشیان خراونەتە سەر کاغەزو لە دوو توێی چاپکراوەکاندا دەخوێنرێنەوە...

بەڵام چیرۆکی هونەری‌و نایاب لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپادا لە سەردەمی رێنیسانسدا هاتۆتەکایە، لە رۆژهەڵاتیشدا لەگەڵ پەیدابوونی چیرۆکەکانی هەزارو یەک شەوەو کلیلەو دمنەو.... هتد، جۆرێک لە جۆرەکانی چیرۆکی هونەری بوونی خۆی سەلماندووە...

بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت، کە لە تەورات‌و قورئانی پیرۆزدا جوانترین‌و هونەریترین جۆری چیرۆک هەیە... لەوانە: چیرۆکی حەزرەتی مووساو فیرعەون‌و چیرۆکی حەزرەتی سولەیمان‌و بەلقیزو چیرۆکی حەزرەتی ئەیووب‌و ئیبراهیم‌و چیرۆکی حەزرەتی یوسف‌و چیرۆکی حەزرەتی مریەم‌و نەمروودو...هتد، شایانی باسە لە ئەوروپادا تاوەکو ناوەندی سەدەی نۆزدە وا باو بوو، کە چیرۆکی درێژ زەبر بە کۆمەڵگا دەگەیەنێت‌و مەترسی هەیە لەسەر داب‌و نەریت‌و رەوشتە بەرزەکانی مرۆڤ و خێزان...

چیرۆک لەلای هەندێک کەس بۆ بەسەربردنی کات‌و لەلای هەندێکی دی بۆ چەژلێوەرگرتن دەخوێنرێتەوەو هەندێک چیرۆکیش هەن پەندو ئامۆژگاری بە خوێنەر دەبەخشن.

هەروەها چیرۆکیش چ چیرۆکی گەورەو چ چیرۆکی منداڵ‌و زارۆڵەکان وەک شیعر چاوکراوەیی‌و زەین روونی‌و تاموچێژو خەیاڵمان دەداتێ‌و ژیانمان لەلا جوان‌و خۆشەویست دەکات، خۆی لە خۆیدا بەشێکی گرنگە لە ئەزموونی



مرۆڤایەتی، کە مرۆڤ لە رێگەی زمانەوە دەیخاتەروو...

شایەنی باسە چیرۆک هەیە درێژو چیرۆک هەیە ئەوەندە کورتە بریتییە لە چەند دێرێک‌و هەیە یەک کەسایەتی رۆڵی تیادا دەبینێت‌و هەشە دەیان کەسایەتی رۆڵی تیادا دەگێڕن... ئەم بارودۆخە لە چیرۆکی گەورەو منداڵدا هەیە چیرۆک هەیە تراژیدییەو هەروەها چیرۆکی کۆمەڵایەتی‌و رامیاری‌و مێژوویی‌و زانستی‌و خەیاڵی‌و ریالیزمی‌و....هتد هەیە.

چیرۆک هەیە دەربارەی ژیانی رۆژانەی مرۆڤایەتییەو چیرۆک هەیە دەربارەی ئاژەڵانی ناو دارستانەو چیرۆک هەیە دەربارەی بوونەوەرەکانی ناخی دەریاو زیندەوەرە خەیاڵییەکانی ناو ئەستێرەکانە، چیرۆک هەیە بۆ گەورە دەنووسرێت‌و هەیشە بۆ منداڵ‌و شێوازی نووسینی گەورەو منداڵ جیاوازن‌و نووسەری لێهاتوو دەزانێت، چۆن‌و چی بۆ منداڵ یان بۆ گەورە بنووسێت، هەندێک لە نووسەران رایان وایە، کە نووسین بۆ منداڵان کارێکی وێژەیی سەختەو هەموو نووسەرێک ناتوانێت تیادا سەرکەوتووبێت... مەرج نییە نووسەرێک بتوانێت بۆ گەورە بنووسێت ئیتر بتوانێت بۆ منداڵیش بنووسێت... لەوانە: تۆفیق ئەلحەکیم‌و عەبدولرەحمان منیف‌و جۆن ئیکن‌و فازل عەباس ئەلکعبی‌و هتد... شایانی باسە ئێستا بایەخی زۆر بەوە دەدرێت منداڵان خۆیان چیرۆک‌و بابەت بۆ منداڵ بنووسن‌و بۆ ئەم مەبەستەش سەدان گۆڤارو دەزگای چاپ‌و بەخش هەن...

چیرۆک دەقێکی پەخشانەو کەرەستەی خەیاڵی تیایەو پەیوەندی‌و گۆرانکارییەکانی نێوان کۆمەڵگاو ترس‌و ئازایی‌و کینەو خۆشەویستی‌و شەڕو ئاشتی‌و ململانێی‌و تەبایی‌و جۆریی‌و ناجۆریی ناو کۆمەڵگاکان دەخاتەروو لێیان دەدوێت، نووسەری چیرۆک هەموو ئەم کەرەستانە لە ئەزموونی رۆژانەی خۆیەوە لەناو کۆمەڵگاکاندا فێر دەبێت. هەروەکو وتمان چیرۆک جۆرە دەقێکی پەخشانی وێژییەو وێژەش چالاکییەکی زمانییەو زمانیش وەکو ئیفلاتوون دەڵێت گرنگترین خەسڵەتە، کە مرۆڤ لە گیانلەبەرەکانی دی جیادەکاتەوەو هیچ زیندەوەرێکی دی ئەم زمانەی مرۆڤی نییەو مەبەستم لە زمان تەنهاو تەنها زمانی ئاخاوتنە، نەک ئەو بڵمە گۆشتەی کە لە دووتوێی قەپۆزی گاو گوتالیشدا هەیە...

شایەنی باسە کەسایەتی چیرۆکی گەورەو منداڵ جاری وا هەیە راستەقینەن‌و جاری واش هەیە خەیاڵی نووسەر دروستیان دەکات...

هەرچۆنێک بێت کەسایەتییەکانی ناو چیرۆکەکان وەکو هەموو کەسێک بەشێوەیەک لە شێوەکان دەخۆن‌و پشوو دەدەن‌و نەخۆش دەکەون‌و

دەمرن و...هتد، جاری واش هەیە کەسایەتی ناو چیرۆکێک جادووبازەو شیرو رم نایبرێت و هەمیشە کاری خراپ و وێرانکاریی و خوێناویی ئەنجامدەدات، هەتاوەکو موویەک لەبن باڵیدایە هەڵنەکێشرێت و بەو مووە نەبەسترێتەوە هیچ شمشێرێک کاری لێناکات و نامرێت و لەناو ناچێت... لە هەموو سات و جێگایەکدا دەوری شەڕخوازیی خۆی دەبینێت...

هەموو جۆرەکانی چیرۆک بەرهەمی ئەقڵ و ئاوەزی مرۆڤەو مرۆڤ بەویستی خۆی لە هەندێک چیرۆکدا زمانی ئاخاوتن و گفتوگۆ بەدارو بەردو ئاسن و ئاژەڵ و ئاو و منداڵی ناوبێشکە هەورو باران و کرمی بن بەردو هەموو شتێکی دی دەبەخشێت...

من لەم باسەمدا، حەز دەکەم باسی چیرۆکی منداڵ و جۆرو خەسڵەت و فۆرم و ناوەرۆکی چیرۆکی منداڵ بکەم و لە پەنجەرەی ئەم بابەتەوە جۆرەکانی چیرۆکی منداڵ بەم شێوەیەک پۆلبەند بکەم:-

**١- چیرۆکی میللی:-**

ئەمجۆرە چیرۆکە کلتوورێکی بە نرخەو لە باووباپیرانمانەوە بۆمان جێماوەو لە رێگای بازرگانیی و سەفەرو دیدەنییەوە ئاڵوگۆری کەم و زۆر شێوەو ناوەرۆکیان دەگرێتەوە، نموونەی ئەم چیرۆکانە زۆرن وەکو تیتیلەو بیبیلەو دەنکە هەنارەو تۆبەی مام رێوی و سێ منداڵەکەو باوەژن و چەرخوفەلەکەکەی پیرەژن و منداڵی ددان ئاسنین و هتد...

کورتەی چیرۆکی تیتیلەو بیبیلە ئەوەیە، کە گورگێک دووسێ بەچکەی بزنێک بەفرت و فێڵ فریو دەدات و قووتیان دەدات و بزنەکە بە زەبری شاخەکانی ورگی گورگەکە هەڵدەدرێت و بەچکەکانی بە زیندوویتی لە ورگی دێنە دەرەوە...

لە چیرۆکی دەنکە هەنارەشدا، باوەژنێکی جادوباز دەنکە هەنارەی شۆخ و شەنگ لە ماڵدا دەشارێتەوەو دەیەوێت بە فێڵ و جادو دێگونە چارەی نابووت (کە کچی خۆیەتی) بدات بە کوڕەپاشاو لە ئەنجامدا فێڵەکەی ئاشکرا دەبێت و سەر ناگرێت...

چیرۆکی تۆبەی مام رێویش ئەوەمان بۆ روونکاتەوە، کە رێوی هەرگیز واز لە باڵندە خواردن و چڵێسی و نەوسنی ناهێنێت و پیرەمێرد وتەنی:-

**رێوی بێ فێڵ ناوەستێ**
**مەگەر تەڵە بیبەستێ**



لە چیرۆکی سێ منداڵەکەو باوەژنیشدا شەوێک هەر سێ منداڵە بێ دایکەکە لە دەست ئەو باوەژنە ستەمکارەی، کە جلی جنۆکەی ناوبیری حەوش و سەربانیان پێدەشوات و نانیان ناداتێ رادەکەن و بەڕێکەوت بنچکە نەمامێک هەڵدەکێشن تاکو لە بری گەڵاکانی بخۆن... لەپڕ پەیژەیەک دەردەکەوێت و بە پەیژەکەدا دەچنە خوارێ و دەگەنە شارێک لە شارەکانی ژێرزەمین و پادشایەک دەیانکات بە منداڵی خۆی و لە دەست باوەژنە جادوو بازو زۆردارەکە رزگار دەبن...

لە چیرۆکی چەرخوفەلەکی پیرەژنەکەشدا... پیرەژنێک بە داروپەتک چەرخوفەلەکێکی ئاسمانگەر دروستدەکات و بە فێڵ و جادووکچی پادشای خۆرئاوا لەناو چەرخ و فەلەکەکەدا دێنێت بۆ کوڕی پاشای رۆژهەڵات...

لە چیرۆکی ددان ئاسنینیشدا، کچێکی ددان ئاسنین لەدایک دەبێت و کەسوکارەکەی لە ددانە ئاسنینەکانی دەترسن و نایگرنە خۆیان و لە ئەنجامدا منداڵە ددان ئاسنینەکە لەبەرئەوەی دەیەوێت خەڵکی شارەکە بخوات... دوژمنی زۆر دەبێت و دەیکوژن و تەنانەت کەسوکارەکەشی بە مردنەکەی خۆشحاڵ دەبن...

ئەمانە هەموو چیرۆکی گوێئاگردانی کوردەوارین و دەمـاودەم بۆمان ماونەتەوە، کە منداڵبووم پیرەژنەکانی گەڕەکەکەمان چەندین جار ئەم چیرۆکانەیان بۆ گێراومەتەوەو نووسەری لێهاتوو و داهێنەر دەتوانێت ئەم چیرۆکانە بەشێوازێکی دی و ئاراستەیەکی تر سەرلەنوێ بۆ منداڵان دابرێژێتەوە... هەر بۆ نموونە دەتوانێت چیرۆکی تیتیلەو بیبیلە بەم شێوەیە بۆ منداڵان بنووسێت:-

رۆژێک مام گورگ برسی بوو زانی دادە بزن زاوەو کارژۆڵەیەکی بووە... مام گورگ مری لە کارژۆڵەکان خۆشکردو کەوتەرێ بەرەو ماڵی دادە بزن و بە ئەسپایی لە دەرگایداو کارژۆڵەکان چوونە سەربان و بینییان مام گورگە لە دەرگا دەدات...

یەکێک لە کارژۆڵەکان بە مام گورگی وت:-

تۆ کێی...؟ چیت دەوێت؟

مام گورگ وتی: من خاڵی ئێوەم و هاتووم سەردانی ئێوەی خوشکەزام و دادەبزنی خوشکم بکەم...

کارژۆڵەکە وتی دایکی ئێمە برای وەک تۆی نییەو ئێمەش خاڵۆی وەکو تۆمان نییە...

مام گورگ وتی: رۆڵەگیان دەرگاکەم لێبکەرەوە توورەکەیە ناسکەجۆی ئەو گەرمیانەم بۆ هێناون بۆخۆتان بیکەن بە برێشکەو شەوانی دووروودرێژی زستان بیخۆن...

کارژۆڵەکە وتی: ئێمە ددانمان نییە جۆ بخۆین‌و دایکی شیرینمان چووە نەرمەگیای کوێستان‌و بەرەزای شاخانمان بۆ بهێنێت.

مام گورگ وتی: دەرگاکە نەکەیتەوە دێمە ژوورەوە بە چنگو قەپاڵ ونجڕ ونجرت دەکەم‌و تیکەتیکە گۆشتەکەت دەخۆم...

کاتێک کارژۆڵەکان گوێیان لەم هەرەشەیەی گورگە بۆر بوو ئیتر زانییان ئەمە ئەو گورگەیە، کە دایکیان ئامۆژگاریکردوون دەرگای لێنەکەنەوە چونکە درندەیەو دەیانخوات...

ئیتر کاتێک کارژۆڵەکان بینییان وا گورگەکە خەریکە دەرگاکە دەشکێنێت خێرا بەو پەیژە دارینەیەدا، کە دایکیان دروستیکردبوو سەرکەوتنە سەربان‌و گورگەکەیان بەر تلەبەرد داو سەری شکاو لە ترسا بەسەری خوێناوییەوە رایکرد، چونکە خوێنی سەری چووبووە ناوچاوییەوە رێگاکەی نەدەبینی‌و لەپڕ کەوتە ناو بیرێکەوەو ملی شکاو مردو کاتێک دادەبزنی دایکیان گەڕایەوە سوپاسی خوای مەزنی کرد، کە گورگ نەیتوانیوە جگەرگۆشەکانی بخوات.

بەمجۆرە دەتوانین لە هەموو سەردەمێکدا چیرۆکی گوێی ئاگردانمان بە شێوازو ناوەرکێکی نوێ بۆ منداڵان بنووسینەوەو کلتووری رەسەنی نەتەوایەتیمان بپارێزین‌و نەوە لە دوای نەوە گیانێکی نوێی بە بەردا بکەین.

**٢- چیرۆکی ئاژەڵان:-**

ئەم چەشنە چیرۆکەش لە چەند خاڵێکی لابەلادا، لەگەڵ چیرۆکی میللیدا یەکدەگرێتەوە، بەڵام لە خاڵە سەرەکی‌و شەنگەستەییەکاندا جیاوازن‌و دوو جیهانی جوداکارن‌و چیرۆکی میللی کلتوورییەو لە دێرزەمانەوە دەماودەم بۆمان ماوەتەوە، بەڵام چیرۆکی ئاژەڵان ئەگەرچی هەندێکیان کلتووریش بن، بەڵام دەکرێت نووسەرانی هاوچەریش چیرۆکی ئاژەڵان بنووسن‌و لەم بارەیەوە ئەم چیرۆکەی خۆم بە نموونە دێنمەوە، کە بەناونیشانی (جووجەڵەی ئاسنین)نووسیومە:-

داپیرەیەک لە ئاواییەکی چیانشیندا چەند مریشک‌و کەڵەشێرێکی راگرتبوو بۆ ئەوەی مریشکەکان هێلکەی بۆ بکەن، هەندێک لە هێلکەکان بخوات‌و هەندێکیشیان بفرۆشێت و بە پارەکەی پێویستییەکانی رۆژانەی بکڕێت‌و کەڵەشێرەکانیش تاریک‌و روون بخوێنن‌و داپیرە بۆ نوێژی بەیانی‌و ئەنجامدانی کاروباری ناوماڵ لە خەوهەڵسێنن... جارجاریش مریشکەکان کڕ دەکەوتن‌و داپیرە دەینانەوەو لە ئەنجامدا دە دوازدە جووجەڵەیان هەڵدەهێناو دەبوون بە سامان‌و سەرمایەیەکی دڵخۆشکەر بۆ داپیرەگیان...

بەڵام رێوییەک فێر ببوو هەموو جارێک جووجەڵەی مریشکەکانی داپیرەی دەخواردو داپیرە هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو هیچ پلانێکیشی بۆ پارێزگاریکردنی جووجەڵەکانی نەدەزانی...

رۆژێک لە رۆژان یەکێک لە مریشکەکان فێڵێکی بەبیردا هات‌و چوو بۆ لای جادووبازی ئەشکەوتی جاسەنەو پێیووت، ئەگەر فێری زانستی جادووم بکەی پڕ سەبەتەیەک هێلکەت دەدەمێ...

جادووبازەکە مریشکەکەی فێری زانستی جادووکردو مریشکەکەش پڕ سەبەتەیەک هێلکەیدا بە جادووبازەکە...

مریشکەکە ئێوارە گەڕایەوە بۆ ناو کولانەکەو بە زانستی جادوو شەش حەوت جووجەڵەی ئاسنینی دروستکردو لە بەردەم کولانەکەدا دانیان‌و شەو رێوییەکە هات و دڵی خۆش بوو...

وتی بە خوا وا دیارە داپیرە نەخۆشە لەبەر ئەوە نەیتوانیوە جووجەڵەکان بکاتە کولانەکەوە...

ئێستا ئەم جووجەڵە ناسکۆڵانە قووت دەدەم، دەچمە ناو کولانەکەوەو هەموو مریشک‌و کەڵەشێرە قەڵەوەکان دەخۆم...

ئینجا رێوییەکە پێکەنی‌و وتی ئەمشەو جەژنی منەو گورج پەلاماری جووجەڵەیەکی ئاسنینی داو قەپاڵی پیاداکرد، جووجەڵە ئاسنینەکە ئەوەندە رەق بوو ددانی رێوییەکە شکاو لە شپرزەییدا جووجەڵە ئاسنەکەی قووت داو لە قورگی گیراو ئیتر هەناسەی وەستاو مردار بۆوەو بەو جۆرە مریشکەکە توانی بە زانستی جادوو رێوییکە لەناوبەرێت‌و مریشک‌و کەڵەشێرو جووجەڵەکانی داپیرەگیان‌و هەموو ئاواییەکەش لە چڕنووک‌و قەپاڵی رێوی چڵێس رزگارت بکات...

ئەگەرچی ئەم چیرۆکە دروستکراوی خۆمە، بەڵام لە کتلووری کوردی‌و جیهانییدا چیرۆکی ئاژەڵان زۆرەو هەر بۆ نموونە چیرۆکەکانی -ئیزۆپ-ی یۆنانی‌و کتێب -ئەلحەیوان-ی جاحزی بە رەگەز فارسی‌و ئەلف لەیلەوە لەیلەی رۆژهەڵاتی‌و کلیلەو دیمنەی هیندستانی‌و...هتد، لە کەلتووری کوردیشدا نموونە زۆرەو لەوانە: پیرەژن‌و پشیلەکەی، هەروەها پیرەژن‌و دڕکی پێی

كەلەشێرەكەی‌و هێسترو مام گورگی دكتۆرو...هتد.

لە چیرۆكی پیرەژن‌و پشیلەكەیدا پیرەژنەكە دەنكە مێوژێك دەدۆزێتەوەو بانگی پشیلەكەی دەكات‌و پێی دەڵێت، پشە جوانەكە وەرە ئەم دەنكە مێوژە بخۆ، بەڵام پشیلەكە خەوی دێت‌و ناچێت دەنكە مێوژەكە بخوات، كە لە خەو هەڵدەستێت‌و دەزانێت پیرەژنەكە خۆی دەنكە مێوژەكەی خواردووە، هەرەشە لە پیرەژنەكە دەكات تاوەكو دەنكە مێوژەكەی پێنەداتەوە ئاشت نابێتەوەو هەرچەندە پیرەژنەكە تورەكەیەك مێوژی دی بۆ دێنێت، بەڵام پیشلەكە دەڵێت هەر ئەو دەنكە مێوژەم دەوێت‌و بیانوو بە پیرەژنەكە دەگرێت‌و هەرچەند ئاگرێك بكاتەوە بۆ ئەوەی چایەك لێنێت یان دوو پەپكەی پێ ببرژێنێت، پشیلەكە نایەڵێت ئاگرەكە بگەشێنێتەوەو میزی پیا دەكات‌و دەیكوژێنێتەوەو دەڵێن، هەتاكو ئێستاش مشتومڕی پیرەژنەكە درێژەی هەیەو پیرەژنەكە ئاگر دەكاتەوەو پشیلەكە میزی پیا دەكات‌و دەیكوژێنێتەوە...

من كاتی خۆی دایكی خۆشەویستم خاتوو سەعدیە شێخ حسین شێخ حەسەن كەسنەزانی ئەم چیرۆكەی بۆ گێڕاومەتەوەو گەلێك جاریش، كە وڕكو بیانووی زۆرم بگرتایە پێیدەوتم مەبە بە پشیلەكەی پیرەژنەكە، ئەوەندە وڕكو بیانوو مەگرە.

لە چیرۆكی دڕكی پێی كەڵەشێرەكەدا، كە كاتی خۆی میمكە عەتییەی خەڵكی كفری بۆی گێڕاومەتەوە، پیرەژنێك خەریكی نانكردنەو كەڵەشێرەكەی دێت‌و دەڵێت دڕكێك چووە بە بنی پێمداو ئازارم دەدات‌و یارمەتیم بدەو بۆم دەربێنە... پیرەژنەكە خێرا دڕكەكەی لەپێ دەردێنێت‌و تووڕی دەداتە ناو تەنوورەكەوە... ئیتر كەڵەشێرەكەی لێی تووڕە دەبێـت‌و دەڵێت: ئەگەر دڕكەكەم لە تەنوورەكە بۆ دەرنەهێنیتەوە نانەكانت بە چڕنووكو دەنووك ونجڕ ونجڕ دەكەم‌و دەڵێن هەتاكو ئێستاش هەرچەندە پیرەژنەكە نان دەكات... كەڵەشێرەكە نانەكەی بە دەنووكو چڕنووك ونجڕ ونجڕ دەكات...

لە چیرۆكی هێسترو مام گورگی دكتۆریشدا، كە لە گەلێك سەرچاوەی چاپكراوی كوردیدا خوێندوومەتەوە... هێستریك لە سەوزەڵانێكدا دەژی و گورگێك دەیەوێت بە فێڵو تەڵەكە بیخوات‌و هێسترەكەش بە فێڵەكەی دەزانێت و پێی دەڵێت: دڕكێك چووە بە سمی قاچی ڕاستمدا بۆم دەربێنە... ئیتر گورگەكە دەچێت دڕكەكە دەربێنێت لە سمی‌و دەستبەجێ هێسترەكە بە هەموو هێزێكی خۆیەوە پێلەقەیەك لە گورگەكە دەدات‌و لەو لووتكەیەوە دەیخاتە خوارەوە، كە لە سەری دەلەوەڕی‌و خۆی ڕزگار دەكات‌و گورگەكەش لەتوپەت دەبێـت دەڵێن





لەو ڕۆژەوە تاوەكو ئێستا هەموو گورگێك لە هێستر دەترسێت...

### ٣-چیرۆكی زانستی:-

چیرۆكی زانستی ئەو چیرۆكانەیە، كە پەیوەندی بە زانستەوە هەیەو لەبارەی زانستییەوە دەدوێت... وەكو خەسڵەتەكانی گەردوون‌و سووڕانەوەی زەوی‌و دووری‌و نزیكەی ئەستێرەكان‌و داهێنراوە زانستییە دێرین‌و هاوچەرخەكان‌و هتد...

دەكرێت لەم بوارەدا ململانێ بێت لە نێوانی دانیشتووانی ئەستێرەكاندا یان وتوویژ بێت لە نێوانی شەو و ڕۆژو زەوی‌و ئاسماندا‌و خۆم لەم بارەیەوە چیرۆكێكی بە شیعر داڕێـژراوی فارسیم لە یادە، كە كرابوو بە كوردی‌و لە كتێبخانەكەی باوكمدا لە ماڵەوە هەبوو چەندین جار خوێندوومەتەوە، چیرۆكەكە دەمەتەقێ وتوویژ بوو لە نێوانی ئاسمان‌و زەمین داو نووسەرەكە بەناونیشانی -سەماو زەمین- بڵاویكردبۆوەو لەو وتوویژو دەمەتەقێیەدا ئاسمان‌و زەوی مشتومڕیانەو هەریەكەو بەوی دییان دەڵێت من لە تۆ جوانترو پیرۆزترو سەرنجراكێشترم هتد...

دەتوانین لەمجۆرە وتوویژە لە نێوانی شەو و ڕۆژدا دروستبكەین‌و ئەم چیرۆكە بنووسین:

كاتێك ئاسمان‌و هەموو گەردوون لە تاریكاییدا نوقمبوو... شەو هاواری كرد:-

– من لە ڕۆژ جوانترم‌و سەدان هەزار ملیۆن ئەستێرەو كێشكەرو هەسارەی جوان‌و نازەنین لە ئاسمانە بێ پایانەكەمدا دەتریفێتەوەو من ئاسوودەیی بە هەموو جیهان دەبەخشم‌و بواری خەوتن‌و خەوبینین‌و پشوویان بۆ دەرەخسێنم‌و بەهۆی مانگی ئاسمانەكەی منەوە خەڵك ژمارەی ڕۆژەكان‌و مانگەكان‌و ساڵەكان دەزانن...

بەڵام كاتێك بانگی بەیانی داو دواتـر ڕۆژ بـۆوەو ڕۆژهـەڵات... ڕۆژ هاواریكردو وتی:-

– من لە شەو ڕووناكترو جوانترم‌و بەهۆی خۆرە میهرەبانەكەی ئاسمانەكەی منەو كلۆرۆفیلو خۆراك بۆ دارو درەخت‌و ڕووەكو نەمام‌و گژوگیای زەوی دابین دەبێـت، بەهۆی خۆرە بەتین‌و تاوەكەی منەوە هەزارەها جۆری میكرۆب‌و ڤایرۆس لەناو دەچن‌و قەلاچۆ دەبن‌و بەهۆی خۆرە گەشەكەی منەوە دەریاكان دەبن بە هەڵم‌و هەڵمەكان دەبن بە باران‌و بەهار لەدایك دەبێـت، من چووستی‌و

چالاکی بە مرۆڤ دەدەمو هانی دەدەم ئیش و کار بکاتو زەوی بچێنێتو جووتو درەو و گێرەو شەنو کەو بکاتو ژیان بەرەو پێشەوە ببات...

### ٤- چیرۆکی کۆمیدیی‌و گاڵتەوگەپ:-

ئەمجۆرە چیرۆکە دەچێتە خانەی گاڵتەجارییو تەنزو لاقرتێو تەوسو توانجو پلارو پێکەنینەوە، بەڵام لە ناوەرۆکدا پڕە لە ئامۆژگاریو پەندی کۆمەڵایەتیو ڕێنماییو بەرگریکردن لە هەقیقەتو ڕاستی، چیرۆکەکانی ئەحەی کورنوو دیرۆکەکانی لالە سەرحەدو نوکتەکانی خاڵەڕەجەبو مەلای مەزبوورە، بەشێکن لەمجۆرە چیرۆکەو هەر بۆ نموونە دەتوانین نوکتەی (کەوا بخۆ)ی مەلای مەزبوورە جارێکی دی بەمجۆرە بۆ منداڵان دابڕێژینەوە:-

جارێکیان میری بۆتان مەلای مەزبوورە بانگێشت دەکات بۆ یادەوەری ئاهەنگی دامەزراندنی میرنشینی بۆتانو مەلای مەزبوورەش بە جلو بەرگێکی ئاساییەوە دەچێت بۆ کۆشکی میرو لە بەردەم کۆشکەکەدا پاسەوانەکان ڕێی لێدەگرنو نایەڵن بڕواتە ژوورەوە...

ئینجا مەلا دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوەو دەستێک کەواو سەڵتەی تازە لەبەر دەکاتو کڵاوێکی جوان لەسەر دەکاتو مشکییەکی گوڵەنکە ئاورێشم دەبەستێتو پشتێنێکی شاڵ لە پشتی گرێچن دەکاتو کەوشێکی سووری بریسکەدار لەپێی هەڵدەکێشێت، عەبایەکی مەرەزی سوورمەڕێژ دەدات بەشانیداو خۆی عەتر باران دەکاتو دەگەڕێتەوە بۆ کۆشکی میر، ئەمجارە پاسەوانەکان دەستی بۆ بە سنگەوە دەگرنو فەرمووی بۆ ژوورەوە لێدەکەنو مەلا دەچێتە ژوورەوەو سڵاو دەکاتو لەسەر خوانی نانخواردن دادەنیشێتو جلوبەرگە نوێکانی بەری خۆی دادەکەنێت تورییان دەداتە سەر خوانی نانخواردنەکەو هاوار دەکات، کەواو سەڵتەو عەبای شان سورمەو کڵاو و مشکی گوڵنکەی ئاورێشمو کەوشی بریقەدارو پشتێنی شاڵ تێر تێر پلاو و گۆشت بخۆن... ناسکە نان بخۆن قەلی برژاو بخۆن...، کە مەلای مەزبوورە وا دەکات دانیشتووانی دیوانی میری بۆتان دەشڵەژێنو میر بەڕێزو شکۆمەندییەوە دەپرسێت مامۆستا چی ڕوویداوە... لەچی زویر بووی وا دەکەیت... مەلای مەزبوورەش دەڵێت: قوربان میری میران من لە پێشدا بە جلوبەرگێکی ئاساییەوە هاتمو پاسەوانەکان ڕێگای هاتنە ژوورەوەیان نەدام، دوایی گەڕامەوە بۆ ماڵو ئەم جلوبەرگە تازانەم لەبەرکرد، پاسەوانەکان بەڕێزلێنانەوە بواری هاتنە ژوورەوەیان دام، کەواتە من بانگێشتی نانخواردن نەکراوم، بەڵکو جلو پۆشاکە تازەکانم بانگێشتکراون با ئەوان لەم



نانو خوانە بخۆن...

ئەم چیرۆکە توانجو پلارێکە لەو کەسانەی، کە ڕێزو شکۆمەندی مرۆڤ لە ماڵو سامانو داراییو جلوبەرگی گرانبەهادا دەبینن‌و هیچ گرنگیو بایەخێک بە ئەقڵو ئاوەزو ژیرییو داناییو زانایی مرۆڤ نادەنو بیر لەوە ناکەنەوە، کە ڕووتەڵەیەکی وەکو غاندی بە دزداشەیەکی خامو جاوەوە بەریتانیای مەزنی تێکشکاندو هیندستانی لە دیلێتی ئازادکرد... جێی داخە تاکو ئێستا نووسەرانی کورد نەیانتوانیوە دیرۆکەکانی مەلای مەزبوورەو خاڵە ڕەجەبو لالە سەرحەدو ئەحەی کورنوو لە بەرگێکی نوێو دارشتنێکی هاوچەرخانەدا بنووسنەوەو پێشکەشی منداڵانی کوردی بکەن، بۆ ئەوەی لە زەردەخەنەو پەندو ئامۆژگارییو ڕێنمایی ئەمجۆرە چیرۆکە بێبەش نەبنو ئاگاداری لایەنێکی بەربڵاو و فراوانی کلتووری نەتەوایەتییو دابو نەریتی پێشینانی خۆیانو باووباپیرانی خۆیان بنو ئەوانیش نەوە لە دوای نەوە بەرگی نوێ بە بەر ئەم کلتوورە نەمرەدا بکەن.

### ٥- چیرۆکی خەیاڵی زانستی:-

زۆربەی ئەو فیلمانەی، کە باسی شەڕی ناو ئەستێرەکانو داهێنانی چەکی نوێو ئامێرو دەرمانی نوێو...هتد دەکەن، دەچنە خانەی خەیاڵی زانستییەوە، هەر بۆ نموونە خەیاڵ بکەین لە داهاتوودا لە بری ئۆتۆمبێلو فرۆکەو گەمیو شەمەندەفەر زانستی بگاتە ئاستێک مرۆڤ بتوانێت بە دووباڵی ئەلکترۆنی بفڕێتو بگاتە ئەو شوێنەی، کە دەیەوێتو تەنانەت بچێت بۆ ناو مانگو ئەستێرەکانیش، هەروەها بۆ چارەسەرکردنی گەرماو سەرمای هاوینو زستانیش زانستی بگاتە ڕادەیەک جۆرە حەبێک دروستبکرێتو هەرکەسێک بە هاوین قووتی بدات گەرمای نەبێتو هەرکەسێک بە زستان بیخوات سەرمای نەبێت... یاخود خەیاڵی باڵداری وەها بەرزەفڕ بکەین، کە کارگەکان بتوانن بەهۆی زانستەوە جلوبەرگێکی وەها دروستبکەن بە هاوین شێی ساردیو بە زستان تینی گەرمی ببەخشن...

ئەمانە هەمووی خەیاڵگەلێکی زانستی پەسەندو لەبارن بۆ ئەوەی ببن بە کەرەستەیەکی گونجاو و تێرو تەسەلی نووسینی چیرۆکی خەیاڵی زانستی... هەر بۆ نموونە وەک ئەم چیرۆکە، کە لە نووسینی خۆمە:-

باوکی شالا حەزیدەکرد بچێت بۆ حەج، بەڵام پارەی نەبوو بچێتو شەو لە خەویدا لە بازاڕی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان دوو شاباڵی ئاسنینی کڕیو لەخۆیی بەستو دای لە شەقەی باڵو چوو بۆ حەجو لەو کاتەدا شالا خان وتی: باوکە

گیان نانو چای بەیانییم ئامادەکردووە، هەستەو بفەرموو با هەموومان پێکەوە قاوەڵتی بکەین...

لەم چیرۆکەدا بوونی جووتێک باڵی ئەلکترۆنی بۆ فڕینو حەجو گەشت و گوزارکردن خەیاڵێکی زانستییە، چونکە لە راستیدا تاکو ئێستا کەرەستەو ئامێری فڕینی لەمجۆرە نییەو دانەهاتووەو هەر خەیاڵەو لەبەر ئەوە ئەم چەشنە خەوە چیرۆکە لە لیستی خەیاڵی زانستیدا پۆلبەند دەکرێت...

شایانی باسە لە چیرۆکی گوێئاگردانی کوردەواریدا لەمجۆرە چیرۆکەی خەیاڵی زانستی زۆرە، من کاتی خۆی پوورە رەعنای سەیزادە چیرۆکێکی بەناونیشانی (پیرەژنی جادووبازو چەرخوفەلەکەکەی) بۆ گێڕاومەتەوە، ئەمە کورتەی چیرۆکەکەیە:-

کوڕە پاشای رۆژهەڵات حەزی لە کچە پاشای رۆژئاوا بوو، پیرەژنێکی جادووباز چەرخوفەلەکێکی بەدارو پەتک دروستکردو بە ئاسماندا فڕی، گەیشتە وڵاتی خۆرئاوا، لەوێ بە فێڵ کچە پاشاکەی هەڵخەڵەتانو خستیە ناو چەرخوفەلەکەکەوەو بەرەو خۆرهەڵات هەڵفڕیو کچەکەی بە سەنگایی خۆی فرۆشت بە کوڕەپاشای خۆرهەڵات...

لەم چیرۆکەدا چەرخوفەلەکی لە دارو پەتک دروستکراوی باڵدار خەیاڵێکی زانستییە، نووسەری سەرکەوتووی بواری نووسینی چیرۆکی منداڵ دەتوانێت ئەمجۆرە خەیاڵەی کلتووری کوردەواری لە بواری نووسینی چیرۆکی منداڵدا بەرجەستە بکات...

### ٦- چیرۆکی پاڵەوانبازیی و سەرچڵی:-

ئەمجۆرە چیرۆکەش لە کلتووری گەلانی جیهانییدا بە گشتیو گەلی کوردا بەتایبەتی زۆرە، هەر بۆ نموونە (رۆبن هۆدو رۆبنسن کرۆزۆ) دوو نموونەی کلتووری جیهانیین، مەلیک ئەحمەدو کوڕە بچکۆلەو کوڕە کەچەڵەش نموونە گەلێکی دیاری ئەم بوارەن لە کلتووری کوردیدا، لە چیرۆکی گوێئاگردانی خۆماڵیدا هەمیشە لەناو حەوت برادا هەر کوڕە بچکۆلە پاڵەوانو جوانخاسو جوامێرو سەرچڵو جەربەزەیەو لەناو بنەماڵەی مەلیکێکیشدا هەر مەلیک ئەحمەدی کوڕە بچکۆلە بوێرەو کاری جوانمەردیو گیانبازیی ئەنجامدەداتو شاری بێ ئاو لە ئەژدیهای حەوت سەر رزگار دەکاتو ئاو دەگێڕێتەوە بۆ شار، هەمیشەش لە چیرۆکی پاڵەوانبازیی کوردیدا کوڕە کەچەڵە دەمامک دەپۆشێتو کاروباری خێرخوازیی جێبەجێ دەکاتو کچی شای پەرییان لە زیندانی شای



نەرنەرە دێوان رزگار دەکاتو یارمەتی کەسانی داماو و لێقەوماو دەدات، لەم بارەیەوە کلتووری کوردی دەوڵەمەندەو حەز دەکەم لێرەدا کورتەی چیرۆکێک بە ناونیشانی (مەلیک ئەحمەد) بخەمە بەر دیدەی خوێنەران:-

- مەلیک ئەحمەد کوڕە بچکۆلەی پاشای سەرزەمین دەبێت، پاش ئەوەی برا گەورەکەیو برا ناوەنجییەکەی دەستە پاچە دەبنو هیچیان پێناکرێت بەرامبەر ئەو دێوە رەشەی، کە دوو شەو لەسەریەک دەدات بەسەر شارەکەیانداو تاڵانو بڕۆیەکی زۆر دەبێت... بۆ شەوی سێیەم مەلیک ئەحمەدی کوڕە بچکۆلەی پاشای سەرزەمین رووبەڕووی دێوە رەشەکە دەبێتەوەو دەستێکی دەپەڕێنێتو دێوەکە لە ترسا رادەکات، مەلیک ئەحمەد شوێن چۆڕاوگەی خوێنی دەستی دێوەکە دەکەوێت لە توونی حەوت پێچی ژێرزەمیندا دێوەکە دەدۆزێتەوەو دەیکوژێتو لچولووتو گوێی دەبڕێتو دەیخاتە ناو دەستەسڕەکەیەوەو لە باخەڵیدا هەڵیدەگرێت و ئیتر تینووی دەبێتو روو لە شارێکی ژێرزەمین دەکاتو لە دەرگای ماڵی پیرەژنێک دەکاتو داوای چۆڕێک ئاو دەکات، پیرەژنەکەش نەختێک ئاوی لە جامۆڵکەیەکدا بۆ دێنێتو مەلیک ئەحمەد هەستدەکات بۆنی ئاوەکە زۆر ناخۆشە... لەبەرئەوە ئاوەکە ناخواتەوەو لە پیرەژنەکە دەپرسێت بۆنی ئاوەکەتان بۆ وا ناخۆشە...!

پیرەژنەکە دەڵێت: چییت لێبشارمەوە ئەمە ئاو نییە میزی خۆمەو ئاو لەم شارەدا زۆر کەمە، ئەژدیهایەکی حەوت سەر بەری ئاوەکەی شاری گرتووە، هەموو رۆژێک کچێکی جوانو ناسکۆڵەی دەدەینێ بۆ ئەوەی چەردەیەک ئاومان بداتێو ئەمڕۆ نۆرەی کچە بچکۆلەکەی پاشای ژێرزەمینە بدرێت بە ئەژدیهاکە...

مەلیک ئەحمەد دەچێتە سەر قەراغی ئاوەکەو چاوەڕوان دەکات تاوەکو کچە پاشای ژێرزەمینی بۆ دێنن، ئیتر دەستبەجێ مەلیک ئەحمەد بەرەنگاری ئەژدیهاکە دەبێتەوەو هەر حەوت سەرەکەی دەپەڕێنێتو دەیکوژێت، سەرەبڕاوەکانی لە دەستەسڕەکەیدا لەناو باخەڵیدا دەشارێتەوەو کچە پاشا رزگار دەکات، کچە پاشاش دەستی هەڵدەکێشێت لە خوێنی ئەژدیهاکەو ناو لەپی خۆی لەسەر پشتی مەلیک ئەحمەد چاپ دەکاتو مەلیک ئەحمەد دەڕوات و خۆی دەشارێتەوە، بەڵام سەرەنجام بەجێدەستی خوێناویی کچە پاشاکە لەسەر پشتی چاپ بووە... دەیدۆزنەوەو لە پاداشتی ئەو ئازایەتییەدا پاشای ژێرزەمین کچەکەی خۆی دەداتێو هەردووکیان لەسەر باڵی سیمرخێک دەگەڕێنەوە بۆ سەر زەمینو مەلیک ئەحمەد لەسەر داوای باوکی، کە پیر بووە دەبێت بە پاشای سەرزەمینو

شایییەکی حەوت شەو و حەوت ڕۆژە بۆ کچە پاشای ژێر زەمین ساز دەکاتو دیاریو سەوقات بەسەر هەژارانی شاردا دابەش دەکات...

سڵاو لەگیانی پاکی میمکە عەتیەخانو دادەکافیەو میمکە ئامینەی ئاوایی سپیسەر، کە لە بەغدا دادەنیشتنو سەردانی ماڵی ئێمەیان دەکرد لە کفری... هەر یەکەو بە تۆزی جیاوازییەوە ئەم چیرۆکەیان بۆ گێراومەتەوە...

## ٧- چیرۆکی تراژیدیاو کارەسات:-

چیرۆکی تراژیدیاو کارەسات جۆرە چیرۆکێکی پڕخەمو پەژارەوکوێرەوەرییو مەرگەساتەو پاڵەوانو کەسایەتییەکانی هەردەم لە دڵەڕاوکێو دڕدۆنگیو نا ئاسوودەییدا دەژینو لەمجۆرە چیرۆکەش لە کلتووری کوردیو جیهانیدا زۆرە، هەر بۆ نموونە چیرۆکی مەمی ئالانو خەجێو سیامەندو محەمەدو سێوێو شیرینو فەرهادو مەمو زینو...هتد شاکاری ئەم بوارەن، جگە لەوەش هەندێک چیرۆکو داستانی گەلانی دیش هەنو بەجۆرێک لە جۆرەکان کوردێنراونو بوون بە بەشێک لە کلتووری کوردی... لەوانە چیرۆکی کوشتنی زۆراب بە دەستی ڕۆستەمی باوکی خۆی، کە لە شانامەی فیردەوسییەوە هاتۆتە ناو کلتووری کوردییەوەو چیرۆکی یوسفو زولەیخاو لەیلاو مەجنون، کە لە کلتووری عەرەبییەوە کوردێنراون... ئێستاش حەز دەکەم چیرۆکێکی خۆم، کە بەناونیشانی (دەرمانی جادووگەرەکە) بۆ منداڵانم نووسیووە وەکو نموونە لەم باسەدا بخەمە بەرچاو:-

* خاڵۆ جوامێر تەنها کوڕێکی دەبێتو کوڕەکەی نەخۆشدەکەوێت، هیچ دکتۆرێک دەرمانی دەردەکەی ناکاتو ڕۆژێک جادووبازێک ڕێی دەکەوێتە دێکەو بە جووتیارەکە دەڵێت: دەرمانی دەردی کوڕەکەت لە سێ چڵەگیا دروستدەکرێتو چڵەگیاکان لەژێر تاقەدار هەنارەکەی باخی دێواندا شین بوون، باخی دێوان لە قوڵەی قافەو قوڵەی قافیش دوانزە مانگەی ساڵ تاریکستانەو تروسکاییەک ئاگری تیادا بکەیتەوە هەموو داستانەکە گڕ دەگرێتو سێ چڵەگیاکەش دەسووتێتو دەرمانەکە با دەیبات...

خاڵۆ جوامێر بە مەبەستی دەستکەوتنی سێ چڵەگیاکەی دەرمانی کوڕەکەی بەرەو قوڵەی قاف دەکەوێتەڕێ، پاش چل شەو و چل ڕۆژ ڕێگا برینو ماندووبوون دەگاتە ناو دارستانەکەی قوولەی قافو بەرگەی سەرما و سۆڵە و تاریکستانەکە ناگرێتو بەنیازی خۆگەرمکردنەوەو ڕووناککردنەوەی دارستانەکەو بۆ دۆزینەوەی سێ چڵەگیاکە، هەندێک چیلکەو گژوگیاو چڵوچێوو



دڕکو خرنووک کۆدەکاتەوەو چەرخەکەی لە گیرفانی سەڵتەکەی دەردێنێتو ئاگرێک بە داروچیلکەکانەوە دەنێتو لە پڕ هەموو دارستانەکە گڕ دەگرێتو سێ چڵە گیاکە دەسووتێتو خاڵۆ جوامێر بەنائومێدیی بۆ گوندەکەی خۆی دەگەڕێتەوە، دەڵێن تاکو ئێستاش بەدیار کوڕە نەخۆشەکەیەوە دانیشتووەو چاوەڕوانە ڕۆژێک لە ڕۆژان جادووبازەکە دیدەنی ئاواییەکە بکاتەوەو دەرمانێکی نوێ بۆ کوڕە نەخۆشەکەی دەستنیشان بکات...

## ٨- چیرۆکی مێژوویی:-

ئەم تەحرە چیرۆکە ئەو ڕووداوانە دەگرێتەوە، کە لە مێژوودا ڕوویانداوەو ڕووداوی خۆشو ناخۆش هەنو هەریەکێک لەو ڕووداوانە پاڵەوانو کەسایەتی خۆی هەیە، هەر بۆ نموونە گەلێک چیرۆکی ئەفسانەیی لەبارەی شێخ مەحمودی نەمرەوە هەیەو دەڵێن کاتێک ئینگلیزە خوێنڕێژو داگیرکەرەکان شێخی نەمریان بەدیل گرت ویستیان بیکوژنو شەهیدی بکەن، بەڵام کاتێک دایان لە سێدارە پەتی سێدارەکە هەر دەکرایەوە لەملی گیر نەدەبوو...، کە ویستیان گوللەبارانی بکەن گوللە نەیدەبڕی، ئینجا بۆ ئەوەی بە هەرجۆرێک بێت بیکوژن خستیانە ناو مەنجەڵی زەبەلاحی پڕ لە ڕۆنی داخراوەوە، بەڵام بەوەش نەمردو ئینجا خستیانە ناو مەکینەی قیمەکردنەوە، بەڵام مەکینەکە قیمەی نەکردو ئینجا لە حەلحەلەی ئاسمانەوە لەناو فڕۆکەیەوە خستیانە خوارەوەو بەوەش نەمردو ئیتر ناونرا شێخی نەمر... هەتاکو ئێستاش هەزاران ساڵی دیش لە دڵی گەلی کوردو مێژوودا نەمرە...

لەمجۆرە چیرۆکو دیرۆکە لە بارەی خولە پیزەشەوە هەیە، دەڵێن خولەپیزە ئەگەر بیزانیایە ئازووقەی سوپای ئینگلیزە ئیمپریالیزەکان بەرێوەیە خۆیو چەتە خێرخوازە هاوڕێکانی بە چەکەوە ڕێگایان پێدەگرتو دەستکەوتی کاروانەکەیان بەسەر هەژارو نەدارو داماوانی ناوچەکەدا دابەشدەکرد...

شایانی باسە من لە بابەتی منداڵدا گەلێک کەسایەتی مێژوویی کوردم بە منداڵان ناساندووە، لە سەرووی هەموویانەوە شێخی نەمرو مامەیارەو دوانزە سوارەی مەریوانو سەلاحەدینی ئەیووبیو خانی لەپزێڕینو هتد..

دەخوازم لە داهاتووشدا لە بواری بابەتی منداڵاندا ئەم ئەرکە بەشێوەیەکی فراوانتر جێبەجێی بکەمو هەم ژن و پیاوە ناودارەکانی کورد بە منداڵانی نەتەوەکەم بناسێنم...

**٩- چیرۆکی ئەفسانەو بەند و باوە:-**

ئەم بابەتە چیرۆکە لە کلتووری هەموو گەلاندا هەیەو خەیاڵ لەم چیرۆکانەدا دەوری باڵاو بەرز دەبینێت، خەیاڵ بەجۆرێک ئەمجۆرە چیرۆکانە دەرازێنێتەوە، خوێنەر وا دەزانێت لەگەڵ رووداوێکی راستەقینەدا دەژی... لە هەندێک لەم چیرۆکانەدا سەری براو و درەختو ماسیو باڵندەو منداڵی ناو بێشکە دێنە زمانو قسە دەکەنو هەندێکجار راستییەکی شاراوەو نهێنی ئاشکرا دەکەن... هەر بۆ نموونە بە منداڵی پووره رەعنای سەیزادەو میمکە ئامینەی سپیسەری، کە لە بەغدا دادەنیشتنو گەلێک جار چەندین شەو دەبوون بە میوانمان، هەریەکەو بە کەمێک جیاوازییەوە چیرۆکێکیان بۆ گێراومەتەوە، ئەمە کورتەکەیەتی بەناونیشانی (سێوی بەخت) لێرەدا دەیخەمە روو:-

مەلیک ئەحمەد حەوت ساڵ بوو ژنی هێنا بوو، بەڵام منداڵیان نەدەبوو... بەیانیانێک، کە هێشتا بوومە لێڵ بوو، لەرێی مزگەوت کەسێکی قەلەندەری تووش دەبێتو پێی دەڵێت: مەلیک ئەحمەد خەمبارو دڵزار مەبەو خوا بەشی زۆرەو خەوم پێتەوە دیوە ئەگەر بچی لە باخی شای دێوان دوو سێو بێنیتو خۆتو ژنەکەت بیخۆن کورێکی کاکۆڵ زێرینو کچێکی ددان مرواریتان دەبێـت... ئیتر مەلیک ئەحمەد بەرەو باخی شای دێوان دەکەوێتەرێو دەگاتە چوار رێیانێکو نازانێت بەکام رێگادا بڕواتو لەپڕ چاوی بە سەرێکی براو دەکەوێتو سەرەکە پێی دەڵێت: ئەگەر کەپرێکم بۆ بکەی لە هەتاوی هاوینو بارانو رەهێڵەی زستان بمپارێزێت پێت دەڵێم کام رێگایە دەگاتە باخی دێوان...

مەلیک ئەحمەد کەپرێک بۆ سەرە براوەکە دەکات، ئەویش پێی دەڵێت: یەکەمین رێگا بگرە دەگەیتە باخی دێوان ئاگاداربەو لەبیرت نەچێت لە دوو سێو زیاتر بکەیتەوە زەنگە گەورەکەی باخەکە لێدەداتو شای دێوان لە خەو رادەپەڕێتو لە دەستو شمشێری رزگات نابێت...

ئیتر مەلیک ئەحمەد دەڕوات و پاش حەوت شەو و حەوت رۆژ دەگاتە باخەکەو لەبیری دەچێتو لەبری دوو سێو سێ سێو دەکاتەوەو زەنگی باخەکە لێدەداتو شای دێوان لە خەو رادەپەڕێتو بانگی سەگی ناو باخەکە دەکات، کە مەلیک ئەحمەد بگرێت سەگەکە دەڵێت: نایگرم، چونکە تۆ سەد ساڵە منت زنجیرکردووەو ئەو ئێستا منی بەرەڵڵاکردووە.

ئینجا بە فەرشو قاڵیی ناو باخەکە دەڵێت بیگرنو ئەوانیش دەڵێن تۆ چل ساڵە ئێمەت لوول کردووە ئەو ئەمڕۆ رایخستووین نایگرین... ئینجا دێوەکە بەشێری ناو دارستانەکە دەڵێت: ئەی شێر بیگرە شێر دەڵێت تۆ چل ساڵە



کاوجۆم دەدەیتێو ئەو ئەمڕۆ گۆشتی بەرخۆڵەی دەرخوارداوم چۆن دەیگرم.!
ئینجا شای دێوان بە سیمرخی ناو باخەکە دەڵێت: سیمرخ تۆ مەلیک ئەحمەدم بۆ بگرە... سیمرخ دەڵێت تۆ چل ساڵە منت لە قەفەزدا بەندکردووەو ئەو هاتووە منی لە قەفەز ئازادکردووە چۆن دەیگرم... دواجار شای دێوان بە دەرگای باخەکە دەڵێت: دەرگا تۆ بیگرە... دەرگا دەڵێت: تۆ چل ساڵە منت کلیلو کڵۆم داوەو ئەو ئەمڕۆ هاتووەو منی کردۆتەوە لەبەرئەوە بە قسەت ناکەمو نایگرم... ئینجا شای دێوان شمشێرەکەی لە کیلان دەردەکاتو دەڵێت: ئەی شمشێر ئەوان نەیانگرن دەی تۆ بیبڕە... شمشێرەکە دەڵێت تۆ چل ساڵی رەبەقە منت لە کێلاندا دیلو کۆیلە کردووەو ئەمڕۆ بەبۆنەی هاتنی ئەوەوە لە زیندانی کێلان دەرکراومو هەناسەی تازەم هەڵمژیوە بە قسەت ناکەمو من نایبڕم...

ئیتر لەم کەینو بەینەدا مەلیک ئەحمەد سواری ئەسپەکەی دەبێتو سێ سێوەکە لەگەڵ خۆیدا دەباتەوەو شای دێوانیش لە داخاندا هەڵدەترۆپێو هەپروون بە هەپروون دەبێـتو هەموو زینـدەوەرانو داروبــەردی ناو دارستانەکە لە دەست زەبرو زەنگی رزگاریان دەبێـتو حەوت شەو و حەوت رۆژ هەڵپەڕکێو شاییلۆغان دەگێڕن... منیش هاتمەوە کەوشەکەم دڕا لە ماندوو بوون بەولاوە هیچم پێنەبڕا...

* بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە... کەم و زۆر سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:-
**١- اثر البيئة في الحكاية الشعبية العراقية/ د. عمر محمد الطالب**
**٢- مقالات في التربية الحديثة/ ترجمة- خضير عباس اللامي**
**٣- الرواية والمكان/ياسين النصير**
**٤- الوجيز في دراسة القصص/ ترجمة- عبدالجبار المطلبي**
**٥- فن القصة/ د. محمد يوسف نجم**
٦- گۆڤاری /ثقافة الاطفال/ ژماره -١-
٧- گۆڤاری / ثقافة الاطفال/ ژماره -٢-
٨- جون رێکن/ **ترجمة: کاظم سعدالدين**
**٩- الخيال العلمي في ادب الاطفال/ د. نوري جعفر**
**١٠- المداخل التربوية/ فاضل عباس الكعبي**
١١- یادەوەری منداڵیتی خۆم...
١٢- التكور العقلى لدى الكفل/ جان بياجيه

مانگی ٢٠٠٩/٩
سلێمانی

# دەق

دەق




| | |
|---|---|
| ئەڤینی چاوتروکانەکانی تۆ | هەندرێن |
| خۆنەبوون | عیسا چیایی |
| لە ئاوێنەیەکدا جێ بەخۆم ناگرم | ئیدریس عەلی |
| دڵ بەئاوێنەناسپێرم | کوردۆ کاروان |
| وێنە شکاوەکانی نیگەرانی | داستان بەرزان |
| خەونێکی پایزیی...! | سەروەر کەریم |
| بە دەزوویەک دڵم دەدوورمەوە | ئارام کاکەی فەلاح |
| سۆراخ | تایەر ساڵح سەعید |
| قور .... بانی | ئاوات مەحمود غولام |

# ئەڤینی چاوتروکانەکانی تۆ



هەندرێن

«من غەریبی ماڵەوە دەکەم
لە خودی خەودا غەریبی من ناسراوە
من غەریبی ماڵەوە دەکەم.
من غەریبی ئەو شوێنە دەکەم کە دەڕۆم
لێ نەک مرۆڤەکان!
من غەریبی ئەو زەوییە دەکەم، غەریبی ئەو بەردانە دەکەم،
کە لەوێدا منی منداڵ گەمەی دەکرد».

Heidenstam شاعیری سوێدیی،
(Ensamhets tanker)شیعری:





من دەخوازم گەمەی کاتی ئێستا بەرزەفت بکەم. ئەوەتا ئەم ئێستایە لێم دوور دەکەوێتەوە، ئەوها من لە ئێستادا رادەمێنم. ئەم ئێستایە وەک ئاوێکی راڕا لەناو دەستەکانمدا هەڵدێ. من لەناو ئەم ئێستایەدا ئامادەم و ئەم ئێستایەش لە مندا ئامادە نییە. دەزانم کات تەنێ لە ئەڤیندا ئامادە نییە؛ ئەڤین چاوتروکانێکە لە بێکاتیی. تەنێ لە ئەڤینداریيدا نیگای کات وەک کەسێک بە تەنیشتمدا رادەبووریٚ و نامناسێتەوە. هەبوون تەنێ لە چاوتروکانەکانی شادییدا شەوق دەداتەوە. بۆیە دەمەوێ ئەم خودە بەرزەفت بکەم. بە دەم بەرزەفتکردنی خودەوە وەک باڵندە کۆچەرییەکانی بن ئاسمانێکی خافڵاو خۆم دەخوێنمەوە. سترانێک دەچڕم تەنێ بە هی خۆم بچێ. ئاخۆ شەڕی من ئەو چاوتروکانەیە کە بەرزەفت ناکرێ؟ ئەوەتا لەنێوان چاوتروکانە لەدەستچووەکاندا خۆم دابەشدەکەم. چاوتروکانەکان وەک ناخی خۆم پچڕکا و پەرتەوازەن. من دەخوازم کۆتایی بەم بوونە بهێنم کە بە دەم رەوتی کات و وەرزی هەنارەکانەوە هەراش بوو. دەزانم شوێنی من تەنێ لەناو کاتدا هەیە.

***

من دەنووسم تا هەست بە ناخی خود بکەم. ئەوەتا لەگەڵ لە دایکبوونی وشەکانەوە هەست بە تامێک دەکەم؛ تامێک لە خاوی تۆوە لە وشەکاندا دەچۆڕێتەوە. بە جەستەی وشەکان، بە جەستەی خود چاوتروکانێک دەکێشمەوە کە نایبینمەوە. ئەوها جەستەی وشەکان، تامی هەبوونی خود نماییشدەکەم. وشەکان چاوەکانی منن. وشە ئەو چاوتروکانە دەهۆنێتەوە کە لە بیرم ناچێتەوە. دەزانم من ئەو هەموو رابردووە لە چاوتروکانە تامدارانەم بۆ نانووسرێنەوە. من تەنێ وشەکانم هەیە کە دەزانم تامی چاوتروکانەکانی جەستەی خۆم بە یاد دێننەوە. ئەوەتا من وشەکان بە گۆ دێنم تا مانایەک لە زمانی چاوتروکانەکانی تۆم بۆ زیندوو بکەنەوە.

وەرە بەدەم بارانێکەوە، وەرە لە ژێر رێژنەبارانێکی هەوەسداردا حەرفە داکردووەکانم بخۆوە. لەسەر گیایەکی کەسکتر لە روحت دەنگت بەناو دەنگمدا دەچۆڕێتەوە. ئەو حەرفە داکردووانەی بە سەرتەوە دادەکەن نە منی رابردووە و نە ئایندەیەکی نادیار: پەرتییەکانم لە ئێستادا کۆبکەمەوە؟ سێبەری ئەو زمانەی من:

جەستەیەک لە تامی تۆیە، بارانی ئەو چاتروکانە رابردووانەیە، بارانێک لە تامی تۆیە، جەستەی ئەو زمانە لە ئێستایە بازنەییەیە.
دەزانم ئەم زمانە بازنەییە لە دڵێکەوەیە کە دەنگی نییە. ئەڤینی من لەنێو ئەم دێڕانەدایە کە تەنێ شەوقدانەوەیە. من بە دڵێکی غەوارە و جەستەیەکی تەڕەوە چاوتروکانەکانی تۆ و فەرامۆشکردنی بوون دەنووسمەوە. چرپەکان وەک چاوتروکانەکانی تۆ ئێستای منیان گەمارۆداوە. ئێستا بۆنی رووتی جەستەت دەنووسمەوە: چەند تەڕن وشەکانم!
جەستەی من بانگی تۆ دەکا: ئەی بۆنێک لە کەڤری تەڕ؛ ئەی تامی کانییەکەی ناو کۆشی چیاکەی «کافێ»!

***

تۆ ئێستا لەنێوان لێوەکان، لەناو وشەکانمدا دەبییە تامێکی تەڕ، دەبییە گیایەک لە بۆنی چیایەکی ئاوارە. من یادی تۆ نانووسمەوە، من خەریکم لەدەستچوونی ئەبەدیت فەرامۆشدەکەم. ئەوها دەمەوێ وەک وشە لە دەنگمەوە بزنێیتەوە و بزرنگێیتەوە. حەز دەکەم وەک هەنارێک لە بناری چیایەک بدرەوشێتەوە. ئێستا دەڵێی هەنارێکی لەناو یادەوەرییمدا پێدەگەیت. من دەمەوێ لەناو باوەشی چاوتروکانت بەرببمەوە، وەک ئەوەی لەناو شانەی ژیان بکەومە خوارەوە.
چاوتروکانت تۆوێک بوو لە ژیان. وەک چۆن خودا بە چاوێک سەیری چاکە و خراپەکان دەکـا، ئەوها بە چاوتروکانێک لە سرووشتی چیا لە جیهان دەڕوانم. چاوتروکانەکان هەڵمدەگرن. هەستدەکەم لێرە جیابوومەتەوە. ئەرێ لێرەم؟ دەمبینن کە ئێرە نابینم؟ زەردەپەڕێک لە ناخمدا هەڵدێ. شەماڵێک هەڵدەکا و باڵی وشەکانم بەناو لاپەڕەکاندا وێڵدەکا.

***

لە بیرهاتنەوەی تۆیە زریکەی ئەم زمانە لە ماڵ ترازاوە. ئەوەتا بۆت دەنووسم، کەچی تۆ هی کەسێکی تری. چاوتروکانەکانت هی منن، ئەوە بە رەنگێک لە مۆریی چاوتروکانەکانت دەکێشمەوە. وشەکان کۆدەکەمەوە، زمان چڕمدەکاتەوە، بانگی زمان دەکەم هەروەک خودی خۆم قووڵبکەمەوە تا دەبمە سێبەرێک لە چیای وشە. چۆن





خۆم بۆ ئەو تەنیاییە بێدارە جێبهێڵم کە بوو بە سێبەری ناوەکییم؟ خۆم کۆدەکەمەوە و گوێ لە بێدەنگیی خۆم دەگرم. ئەوها گشت ئەو چاوتروکانانە دەچنمەوە کە خەریکە وەک خۆت لە دەست دەچن.

***

لە جەنگی چیاکان زیاتر هیچی ترم نییە بۆ زمان تا سێبووری بداتەوە. چیاکان وەک خۆیان، چیاکان وەک هەقیقەت ئەبەدیین. چیاکان قەدەریی منن. چیایەک غەریبیم دەکا یان چیایەک غەریبـی یادەوەریی خۆی دەکا؟ غەریبیت جێنشینە لەمدیوی کات، غەریبیت کۆتایی نایێ. سەرلەنوێ بە رەنگەکانی وشەوە چیاکان بچنەوە، ئەی غەریبـی من!
ئەوەتا گوڵئەستێرەی نیگاکانت بەناو تەنیایی مندا باڵەفڕێ دەکەن و خاو دەبنەوە. منیش بە دەم باڵەفڕێ و خاو بوونەوەکانتەوە یادەوەرییم فەرامۆشی دەتەنێتەوە. لە خودی خۆم رادەمێنم و لە رۆچووونتدا خۆم دەدۆزمەوە. کاتێک وشەکان چاوتروکانەکانمان دەنووسنەوە، لاپەڕەکان دەبن بە خۆڵەمێشی گوڵئەستێرەی نیگاکانت. من دەتنووسمەوە تا لە یادت بکەم. دەشزانم تۆ لە یاد بکەم، لە چاوتروکانەکانت رزگارم نابێ. من لە ژانەوە هاتووم و حەزم لە شەوقی شادییە.
هەر ئێستا، لەم چاوتروکانەدا بە خورپەی بیرهاتنەوەیەکی بەرهەڵدراوەوە دەرگیرم. بەفرەکەش هەر دەڵێی دەخـوازێ وەرزەکـان بکاتە سپییەکی ئەبەدیی و چۆلەکەیەک لەنێوان دوو نیگای ئێوارە و داڵغەی هەمیشەی بالکۆنی جیرانەکەمدا باڵەفڕێ دەکا، لە هیکرا بۆنی چای چاپەستێکی رەشی سەر کۆلکەدارێکی دووکەڵاویی لە مەتبەخەکەی «بارەگای کافێ»وە ژیان دەوروژێنێ و من بۆنگر دەکا. لە زاری ئەم وشانەوە بۆنی چیایەک ئەم چاوتروکانە بەفرگرەی ئێرە گەرمدەکاتەوە. من لێرەم بە دیار چاوتروکانی چیایەکی ئەبەدییدا.

زستان و بەهاری ٢٠١٠

ستۆکهۆلم

تێبینی: ئەم کۆپلەگەلە شیعرەش بەشێکە لە شیعری «چیاکانی من»، کە پرۆژەی کۆشیعرێکە.

# خۆنەبوون

عیسا چیایی

... مەهێڵە,
ئەو شەوبۆ تەرانە,
لە نسێی سەراب و ڕاڕەوی شێداری ئێستادا, ڕەق هەڵێن...
مەهێڵە,
رابردووی بارگاویی ئەو ڕۆژ و زەمان و وێستگانە
وەکو خۆی
خۆی بکا بە ئیمێل و کەناڵی ئێستادا...
داخەکەم, من ئێســـتاکە ئەو نیم...
ببوورە لەوێ نیم...
ببوورە... من ئێستا,
نە ئەو... و
نە لەوێم...
... خۆمەکەی جاران نیم.
......
تکایە, دەست مەدە لە باس و نهێنیی رابردوو
رابردوو, کت و مت هەر وەک خۆی, بۆ رابردوو...!!









# لە ئاوێنەیەکدا جێ بەخۆم ناگرم

ئیدریس عەلی

وەک دڵۆپێک باران بە دەستی خوداوە بەردەبمەوەو
خۆم ئەدەم بە سێبەری درەختێکا،
وەک کلویەک بەفری زەبەلاح شۆڕدەبمەوەو
زرمە لە خاک هەڵدەسێنم،
ئاقیبەت هەموو گۆزەکان لە سەری منا وردوخاش دەبن
ئەزانم هەموو گوللەکان لە ڕۆحی منا بەتاڵدەبنەوە
چونکە تۆ ئازارەکانی خۆت لە دڵی منا ئارام دەکەیتەوە،
مەرگی خۆم
وەک تەقینەوەی کۆترێک لەکاتی فرینا
وەک دانیشتنی پەپولەیەک لەسەر کورسی ناو باخچەکە
وەک رەسمکردنی دڵێک لەسەر مەچەکی چەپم دەبینم.
بەڵام من کۆتایی بە هەموو شتێک دێنم
گوڵ لە ئینجانە دەکەمە دوژمن
دەست دەخەمە گمەی نێوان دوو کۆتر
زیرە لە زەردە زیرە بەردەدەم
زیکە زیک... شوێن دەنگی زیکزیکە دەکەوم
بەردێک دەکەم بەناو دارەکەدا

چۆلەکە لە جیکەجیک دەخەم.
نەوت دەکەمە بنی ڕێحانەکان
ژەهر ڕۆدەکەمە گەرووی گۆرانی
سەرقاپی خەیاڵ دەنێمەوە
قوفڵ ئەدەم لە دەمی سیسرکەکان
فەردەیەک گەنم ئەدەم بەشانی مێرووڵەدا
گێزەر لە کەروێشک دەشارمەوە
غودەیەک دەکەمە سەر کوکوختی
گوللەیەک دەنێم بە تاریکییەوە
دەرگای باخ بەقایمی پێوەدەدەم
گازێکی توند لە سێو دەگرم
قیژە لە گێلاس هەڵدەستێنم.
منالآن هاندەدەم فیکە لە مانگ بکێشن
هووها بکەن لە دوو کەڵەشێری شەڕانی
بە قژ سێبەری درەختەکان ڕاکێشن
ئاخری ئەوین شر بکەن
تۆفان بەردەن لە باخچەکان
تاعوون تێکەڵی جۆگەلەکان بکەن.
خۆم دەکەمە پەنی ژیان
مێشکم فۆرمات دەکەمەوە
خەیاڵم لەسەر تەختە ڕەشەکە دەسڕمەوە
دڵم دەخەمە سەر هەزەو
وەڵامی هیچ خەمێک نادەمەوە.
دەچمە ناو نەخشەی جیهانەوە
لە کەنار زەریایەکی تووسندا
ڕادەکشێم
شاخێکی نەرم دەنێمە ژێر سەرم
سێبەرێکی فێنک دەگرم بەدەستەوەو
باوەشێنی خۆم دەکەم
قاچێکم دەنێمە ناو ئاوی ئارام
دەستێکم دەخەمە ناو دەریای مردوو
هەورەکان دادەگرمە سەر سنگم







وەک کەفێکی چڕ لە ناو دەستەکانما
گڵۆپیان پێدەکەم
هەناسەیەکی قووڵ دەدەمەوە
لە بەشی خوارەوەی گەردوونەوە
گەردەلولێک بەرپا دەکەم
قولەڕەشەکان سەریان دەبەنە ژێر دزداشەکانیانەوە
زنجیەکان ڕاودەنێم بۆ ناو زنجەکانیان
لە گوێ چەمی نیلدا
سەتڵی ژنێک پڕدەکەم لە زیخ و لم
ڕێگای براکانی یوسف دەگۆڕم
کۆشکی سپی ڕەشدەکەمەوە
مێرووڵە بەرئەدەمە شیرینی سەرمێزی کۆبوونەوەکان،
لەناو ئەم نەخشەی جیهاندا
نامەوێت گوێم لە جریوەی کەناری و
شریخەی گوللە بێت
نامەوێت بۆنی میسکو
خوێن بێت بە کەللەمدا
نامەوێت زەنگی کڵێساو
زەنگی مۆبایلی کەس ببیستم
نامەوێت باغی زەیتوون و
کێڵگەی مینەکان بەر بگرن
نامەوێت ئاوی ڕەوانی هیچ کوێستانێ
بە خاکی وشکی هیچ گەرمیانێکدا بکات عبوور.
بێزار دەبم بە وژەی فرینی مێشووله
بە خرمە خرمی پێی مێروولە بەسەر بەفرا
بە دانە جیرەی حەقیقەت
بە ملچەملچی شیعر لەناو دەمی شاعیرێکدا.
لەناو ئەم نەخشە خۆلاوییەی جیهاندا
بێزاردەبم لە ژیان... بە خۆم دەڵێم:
نا هیچ ناڵێم... ئاخر کەڵکی وتنم نەماوە!

# دڵ بە ئاوێنە ناسپێرم



کوردۆ کاروان

شەونمێکی ناوازە
بەخەندەی گەڵایەکی
نازداردا
راناگات
ئەی ئاوێنە ئەفسونییەکە
ئەمشەو چرای گوڵەکان
هەڵدەکەم
ئەمشەو دڵۆپێ رۆشنایی
وەک چراخانی ژانەکانم
پردەبێت لەگریانی خۆرنشین
ئەمە لالەزاری هەورێکی سەرمەستە
بۆ هەناسەکانی تریفە
دەپشکوێ
چیت لێ کردین ئەی هەناسەی
ئاوێنەکانی رۆح
ئەوە ئەندێشەی سۆراخی



بارانە
عاشقترین ئەستێرە
دەرژێتە رووباری
قەسیدەکانمەوە
لێرەوە یادگارەکانی پەپوولە
سارای عەشقی چراکان
دەدۆزنەوە
ئەی گوڵ مەستانە
بۆ درەوشانەوەی رۆح و
بۆ ئەفسوونی تریفە دادەگیرسێیت
چیت لێ کردین ئەی شنەبای
ئێوارانی ئاوێنە
نازدارەکە
نمەنمە هەناسەی
شەونمێکی ناوازە
چرای گوڵەکان
هەڵدەکەن
پاسارییەکان لەنێو شەپۆلە
ئاوریشمییەکانمدا
سروودی گوڵەکان دەچننەوە
فرمێسکی چ گەڵایەکە
بۆ سەفەری زریانی عەشق ناپشکوێ
وای لە دڵتەنگیی دەریاو
دڵتەنگیی پەپوولەو
دڵتەنگیی نەورەس و
دڵتەنگیی چرا
ئەوە پەنجە ئاڵتوونییەکانی
سروەیە
دەست دەخاتە نێو دەستی رێژنەوە
ئەی رێگاکانی هەتاو
ئەمزانی دڵەمەستەکەی باران



پڕە لە عیشوەی سوورە گوڵ
ئەی پایزە سەرمەستەکە
گەنجێتی ئەو گوڵانەت
لەکوێ ون کرد
چەشنی ئازاری ئاوەکان
خۆشیان ویستی
بمدۆزنەوە ئەی ئاوێنەکانی باران
پەلکە زێڕینە حەرفەکانی هەتاوی دامێ
کەچی من تەنها بۆ یادگارەکانی ئاو دەگەڕام
- با- پەنجەکانی خۆی نیشاندام

وەلێ من برینی چراکانم دەلاواند
چیت لێ کردین ئەی دڵەمەستەکەی باران
بەرلەوەی پایز وەڵامی
باخچەکان بداتەوە
هەناسەکانی خۆرنشین
تەفرەی گەڵایەکی سەرمەستیان دا
چیت لێ کردین ئەی ماچەکانی خوا
چیت لێ کردین ئەی تەفسیری ئاگرێکی عاشق
چیت لێ کردین ئەی حەرفەکانی هەتاو
چیت لێ کردین ئەی دڵە مەستەکەی ئاوێنە
نەتاندەزانی باران پشکۆیەکە
بۆ لێوەکانی پەلکەزێڕینە دەخەمڵا
لێگەڕێن دلۆپێ تیشک
باخچەکانی ئاوێنە دەشارێتەوە
ئەمە غەریزەی پایزە
تاقانەترین چرای
گوڵەمێخەکی پێبەخشیم
پێدەچێ باڵندەیەکی ئەفسووناویی
ئاگری تابلۆکانی پەلکەزێڕینە بێت
ئای لە سروودی چراکان







لەناو دڵمدا شەپۆلی
زەریاکان دەگەشێنێتەوە
مژدە بێت ئەی عەشق
ئەستێرەیەکی ئاویی دەڕژێتە
نێو درەوشانەوەی زامی گوڵەمێخەکەوە
ئەو شەوە بۆن خۆشانەی عەشق
چراکان پڕدەبن لەدەنگی
گوڵە شکۆمەندەکان

ئەو شەوانە (کزەبا) پەنجەکانی
دەبەخشێ بە گەڵایەکی سەرمەست
ئەوەتا برینی چراکان
بۆ فرمێسکی باخچە مەستەکان دەگەڕێت
ئەوە گریانی پەروانەیە
وەک عەشقێکی ورشەدار
دەمدەنەدەست شەوە بێ ئەستێرەکانی
سەفەری عاشقان
ئەی زامەکانی باران
من وەک دڵەمەستەکەی پایز
خۆشەویستی کردوومی بە شەونمێکی
غەمگین غەمگین
من شەرمی ئەو هەورە پەشیمانەم
پزیسکی تارماییەکان
دەمشارنەوە
ئەی پایزە سەرمەستەکە
گەنجێتی ئەو گوڵانەت
لەکوێ ونکرد
چەشنی ئازاری ئاواکان
خۆشیان ویستی
وای لەم پەلکەزێڕینە عاشقە
گۆرانییەکانی هەتاو تاراج دەکات

ئەوە دڵە مەستەکەی بارانە
دێتە نێو گریانی
ئێوارەیەکی ئاشووفتەوە
لێگەڕێن باڵندە ئاوریشمییەکان
ڕێگاکانی هەور عەشق پرژێنکەن
لێگەڕێن چرای باخچەکانی ئەستێرە هەڵکەن

ئەوە گەڵاو گوڵی فرمێسکەکانمە
ئاوێنەکانی باران پڕدەکەن لە تارماییە
ڕووناکەکان
وای لە ئێوارەی ئەم عەترە
بۆ دڵەمەستەکەی پایز
دەتوێتەوە
بەم ئێوارە زامدارە
پەلکەزێڕینە حەرفەکانی
هەتاوی دامێ
کەچی من تەنها بۆ یادگارەکانی ئاو دەگەڕام
(کزە با) پەنجەکانی خۆی نیشاندام
دەیزانی دڵم لە دڵە مەستەکەی پایز دەچێ
ئەوە نۆتەی دڵمە وەک سەدەفێکی عاشق
ڕووباری خەمەکانم تەی دەکات
ئەی عەشق نمەنمە
خرۆشانی پەلکەزێڕینە
ئاوێنەکانی دەریا پڕدەکات
لە ئاوریشمی هەورە بەعیشوەکان
ئەی ئاشوفتەترین گریانی
ئێوارانی خۆشەویستی
گوڵەکان خەو بەخواوە دەبینن
شەبەنگیش نەورەسێکی تەنهایە
دەشتە ئاوییەکانی ئاسمان
دەگرێتە ئامێزی پایز



دارستانیش وەک دەریاکان
شەپۆل ئەدەن
وای بۆ دڵە مەستەکەی باران
شەونم ماڵئاوایی لە گەڵایەکی
غەمگین دەکات
دەستە سیحراوییەکانی پایز
پڕە لە برینی چراکانی
سوورە گوڵ
پێدەچێ کوکوختییە نامۆکان
خەون بە وەرزەکانی عەشقەوە
ببینن
ئێوارانێ پارانەوەی گەڵاکان
باڵەفڕێیان دەکردو
دەست لەملانی میهرەبانیی
دەشتە ئاوییەکانی ئاسمان
دەبوونەوە
ئەی گوڵ خۆش هاتی
مەستانە لەسەرخوانی عەشق
پڕبوویت لە درەوشانەوەی ڕۆح
وەرە ئەی عەتری پایز مەستانە
بۆم بگری
سەیرکە پەپوولەیەکی شکۆمەند
بێ پەروا هەڵدەوەرێتە پێڵوی
خۆشبەختی هەورێکەوە
ئەی تارماییە بەسۆزەکە
شەونمێکی ناوازە
ماچەکانی خواو
زامەکانی ئاسمان
دەنووسێتەوە
ئەی ڕۆح
گوڵەکان لە خەونی تریفەو





پاسارییەکان لە کەنار
رەنگی دەریای عەشقدا
جوان دەبنەوە
تەنها زامێک بۆ ئێوارە مەستەکانی
پایز دەخوێنێ
زامێ باڵندەیەکی پڕ ئاونگە
بە خۆشەویستی گەڵایەکی
سەرمەستدا
راناگات
چیت لێکردین ئەی سۆناتای
ئاوێنەکانی باران
ئەوەی لە نزای شەونم دا
ئەفسانەیە
عەشقە خۆشبەختەکانی باخچەیە
بۆ ژانی فرمێسک شین دەبێ
ئەمە نزای ئازارەکانی
ئەوچرا سەرمەستەیە
زامەکانی کزە با دەنەخشێنێ
دڵە مەستەکەی باران
وەک ماچی پایزێکی شۆخ و شەنگ
پڕ دەبێت لە گریانی خۆرنشین
ئەمە لالەزاری هەورێکی سەرمەستە
بۆ هەناسەکانی تریفە دەپشکوێ
ئیدی من دەبم بە پەلکەزێرینەیەکی عاشق
بۆ پەپوولەبارانی شەبەنگ
جوان دەبمەوە
ئەو ئێوارەیە هێشتا دەریای
خۆرنشین
دارستانی چاوەکانمی جێ نەهێشتبوو





بریسکەی گوڵەکانی خەونم
فانۆسی شەپۆلەکانیان هەڵدەکرد
ئەوە ئەنگۆرەی ئەو هەورەیە
پڕە لە پرسیاری پەلکەزێرینە
ئەیرۆح
با خەزنەکانی شەونم
بۆ ئاوێنەکانی باران
هەڵکەین
ئاوێنەکانی باران خوێنی چرۆکانی
رۆشنایین
بۆ نەشئەی پڕ خەندەی لالە
لەدایک دەبن
ئەی ئاوێنە عاشقەکە
باخچەکانی ئاسمان
نهێنی ماچەکانی خوا
بۆ ئەستێرەیەکی ناوازە
دەدرکێنن
باران فریوی ئاگری
سێبەرەکانی تریفەی دا
ئەوەتا هەورەکان پڕبوون
لە پارانەوەی گوڵەکان
ئەوە دوا ماچی تریفەو بارانە
ئەوە هێشووە ئەستێرەی خەمەکانی خوایە
ئاوێنەکانی رۆحی پەلکەزێرینە
ئاشکرا دەکات
ئەی خوێنی چرۆکان
چرای شەپۆلەکان زانیان
پاداشتی دەریا

بۆ خوای نەورەسە عاشقەکان
تەنیا گریانی چەپکێ تیشکی
خۆرئاوابوونە
شەپۆل شەپۆل حەرفی ئاوەکانیان
هەڵفراند
ئەی عەشق
ئەوە چرۆچێکە لەنێو زامەکانی باراندا
وەکو پرشنگی هەناسەکانی ئاسمان
بانگم دەکات
ئەی ئەستێرە ئاوییەکە
ئەوە فرمێسکی بەفرە
دارستانێکی پڕ گۆرانی
دەگەشێنێتەوە
سەیرکەن ئاوێنەکانی خۆرئاوابوون
وەکو ئاهەنگی گوڵەگەنم
بۆ چاوانی زەریا دادەکەن
زەریاش لەنێو وەرزەکانیدا
عاشق عاشق دەیشارێتەوە
ئەی دڵە مەستەکەی باران
من چاوەڕوانیی ئاوێنەکانم دابەتۆ
کەچی تۆ خەزنەی گوڵەکانت
نەدامەوە
ئەم ئێوارەیە نەورەسەکان پێیان وتم
ئەوە باخچەی خۆشبەختی تریفەیە
پەپوولەکانی شنەبا دەبەخشێتەوە
چیت لێکردین ئەی ئازیزترین
ئاوێنەکانی باران
هەمیشە لەسینەی ئارەزووی
نەورەسێکی غەمگیندا
لالەزاری سارای دەریا
دادەگیرسێت





ئەمە خەزنەی ڕۆحی بارانە
وەکو رازی هەناسەکانی خۆرنشین
بەخۆشبەختی گەلایەکی
سەرمەستدا
راناگات
سەیرکە چەشنی ژانەکانی ئاو
دەبمە پەنجەو دەستی پەلکە زێڕینە
وای لە چپەی ئەم شەونمە
ئاوێنە بەئاوێنەی عەشق
دەبەخشێتەوە
شەوانە تریفە دەبێتە میوانی
ماسییە شەیداکان
ئەوێ دەمێ دەریا
وەک باخچەکانی ئاسمان
شنەشن باڵدەگرێت
ئەی دڵەمەستەکەی باران
تۆ ئەو رێکەوتە پیرۆزەیت
چەشنی هەناسەی گوڵە چواڵە
دەبریسکێتەوە
ئەی سوورە گوڵ
شەوە عاشقەکانی دەریا
پرشنگێکی نهێنییە
برینی گوڵدانێک دەخوێنێتەوە
چیت لێکردین ئەی ئاوێنەکانی باران
شەوانە پڕدەبم لەگوڵ خەندەران



چ عەشقێکە وەک ئەستێرەیەکی ئاوی
بەخۆشەویستی باخچەیەکی
سەرمەست دا
راناگەم
وای لە نزای سۆزی شەونم

چۆتە نێو خەونەکانی تریفەوە
من خۆم بینیم لە ئاوێنەی ئەستێرەیەکی
خۆرنشین دا
گوڵ و خەندەی پەلکە زێڕینە
وەکو سۆمای ئاسمانی (نالی)
خەزنەکانی رووناکییان
دەبەخشییەوە
من خۆم بینیم خوا ئاوێنەی
گوڵەکانی ماچ دەکرد
من خۆم بینیم شەبەنگ
پەنجەرەکانی بارانی دەکردەوە
بەو زامی عیشقەوە
باران چرای
گوڵەکانی هەڵکردەوە





# وێنە شکاوەکانی نیگەرانی



داستان بەرزان

**1**

دەگەڕێمەوە ژووری تەنیایی
سیگارێک پێدەکەم
تێکشکاو... داڕماو
لەسەر چرپاکەم رادەکشێم
وەک هەمیشە
بیر لە تۆ دەکەمەوە.

**2**

نیوەڕۆیەک بووم بە هەزار پارچەوە
وشە پێکییەوەی لکاندمەوە
بۆیە بڕیارمدا بچمە نێو وشە و
لەوێ بۆ یەکەمینجار ماڵێک دروست بکەم
ماڵی خەون و شیعر.

**٣**

ژنەکەم بە غەمگینیم پەست دەبێت
نازانێت، بەختەوەریی ئەوە
ماڵی وێرانکردووین!

**٤**

دوایین ساتی ژیانم لێرەم
لەم یانەی دڵتەنگییە
لەسەر یەکێک لە کورسییەکانی گریان
بە دەم مەراقی پیربوون و
ئازاری منالییەوە
دەچۆڕێمە ناو پەرداخێکی بەتاڵ
هیچم لێبەجێنامێنێت
چەند پارچەیەک
نیگەرانیی نەبێت!



**٥**

لە ئەوینتا خەونم دەبینی
لە لێوەکانتەوە لە ئاگر تێدەگەیشتم
لە چاوانتا شیعرم فێری فڕین دەبوو
بەڵام لەو ڕۆژەوەی شکاوم
خەونم پڕیەتی لە مردن
سووتان هەراسانی کردووم
لەگەڵ شیعریش چەندینجار بەشەڕ هاتووین.
ڕەنگە ڕۆژێ من و شیعر
یەکمان ئەوی دی بزر بکەین.



**٦**

هەرگیز نەمتوانیوە رقم لە کەس بێت
بۆیە بە گومانم
لەوانەی رقیان لێمە!

**٧**

شکستەکان بە ورووژم دێن
دونیات بەسەردا دەڕووخێنن
بە جۆرێکی وەها
شیعریش فریات ناکەوێت.

**٨**

هەموو کەس جوانە
تەنیا من نەبێت
لە کەس ناچم!

**٩**

گوێ دەنێم بە سنگی نیشتیمانەوە
هەمیشە دەڵێت:
ئەم بێ کەسییەکەی دەڕەوێتەوە؟!

**١٠**

ئێرە شوێنی ژیان نییە
بە کۆچی باڵندەکاندا دەزانم.

**١١**

نازانم چی لە خۆم بکەم
هەچی دەکەم نابم بە مرۆڤ.

**١٢**

خۆم هاویشتە شەمەندەفەرێکەوە
ویستم ژیان بەجێبێڵم
لێ ئەو پێش من لەوێ
قاوەی دەخواردەوە!

**١٣**

گاڵتەجارییە ئاشتی
سبەینێ جەنگ هەڵدەگیرسێتەوە.

**١٤**

دلۆپ... دلۆپ
تەنیایی لەسەری پەنجەکانمەوە
دەڕژێتە نێو جانتاکەم و
لە بەینی پەڕەی دەفتەرەکانمدا
دەبن بە شیعر.



Dastan.barzan@gmail.com







# خەونێکی پاییزیی...!

سەروەر کەریم

خولیایەکی بێهودەیە گەڕانەوە بۆسەرەتا...
بۆ ئەوێ، بۆ گۆڕانییەکانی زەمەن.
ئەو دەمانەی تۆ هەناسەکانی بوونم دەبڕی!
بەرەو کام زنار هەنگاو بنێم.
کاتێک تۆ تەژیت لە غوربەت و
من بێدەنگترین پیاوی دنیابم!
ئەم کەشتی عەشقە ناگاتە کەنار.
تۆ دەروازەکانی دڵت کلۆمداوە!



ڕێگا نادەیت؟
ڕێگا نادەیت؟
دڵم پڕکەم لە ئاونگی بەیان و
پەلکەزێڕینەی دوای باران لەئامێزگرم.
ئای! یارۆ... یارۆ
دڵی پڕ لە نائومێدیت بکەرەوە،
تا هەناسەکانی بوون پڕبێ لە پەیامی ڕۆح و
هەنگاو بۆئەوێ بنێ...
مەلی نائومێدیی هەڵفڕێنێ و
ئیرەم ژیانت پێ ببەخشێ.
وەلێ لێوە پەمەییەکانت بۆنی ماچیان لێ نایە؟
ڕەنگی ئەرخەوانیی بۆنی هەناسەی لێ نایە؟
خەندەکانت نامباتەوە زناری فرین.
لالەزارەکان بۆنی مەرگیان لێدێ،
ئیدی بۆ هەڵوەدای فرینم دەکەی؟
کە ڕۆحت مەئیوس و ماندووە و
خۆت داوەتە دەستی قەدەرێ...
ڕۆژانە بە ئازار رات دەژەنێ و
ناتوانیت بۆساتێک دوور بڕوانی.
ڕوانینێک بۆ پەیامی نەورەسەکان،
بۆ خەونی کۆترە پەیامبەرەکانی دڵ.
ئای! یارۆ... یارۆ
لە جەنگەڵی ئەم بوونەدا ژیان وایە
هەناسەکانت بە ژان بێنەبوون و
خۆت بدەیتە دەستی ئەم زەمەنە دڵڕەقە و
نەتوانیت بۆ ساتێک دوور لە حەسرەت.
بە خەندەوە بە ژیان ئاشنابی و
لە ئەفسونی ئەم زەمەنە بێ دڵە قوتاربی و
بمبەیتەوە بۆ ئەوێ، بۆ عەشق.

٢٠١٠/١/١٥





**چیرۆک**



# بە دەزوویەک دڵم دەدوورمەوە

ئارام کاکەی فەلاح

هەفتەی پێشوو هەر لە خۆمەوە هەستێک گرتمی کە زۆرم نەماوەو دەمرم، قەت ئەوەندە وەک ئەوسا سوور نەبووم لەسەر مردنی خۆم، ئەمە یەکەمجار نییەو خەیاڵی وا، زوو زوو هێرشم بۆ دێنێ، هی تەنیاییەکی قووڵە یان نەگبەتییەکی رووت یان هی هەردووکیان، نازانم، هەر وەک چۆن پڵەنگێکی برسی دوای ئاسکێک دەکەوێت، منیش ئاوا جار جار خەیاڵی مردن دوام دەکەوێت، لێم نزیک دەبێتەوە، نزیکتر، هەر ئەوەت زانی سەرێک بەرز دەکەمەوە وەک چەتر بەسەر سەرمەوەیە،هەر خۆشم نازانم چۆن خۆمی لێ قوتار دەکەم. بەڵام هیچ کاتێک وەک ئەم جارە لێم نزیک نەبووبووەوە، تەواو خۆی تێکەڵاوی سێبەرەکەم کردبوو. بۆیە وام هەستکرد ئەم جارە میوانەکەی مردن لەبەر دەرگایە، دەرگاشی لێ نەکەمەوە، خۆی کلیلی پێیە. ئیتر زانیم تەنها هەفتەیەکم ماوە و تەواو ژیانم وەک قومارێک دۆڕانـدووە. بۆیە ویستم ئەو هەفتەیە، دواهەفتەی ژیانم بە باشی بژیم. کەمێک پارەم لە بانقدا هەبوو دەرمهێناو وەک چۆن تووریستێکی دەوڵەمەند بە ناو خۆشییەکانی ژیاندا دەڕوات و پارە دەبەخشێتەوە، منیش ئاوا سەرەتای هەفتەکەم دەستپێکرد، دوو ڕۆژی نەبرد هیچم پێ نەما. پارچە زەوییەکم هەبوو، کە دامنابوو بۆ دواڕۆژ خانوویەکی چکۆلانەی لێ دروست بکەم و ڕۆژەکانی پیریمی تیا بەسەربەرم، بە نیوەقیمەت فرۆشتم و وەک چۆن

بوتڵێکی گاز پڕدەکەیتەوە، منیش ئاوا لە چەند سەعاتێکدا گیرفانم لێ پڕکردەوە. دیاریی گرانبەها و بێهاوتام بۆ هاوڕێی و خزمەکانم کڕی، تا وەک یادگارێک لایان بمێنێتەوە. سەیری بکەن و بڵێن ئای چەند زوو جێی هێشتین. دواجار پێم بە دڵی خۆمدا ناو چوومە لای مامم. هەرچەند بڕیارم دابوو خواحافیزیی لێ نەکەم، چونکە دەمزانی ئەو وەڵامی خواحافیزی ناداتەوە. مامێکی تەنیا و نەگبەتم هەبوو بەزەییم پێدا دەهاتەوە و مانگی جارێک، دوو مانگ جارێک سەرێکم لێ دەدا، پێش ماوەیەک کە چووم بۆلای بیرمە باران دەباری، منیش کۆمەڵێک ڕۆمانم لە کتێبفرۆشییەکان کڕی بوو، کە هاتمە دەرەوە لای مامم بەجێم هێشتن، لەبەر بارانەکە بوو، یان هەر وا بیرم چوو بوون نازانم، ئەوسا بیرمە داوام لێ کرد ڕۆژێ سەرێکم لێ بدات، پێم خۆش دەبێ، بەڵام نا، ئەو چەند ساڵێک بوو سەری لێ نەدابووم. نا مامم پێویستی بە من نەبوو، لای ئەو من برازایەکی هێندە خوێن شیرین نەبووم، تەنانەت ئەو کاتەش کە باوکم بەدایکم دەڵێ: با بڕۆین، ئەم وڵاتە جێبێڵین، کوڕەکەمان گەورە بووە، نە وڵات پێویستی پێمان ماوە، نە کوڕەکەمان، با بڕۆین کەمێک بۆ خۆمان دونیا ببینین، خواحافیزی لە هەموو خزمان کرد، مامم نەبێ، چونکە دەیزانی خواحافیزیش بکات وەڵامی ناداتەوە. ئەو هەر لە منداڵییەوە پەیوەندی لەگەڵ باوکمدا خۆش نەبوو، بۆیە منیش بەر ئەو نەفرەتە کەوتبووم، هەر بە منداڵی کە ڕۆژێکیان باوکم هەندێک وێنەی فیلمە کاوبۆێکانی دڕاند کە مامم لە خۆی زیاتر خۆشیدەویستن، هەر ئەو شەوە لە داخی ئەو وێنانە دوو چرچی لە ناوچەوانیدا بۆ دروست بوو، ئەو وێنانەی کە بە ڕۆژ لە گیرفانیدا و بە شەو لەژێر سەرینەکەی بوون، ئیدی تەمێکی دوژمنانە بەر چاوی گرت کە وایکرد، لە گەورەییشدا قەت باوکم وەک برای خۆی نەبینێت و لەسەر ئەو وێنانە لێی خۆش نەبێت. ئەو وێنانەی کە ئەکتەرە بەناوبانگەکانی پێشاندەدا بە دەم و چاوێکی درێژ و قوپاوەوە، بە دەم و لێوێکی تینووی قڵیش بردوو لەسەر ئەسپە بریندارەکانیانەوە، کە خەونی مامم بوو ڕۆژێک لەسەر ئەو ئەسپانە خۆی ببینێتەوە و بە تفەنگە شڕەکانیان نیشانەیەک بگرێتەوە و لە مەتارەکانیانەوە قوومە ئاوێک بخواتەوە و سیگارێکیش بە دووکەڵێکی ئەبەدییەوە بە لالێوێوە بێ، لەو ڕۆژەوە کە وێنەکانی بە لەت و پەتیی بینی ئیدی وەک ئاوێنەیەک هەموو لەتوپەتبوونی دوارۆژی خۆی تیا بینی و هەموو ئەو وێنانەش کە ئەو بەخەیاڵ لەو چەند ساڵەدا بۆ خۆی و لەسەر خۆی دروستی کردبوون، وەک دوارۆژ گوڵدانێک بێت و بە بەرچاویەوە کەوتبێتە خوارەوەو جگە لە پارچەی وردو خاش هیچی تری نەمابێ ئاوا بوو، نەک ئەوە بەڵکو هەستی دەکرد پارچە تیژەکانیشی



زۆر بێ ڕەحمانە لە گۆشتەکەی گیر بوونەو ئەمیش ڕۆژانە خوێنی لێ دەڕوات، بە جۆرێک بە هیچ شتێک ناوەستێتەوە. بۆیە لە داخدا وازی لە قسەکردن هێناو بە مانگ وشەیەک لە دەمی نەدەهاتە دەرەوە، تا دوایی کە ویستی جارێکی تر دەست بە قسەکردن بکاتەوە، هێندە تووشی هەڵە دەبوو، بەرامبەرەکەی تەواو دەهێنایە پێکەنین، بە تایبەتی کە (و)اوی دەخستە بەینی هەموو وشەیەکەوە، ماوەیەک هەر بەکەسی سێیەمی کۆ باسی خۆی دەکرد، حەزی دونیای لە ئاوەڵناو بوو، لە ڕۆژانی هەینیدا تەواو کرداری لە ڕستەکانیدا دەکردە دەرەوە. چاوگ جێی ئامرازی پەیوەندی گرتەوە. تا وای لێهات بەرە بەرە قسەکردنی ئاسایی بیرچووەوە. تائێستاش بەو شێوەیەیە و تا ئەم چرکەیەش بە دەگمەن نەبێ قسەیەک ناکات، بەڵام هەرچییەکی بوێت لەبەر دەمی ئاوێنەکانیماڵەوەیدا لەبەر خۆیەوە جوان دەدوێت، هەر چەند لەوێشدا هەندێک جار تێکەڵی دەکات، بەڵام سەیری خۆی دەکات ناترسێت چی بوێت دەیڵێت، یان بەنووسین دەینووسێت و سەیر لەوەدایە بە بێ هەڵەش، بەڵام کە قسە دەکات وا تەنگەنەفەس دەبێ کە بەرامبەرەکەی داوای لێ دەکات و لێی دەپاڕێتەوە بێدەنگ بێ، نەوەک وشەکان وەک پاروویەک لە قووڕگی بگیرێن و بیخنکێنن و دوایش بەسەر بەرامبەرەکەیدا ساغ بێتەوە. هەر ئەو خەون و خەیاڵانەشی بوو لەناو ئەو وێنە دڕاوانەوە کە هەمیشە پارچەکانی لە گیرفانیدا بوون چەند ساڵێک کردیان بە پێشمەرگە، بەو بێدەنگییە قورس و نیگا ساردەیەوە سیمای جەنگاوەرێکی هەبوو کە کاریزمایەکی تایبەتی پێدەبەخشی و لە خۆتەوە سڵت لێ دەکردەوە و ڕێزت دەگرت. هەمیشە کە سەیرت دەکرد وەک ئەوە وابوو ئەم پیاوە لە نەخۆشییەکی کوشندە چاک بووبێتەوەو بەو سیما زەردەیەوە جارێ خوێن نەگەیشتۆتە روومەتەکانی. پێت سەیرە دوکتۆر وا زوو ئیزنی داوە. هەمیشە کە لێی ورد دەبوویتەوە وەک تابلۆیەکی هەڵواسراوی موزێییەک وابوو کە دڵت خەبەری دابێ دوای چەند سەعاتێکی تر دەدزرێت، بۆیە حەزت دەکرد زیاتر سەیری بکەیت، چونکە ئیتر نایبینیتەوە. تا لە ڕاپەڕینەکەدا گەڕایەوەو وەک پاداشتێکی ڕۆژانی سەختیی سەر شاخەکان داوایان لێکرد کە چ ئیشێکی دەوێ تا بیدەنێ، ئەویش ئیشێکی هەڵبژارد کە پێویستی بە قسەکردن نەبوو. ئیشی ئەشکەنجەدانی دیلی ناو بەندیخانەکان. کە بۆ مامم تەنها چاوی بەسبوو بۆ ئەوەی لە ڕۆژێکدا دوو سێ سەعاتێک ئیش بکات و بێ غەم بڕواتەوە بۆ ماڵەوە. مامم هەر بە چاو ئەشکەنجەی زیندانیەکانیدەدا، کەس نەبوو لەبەردەم نیگا سەهۆڵییەکانی مامدا خۆی بگرێت، گەر ماوەیەک ئاوا سەیری بکردیتایە لە شوێنی خۆت دەتەزیت، بۆیە دەبووایە هەمیشە لە جێگای

خۆتەوە بجولێیت تا نەتبەستێ. ئەوانەی کە مامم خۆشیدەویستن، قەت سەیری نەدەکردن، بەڵکو کە بەدەگمەن قسەیەکی لەگەڵ دەکردن سەری دادەخست. یان رووی دەکرد بەودیودا. ئەو چەندەها جار کە وشەیەکی لەگەڵم دەوت، نەمدەزانی لەگەڵ منێتی یان لەگەڵ ئاوێنەکان. ئەو کەسانەی کە لە بەندیخانەکانی هەرێمدا کەوتبوونە بەر ئەو نیگا ساردانە، کەسیان نەیانتوانی بوو دوایی باسێکی ئەو سەرما کوشندەیە بکەن کە لە چاوەکانی ئەوەوە وەک کۆمەڵێک بزمار لە ناوچەوان و رۆحیان دەچەقی. بە جۆرێک لە پەل و پۆی دەخستن کە ئاواتیان بە مردنی خۆیان دەخواست. بۆیە بە پەلە هەرچی شتێکیان بزانیبایە بە زیادەوە دەیانوت هەر بۆ ئەوەی لەو چلووره نیگایانە رزگاریان بێت، کە وەک تیر لە چاڵی چاویان دەچەقی. هەموو ئەوانەش کە لە زیندان هاتبوونە دەرەوەو بەڕێکەوت ویستبوویان یاداشت و بیرەوەریی خۆیان بنووسنەوە، هەموو ئەو بەشەیان پەڕاندبوو کە چۆن ئەشکەنجە درابـوون، هەستیان دەکرد ئەو بەشە وەک خەونێکی ناخۆشیی سەردەمی منداڵیی وایە لە بیرت چووبێتەوە، وەک خەونێکی بەستوو لە یادەوەرییەوە کەوتبێتە خوارەوەو پارچەکانیشی وردوخاش نەمابێ. بۆیە نووسینەوەی مەحاڵە، نەیاندەزانی بۆ هەموو شتێکیان لەبیرەو ئەوە نەبێ. یان بیرکردنەوە لێی وا بە ئازار بوو وەک وردە درِک لە خەیاڵ بچەقێ، بۆیە کەس نەیدەویست لە خۆڕا ئەو ئازارە بە خۆی بگەیەنێت. باشترین شت ئەوەیە فەرامۆشی بکەیت. بۆیە بەهۆی کارگەی سەهۆڵی چاوانییەوە مامم رۆژ لە دوای رۆژ لە ئیشەکەیدا سەرکەوتووتر دەبوو و زیاتر رێزیان دەگرت و باشتر جێگای خۆی دەکردەوە و کەمتریش ئیشی دەکرد، چونکە قەت پێویستی بەوە نەبوو دوو جار ئەشکەنجەی یەکێک بدا. تەنانەت ئەمریکییەکانیش پێیان زانیبوو، پارەیەکی زۆریان دابوو بە حکومەتی هەرێم، مامم لەگەڵ خۆیاندا بەرن و چەند ئیشێکی پێ بکەن، بەڵام نەچووبوو لەگەڵیاندا، وتبووی کە ئینگلیزی نازانێت و چاوەکانی ئەم بەس بە کوردی ئیش دەکەن.

ماڵی مامم لە پێنج ژوور پێکهاتووە، ئەم تەنها یەک ژووریان بەکاردێنێت، چوارەکەی تر تەواو خاڵیین و چەند ساڵێکە پێی تێنەخستوون، دەڵێی هەر هی ئەویش نیین... لەو ماڵەشدا نیین. هۆڵەکەی کردووە بە هەموو شتێک، لێی دەدانیشێت و سەیری تەلەفیزیۆن دەکات، نانی لێ دەخوات، لێی دەنوێت و گەر بە دەگمەنیش میوانێکی بێت دەیکاتەژووری میوان. چەند ئاوێنەیەکی گەورەی لێ هەڵواسیوەو ئەوەی من بزانم رۆژانە بە سەعات قسە لەگەڵ خۆی دەکات. لەم ماوەیەی دوایدا کە دەچووم بۆ لای، هەستم دەکرد زۆر شێوەی باوکمی تیایەو





حەزم دەکرد بیبینم. هەمیشە لەبەردەم ئاوێنەکەیدا بوو، کە قسەی لەگەڵ دەکردم، قەت سەیری نەدەکردم، نەمدەزانی لەگەڵ خۆیدا دەدوێت یان لەگەڵ منێتی.

چوومە لای، وتم مامە گیان! بیرت دەکەم، ئەم دیارییەم بۆ هێناوی، تۆ لە جێگای باوکمی. وەڵامی نەدامەوە. وتم، تۆ و باوکم بە منداڵی چ شەڕێکتان بووە، گەردنتان ئازاد بێ، بەڵام منی تێوە مەگلێنن، شەڕی منداڵی ئەوەی خۆشە نابێ هەڵیبگرین بۆ گەورەیی، منداڵیی هەموو شتێکی خۆشە، بە شەڕەکانیشییەوە، بەڵام هەر کە هەڵگیرا بۆ گەورەیی، ئیتر ناشرین دەبێ و ماناکانی خۆی لەدەست دەدا. سەیرێکی خێرای کردم و ویستی شتێک بڵێ، بەڵام پەشیمان بووەوە. وتم وا هاتووم و حەزم کرد دیارییەکت بۆ بێنم، هەست دەکەم سەفەرێکی دوورو درێژم لەبەرەو ئیتر ناگەڕێمەوە، سەیرێکی کردم، ئەوەی سەیر بوو، هیچ هەستم بە سەرما نەکرد، زانیم کە تێم ناگات، وتم، نا، ناچم بۆ دەرەوەی وڵات، سەفەرەکەی من بۆشوێنێکی ترە، دەتوانی ناوی بنێیت دوا سەفەر، هەست دەکەم بەم نزیکانە دەمرم، بۆیە هاتووم خواحافیزیت لێ بکەم.

هیچی نەوت، دیارییەکەم لەسەر زەوییەکە دانا، وتم مامە! تۆ کاتی خۆی پەیمانێکت بە من دا کە دەفتەری یاداشتەکانتم بدەیتێ، کە لەوێدا باسی ئیشەکەت دەکەی لە زیندان، باسی ئەو میتۆدە ناشرین و پڕ ئەفسوونەت کە وات لە زیندانییەکان کردووە چیت بوێ بیڵێن. بە چەقۆ تیژەکانی نیگات بە چەند چرکەیەک دانپیانانت لە زەحمەتترینیان وەرگرتووە. من ناوی تۆ بڵاوناکەمەوە، بەڵام هاوڕێیەکی رۆژنامەنووسم هەیە کە بە ناوێکی خوازراوەوە بۆم بڵاودەکاتەوە، رەنگە وەک چیرۆکێک بڵاوی بکەینەوە، چیرۆکێک کە کەس هەست نەکات راستەو تەنها وەک درۆیەکی شیرینی ئەدەبی لێمان وەربگرن. وەک پاقلاوەیەک، زلووبیایەک بیخۆیت و هەستیتە سەر پێ. دەتوت هەر گوێشی لێ نەگرتووم، دەستێکی بۆ ئەو رۆمانانە درێژ کرد کە ماوەیەک پێش ئێستا لای ئەو بەجێم هێشتبوون و ئێستا لە سەر مێزەکەی بوون، بە زۆر لە خۆکردنێکەوە، دەتوت تاشە بەردێک لەسەر سینگێتی وتی (رۆمان و تۆ و بەجێهێشتن و باران و من و خوێندنەوە)، یەکسەر تێگەیشتم و وتم پێم خۆشە رۆمانەکانت خوێندۆتەوە، من ئەوانەشت لا جێدێڵم، وەک وتم هەست دەکەم مردن پیس لێم نزیکبۆتەوە، (تۆ و نەخۆش)؟ نا نەخۆش نییم، تەنها هەستێکە و ئەم هەفتەیە یەخەی گرتووم، رەنگە سێ رۆژم مابێ، رەنگە واش نەبێ نازانم، بەڵام خواحافیز، وەڵامی نەدامەوە، نا باوکم راست دەکات، مامم وەڵامی خواحافیزی ناداتەوە.

ئەی ئاوێنە خۆشەویستەکەم! ئاوێنە نازدارەکەم! وا هاتمەوە بەر دەمت، من

تەنها لەبەر دەمی تۆدا ئینسانم، تەنها لەناو تۆدا دەتوانم قسە بکەم، لە ناو تۆدا ماڵێکی راستەقینەم هەیە، لە ناو تۆدا باڵم هەیەو بۆ کوێم بوێ دەفڕم. تۆم لێ دیار نەبێ، وا سەرگەردانم، دەڵێی دەم و فڵقم لەبەر رەشەبایەکی بەهێزدایەو وشەکان بە دەممەوە ناوەستن و چاوەڕێم ناکەن تا بە شێوەیەکی راست گۆیان بکەم. تۆ گوێ بگرە! تاقە برازاکەم دوو سێ رۆژ پێش ئێستا هات بۆلام، دیارییەکی جوانی بۆ هێنا بووم، پەیکەری کۆمەڵێک ئەسپ وەک رابکەن قاچیان هەر لە جووڵانەوەیەکی بەردەوامدا بوو، لە ناوەڕاستەوە فوارەیەکی بچووک ئاوی بەسەردا دەبەخشینەوە، لە ژێر قاچیانەوە حەوزێک کە ئاوەکەی تیا کۆدەبۆوەو بە کۆمەڵێک گڵۆپی رەنگاوڕەنگ رەنگی ئاوەکەی دەگۆڕی، لەناو حەوزەکەدا کە بە مووروو زەنگیانە داپۆشرابوو، هەستێکی تیا دروست دەکردی کە بە راست حەوزەکە پڕ بێ لە ئەڵماس و مرواری. هەموو دە چرکەیەک رەنگی ئاوەکە دەگۆڕدرێ، هەموو دە چرکەیەک ئەسپەکان شێوەیەکی جیایان هەیە. بە دەوری حەوزەکەدا چیمەنێک، کە تەواو لە چیمەنی راستیی دەچێت، بە جۆرێک کە سەیری دەکەیت وەک ئاوێنە هەر دوو بیلبیلەی چاوت دەردەکەون، هەستێکت تیا دەچێنێ وەک ئەوە وایە لەوێدا چاوی خۆت جێهێشتبێ و پێت نەزانیبێ، بەدەست خۆت نییە لەو چرکەیەدا تەواو لە بێ ئاگاییەوە دەستێک لە چاوانت دەدەی بۆئەوەی بزانیت لەوێدا ماون یان هاتوونەتە دەرەوە. ئای خوایە! من بە سەعات دەتوانم باسی ئەم دیارییە بکەم کە لەو برازا شیرینەم وەرگرتووە. من نازانم ئەو سیحرە چییە لەو دیمەنەدا، منی تەواو شێواندووە، سێ رۆژە هەر سەیری دەکەم و لێی تێر نابم، وەک ئەوە وایە چاوم چوو بێ بۆ سەیران و گەشت و ئیسراحەت، هەست بەوە دەکەم کە گەنج دەبمەوە. چاوەکانی من هێندە لەو سیما ماندوو و ترساوانەی دیلەکان راماون کە بە کڵۆڵیی دەیانهێنانە بەر دەمم هیچی ترم نەبینیوە، ئێستا هەست دەکەم کە چاو بۆ شتی تریش بەکاردێت. هەموو رۆژێ کە بەیانیان لە خەو هەڵدەستم، پێش ئەوەی دان و دەم و چاوم بشۆم، پێش ئەوەی نانی بەیانی بخۆم، دێم و لەبەر دەم ئەم ئەسپانەدا، دوو سەعاتێک دادەنیشم. نا نەگبەت، (تۆ) بەکەڵکی ئیشەکەی خۆت نەماویت، دانی پیانێ و مەترسە، کەس گوێی لێت نییە، دانپیانانت لە هەزارەها کەس وەرگرتووە، پیاو بەو لەخۆتیشی وەرگرە. مانگێک زیاترە نەچوویتە بۆ ئیش، لەو رۆژەوە ئەو برازایەت کە رۆمانەکانی لێرە لای تۆ بەجێهێشتن و تۆش دوای ماوەیەک لە تەنیاییدا لاپەڕەیەکت خوێندەوە، دوایی لاپەڕە دوای لاپەڕە، رۆمان دوای رۆمان، تۆ هەستت کرد چاوەکانت گەرم دادێن و تایەکی گەرم دەتسووتێنێ و هەموو



گیانت لە عارەقدا شەلاڵ، لە ناوچەوانتەوە، تەنانەت لە چاوانتەوە وەک بگریت تنۆک تنۆک ئاوت لێ دەچۆڕا، نا فرمێسک نەبوون، چونکە تۆ نەدەگریایت، بەڵکو هەستت دەکرد، بەستەڵەکی چاوەکانتە کە بەرە بەرە بە جێت دێڵن. کارگەی سەهۆڵی چاوانتەو نە کرێکارت ماوەو نە موشتەری، دەبێ تا زووە دایبخەیت. نا (ئێوە) بە کەڵکی هیچ ئیشێک نەماون، ئێستە رەنگە دەریش کرابن و بە خۆتان نەزانیبێ، چەندەها تەلەفۆن بۆ جەنابتان کرا کە بگەنە سەر ئیش و لەمدیو خەتەوە وتتان نەخۆشن، نەخۆشیی ئێوەش لەوە دەچێ گران بێت. ئێستا ئیتر دوای ئەم دیارییە جوانە، ئەم دیارییەی کە هەموو رۆژێ لەبەر دەمیدا دادەنیشین، رەنگە (ئێمە) هەر بە تەواوی خۆمان خانەنشین بکەین، ئێمە تەواو لە بیرمان نییە کەی پەیمانمان بەو تاقە برازا شیرینە داوە بۆ نووسینەوەی بیرەوەرییەکانمان، بەڵام هەر وەک وەفایەک دەبێ پەیمان بەرینە سەر. ئێمە لاپەڕەی زۆرمان نووسیووە و بە زووترین کات دەبێ بیبەین بۆ برازاکەمان، کە ئەو رۆژە هەر لە خۆیەوە باسی سەفەر و مردن و شتی وای دەکرد. دەبێ سەرێکیشی لێبدەین تا بزانین چۆنە، (من) دەمێکە حەز دەکەم بچم بۆ لای، (تۆ) لەمێژە سەرت لێ نەداوە.

ئەو ئێوارەیە دوا ئێوارە بوو کە بە حیسابەکانی خۆم دەبووایە بمرم، خراپ بووبووم بە دوو کەرتەوە، کەرتێکم تەواو خۆم ئامادەی مردن کردبوو، ئەوی تریانم پێکەنینی بە عەقڵی دوژمنەکەی تر دەهات. هەفتەکە هەر چەندە خێرا تێپەڕی، بەڵام لەو هەفتەیەدا وەک چەند ساڵێک ژیابم وابوو. دوشێکی خێرام کرد و دەستێ جلی پاکم لەبەرکرد و کەرتێکم چاوەڕێ بوو عیزرائیل بێت و رۆحم بکێشێت. زەنگی دەرگا لێدرا، کەرتەکەی تر پێی سەیر بوو، گەر ئەمە مردن بێ بۆ زەنگ لێ دەدا، کوا شەرمی لە کەس کردووە؟ یەکەمجار بوو هەستم دەکرد لە مردن دەترسێم، ئەو کەرتەیان کە نایەوێ بمرێ من بە لای خۆیدا رادەکێشێت، هەستم دەکرد ترس لە مردن خۆی لە خۆیدا ئازایەتییە، زەنگەکە دیسانەوە لێدرایەوە، بە خۆم وت باشە چی دەبێت گەر دەرگا نەکەمەوە، کەرتێکم وتی مەیکەرەوە، ئەوی تریانم وتی رۆڵە برۆ بیکەرەوە، تۆ تازە حیسابت تەواو. لە درەختێک دەچیت گەڵات پێوە نەماوە، دڵت بە چی خۆشە، تۆ بەم بەهارە وابیت، دەبێ پایز چۆن بی؟ میوانی وا یەک جار دێت، دڵی مەشکێنە، ئەوی تریان هاواری دەکرد و دەیوت ئەو کوا دڵی هەیە تا بیشکێنی، سەرم پڕ بوو لە هاوار، تا زەنگەکە چەند بارە بوووەوە و لە ناو ئەو ژاوە ژاوەدا گوێم لە دەنگی مامم بوو لەو دیو دەرگاکەوە، لە دڵی خۆمدا وتم، ئەمەش میوانێکە یەک جار دێت، بە پەلە دەرگام کردەوە، مامە گیان! ئەوە تۆیت، فەرموو وەرە ژوورەوە، وتی:

بیرم دەکردی، خۆ ماوی کوڕی خۆم؟ ئەوە بەشێک لە یاداشتەکانم کە پەیمانم پێ دای، بەشی تریشت بۆ دەنووسمەوە، ئاگات لە خۆت بێ برازا شیرینەکەم. دەفتەرەکەی پێ دام و ڕۆشت، من لە شوێنی خۆم حەپەسابووم، مامم بێ هەڵە ئەو رستانەی دەوت. دەبێ کەی مامم چاکبووبێتەوە؟ لە خۆشی چاکبوونەوەی مامم و دەفتەری یاداشتەکانی، بە راکردن هاتمەوە ژوورەوەو دەست و برد دەستم کرد بە خوێندنەوەی. کاتێ تەواو بووم، سەیرم کرد بەیانییەو من لە دوێنێوە دەخوێنمەوە، ئەوەی بیرم لێ نەکردەوە مردن بوو، مردن بەو هەموو هێزە گەورەیەوە، بەو هەموو سوپاو پۆلیسە ناشرینانەیەوە کە لە ناوماندا پەخشی کردۆتەوە، لەو ناوە نەمابوو. هەستم کرد مردن تەنیا ئەوانە دەبات کە خۆیان دەدەنە دەستی، منیش هەفتەیەک بوو یەکێک بووم لەو کەسانە مردن خەریک بوو فریوم بدات و بمبات، هەستم کردئەو هەفتەیە بە قەد دە ساڵ پیری کردم و پڕی کردم لە برین. ئێستا دانیشتووم و بیر لە چرکە بە چرکەی ئەو هەفتەیە دەکەمەوە و برینەکانم دەژمێرم کە لە ژمارە نایەن، برینەکانم کە لە دەغیلەیەکدا کۆمکردوونەتەوە. دانیشتووم و بە دەزوویەک دڵم دەدوورمەوە.

ستۆکهۆڵم، شوباتی ٢٠١٠





# سۆراخ

**تایەر ساڵح سەعید**

دوو ژن و منداڵێکی شەش حەوت ساڵان، لە ڕۆژێکی سەرەتای وەرزی زستاندا، بەنێو تەمێکی تەنکداو بە ڕێگەیەکی قوڕو چلپاودا هەنگاوەکانیان بەڕێدەکرد، ئەو دوو ژنە بەیەکتری نامۆ بوون، هیچ کام لەوان ئەویدیانی نەدەدوان، هەردووکیشیان ملی ڕێگەیەکیان گرتبوو.

دوو ژن و منداڵێکی شەش حەوت ساڵان لە ڕۆژێکی سەرەتای وەرزی زستاندا بەنێو تەمێکی تەنکداو بە ڕێگەیەکی چاڵ و چۆڵدا، کە لە هەندێک شوێن و جێگەدا ڕێگەکە هێشتا باراناوی دوێنێ شەوی تیا کۆببووەوە، هەنگاوەکانیان بەڕێدەکرد، ئەو تەمە تەنکە وایکردبوو شتەکان بەگران بەرچاو دەکەوتن.

ئەو دوو ژنەو ئەو منداڵە ملی ئەو ڕێگەیەیان گرتبوو، جار جارە شانی یەکتری دەکەوتن و جارجارە لە یەکتری دوور دەکەوتنەوە، بێئەوەی هیچکام لەو دووانە بە وشەیەک چییە بۆ ئەویتریان بدوێن، ئەوان بە بیرو لێکدانەوەی خۆیانەوە خەریکبوون.

لە دوورەوە شیرەی ماشێنێکیان بەرگوێ کەوت، بە بیستنی ئەو دەنگە شڵەژان و بە یەکتریدا هاتن و چوون، ئەو دەنگە دەنگی گڕی ماشێنێکی سەربازیی بوو، ڕۆژانە جارێک و دووجار بەو ڕێگەیەدا دەهات و دەچوو.

ئەو دوو ژنەو ئەو منداڵە بۆ تاوێک زووتر قوتار بوون لە گێچەڵی ئەو ئیڤایە شانی ڕێگەکە کەوتن و لەو چاڵەی شانی ڕێگەکەدا کە لافاو دڕیبووی خۆیان مەڵاس دا، کەی ئیڤاکە تێپەڕی و لە چاوی ئەمان بوون بوو، ملی ڕێگەکەیان لێگرتەوە، دوای ئەوەی بەگران سەر پێ کەوتنەوە.

ئەوسا بۆ یەکەمجار ژنێکیان بەژنەکەی دییانی وت:

–ئیڤای سەربازی بوو وانا؟!

–با. ڕۆژانە خواردن و پێداویستی بۆ سەربازەکان دەبات.

–سەرباز؟!

–بەڵێ سەرباز.

–ئەو سەربازانە لە کوێن؟

–ئەوەتان بە قەدپاڵی شاخەکەوە.

دوو ژن و منداڵێکی شەش حەوت ساڵان بە ڕێگەیەکی چاڵ و چۆڵ و قوڕو چلپاودا لە ڕۆژێکی سەرەتای وەرزی زستاندا بەنێو تەمێکی تەنکدا دەڕۆیشتن، هێند پێڵاوەکانیان قوڕی لەخۆی کۆکردبووەوە بەگران بەدووی خۆیاندا بۆیان کێش دەکرا، ئەو ڕێگەیە لەمان و لە قەلە باچکەیەکی بزێو بەولاوە کەسی دیکەی پێوە نەبوو، ئەو قەلە باچکەیە هێندە بزێو بوو شوێنی بەخۆی نەدەگرت، بە ئەوپەڕی وریاییەوە هەڵسوکەوتی دەکرد، دەفڕی و دەنیشتەوە، دەنیشتنەوەو دەفڕی بەو کارەش دوورو نزیک ئەو ناوەی بەسەر دەکردەوە.

ژنێک لەو دوو ژنە بەویدیانی وت:

–دەڵێیت ئاشنای بەم ڕێگەو بانە؟!.

–ئەمە کارو پیشەی هەموو ڕۆژێکمە، لەگەڵ تاریک و ڕووندا بەڕێدەکەوم و لەگەڵ تەنگی بانگی شێواندا دەگەڕێمەوە.

–بە دووی چییدا وێڵیت؟

–هاوسەرم بوو.

–ئەی تۆ؟

–من ئەوە چەندەمین جارمە، بەهەق ڕێگەیەکی ترسناکە.

لە دوورەوە کوورە خشتێکی ڕووخاو وەدەردەکەوت و کە تەمێکی تەنک خۆی تێپێچابوو.

کەی ئەو دوو ژنەو ئەو منداڵە نزیک بەو کوورەیە بوونەوە، ژنێک لەو دوو ژنە بەویتریانی وت:

–من لێرەوە لێت جیا دەبمەوە، تۆش ملی ئەو ڕێگەیەی لێبگرە.

دوو ژن و منداڵێکی شەش حەوت ساڵان لە ڕۆژێکی سەرەتای وەرزی زستاندا بەنێو تەمێکی تەنکداو بە دەشتێکی کاکی بەکاکیدا، بە ڕێگەیەکی قوڕو چلپاودا هەنگاوەکانیان بەڕێدەکەوت، ئەو دوو ژنەو ئەو منداڵە بەدووی شتێکدا وێڵ بوون کە بۆ چەند مانگێک دەچوو لێیان زەوتکرابوو.





# قور .... بانی

**ئاوات مەحمود غوڵام**

ئەگەر خەیاڵ کۆمەکم نەکات، ئەستەمە بتوانم ئەو ڕووداوەی، کە بە ڕێکەوت گوێ بیستی بووم، لە نیوەڕۆیەکی گەرمی هاویندا... کاتێک لام دایە ژێر ئەو دارتووەی، کە دوکانێکی لە ئاسن دروستکراوی لەپاڵدا بوو.

پیاوێک، کە قاتێک جلی ڕەشی لەبەردابوو، باسی ڕووداوێکی دەکرد بۆ دوکاندارەکە، کەوای لە من کرد بێ ویستی خۆم بمێنمەوە تا کۆتایی قسەکانی، ڕێکەوت وابوو من پشتم دابوو بە قەد دارتووەکەوە، ئەویش لەسەر ئەو ریزە بلۆکەی کە بۆ سەکۆی دانیشتن ڕێکخرابوو پشتی لە پشتی من بوو، کاتێک لە گێڕانەوەی ڕووداوەکەیان دەکرێت بڵێم: لە بەسەرهاتەکە بووەوە، کە ئەمەش دیوێکی نەزانراوی ئەم چیرۆکەیە، بە هەمان ئاڕاستەی پشتکردنەکەی من ڕێگای گرت، دەبێت ئەوەش بڵێم کاتێک دوکاندارەکەی بەجێهێشت من نەمبینی، خوداحافیزی، یان تەوقەی لەگەڵ کرد تا ئەملاو ئەولای ماچ بکات.

کۆمەکی خەیاڵ بە من لەو دیوە نەبیستراوەدایە، کە پێش گەیشتنی من ئەو لە گێڕانەوەیدا باسی کردبێت.

ئەو ڕێگایەی، کە ساڵانێک ڕێی هاتوچۆی چوونە سەرکارەکەم بوو، دەکەوتە نێوان دوو گـردەوە، بە دەستی ڕاست و خۆرهەڵاتدا، ساڵانێک بارەگای ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تێدابوو، بە دەستی چەپ و خۆرئاوادا، بارەگای ڕادیۆ و پەخشی تەلەفزیۆنی یەکێک لە حزبەکانی تێدابوو، دروست نەمزانی ماوەی چەند کاتژمێر لەبن دارتووەکە مابوومەوە، بەڵام کاتێک ئەوێم

بەجێهێشت، دوکاندارەکە دەرگاکەی قەپاتکردبوو، دەنگی ریکۆردەرێک لەناوەوە دەهات، ئاوازی گۆرانییەکی خەمناک*، کە دوو دەنگ بە نائومێدیی، کە وای لە من کرد هەڵوەستەیەک بکەم، ساڵانێک دواتر زانییم، کە ئەو دوو دەنگە یەکێکیان لە رۆژگاری رەشدا بە جوانەمەرگی سەردەنێتەوە و تیادەچێت، ئەوی تریان لە رۆژگاری خۆڵەمێشیدا سەری خۆی هەڵدەگرێت و ئێستا لە مەنفادا نیشتەجێیە.

بەجێهێشتنی ئەو عەلاگە رەشەی، کە پاشماوەی سەر سفرەی خوانیماڵەوەی تێدابوو، رۆژانە دەمهێناو لەناو ئەو دارسنەوبەرانەی کە دەکەوتە سەر چەند گردێکی تر پەرش و بلاوم دەکرد، بۆ ئەو باڵندە و کۆترو سەگانەی لەوێبوون، ئەو نیوەڕۆیە کات درەنگی کردبوو بۆچوونە سەر کارەکەم، دڵنیابووم بەشێکی زۆری شۆفێری پاسەکان لە هۆی دواکەوتنەکەم نیگەران نابن، بۆیە منیش بە باشمزانی لەو دەفتەرە مامناوەندییەی بەرباخەڵم، یاداشتی قسەکانی ئەو پیاوە بنووسمەوە کە رووخساریم نەدیبوو.

پاش چەند ساڵێک بەسەر نووسینی ئەو یاداشتەداو دوورکەوتنەوەم لەسەر کارەکەم، شەوێک بە رێکەوت لەناو دەستنووس و چەند نامەیەکدا، کە مێژووی نووسینی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ئەم سەدەیە، بڕیارمدا کۆی دەستنووسەکانم کە لە فۆرمێکی چیرۆک ئامێزدابوون، لەگەڵ یاداشتی قسەکانی ئەو پیاوەی لە نیوەڕۆیەکی گەرمی هاویندا، تۆمارم کردبوو، لە فەوتان و بیرچوونەوە رزگاریان بکەم، بۆیە بۆ رۆژی دواتر سەردانی هەمان شوێنم کردەوە، تا لە رێگەی دوکاندارەکەوە ئەدرەسی ئەو پیاوە وەرگرم، بۆیە کاتێک گەیشتمە نزیک ئەو شوێنە، هیچ ئاسەوارێکی دوکانەکەو دارتووەکە نەمابوو، کۆمەڵێک گرێدەرو ئۆتۆمبێلی گەورە، خەریکی پانکردن و تەختکردنی ئەو رێگایەبوون، بە مەبەستی دروستکردنی پردێک، دوای پرسیارکردن لەوانەی کە لەوێدا خەریکی کارکردن بوون، هیچ وەڵامێکم دەستگیر نەبوو، پەستییەک دایگرتم... بەخێرایی لە شوێنی دوکانە ئاسنینەکەدا، بە قەڵەمەکەی بەرباخەڵم، چاڵێکی بچووکم هەڵکەند، تا دەستنووسەکەی تیادا جێبهێڵم، بەڵام بۆنی دووکەڵ و هاڕە هاڕی یەکێک لە گرێدەرەکان بەئاگای هێنامەوە، ئەگەر بەخێرایی خۆم لانەدایە، رووبەڕووی مەرگێکی ناوەخت دەبوومەوە، لە چاوەڕێی چوونە پێشەوەی گرێدەرەکەدا بووم، بەڵام شۆفێری گرێدەرەکە دابەزی و بە دەستی راستی چەند جارێک کێشای بە تایەی دواوەیدا، کە رێک لەسەر ئەو چاڵە بچووکە وەستابوو، پاشان شۆفێرەکە گرێدەرەکەی بە خامۆشیی جێهێشت.

دەنگێک بە میهرەبانییەوە لە ناوەوەمدا، پێمدەڵێت: دەزانم کە رۆژێک





لە پاسێکدا سەفەر دەکەیت، بۆ شارێک کە شاری تۆ نییە، بیردەکەیتەوە کە هۆی سەفەرکردنت بۆ ئەو شارە لەیادکردووە، بۆ چ مەبەستێکە، یان ئامانجی سەفەرکردنەکەت چییە...؟

گوێت لە دوو سەرنشینی ناو پاسەکەیە، کە لە پێش تۆوە دانیشتوون، یەکێکیان ناو و ناونیشان و کۆڵان و گەڕەکەکەیان باسدەکات.

رووداوێـکـی چـاوەڕوانـنـەکـراو، وادەکـات پاسەکە مەیلان دەکـات و وەردەگەڕێت، کەسی قسەکەر بە تەنها لە رووداوەکەدا گیان لە دەستدەدات، هەروەها هاوڕێ سەرنشینەکەشی بێباکە لە مردنی، بردنەوەی ئەو تەرمە کە تۆ پێش چەند ساتێک گوێبیستی بوویت خوێنەکە لە گەردنت، هەروەها کاتێک بڕیاری بردنەوەی تەرمەکە دەدەیت بۆ هەمان ناونیشان، گێڕانەوەی بەسەرهات و هۆی مردنی ئەو تەرمە بۆ کەسوکاری وەک خەیاڵێک وەهایە، بەڵام لای تۆش رووداوێکە کە بە چاوی خۆت دیوتەو دووورە خەیاڵ.

گێڕانەوەی ئەو قسانەی من گوێبیستی بووم، وەک هەمان بەسەرهاتی سەرەوەیە، پیاوێک لە نیوەڕۆیەکی گەرمی هاویندا، بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە، کە بۆ من نییە.

من لەلایەک دەبمە کەسوکاری مردووەکە، کە گێڕانەوەی رووداوەکە بۆمن دەبێت بە خەیاڵێک.

لەو نیوەڕۆیەدا، کاتێک پیاوە قات لەبەرەکە قسەکانی تەواو دەبێت، تەرمێک بەجێدەهێڵێت لەناو قسەکانیدا.

ئەو تەرمە لە ئەستۆی منە، کە نەهێڵم لە یاد بچێت و ون بێت.

بەڵێ، من کوشتم جەنابی دادوەر.... بە پیرۆزیی شمشێرو خەنجەرە خوێناوییەکان، سوێند بە هەموو گوللانەی کە رۆحیان ساردکردۆتەوە، بە پاکێتی زنجیری ئەو تانکانەی کە مرۆڤیان دادەکرماند من کوشتم، بە گەورەیی مەرگ و بە بچووکی ژیان من کوشتم.

((سەجانی کەعبی)) دادوەر، کە رووخسارێکی پۆت پۆتی(چرچولۆچ)هەبوو، قسە بە سەرباز دەبڕێت و رووداوەکاتە ((بانی))، بە دەستی چەپی ئەو رووخسارە پۆت پۆتییەی بە ئاراستەی هێنانە خوارەوە، رێکدەکات، بەڵام دووچاوی ئاوا (ترسهێن) بەدەر دەکەون و ئاماژە بۆ ئەو کارمەندەی دادگا دەکات، کە وەک وەرگێڕێک قسەکانی باوکی ئەوکچەی، کە بەر لە چەند هەفتەیەک بە رووداوی ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی گیانی لەدەستداوە، کارمەندە وەرگێڕەکە، بە حەپەسانێکی زۆرەوە پێی دەڵێت:

قسەت چییە...؟، ((بانی)) زمانێک دەهێنێت بە لێویداو...قوربان من لە باوو باپیرانمەوە پیشەم خشتبڕین بووە، تەنانەت هەموو کەلوپەلێکی ژیانمان لە((قوڕ)) دروستدەکەین، هەر لە دەفری نانخواردنەوە تا دەگاتە دەرزی و سوژن، هەروەها ئەگەر کەسێکمان شوێنێکی بریندار بێت یان ناساغ بێت، هەر بە قوڕ چاکی دەکەینەوە،((بانی)) هەرکاتێک وشەی قوڕ دەهات بە دەمیدا لەبەر وشکی لێوەکانی و زمانی دەیوت((قوڕ)).

کە وەرگێڕەکە قسەکانی بۆ دادوەر وەردەگێڕێت، ((سەجانی کەعەبی)) دادوەر رووەدەکاتە وەرگێڕەکە حەپەساوەکە و بە توندی پێیدەڵێت، بانگامان نەکردووە تا خشتمان بۆ دروست بکات، ئێمە بەڵگەمان دەوێت تا بزانین سەرباز کچی ئەوی کردووە بە ژێرەوە، بەو ئۆتۆمبێلە سەربازییەی کە لە جۆری ئیڤا(Eva)یە، فەرمانبەرە حەپەساوەکە لەپاش وەگێرانی وتەکانی جەنابی دادوەر.

((بانی))... ئەو نەیکوشتووە، بە هیچ جۆرێک تاوانبار نییە... ئەو بکوژ نییە... بکوژ نییە... بکوژ نییە.

لەم کاتەدا هەردوولا سەیری یەک دەکەن، ترسێک لە رووخساری هەردوولا پەخشی ناو هۆڵی دادگا دەبێت، ترسی سەرباز لەو حاشاکردنە کە بکوژ نییە، دەبێت رووبکاتەوە شەڕگەکان، چونکە ساڵانێک خۆی لە مردن قوتارکردووەو دەگەڕێت بە دوای زیندانێکدا، تا هەموو تەمەنی تیادا بگوزەرێنێت.

ترسی ئەم، پیاوێک هەموو ژیانی لەناو قوڕی مچو خشتبڕیندا بەسەر بردووە، هەمیشە ترسی لە پۆستاڵی رەش و رووخساری رەشداگەڕاوی ئەو سەربازانە هەبووە، کە وەک توونچی دۆزەخ وەهابوون، ترس لە خوێنێک کە بە هەر جۆرێک برژێت مایەی شەرمەزارییە.

ترسی سەرباز لەو خەوەی پێش جێبەجێکردنی نەخشەکەی دیبووی، کە تابووتێک لەسەر چەمچەی ئۆتۆمبێلێکی تەکسی، کە ئاڵایەکی سێ ئەستێرەیی تێوە پێچرابوو، بە دەشتێکی بەیاردا، کە ئەمبەرو ئەوبەری تاچاو بڕکات پڕە لە تابووتی سەربەتاڵ، ئۆتۆمبێلەکە بێ ئەوەی شۆفێر و سەرنشینی تێدابێت، رێدەکات.

ترس ((بانی)) لە خەوێک، کە ساڵهایە دێتە خەوی، لە ساردابێکدا کە دیوارەکانی هەموو لە قوڕ دروستکراون، پیاوێک بە دیارییەوە وەستاوە و رووخسارێکی پۆت پۆتی هەیە، لەگەڵ چاو چوونە خەویدا، سوژنێک لە دیواری ئەو ساردابە، لێدەکاتەوە لە جەستەی ئەمی دەچەقێنێت.

ترس و خەیاڵی ((سەرباز و بانی)) بە چەکوشەکەی دەستی دادوەر





رادەچڵەکێن و گوێ بۆ دوا بڕیاری دادگاییەکە دەگرن،

-جەنابی دادوەر، راپۆرتەکان بە شێوەیە ئاماژە دەکەن،

ئەمە دوا قسەی سەرۆکی دادگا بوو بۆ ((سەرباز))..!!

- سەرباز لە رۆژی رووداوەکـەدا، لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگدابووە، بەرپرسی یەکەیەکی سەربازیی بووە لە باکووری وڵات، بۆ ئەوەی تەرمی سەربازە کوژراوەکان بەر دەستی دوژمن نەکەوێت، بەمەش ناوبانگی ئەو خزمەتەی، کە بە درێژایی جەنگ لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕگەدابووەو هیچ مۆڵەتێکی گەڕانەوەی قبووڵنەکردووە، بەمەش شەرەفی ئازایەتییەکی بێوێنەی بۆ سەرۆک و نیشتیمان و مێژوو و شۆڕش ئەژماردەکرێت، پاشان جەنابی دادوەر، مژدەی ئەوە دەدات سەرباز، لەگەڵ گەڕانەوەی بۆ یەکە سەربازییەکەی، پسوڵەی مۆڵەتی گەڕانەوەو سێ ئەستێرەی ئازایەتی، کە سەرۆکی وڵات بە جەنگاوەرە ئازاکانی دەبەخشێت، پێراگەیاند.

دوا بڕیاری دادوەر بۆ ((بانی)).

- زانیارییەکان ئاماژە دەکەن، کە تۆ هێشتا کەسێکی ((خواجەیت))و لە باوانتەوە، رەچەڵەکت دەچێتەوە سەر دوژمنانی سەرۆک و جەنگی پیرۆز.

- بڕیارماندا بە بەندکردنت بە(٣٥)ساڵ زیندانی، لەگەڵ ئەشکەنجەدانی مەعنەویی بە درێژایی مانەوەت لە زینداندا.

ئەمە دوا قسەی دادوەر بوو، کاتێک کارمەندە حەپەساوەکە، رووبکردە باوکی کچە کوژراوەکە.

دوو دەزوولـەی خوێن رێچکە دەگرن، رێچکەیان لەبن تابووتێکەوە، کە ئاڵایەکی سێ ئەستێرەی تێوەپێچراوە، لە دەشتێکی قوڕیندا، رێچکەی دەزوولەیەکی تری خوێن، بەناو زەوی ئەو زیندانەدا، کە دیوارەکانی هەموو لە سوژنی خەوزڕاندن دروستکراوە، تێکەڵبوونی دوو دەزوولە خوێنەکە، بە رووخساری پیاوێک کە دەم و چاوێکی پۆت پۆتی هەیە، قاقای بێ بڕانەوەی، رێ لە کزربوون و وشکبوونەوەی ئەو دوو دەزوولە خوێنە دەگرێت.

کۆتایی

تێبینی:

* ئاماژەیە بۆ گۆرانییەکی هونەرمەندان (کاروان عوسمان و کەمال محەمەد)... (ئەی نا ئومێدی... ئەی نا ئومێدی، ئەی رەنجەڕۆیی‌و دڵ نا ئومێدی، بەد بەختی وەک من، سا توخوا کێ دی، دەردی مەجنونم لێ هاتۆتە دی...).

## دیدار

### دیدار لەگەڵ
### دلاوەر قەرەداغی



**سازدانی: سەرتیپ عوسمان**



### دیدار لەگەڵ
### کەریم دەشتی

**ئامادەکردنی: حەمە کاکەڕەش**



## دلاوەر قەرەداغی:
# دەنــووســم تا ئەرزی ئەو خەونە ئـــاوبــدەم کە بەدونیایەکی جوانترەوە دەیبینم

**سازدانی: سەرتیپ عوسمان**

**منداڵیی لای شاعیران و رۆشنبیران ئامادەیی خۆی هەیە، ئێوە چۆن دەڕواننە منداڵیی و منداڵیی خۆتان چۆن پێناسە دەکەن و کەی هەستتان بە گەورەبوونی خۆتان کرد؟**

منداڵیی بەر لەوەی تافێکی چەند ساڵەیی تەمەن بێت و بریتیی بێت لە رستێک یادەوەریی دێرین، بوونەوەرێکی زیندووە کە لە لەحزەکانی دواتری تەمەندا بە روخساری جۆراوجۆرەوە دەردەکەوێتەوە و لەگەڵماندا دەژی و تەنانەت هەژموونی بەسەر هەڵسوکەوت و ستایلی ژیان و ئاراستەی بیرکردنەوەمانەوە هەیە. ئەوە هەر منداڵییەکەی جارانە کە لە گەورەییدا گەمەمان تێدا دەکات و بە کۆڵان و باخچە و بەنێو هاروهاجییەکانی خۆیدا دەمانبات، منداڵیی وزەیەکە کە لێناگەڕێت گەورەیی بمەیێ و چەق ببەستێت، دیارە ئەوە بە گشتیی حاڵەت و دۆخێکی ئینديڤیدیۆلییە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر قسە و راڤەی جۆراوجۆر هەڵدەگرێت. سەبارەت بە نووسین و بەرجەستەبوونەوەی منداڵییش لە کاری نووسیندا، ئەوە ئیدی کاریگەرییەکە روونتر هەستی پێدەکرێت و دەناسرێتەوە، ئاشکراتر روخسارەکانی دیاریدەکرێن و جووڵەکانی رووماڵ دەکرێن. منداڵیی گرەوێکە کە لە گەورەییدا دەزانرێت کێ لە کێی دەباتەوە، شەڕێکە کە دواتر دەزانرێت کێ کێی تێدا دەشکێنێت... منداڵیی لە گەورەییدا بەشێک لەو شتە خۆشانەمان دەداتەوە کە جاران سمۆرەئاسا لە قەڵەشی بەرد و لە درزی درەختەکاندا لێی دەشاردینەوە. بەم مانایە منداڵیی و گەورەیی جیاواز لەوەی کە دوو تافی تەمەنن، دوو ناون بۆ یەک شت، پێکدادەچن و روخساری یەکتر دەگرن، بە هەمان دوو چاوەوە لە دونیا دەنۆڕن و بە هەمان دوو لاقەوە دەجووڵێن و بە هەمان هەستەوە بەر دونیا دەکەون. گەر دوای ئەم کورتە پێشەکییە بێمە سەر دیوی دووەمی پرسیارەکەتان ئەوا دەبێت بڵێم کە راستە من وەک تەمەن گەورە بووم، بەڵام منداڵیی بەردەوام تیامدا دەژی و ئیشم تێدا دەکات، بەهەمان دەستوپلەکانی ئەوەوە دەست بۆ شتەکان دەبەم و بە پێوپلەکانی ئەوەوە بە رێگاکاندا دەڕۆم و بە چاوەکانی ئەو دونیا دەبینم. ئەوە منداڵییە کە شتەکانم پێدەڵێت و من دەیاننووسمەوە، ئەوە ئەوە کە ئاماژە بۆ کتێبەکان دەکات و من لەسەر رەفەکان دایاندەگرم، ئەوە منداڵییە کە شەڕەکانم بۆ دەنێتەوە و بۆ ئاشتبوونەوەکانم دەنێرێت... ئێستایش هەر هەمان نووقڵە ترش و شیرینەکانی ئەوە لە زارمدا و هەمان رووناکیی چراکەی ئەوە کە وەزیفەکانی لەبەردا دەنووسمەوە، هەمان پیکابە باغەکانی ئەوە کە بە جادەکانی خۆڵدا سەفەریان پێدەکەم و هەمان ئەو ترسەی دڵی ئەوە کە لە شەوانێکی درەنگدا لە کۆڵان ئاوڕم پێدەداتەوە. لە راستیدا پرۆسەی نووسین لەلای من بە دیوێکی زۆر کراوەیدا هەوڵدانێکە بۆ بەرهەمهێنانەوە و ژیاندنەوەی منداڵیی بە هەموو جووڵە و زیندوویەکی خۆیەوە، بە کورتی منداڵیی لە پرۆسەی نووسیندا ئەو هەوایەیە کە هەناسەی پێدەدەم و لێناگەڕێت بخنکێم و بمرم.



**لە منداڵیدا پەیوەندیی تۆو شیعر چۆن بوو، سەرەتای نووسینی شیعر لای تۆ دەگەڕێتەوە بۆ کەی و یەکەم شیعری خۆتان کەی بڵاوکردەوە؟**

لە منداڵیی قۆناخی قوتابخانەدا هەروەک ئێستا حەزم لە شیعر دەکرد، سروودەکان زوربەی زۆریانم ئەزبەر بوون، لە وێنەی رەش و سپیی شاعیرانێکی وەک پیرەمێرد و بێکەس و زێوەر و گۆرانم دەنۆڕین و لە ئەندێشەدا رۆدەچووم، خەیاڵ دەیبردم و ئەفسانە پەلی دەگرتم و وێنەکان لەبەر چاوانمدا دەبوونە بوونەوەری زیندوو... لە خەیاڵی منداڵییمدا ئەو زاتانە دەبوونە بوونەوەری پیرۆز، دەبوونە قەدیس و خەڵکانێک جیاواز لە خەڵکانی ئاسایی کە دەکرا پاڵیان پێوە

بدەم و بیانکەمە ئالگۆ و نموونەی باڵا.... وابزانم هەر لەو تەمەنە زووەدا ئەزموونی شیعرنووسینم کردووە، بەڵام نازانم چیم نووسیون، هێندەی ئێستا بیرم بێت، من قوتابییەکی زیرەک بووم لە پەخشان نووسیندا و وانەی کوردیم زۆر خۆشدەویست، بیرم دێت پۆل بە پۆل دەیانگێڕام و پەخشانەکانیان پێدەخوێندمەوە... کە دەهاتمە ماڵیشەوە، ئەو پەخشانانەم بۆ دایکم و نەنکم و خزمەکانم دەخوێندەوە... جارێکیان بەزۆر بۆ خزمێکمانم خوێندەوە، زۆرم پێناخۆش بووم کاتێک هەستم کرد خەیاڵی لام نییە.

> ئەدەبیاتی ئێمە لە دەرەوە نەخوێنراوەتەوە و هێشتا هەر لە دۆخێکی پەنگخواردوو و لۆکاڵییدا ماوەتەوە

**لە شیعرەکانتدا سرووشت بە گشتیی و بەفر بە تایبەتی ئامادەییان هەیە، سرووشت و بەفر بۆ ئێوە چی دەگەیەنێت و چۆن لێی دەڕوانن؟**

سرووشت موفرەدەیەکە یەکانگیرە لەگەڵ پێکهاتە و کۆی فەزای شیعرەکەدا، ناو و رەنگ و روخساری جیاواز بەخۆوە دەگرێت و باسکردن و لێکدانەوەی بە شێوەیەکی ئەبستراکت بێمانا خۆی دەنوێنێت. جگە لەوەش سرووشت کە دێتە شیعرەوە، سەرلەنوێ دەکەوێتە بەر پرۆسەی هەمدیس دروستکردنەوە و ناولێنانەوە و بەرهەمهێنانەوەیەوە. بە بڕوای من شیعری زیندوو بەو هێزە دەناسرێتەوە کە تیایدا دەست بۆ دونیا دەبات و دەستکاریی دەکات و دایدەڕێژێتەوە، شیعری زیندوو لەو گەمەیەوە وزەی خۆی وەدەستدێنێت کە بۆ تێکوپێکشکاندنی روانینی باو و لەقاڵبدراو و دەقگرتوو دەیکات.

**لە دیدارێکدا دەڵێن (کاتێک شیعرەکانی نالی و مەحوی دەخوێنمەوە ئاسوودەییەکی تەواو دامدەگرێت)، دەپرسم حیکمەتی شیعرەکانی نالی و مەحوی لە چیدایە کە تا ئێستا بە زیندوویی ماونەتەوە؟**

ئەگەر وتبێتم ئاسوودەیی ئەوا هەڵبەت نەمتوانیوە گوزارشتی تەواو لە پێداویستی گەڕانەوەی هەمیشەییم بۆ لای ئەو شاعیرانە بکەم... لەڕاستیدا گەڕانەوەمان بۆ لای ئەو زاتانە و خۆکردن بە گێژەنی شیعریاندا، پێداویستییەکی ناوەوەی ئێمەیە وەک ئینسان بۆ تێکوپێکشکاندنی یەقینگەلێک کە خەریکن لە ئاستەکانی سەرەوەی زەینماندا چین دەبەستن، لە خۆکردن بە گێژەنی شیعری بەرزدایە کە دیوارەکانی ئاسوودەیی و دڵنیایی بە مانا باوەکەی دەڕمێن و جێگە بۆ گومان و نایەقین و نادڵنیایی چۆڵ دەکەن... بڕوام وایە کە دەورکردنەوەی ئەو شیعرە بەرزانە بەدەر لە چێژە ستاتیکییەکەیان، پێداویستییەکی بەردەوامی ئێمەیە بۆ شڵەقاندنی باو و هەر قاڵبێک کە خەریکە لە ناوەوەمانرا دەفۆرمێت... پێداویستیی بەردەوامی ئێمەیە بۆ گوێڕادێران بۆ دەنگێک، لەڕاستیدا بۆ هاوارێک کە لەنێو فەوزا و قەرەباڵخیی و هاتوباتەکاندا، بانگمان دەکات و خۆیمان بۆ دەکاتەوە، خۆکردنە بە گۆڕەپانی زۆرانگرتنێکدا کە شەڕەکە لەنێوان ئێمە و نەیارانێکی لاوازتر یان هاوشانی خۆماندا نین، بەڵکو زۆرانگرتنەکە لەگەڵ هێزێکدایە کە لە خۆمان باڵادەستتر و جەنگاوەرتر و بەئەزموونترە.

**ئایا ئەدەبی ئێمە بە هەموو ژانرەکانییەوە توانیویەتی خۆی بە جیهان بناسێنێت؟ ئەگەر نەیتوانیوە هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێننەوە؟**

هیچ گومانی تێدا نییە کە بەدەر لە کاری ئەو نووسەرە کوردانەی کە بە زمانی تر دەنووسن، ئەدەبیاتی ئێمە لە دەرەوە نەخوێنراوەتەوە و هێشتا هەر لە دۆخێکی پەنگخواردوو و لۆکاڵییدا ماوەتەوە. لەڕاستیدا دەبێت ئەوەش بڵێین کە ئەدەبییاتی ئێمە لە ناوەوەش لە دۆخێکی باشدا نییە و هەر ئەو دۆخە خراپەش بە بڕوای من بەجۆرێک لە جۆرەکان کاریگەریی لەسەر نەناسین و نەخوێندنەوە و پەراوێزاندنی لە دەرەوە هەیە... لەڕاستیدا ناسینی نووسەر یان کتێبگەلێک بە دەرەوە و رەخساندنی دەرفەت بۆ ناساندنی لە ئاستی دونیادا، چەندێک پێوەندی بە جوانیی کتێبەکەوە هەیە، هێندە و زیاتریش پێوەندی بەو کار و هەوڵە بەردەوامەوە هەیە کە چ لەسەر ئاستی تاکە کەس و چ لەسەر ئاستی بازاڕ و دەزگا و دامەزراو بۆ ناساندنی دەدرێت، هەر لە وەرگێڕ و رەخنەگر و ریکلامەوە تا دەگاتە سۆراخکردن و دۆزینەوەی دەزگای بڵاوکردنەوەی خاوەن ناوبانگ و کتێبخانە و ناوەندەکانی کولتوور و چوونە نێو پێشبڕکێ ئەدەبییەکانەوە.

دوای ئەوەی ئەمساڵ هێرتا مۆلەر خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت، لە بەرنامەیەکی ئەدەبییدا تەلەفۆن بۆ دۆریس لیسینگ-ی وەرگری ساڵی ٢٠٠٧ی خەڵاتەکە کرا و رایان سەبارەت بە هێرتا مۆلەر وەرگرت، لیسنگ زۆر بە سەرسوورمانەوە گوتی: ناویم نەبیستووە و هیچ کارێکیم نەخوێندۆتەوە... ئەم قسەیە لە راستیدا ئەهمییەتی خەڵاتێکی گرنگی وەک نۆبڵ دەردەخات بەوەی چ دەرگایەکی گەورە بۆ نووسەر و بە لێشاو چاپکردنی کارەکانی دەکاتەوە.

**دیارە ئێمە خاوەنی زمانێکی ستاندارد نین، نەبوونی ئەم زمانە ستانداردە هۆکارێک بووە بۆ رێگرتن لە گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی ئەدەبی کوردی؟**

نەبوونی زمانێکی ستاندارد رێگر بووە لە گەشەسەندنی ئەدەبیاتی کوردی لە رووی چەندێتییەوە... دەکرا بە هۆی زمانێکی ستانداردەوە ئەوەی ئەمڕۆ بە شێوەزارێک دەنووسرێت، لەلایەن رووبەرێکی زیاتر لە ئاخێوەرانی شێوەزارەکانی دییەوە خوێندرابایەوە. لە راستیدا ئەوە خەمێکی گەورەیە کە هەموو خەڵکی خۆت ناتخوێننەوە و دابڕانێکی گەورە لەنێوان شێوەزارەکاندا هەیە، بەڵام بەبڕوای من کێشەکە لە چۆنایەتیی ئەو ماددە ئەدەبییەدایە کە ئێمە دەیدەینە خوێنەرانمان، بەتایبەتی کە کەناڵەکانی پێوەندی و زانیاریی لەمڕۆدا لەوپەڕی خێراییدان و خوێنەر لەبەردەم هەڵبژاردنێکی فرەلایەن و فرە سەرچاوەدایە.

**یەکێک لەو گرفتانەی رۆشنبیری کوردی تێیکەوتووە، نەبوونی رەخنەی ئەدەبییە. رەخنەی ئێمە ئەوەندەی کار لەسەر شەخس دەکات کار لەسەر تەکنیک و فۆرم و هتد... ناکات، ئایا نەبوونی ئەم رەخنەیە هۆکارێکە بۆ ئەو پاشاگەردانییەی تووشی ئەدەب بە گشتیی و شیعر بە تایبەتی بووە؟**

لەڕاستیدا بەدحاڵیبوونێکی قووڵ هەیە لەنێوان کاری داهێنەرانە و رەخنەی ئەدەبیی ئێمەدا، جگە لە چەند هەوڵێکی کەم لە بواری رەخنەدا، سەرجەم هەموو ئەوانەی کە بەناوی رەخنەوە دەنووسرێن، دەچنە قاڵبـی جۆرێک لە رانان یان خوێندنەوەیەکی ئاسایی و سادە و ساکاری کارە ئەدەبییەکانەوە... جوانیی و گرینگیی رەخنە لەوێدایە کە دەروازەی نوێ لەبەردەم خوێندنەوەی تێکستێکدا دەکاتەوە و خوێنەر بەرەو ئاسۆی نوێی تری رامان و بیرکردنەوە دەبات، کەچی بەپێچەوانەوە رەخنەی ئێمە هەر لە سەرەتاوە بە جۆرە یەقینێکەوە تێکست گەمارۆ دەدا و هیچ ئاسۆیەک لەبەردەم کرانەوەیدا ناهێڵێتەوە.





**وەرگێڕان بوارێکی تری کارکردنی تری تۆیە، ئایا وەرگێڕان خەمێکی مەعریفیی تۆیەو هەستت بە بۆشایی کردووە لە بوارەکەدا، یان ئەو تێکستانەی خۆت خوێندووتنەتەوەو لات جوان بووە، حەزت کردووە خوێنەری کوردیش بێبەش نەبن لێی؟**

دەبێت بڵێم کە ئەو کەمە ئیشکردنەم لە بواری وەرگێڕان و تەنانەت هەوڵەکانی شیعرنووسینیشم، خەمێکی تایبەتی خۆمن و تەنها و تەنها بۆ لاواندنەوەی رۆحی خۆمن، هیچ نیاز و ئومێد و شتێکی تری وەک خزمەتکردنی کتێبخانەی کوردی و لافلێدان و نازکردن بەسەر خوێنەرانیان لە پشتەوە نییە... من دەنووسم تا ببمە ئینسان و گەر کراش هەنگاوێک ئەولاوەتر بڕۆم... دەنووسم تا ئازاد بم و زنجیرەکانی کۆیلایەتیی و رق و خۆپەرستیی لە خۆمدا لەتوپەت بکەم... دەنووسم تا ئەرزی ئەو خەونە ئاو بدەم کە بە دونیایەکی جوانترەوە دەیبینم...





## کەریم دەشتی:
# منداڵیتی من خۆڵەمێشێک بووە

**ئامادەکردنی: حەمە کاکەڕەش**

### بەشی دووەم و کۆتایی

**حەمە کاکەڕەش: تۆ سەرەتا بە شیعر دەستتپێکرد، لەگەڵ ئەوەشدا بەشداریی گفتوگۆ جدییەکانی نێوەندی رۆشنبیریی ئێمەت کردووە، دواتر هاتیتە سەر نووسینی نۆڤلێت، دوای نۆڤلێت چەند کتێبێکی ناوازەت وەرگێڕاوە، وەک دوا وەسوەسەی کریست، دەمەوێت ئەوە بڵێم ئایا ئەم هاتن و چوون و گەڕان و گۆڕین و لەو دەرگادانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دونیای شیعر یان ئاسمان و پانتایی شیعر جێگای خەونبینین و خەیاڵەکانی تۆی تێدا نابێتەوە، یان چەمکێکی رۆشنبیریی وات لێدەکات هەر لە وێستگەی شیعردا نەمێنیتەوەو دەست بۆ ژانرەکانی تر ببەیت؟**



کەریم دەشتی: سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە یەکەمین ئەزموونی شیعریی من لە دیوانی- خاک و هەڵۆ-دا دەستپێدەکات و دیوانی تەمە سپییەکان دووەم ئەزموونی منە لە شیعر نووسیندا، هەموو ئەو بەشداریکردنانەی من لەمەڕ تیۆریزەکردنی شیعر لەو ماوەیەدا سەر بە درێژبوونەوەی هەمان ئەو دوو ئەزموونە شیعرییەم بووە، هەموو ئەو نووسینانەی کە بە دوای ئەمانەدا هاتووە چ لە شیعر و چ لە وەرگێڕان و چ لە نووسینی نۆڤلێت هەر هەموویان لەدایکبووی یەک موعاناتی شیعریی بوون.

من پێموایە هەموو رۆمانێک یا هەر نۆڤلێتێک خاوەنەکەی شاعیر بێت یان نا پێویستییەکی زۆری هەیە بە سەلیقە و زمانی شیعریی، کاتێک دەڵێین زمانی شیعریی مەبەستمان ئەوە نییە نووسەر شیعر بنووسێت، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە سۆزو ئەدای شیعرییەت جۆرە کەش و تەشقێکی تراکتیف ئامێز بۆ دەقەکە خەڵق بکات و ببێتە هۆیەک کە بێزاریی خوێنەر بکوژێت، تۆ کە لە رۆمان یا نۆڤلێت بتەوێت ببیتە جێی سەرنجی خوێنەران و راکێشانیان، ئەوا دەبێت کەرەستەیەکی وات پێبێت کە لە دوورەوە رایاندەیە لای خۆت، ئەگینا بە ستایلێکی موقەوایی ناتوانیت خوێنەر بۆ خۆت دروستبکەیت، ئەگەر سەیری پرۆسێسی نووسینی رۆمان و نۆڤلێتی جیهانی بکەین، دەبینین ئەوانەی کە ستایلی شیعرییەتیان -نەک شیعر- بەسەردا زاڵە زۆرترین خوێنەری بۆ خۆیان دروستکردووە، بۆ نموونە رۆمانەکانی ئایتماتۆف، نووسینەکانی هاشم ساڵح، سۆنێتاکانی شەکسبیر و رۆمانەکانی کازانتزاکی و شولوخۆف و زۆرانی دیکە.., ئەوەش بەو مانایا نییە کە دەبێت هەموو رۆمانێک رەچاوی ئەوە بکات، هەیە توانای بەرهەمهێنانی شیعریەتییان نییە، لە پەخشانە رۆمان یان نۆڤلێتی خۆیان، بەڵام ئەمجۆرە مرۆڤانە لە خوێندنەوەیاندا ماندووبوونێکی دیکەیان دەوێت و هەڵسوکەوتێکی زۆرتریان گەرەکە، بۆ نموونە رۆمانەکانی دۆستۆیۆڤسکی نابێت وەکو رۆمانەکانی یەشار کەمال یان فلۆبیر بخوێنرێتەوە، بەڵکو ئاست و هەست و چەشەی جیاجیایان گەرەکە منیش لەو نۆڤلێتانەی کە نووسیومە هەوڵی دروستکردنی شیعرییەتم داوە کە زاڵبێت بەسەر رووداوەکان، لە راستیدا بە دەستی ئەنقەست وام نەکردووە، هەر خۆی ستایلی نووسینی پەخشانم وایە و ناتوانم لێی رزگار بم، لە کۆتاییدا ئەوە دەڵێم شیعر سەنتەر نییە، بەڵام پەساپۆرتی پەڕینەوەی هەیە بۆ ناو هەموو سەنتەرەکان.

هەرچەندە ئەم بابەتە زۆری لەسەر گوتراوەو نووسراوە، بەڵام هێشتا ئەوە هەڵدەگرێت کە باسبکرێت و شرۆڤە بکرێت، لە راستیدا هیچ شتێک لە

ژیانی داهێنەر تەحەمولی قسەی پفدراو ناکات... نووسەر دەبێت وا لە خوێنەر بکات کە توانای ئەوەی هەبێت لەگەڵیدا بژی... خوێنەر قەرزارباری نووسەر نییە، ئێمە قەرزی رۆحمان بە نووسین دەدەینەوەو بە وانیش دەڵێین: شایەدبن.

مەودای ئەدەبدا پێناسەیەکی یەکجارەکی نییە، بەڵکو راو بۆچوونی جیاجیا و پێداچوونەوەی جیاجیای بۆ دەکرێت و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، شتێک نییە لەناو زەین و دڵی مرۆڤدا پێی بگوترێت بەهرە، ئەوان دەڵێن بەهرە خۆرسکەو هەندێک مرۆڤ لەگەڵ لە دایکبووەنەوە خاوەنی بەهرەی خۆیانن، بەڵام لە راستیدا وا نییە، هەندێک کەس هەن زەین و هزر و مەژییان زیاتر گەرموگوڕترە لە هی کەسێکی دیکەو زیاتر جووڵە دەکات و خوێنیان تێدا دەگەڕێت بۆیە زیرەکتر بە دیاردەکەوێت و بەهرەمەندتر بە دیاردەکەوێت، پەیوەندیی نێوان بەهرە و مەعریفە پەیوەندییەکی لەگەڵ یەک گۆڕینەوەیە، واتە لە ئاوی یەکتر دەخۆنەوە، کە بەهرەی زیرەکیت هەبێت و مەژییت جوانتر کاربکات زیاتر سوود لە مەعریفە وەردەگریت و دەیخەیتە بەردەستی خۆت، کە خودانی مەعریفەیەکی بەهێزتر بیت زیاتر بەهرەت بەگەڕ دەخەیت.

بەڵام ئایا شیعر بە تەنها بەهرە دروستیدەکات؟ نەخێر. هیچ شتێک یا راستتر هیچ ژانرێک ئەوەندەی شیعر سەخت نییە، ئەوەی ئەزموونی خۆی بەهێز نەکردبێت، نازانێت شیعر چەند زەحمەتە، بەڵام ئەگەر ئەمرۆ گۆڤار و رۆژنامەکان لە جیاتی ئەوەی پاداشتیان بدایە لە بری بڵاوکردنەوە، پارەیان لە خاوەن شیعرەکە وەرگرتبا هیچ کەسێک شیعری وا بە ئاسانی بڵاونەدەکردەوە! چونکە ئەوسا زۆر کەس شیعری بڵاودەکردەوەو پارەی خۆشی دەدا، کەسێکیش ئاورێکی لە شیعرەکەی نەدەدایەوە و بە ناچاریی دەڵێت با پارەکەی خۆم بە فیرۆ نەدەم، ئەوکات شیعر ئێجگار بەهێز بە دیار دەکەوت و خەڵکی دەیزانی شیعر چەند سەختە، چونکە لە



شیعردا تۆ کەسێک دروستدەکەیت کە خۆت تەمەننات دەکرد وا بای، دەتەوێت جوانییەک خەڵق بکەیت سەرنجی ژیان رابکێشێت، بۆیە ئەزموون جوان و تێر و تەسەل نەبێت شیعرەکە جوان و تێر و تەسەل نابێت، ئەمە پەیوەستە بە عەقڵ و مەعریفە و سۆز و سووتان، پەیوەستە بە دیدگا و بینینی جیهان، پەیوەستە بە بیرکردنەوەی قووڵ و بێ ئەمان... نەک کەف و کوڵ و سەردو لکە و لالانەوە.

نووسەری تژی عەشق و داهێنان لە چەند ساتێکی کورتدا شتەکانی خۆی دەڵێت و کارەکانی خۆی دەکات و دیالۆگی خۆی بەردەوامی پێدەدا و ئەرکەکانی خۆشی ئەنجامدەدا... گەورەترین دەقی شیعریی لە چرکەساتێک بیرۆکەی خۆی دادەڕێژێت... ژیان پێویستی بە پێکەنین و قسە و ئەڤینی و نوکتەش هەیە... نووسین و کاری نووسین عەشقێکە لەگەڵ غەیب، غەیبێکە لەگەڵ نووسەر، ئەوانە سیحر لەگەڵ یەکتر دەگۆڕنەوە... ئەو سیحرەی بە مانای ژیان لەگەڵ یەکتری لە باخچەی ئەفسووندا... حەزدەکەم ئەوە بڵێم من لە هەموو وەڵامەکانمدا دەمەوێت خوێنەر بە کێڵە بەفری هەڵڕشتنی مەعریفە خەریک نەکەم، دەمەوێت پێی بڵێم: ژیانی داهێنەر تەحەمولی قسەی پفدراو ناکات... نووسەر دەبێت وا لە خوێنەر بکات کە توانای ئەوەی هەبێت لەگەڵیدا بژی... خوێنەر قەرزارباری نووسەر نییە، ئێمە قەرزی رۆحمان بە نووسین دەدەینەوەو بە وانیش دەڵێین: شایەدبن.

هەموو ئەو گرووپ و گرووپکارییەی بەر لە راپەڕین هەبوو، کاریگەریی خۆیان هەبووە، چونکە ئەو سەردەمە نووسەران و نەوەی تازە بایەخیان بە خوێندنەوە دەدا و بازاڕی ئەدەب و رۆشنبیریی گەرم بوو، هەروەها ئەدەب و رۆشنبیریی ببووە پەنجەرەیەک بۆ ئاشکراکردنی داهێنانەکان لە رووی زمان و شێواز و تیمە و فۆرم و ناوەڕۆکەوە، ئیدی گەنجەکان دەپرژانە سەر خۆ بەهێزکردن لەم بابەتانەدا و هەمیشە بە دوای ئەو بەرهەمانە دەچوون کە نەوەی پێش خۆیان بۆ ئەوانی بەرهەم دەهێنا... بەڵام ئەوەی جێی سەرنج و تێرامانە ئەوەیە، ئێستا کە هەموو شتەکان گۆڕاوە، ئەدەب و رۆشنبیریی وەکو جاران بابەتێکی سەرەکی نەوەی تازە نییە و گەلێک داهێنراوی دیکە جێگایانی گرتووەتەوە، بە تایبەتی دەرهاوێشتەکانی جیهانگەرایی کە ئێجگار پەرش و بڵاوبوونەتەوەو سەراپای هێزو تواناکانی گەنجانی بەلای خۆیدا پەلکێشکردووەو لە زۆر جومگەی ئەو دەرهاوێشتانەدا گەنجەکانی دیلکردووەو لە هەندێک شوێندا سڕی کردوون، بۆیە ئەو کاریگەرییەی کە گرووپەکانی سەردەمی خۆی هەیانبووە، ئێستا وا نییە، جارێ بایەخدان بە زمان زۆر کەم بووەتەوە، ئەمەو جگە لەوەی نەوەی تازە عەوداڵی زمانی تازەن و لە هەمانکاتدا عەوداڵی فێربوونی زمانی بیانین،

که پێشتر ئەم دیاردانە کەم بوون، هەروەها گەنجی ئێستا کەمتر بیر لە مەسەلە نەتەوەییەکان دەکاتەوە، کە ئۆباڵی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسیی کە هیچ کارێکی پەروەردەیی نەتەوەییان لەناو هزری گەنجان نەکردووە تا بایەخ بە بەرهەم و کولتووری سەردەمی خۆیان و نەتەوەکەیان بدەن، بۆیە کاریگەریی ئێمەش کەم بووە بەسەر نەوەکانی داهاتوو و ئەوانیش لەگەڵماندا دەژین، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو شتانەش تا ئێستا بەرهەمی باش لە هەر بوارێک بێت کاریگەری خۆی هەیە، هەرچەند لە نێوەندێکی کەمیش بێت.

کتێب سەرچاوەی هەموو خەیاڵ و مەعریفەکانە، لە رووی دەستنیشانکردن و ناساندن و کەشفکردن، سەرچاوەی هەموو داهێنانەکانە، بۆیە سەفەر بەنێو کتێبەکاندا، سەفەرێکی وەهمیە بەناو دونیای واقیعدا، بۆ من کتێب سەرچاوەی هەموو شتەکانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش سەفەر و گەشتیش رۆڵێکی گرنگ دەبینن لە رەنگرێژکردنی ئەو خەیاڵ و مەعریفانەی زەین هەڵیاندەگرێت و کۆمەڵێک ئاسەواری گرنگ لە نێو یادەوەرییەکان جێدەهێڵن و لە هەمانکاتدا دەبێتە بەشێک لە ئەزموونی نووسەر، تەنانەت ئەدەبێک هەیە رەنگە ئەوەی بۆ راست بێت کە پێی بڵێین ئەدەبی سەفەر، یاخود سەفەرنامەکان هەڵبەت پەیوەندییەکی زۆر هەیە لە میانی هزر و چاودا، هزر ئەگەر داینەمۆی هەموو ئەندامەکانی دیکەیە، بەڵام بۆ مەسەلەکانی ئەدەب و رۆشنبیریی پێویستیان بە یەکتر هەیە، لەبەرداشی کۆتاییدا دەڵێم دوای هەموو ئەو شتانە تا زەین پرۆسێسی بیرکردنەوەی خۆی گەرم نەکات، هیچ بەرهەمێک لە دایک نابێت، بە بێ گەرمبوونی زەین هەموو سەفەرەکان بێهودە دەبن، چاو هەرچەند تیژ بین بێت و جوان بە دی بکات، پێویستی بەوە هەیە بە فلتەری هزردا بڕوات، بۆ ئەوەی بشۆرێتەوەو رەنگرێژ بن.

هەڵبەت ئەوە تەنها بۆ نووسەران و داهێنەران بایەخێکی هەیە ئەگینا بازرگانی وا هەیە بە هەزاران هەزار سەفەرو گەشت بۆ جوانترین شوێنی دونیا دەکات، بەڵام چونکە دیدگای بەسەر ئەدەبەوە ناشکێت، هەمووی بە هەدەر دەڕوات.

یەک ستایلیی لە نووسین جۆرێک لە بێزاریی بۆ خوێنەر دروستدەکات، تا ئەو رادەیەی ئیدی نایخوێنێتەوە، چونکە دەزانێت چۆنی دەنووسێت و چی دەنووسێت.

فرەستایلیی بۆ نووسەر زۆر باشە، چونکە خۆشی تووشی ئەو حاڵە سەقامگیرییە لە تەمەنێک نایەت، ئەم یەک ستایلییە وا لە نووسەر دەکات خۆی لاسایی بەرهەمەکانی پێشووی خۆی بکاتەوە...



**حەمە کاکەڕەش: تۆ لە (خاک و هەڵۆ)وە کە یەکەمین ئەزموونی شیعریت بوو تا ئەمڕۆ بەردەوام لە چڕبوونەوەیەکی جواندا دوور لە تەمومژی دەستکرد لە باڵاکردن و دەنگ زووڵاڵیدایت، خەیاڵ و وێنە و دەربڕین لە شیعرەکانتدا تووشی چەقبەستن و دووبارە بوونەوە نەهاتوون، ئایا ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە پشتی شیعرەکانتەوە ئیلهامێکی کەڵەگەت وەستاوە یان رۆشنبیرییەکی فرەڕەهەند؟**

کەریم دەشتی: دیوانی (خاک و هەڵۆ) یەکەم ئەزموونی خۆشەویستی منە، هەموو شیعرەکانی لەو چرکانەدا نووسراون کە نەتەوەکەم لەژێر تەپوتۆزی هێزی بێ رەحمیدا غەرق بوو بوو. بۆیە هەر پارچەیەک لەو شیعرانە وەرگریت لەنێو نائومێدییەکی گەورەدا غەرق بووە، نا ئومێدییەک لەوەدا سەریهەڵداوە کە رۆحی نەتەوە بە پۆڵای داگیرکەران گەمارۆدراوەو مەودای یەک تاکە جریوەی نەماوە. من گوزارشت لەو بێدەنگییە مێژووییە دەکەم کە نەتەوەکەمی نووقمی ونبوون کردووە... باس لەو هاوارە دەکەم کە لە سەدەکانی زۆر دوورەوە دەگاتە گوێم و هیچ وەڵامێکمان بۆ نییە، باس لە کوشتنی جوانیی دەکەم. باس لە مەرگی مرۆڤ دەکەم، بەڵام نەهاتووم دروشم داڕێژم... بەڵکو شیعرم داڕشتووە و لەژێر پەردەی ئێستەیک تانوپۆم پێداوە، من پێموایە دروشم لە شیعردا چ جیاوازییەکی لەگەڵ خودی داگیرکەر نییە. هەر ئەو دروشمەو دروشمکارییە بوو ساڵانێکی دوورو درێژ ئەدەب و شیعری کوردی کوشت و توڕی هەڵدانە ناو مەرگ، خەباتکردن لەپێناو داهێنانی پوختی شیعری، سەختە، وەکو خەبات لەپێناو رزگاربوون... رزگارکردنی شیعر لە پۆخڵی رزگارکردنی نەتەوەیە نابێت بە کەمبایەخی وەرگرین، من لە دیوانی خاک و هەڵۆدا وامکردووە، هەڵبەت ئەزموونی سەرەتاییە ناڵێم کامڵە، بەڵام بۆ ئەو سەردەمە کە هەمووی دروشم بوو، من توانیم ئەو دروشمانە بەدوورخەمەوە لە خۆم، من هەر لە سەرەتاوە لە یەکەم ئەزموونی شیعریی خۆم باوەڕم بەوە هێناوە کە ئەدەبیات بەگشتیی و شیعر بە تایبەتی پێویستیان بە هەموو عومری ئەدیبە یان شاعیرە، تۆ بۆ ئەوەی هەمیشە لە هەڵکشاندا بیت، دەبێت تەمەنی خۆت هەر لە سەرەتاوە بۆ ئەم کارە مسۆگەر کردبێت، داهێنان پێویستی بە خودی داهێنەرەو لەم رێگەیەوە قوربانییەکی زۆری دەوێت، بەبێ رەچاوکردنی ئەم حەقیقەتە شاکار دروست نابێت، سەرچاوەی هەموو داهێنەرەکانی دونیا لەسەر چەند کۆڵەکەیەکی گرنگ دامەزراوە، کە بەتەئکید یەکەمیان هێزێکی ئەبیستمییە کە خودی نووسەر دەکاتە ئەو چاوە سیحراوییەی هەموو بلێسەکانی داهێنان لە ناو گلکۆی پشکۆکانی ناو

خۆڵەمێش دەبینێت هەمان ئەو هێزە مەعریفییەیە کە شارەزای ڕەهەندەکانی دیکەت دەکات، ئەمە هەموو حەقیقەتی نووسینەکانی من و ئەزموونی منە و هەر بەو پێودانگە ئەدەبی خۆم بونیات ناوەو من جارێکی تریش گوتوومە و دەیڵێمەوە پرسیارەکەشت ناچارم دەکات من باس لە ئەزموونی نووسینی خۆ بکەم، کە لایەنێکی زۆری مەبەستی تۆ ڕووندەکاتەوە، نووسین بۆ من ڕەزمی مانەوەیە، ڕەزمی نـاوەوەی ژیانە، بۆیە هەمیشە لە هەرشوێنێک بم بیر لە نووسین دەکەمەوە، چونکە دەزانم بێ نووسین ڕۆدەچم و دەتوێمەوە، بێ نووسین هەست بە هیچ ئاسەوارێکی خۆم ناکەم، تەنانەت ئەو کاتانەی کە نانووسم هەست بە بوونی تەواوی خۆم ناکەم، ڕەنگە هەبن ئەوە بە حەقیقەتێک نەزانن، بەڵام ئەوان خۆیان وان و هێشتاکە شارەزای ئەم لۆگۆسە نەبوون، کاری نووسین پەڕینەوەیە بۆ جیهانێک جگە لە خودی نووسەری ڕاستەقینە، کەسی دیکەی تێدانییە، جیهانێک زیاتر لە شەوق و سیحر دەچێت، لە فەریکی ئەو گوڵگەنمە دەچێت کە شیری ژیانی تێدا دەجمێت و دەکەوێتە سەماوە، بۆیە نووسین لە دیدو بۆچوونی من، ئەنجامدانی فەرزەکانی ئایینێکە لە هی ئایینێکی دیکە ناچێت، کە ئەمە درامای نووسین بێت، دەبێت نووسەر بە چ درودێکەوە بچێتە نێو ئەو پەرستگا پیرۆزەوە، چۆن لەبەردەم ئاگری نێویەوە بنوشتێتەوە؟ ئەمەیان نهێنییەکە تەنیا ئەو کەسانە پەی پێدەبەن کە لە ناوەوەی پەرستگەکانی خۆیان سرووتی داهێنان بەڕێوەدەبەن. کاتێک قەڵەم دەگرمە دەست و دەچمە ئاوایی شیعر، تەکانێکی بەهێز دەدەمە بەر خۆم و خوێنێکی ئێجگار زۆری جەستەم دەخەمە خرۆش، بۆ ئەوەی بتوانم بەرگەی ئەو هەموو پۆلیە ئاگرانە بگرم کە لە نادیارەوە دەبارێتە سەر ڕۆحم، زۆرجار لەخۆم دەپرسم و بەنێو کتێبەکاندا دەگەڕێم، دەچمە قووڵایی هەمووکێشەکان، هەر بۆ ئەوەی بزانم ئاخۆ ئەم هەموو ئاگرە لە کوێوە دێ و هێندە بە لەزەت هەڵدەپرژێتە سەر ئەتڵەسی نووسەرەوە، بەڵام هەموو هەوڵەکان بێهودەن، مەحاڵە دەرک بەو سەرچاوانە بکەین کە ئاگری نووسین بەرپا دەکەن، چونکە دڵنیام بە دۆزینەوەی ئەم سەرچاوانە هەرچی بەهاو ئیستاتیکای نووسین هەن، وردو خاش دەبن و هیچ بەهایەک بۆ نووسین نامێنێتەوە، ئەڵێرەوەیە پرۆسێسی نووسین بۆمن چۆنێتی پێشوازی کردن لەم ئاگرانە، یاخود پرۆسێسی دووبـارە خەڵقکردنەوەی پرۆمیتۆس و کاری ئاگردزینە لە خوداوەندەکان، کە ئەمەشیان قوربانیدان و چوونە ژێر باری قەدەرە، ئەوکاتەی قەڵەمم گرتە دەست و خۆم ئامادەکرد، ئەوە هێشتا نەچوومەتە نێو ئەو میحرابە موقەدەسەی کە نووسەر تیایدا هەموو



جوانییەکانی ڕۆحی خۆی بۆ دەقێکی جاویدانی لەدەستدەدا لە پێناوی ئەم جوانییانەی کە لەنێو دەرگـاو پەنجەرەو کەوانەی ئەم میحرابەدا خۆیان حەشارداوەو هاواری قەڵەمی نووسەر دەکەن ڕزگاریان کات لەو نادیاریی و نهێنیانە، هەر بۆیە لەگەڵ یەکەم ساتی تێکەڵبوونم بەو زەمەنە نادیارو ئەو جوانییە نادیارانەو ئەو فەزا بخورییە، هەموو وجودی خۆم وندەکەم و بە ناچاریی دەبێت خۆم لە نووسینی شیعر خەڵق کەمەوە، کەواتە نووسین هەمدیس بۆ من ئەنجامدانی سرووتەکانی قەقنەسە لە سووتان و دووبارە زیندووبوونەوەی لە خۆڵەمێشەکەی خۆیدا، کتومت نووسینی شیعر سرووتێکی ئەفسانەیی سیحر ئامێزە، ئەڵێرەوەیە کێشە سەختەکەی شیعر دێتە ئاراوە، ئیدی ئەو لافاوە دەستپێدەکات و هەڵدەچێت کە ئامان و بوار بە هەموو نووسەرێک نادات، نووسەر دەکەوێتە ژێر سرووتی شمشێرەکەی دیموکلیس هاکا بە جوانییەکان کۆتایی پێدێت. ئەڵێرەوەو لە هەمان ئەو فەزا تراژیدیی و لەزەتبارەوە من قەڵەم بە کاغەزدا دەهێنم و بێباکانە، یەکەیەکەی دەمارەکان و تەڵە تەڵە ئیحساساتەکانی خۆم پێشکەش بە جەللادەکانی جوانیی دەکەم، ئەو جەللادە شەرمنانەی کە بە ئاستەم دیارن و دیارنین، بەمجۆرە شیعر نووسین لەلای من لەدەستدانی بە ئەنقەستی هەموو ڕۆح و بۆن و بەرامەی خودە، ئەو خودەی کە بەم کارەوە خاڵی دەبێت لە هەموو ئەوشتانەی کە بەر لە هاتنە نێو ئەو مەعبەدە پڕی بوو لە جووڵەو خرۆش، پڕی بوو لەو هۆکارانەی ژیانیان بە هیواوە لە ئامێز گرتبوو، ئەو مەعبەدەی لە دوورەوە فێردەوسێکی ئێجگار غەریبو جێ مەبەست بوو، یاخود یۆتۆپیایەک بوو بۆ (من)ی شیعر، بەڵام کە دەچێتە ناویەوە بەڕاستی گۆڕستانێکی گەورەی جەستەی (من)ی شاعیرە، بەمجۆرە بەدرێژایی ساڵانی نووسینی شیعر هەمیشە چوونم بۆ نووسین، چوون بووە بۆ نێو ئەو یۆتۆپیایەو هاتنەوەشم هەمیشە گەڕانەوە بووە لەو گۆڕستانە، لەمیانی یۆتۆپیاو گۆڕستاندا من ئەزموونی نووسینی شیعری خۆم پەرەپێداوەو هەمیشە سیزیف لە ناخمدا دەستی بەرەگی بەردەوامیم گرتووە. مەعبەدەی شیعر نووسینی من، لە هی هیچ کەسێک ناچێت، تەنانەت دەتوانم ئەوە بڵێم و دەشتوانن لە شیعرەکانمدا ئەوە بدۆزنەوە کە من شاعیرێکم خودانی مەعبەدێکی وام نموونەی قبووڵ نییە، نە لەدەرو دیوارەکانی دەرەوەی، نە لە شێوەو سیمای کۆشک و تەلاری، نە لە تاق و پەنجەرەکانییەوە، مەعبەدی شیعر نووسینی من نە کەس دیویەتی و نەکەسیش دەیبینێت، پێتان سەیر نەبێت کە من بۆ خۆم مەعبەدی وام هەڵبژاردووە، لە شووشەی شکاوی مرۆڤایەتی درووستم کـردووەو بەکریستاڵی دارژاوی

فرمێسکی مرۆڤایەتی ئاومداوەو بە پارچە پارچەبوونی جەستەی خۆم ئاڵووالاّم کردووە، بۆیە ئەوەی قبووڵیەتی خودی خۆی یان خودی شاعیر خۆی بکاتە قوربانیی، دەتوانێت مەعبەدێک ئاوەها بۆ خۆی بونیات بنێت و لە نووسینی شیعردا تێیدا فەنابێت و حەللاج ئاسا لەکاتی رشتنی خوێنیدا بۆ ئەوەی خەڵک پێی نەڵێن ترساوەو رەنگی زەرد بووە، بە دەستەکانی خۆی خوێنی جەستەی خۆی لە روخساری هەڵسویوە... ئاوەها دەبێت بە خوێنی خۆی، روخساری خۆی سوور بکات. ئەمە مەعبەدی نووسینی منە، کاتێک لە پرۆسەی نووسینی شیعردا لەژێر ستوونەکانی ئەو مەعبەدە دەوەستم، خۆم تاقە کەسێکم سەلیبی خۆم لە دەستەو بیر لە پاڵەوانەکانی مێژوو دەکەمەوە (نیتشە) کە بە کوشتنی خواکان کۆتایی مێژووی راگەیاند، مەسیح کە بە چوونە ژێرباری سەلیبەوە ترۆپکی هەموو قوربانییەکانی دارشت، کەواتە داهێنانیش بوارێکی دیکەیە بۆ دروستبوونی پاڵەوان، ئەوەی شیعریش دەنووسێت دەبێت سڵ لە چارەنووسێکی ئاوا نەکاتەوە، هەربۆیە جاروبار سەر بەرز دەکەمەوەو لە بەرزیی ئەو ستوونانە دەگەڕێم کە نایانبینم... رەنگە سەریان لە حەوت تەبەقەی ئاسماندا بێت، رەنگیشە سەریان هەر لەلای خوادا بێت، کەواتە من لەژێر سێبەرێکدا مەعبەدم تەیکردووە، کە لە هێزو قودرەتی مرۆڤ نەبێت بەبالاّیدا هەڵگەڕێت، بەڵام دەبێت پێیدا هەڵگەڕێت جا یان سەردەکەوێت یاخود دەبێت بکەوێتە بنەوە، من لەژێر ئەو ستوونانەوە بە دوای رۆحی بەردەوامبوونی شیعرێک دەگەڕێم جاویدان بێت. کاتێکیش دەچمە بەر ئەو پەنجەرانەی کە لەنێو ئەو مەعبەدەدایە، هەموو رووداوەکان دەبینم، تراژیدیاکانی ئەم سەرزەمینە، ئاگری سووتانی رۆماو پرووشکی فڕنەکانی هیتلەرو کارەساتەکانی تزارو تەقینەوەی بۆمبی ئەتۆمی... گەلێ لەو تراژیدیایانە دەبینم کە هەرگیز کۆتاییان نایەت، بۆیە هەندێجار لە بەرامبەر ئەوانەوە هەر لەبەر ئەم پەنجەرانەوە، قەڵەمم وشکدەکاتو ناتوانێت بگاتە ئاستێک لە داهێنان، باسکردن تێیدا گەورەتربێت لە حەقیقەتی ئەو رووداوانە... هەندێجاریش هەر لەبەر ئەو پەنجەرانەوە فریشتەکانی جوانیی‌و ئۆپێراو سەماکان و فرینی مەلە جوانەکانو مەلەی کچانی بەهەشت، دیالۆژی عاشقەکان دەبینمو ئیدی قەڵەم دەبێتە ئەو ئاسمانەی کە لە باران ناکەوێت، لەبەر ئەو پەنجەرانەوە هەندێجار شیعرەکانم ئاوی جاویدانی مەلحەمییەت دەخۆنەوەو هەندێجاریش زەربەی تۆماری خێرا لێدەدەن، ژیانی نووسین لە بەرابەر ئەو پەنجەرانەوە بە راستیو سەختو نهێنیئامێزە بۆ شاعیر. لەنێو ئەو مەعبەدە پیرۆزەی مندا ژیانی نووسین بریتییە لە هەڵگرتنەوەی ئەو رۆحەی کە بەدوای وەدەستهێنانی جوانیدا وەک



گەوهەری عومر هەڵدەڕژێ، ژیانی نووسین بریتییە لە گەڕان بەدوای ئەو پارچە شکاوانەی لە جەستەی نووسەردا دەبێتەوە لەو کاتانەی لەژێر ستوونو پەنجەرەکانیدا سەیری ئاوابوونی خۆرو هەڵوەرینی گەڵاو دروستکردنی هێلانە دەکات، بەمجۆرە هەموو شتێک لەو مەعبەدەدا قوربانیی دەوێت، هەموو جوانییەک بەشێک لە دارمانی جەستەی دەوێتو هەموو داهێنانێک هۆیەکە بۆ خاڵیبوون لەو ئەزموونانەی کە بۆ ساتێکی نووسین کۆیان دەکەیتەوە، ئەم مەعبەدەی من رێگە بە هەموو کەسێکی داهێنەر دەدات، بەڵام هەرگیز زامنی داهێنانیان بۆ ناکات.

من هەر لەهەوەڵەوە تەک تەک خشتم لە مەزارە دوورەکانی رۆحەوە بۆ ئەو مەعبەدە هێناوە، ئاوی جاویدانیم لە جۆگەلە نادیارەکانی بەهەشتەوە راکێشاوەو قوڕەشمی جوانیشم لە سەرچاوەکانی ئاگری دۆزەخەوە بۆ هێناوە، تەنانەت بە نووسینی چەندین و چەندین شیعر نەمتوانی سیمای دەرگایەکی بچووک بۆ ئەو مەعبەدە لەبەر چاوم بەرجەستە بکەم، بەڵکو عومرێکی درێژم بردەسەر تا لە چەند قەسیدەیەکدا تروسکەی ئەو مەعبەدەم وەک نوورێکی خودایی بۆ بەدیارکەوت، شەوانە لەبەر رۆناهی ئەو تروسکانەوە دەچوومەوە ئاگردانەکەی زەردەشت وردە وردە ئەو مەعبەدەم بۆ مشتوماڵ دەبوو... گەلێ سات و وەختان مەستانە دەچوومە بەر ئەو قاپیەی لەژێر تروسکایی ئەو مەعبەدەدا بەدیاردەکەوت، سەیری ناوەوەی ئەو دنیایەم دەکرد، هەر هەمووی سیحرو خورافات بوو، ئەفسانە بوو، گێرمەو کێشەی خواکان بوو، ونبوونی ئۆلیس و گومانی هاملێت بوو، دنیایەک بوو تا ئەو ساتەشی لەگەڵدابێت، من لە سیحری ئەو مەعبەدە نەگەیشتووم، هەر رۆژەو نهێنییەکم بۆ ئاشکرا دەبێت و هەرساتە لەبەرابەر چڵە نێرگزێکی شیعرەکانم ئاوی ژیان دەخۆنەوە.

رۆژە باراناوییەکانی نێو مەعبەد ئەو ساتانەن لە نووسینی شیعردا لەژێر کڵاورۆژنەی گومەزی ئەو مەعبەدە، سەیری دەرەوەی ئەو مەعبەدە دەکەم، چونکە مەعبەدەکەی من کاستالیای هێرمان هیسەو ژووره گۆشە گیراوەکەی پرۆستە، تەنانەت هەندێکجار گوێم لە قوتابییەکانی مەعبەد دەبێت کە چۆنچۆنی دوعا بۆ ئەو سەفەرەم دەکەن، سەفەرێک کە لە میعراجی دانتی دەچێت، دەرەوەی ئەو مەعبەدە بۆ من جەنجاڵێکە لە شیعر، هەن دەنگیان زۆر بەرزەو بەقایم قسە دەکەن، بەڵام هەرگیز لێیان حاڵی نابن، لێرە بۆنی ئەو شیعرانەی دەرەوە لە ویزەی کۆمەڵە هەنگێک دەچێت بەناو یەکدا دەسوورێنەوە، هەندێکی دیکە دەبیستم کە نایانەوێت بچنە نێو ئەو گەرەلاوژەیەو نەرم نەرم کەوتوونەتە سەر جەستەی

شیعرەکانی خۆیان و بەهێمنی گەوهەرەکانی شیعر بەسەریەکەوە دادەڕێژن، ئەوانە بانگ دەکەمە مەعبەدەکەی خۆم و زۆر جار بەیەکەوە لە نووسینی شیعرو وەدەستهێنانی داهێنان سەفەر دەکەین. (نالی و مەحوی) فەرجیلی (دانتی)ین بۆ هەمیشەو بێوچان رابەرایەتیم دەکەن لەو میعراجە سەختەی نێو مەعبەدەکەی خۆم، وەک دوو ئیمامی گەورەو نوورانی نهێنییەکانی نێو مەعبەدم بۆ بەرمەلا دەکەن، ئەمە چەند نهێنییەکی زۆر بچووکی چۆنێتی نووسینی منە لە شیعرو تەنیا چەند ساتێکی ئاشکرای نێو ئەو مەعبەدە پیرۆزەیە.

**حەمە کاکەڕەش: کورد ئەدەبێکی هەیە بە ناوی ئەدەبی تاراوگە، یان مەنفا، ئەدەبی کوردی تاراوگە ئەگەر هەبێت لە چ ئاستێکدایە، ئەگەر نییە بۆ؟**

کەریم دەشتی: لە دوای نیوەی ساڵانی هەفتاکان بە هۆی بارو زروفی سیاسیی، کورد تێکشکاو کەوتە بەر شاڵاوی داگیرکەران و خاک و نیشتمانەکەی بە تەواویی داگیرکرا، هەربۆیە کۆمەڵێک خەڵک بە هەموو چین و توێژەکانەوە ئاوارەی وڵاتانی دونیا بوون و بەشێکی زۆریان کەوتنە وڵاتانی ئەورووپی، لە ناو ئەو چین و توێژانەشدا گەلێک لە ئەدیب و نووسەرو شاعیران ئاوارە بوون ئیدی بۆ ئەبەد ساتەوەختی دەرگای سنوورەکانیان لەسەر داخرا و تووشی کۆمەڵێک قەتیعەی کۆمەڵایەتی و قەتیعەی سیاسییان بۆ دروستبوو و بە تەنها مانەوە لە غوربەتدا، کە هەر ئەوەشە ئەدەبی تاراوگە دروستدەکات. ئەدەبی تاراوگە رەنگدانەوەی ئەو رۆحە تەنهایەیە کە پەنجەرەیەک نییە بەسەر نیشتمانەکەیدا بیکاتەوە، هەر بۆیە تا کۆتایی هەشتاکانیش هەندەران بۆ نووسەران ئەو غوربەتە بوو، بۆیە جۆرێک لە ئەدەبی تاراوگە دروستبوو، لە راستیدا من پێموا نییە شیعری تاراوگە بە مانای راستەقینەی خۆی تائێستا لە ئەدەبی کوردیدا سەریهەڵدابێت، حەزدەکەم ئەوە بزانیت کاتێک شیعری تاراوگە دروست دەبێت، کە شاعیرێکی کورد کەوتبێتە وڵاتێکی غەریبی‌و ئیدی دەرگای لەسەر داخراو بێت‌و ببڕای ببڕای نەتوانێت بگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی، بەڵام زۆربەی شاعیرەکانی ئێمە کە چوونەتە دەرەوە، هەمیشە کەم تا زۆر ڕێگەیان هەبووە بێنەوە وڵاتی خۆیان. شاعیر لە تاراوگە بۆیە دەتوانێت شیعری تاراوگەیی بنووسێت، ئومێد براو بێت لە گەڕانەوە، تا دێت نیشتمان لەناو خوێن‌و رۆحیدا گەورە دەبێت، بەڵام لە هەمانکاتدا بە حوکمی زەمانەو زاکیرە تا دێت سیماکانی لەبەر چاو کاڵدەبنەوەو گۆڕانەکان چاوی دەگۆڕن ئیدی شیعر دەکاتە بەدیلێکی راستەقینەی نیشتمانی خۆ، لەو کاتانەدا شیعری تاراوگە سیماو خەسڵەتی خۆی



هەڵدەگرێت‌و جیاواز دەبێت لەگەڵ شیعری ناو نیشتمان، بەڵام بە بەراوردکردنی بەرهەمی شیعری شاعیرانی دەرەوەو ناوەوە تائێستا هیچ جیاوازییەک نابینم، بەڵام شتێکی دیکە هەیە زۆر بەرهەمی ناوەوە دەخوێنمەوە زیاتر بوونی غوربەتیان لێدەکەم، شاعیر وەک تاکێکی ئەو کوردە لەبەر باری ئاڵۆزیی ژیانی نەتەوەکەی، هەمیشە جۆرێک لە غوربەتی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، هەمان ئەو دوو نموونەیە دەتوانم بڵێم خەسڵەتی شیعری تاراوگەیان تارادەیەک لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتووە، دیارە نەگەڕانەوە بۆ نیشتمان، نەگەڕانەوەی ئەبەدیی‌و قەناعەتکردن بەوەی کە تازە گەڕانەوە نەما، شیعری تاراوگە دروستدەکەن. بۆ نموونە جیلی جوبران خەلیل جوبران و میخائیل نعێمە لە ئەدەبی عەرەبیدا ئەدەبی تاراوگەیان هەبوو، جیلی بەدرخانییەکان توانیان رۆژنامەگەریی تاراوگە دروست بکەن و جیلی پەشێو بەر لە هەشتاکان و جیلی شێرکۆ و رەفیق توانیان هەندێک نموونەی ئەدەبی تاراوگە پێشکەش بکەن، دوای ئەوانیش هەندێک لە گەنجەکان بەشدارییان لەم پرۆسەیە کردووە.

## شیعر نیشتمانێکی تایبەتی شاعیرە، زۆر شاعیری بێ نیشتمان لەناو نیشتمانی تایبەتی شیعری خۆیاندا ژیان‌و مردن

**حەمە کاکەڕەش: لورانس پیرین دەڵێت: دەبێت ئەوە بزانرێت شیعر هێورکەرەوەو ئارامبەخش نییە، بەڵکو ئامانجی وروژان و بە ئاگاهێنان و جۆشدانی مرۆڤەکانە، ناکرێت شیعر بکەینە دەرمان و دەرمانی هێورکەرەوە، ئەی تۆ لەمبارەیەوە چی دەڵێیت؟ مەبەستی چییە لە بەئاگاهێنانەوەو جۆشدان بۆ چی؟**

کەریم دەشتی: لە راستیدا شیعر جگەلە سەلوایەک زیاتر شتێکی دیکەنییە بۆ شاعیر، شیعر لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە دەنووسرێت کە خودی شاعیر بە پێداویستییەکانی رۆحی خۆی بزانێت، تائێستاش

نەزانراوەو ناشزانرێت سەرچاوەی ئەو ئیندیفاعە چییە شاعیر والێدەکات بەمجۆرە خەریکی نووسینەوەی ناوەوەی خۆی بێت، بەڵام ئەوەی کە زۆر لێی دڵنیام ئەوەیە، کە هەوڵدەدات تۆزێک لە شڵەژانە دەروونییەکانی خۆی کەم کاتەوەو برێک گوزارشت لەو غوربەتە رۆحییە بکات کە خۆی لە ناو ئافاتەکانیدا دەژی، رەنگە لەمەیشدا حەزی ئەوەی لا دروست ببێت کە خوێنەریش لەو ئازارە رۆحییەی خۆی پێ بەشداریی بکات، بە دڵنیاییەوە دەڵێم شاعیر بۆ خودە خەمگینەکەی خۆی شیعر دەنووسێت، بەڵام ئەگەر کەسانێکیش هەبن لەزەت لەو نووسینانەی ئەو وەرگرن، ئەوە بۆ ئەو مایەی خۆشییەکی بێ کۆتاییە، بۆ نموونە کاتێک من دەمەوێت شیعرێک بنووسم دەمەوێت هەرچی هێزو برستم هەیە لەو شیعرەدا بە خەرجی بدەم، شیعر دیوار هەڵچنین نییە بڵێی ئیمڕۆ چەند ریزێکی دەکەمو بەیانیش باقیەکەی، شیعر حاڵەتێکی غەیبییە هەندێجار لەناو خوێنت بەرجەستە دەبێتو لەگەڵت دەکەوێتە کێشەوە، ئەو دەم کوڵی دڵی بۆ هەڵنەڕێژی ئیدی دەڕواو بەسەر دەچێت، جا لەبەر ئەوە دوای نووسینی شیعرێک، ئەو گومانە لای من دروست نابێت، چونکە دەزانم شەیتانی ئەو شیعرە لە هەندێک ساتی دیکە خۆم پێ نیشاندەداتەوەو گەفم لێدەکات، هەر بۆیە دینامیکیەتی شیعر نووسین جاویدانییە، جاری وا هەیە مەودای نێوان شیعرێکو نووسینی شیعرێکی دیکە چەند ساتێکە، هەندێجاریش هەیە ساڵێکە. هەندێک لە ساتێکدا دەستپێدەکات تا چەند ساتو سات بەردەوام دەبێت، لەمیانی ئەو ماوەیەدا، شاعیر لەناو سەرخۆشییەکی سەیردا دەژێت. من پێموایە راستگۆیی لە شیعردا هیچ چەمکێکی نییە، شیعر خۆی حاڵەتێکە لە پشتی واقیعەوە، لە پشتی راستگۆییەوە، هەر کاتێک شاعیر بیەوێت رەگەزەکانی راستگۆییە، هەر کاتێک شاعیر بیەوێت رەگەزەکانی راستگۆیی بخاتە ناو شیعر، دەبێتە کەسێک کە وەعز بنووسێتو خەڵک بە پەندو عیبرەت گۆش بکات. لە سەرەتاوە وتم شیعر وەهمێکە لە وەهمە جوانەکان کە شاعیر تەسەللای دڵی خۆی پێدەکات، من ناڵێم ئەدەب درۆیەکی جوانە، دەڵێم وەهمێکی جوانە لای شاعیر ئەو وەهمەش حەقیقەتە، گومانە. پێشتر باسمکرد کە شیعر کاتو ساتی تایبەتی خۆی هەیە، کاتێک بیرۆکەی شیعر لەناو کرێشمەو رامانی شاعیر دەرسکێ، خودی شاعیر گۆرانێکی عەجیبی لێ بەدەردەکەوێت، بە شێوازێکی کە دادەبڕێت لە هەموو شتێک. شێوەی هەڵڕژانی ئەو بیرۆکەیە وەسف ناکرێت، بۆیە تائێستا نەزانراوە چییە ئەم عەودالیە بەدوای دارشتنی شیعرێک، یان شیعر چ پارسەنگێکی بابەتی بۆ ژیان دروستدەکات، هەر ئەوەشە وا دەکات پرۆسێسی شیعر نووسین شیعر وەک تەقینەوە وایە کە ئاگرەکەی هەڵچوو



ئیدی بورکانێکەو کاتو ساتی دیاریکراوی نییە، باوەڕیشم بەوە هەیە کە ئیلهام لەناو هەموو مرۆڤێکدا هەیە، بەڵام پێویستی بە دەستێکی کارامە هەیە بیشێڵیو گەوهەرەکانی بدۆزێتەوە. شیعر نیشتمانێکی تایبەتی شاعیرە، زۆر شاعیری بێ نیشتمان لەناو نیشتمانی تایبەتی شیعری خۆیاندا ژیانو مردن، بەڵام هەمیشەو تا ئەبەد نیشتمانی راستەقینەی شاعیر خاکەکەیەتی کە بۆنو بەرامەی دەچێتەوە ناو رەگی شیعرەکانییەوە، هەموو شیعرەکانی گۆرانی بۆ نیشتمان دەچڕن، بەڵام بەشێوازو ناوەرۆکی جۆراجۆر، من کە بەسەر تەونی بەرێکەوە رامانێ بۆ جوانیی دەچنم، نیشتمانی خۆم دەدوێنم، کە باس لە وەرگەڕانی رۆحی مرۆڤێک دەکەم گوزارشت لە باخێکی نیشتمان دەکەم. هەر خۆی چنینەوەی داهێنانو پێشکەشکردنی شاکارێکی شیعریی با بەسەر لێواری نەرسۆسیەتیش بێت گەورەترین رۆحی نیشتمانییە، (لۆرانس) کە (ژنانی عاشق)ی نووسی پێوەندی بە گۆرانی گوتان نییە بۆ نیشتمان، بەڵام گەورەترین نیشتمانپەروەرێتی مومارەسە کردەوە بەوەی ئەو داهێنانە گەورەیەی داوەتە وڵاتی خۆی هەرواش (دانتی) لە شاکارەکانی خۆیدا کازانتزاکی (زۆربای) نووسی، بەڵام نیشتمانی خۆی زیندوو راگرت بەو بەرهەمە، نیشتمانپەروەریی شاعیرانو ئەدیبان لەوەدایە شاکاری گەورە گەورە بۆ نەتەوەکان جێبهێڵین، مەبەستم ئەوەیە بڵێم داهێنان کارێکە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی، تایبەت نییە بە جوگرافیایەکی دەستنیشانکراوە.

**حەمە کاکەڕەش: پاشەڕۆژی شیعرت چۆن دێتە بەرچاو؟**

کەریم دەشتی: قسەکردن لەمەڕ شیعر پێویستی بە دوورخستنەوەی چەمکی حەقیقەتە، کاری شیعر بەرهەمهێنانی حەقیقەت نییە، ئەوە لە مەودایەکی دیکە کاری بۆ دەکرێت، بەڵام پەیوەندی نێوان شیعرو وەهم پەیوەندییەکی ئەزەلیە، شیعر جگە لە وەهم شتێکی دیکە نییە، وەهمێک، بتوانێت حەسانەوە بدا بە رۆحو پێیەوە بژیتو بەردەوام بێت، میللتن لە- فیردەوسی ون- جگە لە دارشتنی ئەو وەهمە هیچی دیکە ناڵێت، وەهم لە منداڵدانی هەمان ئەو مەحاڵە لەدایکدەبێت کە پێشتر باسمان لێوەکرد، لە هەمان ئەو چرکە خێرایە کە زەینی شاعیر بەرهەمی دەهێنێت، هەموو شاعیرەکان ئەگەر بەڕاستی دەقی زیندووی شیعر بەرهەم دەهێنن، ئەوە هەڵگری گەورەترین بڕی وەهمن، هەمان ئەو شاعیرانەی پێیانوایە شیعر وەهم نییە هەوڵی بەرهەمهێنانی حەقیقەت دەدەن لە شیعر، بۆیە دەقەکانیان هەموو شتێک بێت شیعر نییە، سیحری شیعر لە بەوەهمکردنی ناوەرۆکیەتی، هەمان ئەو رایە نەک هەر بەسەر شیعرەوە دەچەسپێت، بەڵکو تەواوی ژانرەکانی

دیکەش دەگرێتەوە، خۆ ئەگەر دانتی بەهەمان ئەو وەهمەوە نەچووبایە ژێر باری باسکردنی هەقیقەتەکانی ئەو میحراجەی کە کردی-دۆزەخو فیردەوسو پاکستان، ئەوا هەموو ئەو دەقانەی کە لەو کتێبەدا نووسیویەتی دەبوون بە شتێکی دیکەی دەرەوەی دەقی ئەبەدیی، بەڵام قەدەرێکی گەورەی لە هونەری وەهم بەخشیوە بەم شاکارەی خۆی، بۆیە تائێستاش جاویدانیی بەخۆیەوە گرتووە، وەهم کاری وەهم بەرهەمهێنانی میوزمێنتە لە شیعر، کە خوێنەر بەدوایدا دەگەڕێت، شیعر حەقیقەت نادات بەدستەوە، بەڵکو لە هەقیقەتەکانی رادەکاتو دەشتارییەکانی هەڵدەبژێرێت، سەنتەرەکان جێدەهێڵێتو پەراوێزەکان دەکاتە موڵکی خۆی، کاری شیعر چ لە خوێندنەوەو چ لە نووسیندا کە کردنێکی سیحراوییە لەناو ساتەوەختەکان، مەودای هەڵگرتنی حەقیقەتی نییە، سووربوونی گوڵە کێوییەکان حەقیقەتی سرووشتە لە شیعر باسی بکەیتو باسی نەکەیت هەیە، بەڵام کاتێک گوڵێک لەبن تاشە بەردێ لە تاو سەدان هەزاران باراندا یەکجار نمە بارانێکی بەردەکەوێت، بەڵام لە هەموو گوڵەکان جوانتر دەبێت، ئەمە کاری شیعرە، چونکە تێپەڕی حەقیقەت دەکاتو سەرسامی وەبەردێنێت، ئەو وەهمی شیعرە.

**حەمە کاکەڕەش: ئەو هۆیانە چین کە زمانی لۆژیک و زانست جیادەکەنەوە، ئایا جیاوازییان ئەوەیە کە زمانی لۆژیک لە چەند رەگەزو توخمی جۆربەجۆر زامنکراودا پێکهاتووە و ماوە بە زمان نادات بە ئارەزووی خۆی یاریی بکات؟ بە پێچەوانەوە زمانی شیعر لە چەند رەگەزێکی تێکەڵاو و بەیەکداچوو پێکدێت کە تا یاریی پێبکرێت دەدرەوشێتەوە، یاخود ئەرکی شاعیر کەشفی بەردەوامە؟ تۆ لە شیعرەکانتدا دەتەوێت کەشفی چی بکەیت، ئایا ئەو کەشفکردنە یارییەکە تەنها قووڵایی زمان خەیاڵ و وێنەو دەربڕینی شیعر بەرگەی دەگرێت یان دەکرێت نووسینێکی ئاسایی-ش بتوانێت ئەو کەشفە بکات؟**

کەریم دەشتی: هەوڵدەدەم وەڵامی ئەو پرسیارە بە چەندبابەتێکی هەمەلایەن بدەمەوە کە بەرایی هەموو شتێک دەبێت، ئەوە بڵێم کە لۆژیک لەسەر هەموو ئاستەکان لە دەرەوەی هەندەسەی ریازی و موعادەلاتی کار دەکات و مەودای نێوان خۆی و زانست لە رووی ئەنجام و بەرەنجام دروستدەکات کە خودی خۆی ئەنجامی حەقیقەتە نەرێتی و رووداو و لێکدانەوەی ئینسانە و لە رێگەی بۆچوونەکانییەوە، ئەو بۆچوونانەی لە مەدارەکانی فەلسەفەوە و نزیک دەکەوێتەوە و هەندێجار دەخزێتە ناو پێوانەیی و هەندێجاریش دەخزێتە نا مەوداکانی وێنەیی، لە کاتێکدا زانست و زمانی زانست لەدایکبووی حەقیقەتە و



سەلماندن و ئەزموونکاریی و ماتماتیکییە، واتە زمان لە لۆژیکدا بەدەراوەکانی تەکنیکاریی رانابورێت و بۆ زانستی بەجێدەهێڵێت کە بەشێکی گەورەی ئەپستۆلۆژاییە. تیۆری (ئەبستمۆلۆجیا)، واتە پێگەیشتنو دەرک پێکردنو ئەندێشەو ئاشکراسازیی کە لە مەیدانی فەلسەفەدا لە تەئەمولی زیندوو بەخشەوە را دەستپێدەکات بەرەو بیرکردنەوەی رووتو پیادەکردن کۆتاییدێت، هەر لەم روانگەیەوە بایەخ بە مەسەلەی ئیدراکو دڵنیاییو مەزەندەکارییو پرسو ئەندێشەو کرێشمەبازیی پراکتیک بەخشین دەدات، جگە لە پەروەرشی خەیاڵو خەوبینینو هەستو چەند شتێکی دیکە، تێرمی (eipisetmology) لە گریکەوە بزافتی وەبەرخۆی داوەو پەرەیسەندووە، هەڵبەت ئەزموونگەرییو ئاوەزگەریی دوو شالقی ئەو دەقە کۆنەساڵەیە، کە یەکەمیان بایەخ بە زەخیرەی کارامەییو چنینەوەی هەست دەداو دووهەمیان بە ئەقڵ، لێرەوە دەچینە نێو بازنەی باسەکەوە کە پەیوەستە بە چەمکی ئەو شتانەوە لە مەودای شیعردا، - چونکە تاکە سامانی منیش لە دونیادا هەر ئەو بازە ناودارەیە. (بورخیس)

لەیەکەم بەرەبەیانی خەلیقەوە تاوەکو ئیمرۆکە زەمینو ئاسمان ئاوێنە روخساری یەکدین، نە بەیەکەوە تەبانو نە لەیەکیش دەترازێن، خۆ ئەگەر زانست هەموو نهێنییەکانی ئاسمانی ئاشکرا کردبێتو هەمووی بە فەزا ناسیبێت، ئەوە لە دونیای شیعردا چەردە رووداوێکی دیکەن، ئەگەر بوونەوەری سەر رووی زەوی بەهۆی کێشی موگناتیسییەوە هەرچەند ئاوارەی ئاوێنەی دووەمی بکەیت، ئەوە هەر ناچارە هەمان سێوی ئەزموون باری (نیوتن) بخوات، ئایا ئەمەیان لە سەرەتاوە یاسایەکی دیاریکراو بووە؟ دەبوایە ئەم یاسایە دارێژرێت یاخود نا؟ ئەی ئەستێرەکانی ئەم گەردوونە، کە هێشتاکە لە بازنەی نهێنیدا دەسووڕێنەوە جگە لە مرۆڤ کەسی دیکە یاسای بۆ داناون؟ من دەڵێم ئەزەلی ئەو شتانە لە ناخی بووندا پنجیان کردووە، گەردوون بەگشتیی لە شەرابی خەستی سەرسامیدا مەستە، ناچارە پەنا بەرێتەوە بەر خۆی یاساو خەیاڵو ئەندێشەو بۆچوون بکاتەوە چەکی مانەوەی خۆی، شیعریش یەکێکە لەو شتانەوە کە هەندێک کەسانی ناو کۆمەڵ یاسای ئەم سەرسامیو مەستییەی پێ دادەرێژنو بە دوای رۆحانیەتی ئەم نهێنییانەدا دەگەڕێن، ئەلێرەوە دەبێت بڵێین شاعیر بوونێکی-ئۆرفیوسیە- کە هەمیشە شێوەی تازە دەگرێتەخۆی، هەندێجار لە مەودای مەستی خۆیدا درەختو رەگو گەڵایە، یان خۆڵەمێشە بریقەو رووناکییە، ئاو و هەواو قەقنەسە، واتە شیعر لە سرووتێکی ئەفسانەیی ئۆرفیوسیدا دەخولێتەوە- ئەم ئاوێنەی مەستییە پوختە لە رۆمانی-گاتسبی

مەزندا بە جیلوەی غوربەتو تەئەمولی قوولو ئەبستمی رەنگرێژ دەبێتو لە دووچاوی-دیزیدا تیشکی دونیای رۆمانسی جێی دەهێڵا قاوغێک دروستدەکات دۆزینەوەو هەڵێنجانی رووناهییە (لەنێو گەرەلاوژەدا، لەنێو توندوتیژیدا ئایا دەتوانین تۆزێ بووەستینو بیرکەینەوە) مەحاڵە سـەرەداوی ئەو پرسیارە لە گلۆڵەی ئەو کەونەدا بە ئاسانی دەستەبەر بێت، تەنیا لە مەودای شیعرو ئەدەبیاتی دیکەوە نەبێت، چونکە مرۆڤ بەتایبەتی لە شیعردا بەقووڵایی دەرک پێکردندا دەچێتو زەمەن دیل دەکات، ئەمەشیان مەحاڵێکی دژ بە ئەزموونگەریی گەردوونە، بەڵام لە شیعردا چەمکی ئەبستمی دەخولقێنێت، واتە بە دواداگەران و پرسشو پەروەرشی خەیاڵو ئەندێشە، بەراستی لە مەودای شیعریشدا ئاوێنەی موعجیزەی مەستی لەم کەونەدا ئێجگار زۆرە کە دەسەڵاتی دیلکردنی زەمەنیان گرتووەتە دەست،کە هەر هەموویان ئەو یاسایانەن، شاعیرێک لە بری شکاندنی موعاناتی خۆی دایرشتوون و لە بەرامبەر یاساکانی دیکەدا کەحێلانە تاو دەدا، کە تاویشیدا ئیدی لە مەودای-بیر-دا ترس دەخولقێنێت، ئەم ترسەش مایەی دروستکردنی ترۆپکە لە داهێنان، مایەی تەکاندانە لە خوێنی شاعیردا، هەندێجار ناوی دەنێن (نیگەرانی).

چۆن واناچارو ماندووین
هەتا کار کارەی بنەوە دابەزین
کەواتە سەرکەوتن سانایە
بەڵام لە ئاکامیا (دەترسین)
(ملتون)

بە لەدایکبوونی پیتۆڵێکی وەکو دیکارت، بیروبۆچوونێکی تازە لە مەودای فەلسەفەو لێکۆڵینەوەو رەخنە وەک دژێکی تەنها هاتە کایەوە، ئەو بیرو بۆچوونانە هەر هەموویان تەعبیریان لە بەردەوامیی بیرکردنەوەی مرۆڤ دەکرد، بە جیاوازی بیرورا لەمەر لێکدانەوەی کۆرمۆلۆژیاو فەلسەفە، ئەوا لەگەڵ سەرهەڵدانی دیکارت ئەقڵانییەت رێچکەی هاتنەکایەوەی گرتەبەرو خۆی سەپاند، ئەقڵ وەک مەودایەکی فراوانی فەلسەفەرێژ لە یاساکانی (دیکارت) جێگەو شوێنی شیکردنەوەی زۆربوو، ئەو پێیوابوو ئەقڵ لە سرووشتی خۆیدا لای هەموو کەسێک یەک شتە، ئەقڵ بۆ فەیلەسوفێکی وەک دیکارت مایەی پەرەسەندنی هەموو هەوڵو تەقەللایەکی زانستی بوو، دەرگا کردنەوەی هەموو بابەتە شاردراوەکان بوو، رێگەیەکی پڕ لە ناوەرۆک بوو بۆ گۆڕینی هەموو



زانستێک لە رێگەی پەرەسەندنی ئاسایی ئەقڵ.

مەسەلەی هزر داینەمۆی هەموو لێکدانەوە پڕ کێشەکانی دیکارت بوو، دیکارت هەوڵیدەدا هەمیشە یەکەمینی بدات بە (کائینە هزرمەندەکان) بۆ ئەوەی بتوانێت دەرکی ئەنتۆلۆژی بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، لەم رێگەیەوە دەبوایە ئەقڵ بەکاربێت، سەرجەم بۆچوونەکانی دیکارت پشتی بە شیکردنەوە دەبەست، شیکردنەوەی دەوروبـەر، شیکردنەوەی شتەکانو دیاردەکان بۆ ئەوەی بتوانێت هۆکارە راستەکان بدۆزێتەوە، لە پێناوی بە هزرهێنانی (بە پێوانەی بەدەستهێنانی) شتێک.

کائینەکان لای دیکارت بناغەی مەعریفە بوون، چونکە بە تەنها نێوەرۆکە هەستییەکان بەس نەبوو بۆ مەعریفەی زەین تیژی یاخود بیرتیژی یان تخوب بڕینی هزر لەلای ئەو بریتیبوو لە (ئەندێشەیەکی پڕ لە یەقینەوە) ئەندێشەی یەقینی هزرێکی بێدارو ئاگاو ساف، کە تەنها لە رووناهی ئەقڵی سرووشتیدا لەدایکدەبێت. سەبارەت بە ئەنجامدانی کاریکی فەلسەفی بۆ ئەو سەردەمەی مرۆڤ تیایدا دەژیت-دیکارت- هەمیشە هەوڵیدەدا مەعریفە یەک بخات، واتە یەکخستنی هەموو شتێک کە پەیوەست بێت بە-رێکیو پێوانەییو هۆیەکان-بۆئەوەی بتوانێت لێتوێژینەوەی ماهیەتی مەعریفەت بکات، ئەمەشیان تەنها رێگەی گەران بە دوای ئەو حەقیقەتانەی کە ئەقڵی مرۆڤیان بەسەردا دەشکێت، کۆژیتۆی دیکارت بەناوبانگترین کەتەگۆریای سەردەمی خۆیو ئێستاکەش، کە توانی بەهۆی ئەو کۆژیتۆیە لە بەرابەر هەرەشەکانی گومان بوەستێت، بەم کۆژیتۆیەی دیکارتو تەواوی فەلسەفەی دیکارت کەوتە بەر لێکۆڵینەوەو لێتۆژینەوە، ئەم کۆژیتۆیەش بریتیبوو لە رستەیەکی سادە، بەڵام شتی گەورەی لە ناخدا لە رووی لێکۆڵینەوە گرتبوو، ئەویش بریتیبوو لەوە (من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم)، بەمجۆرە تەواوی بوونی خودێک لەسەر بیرکردنەوە وەستا، هیچ رێگەیەک بێگومان لای دیکارت نەما، جۆری ئەو بیرکردنەوەیەش لەوەدا سەقامگیر دەبوو کە بریتی بێت لە ئیدراکێکی ئەقڵیو تێبینی پەیوەندییەکی زەرووریی بکات لە مەوداکانی مەعریفەی حەدسیدا، مەبەستی هەرە سەرەکی دیکارت لەم گوتەیە ئەوەیە، کە سیفەتە سەرەتاییەکانی میتۆدی ئەقڵی بەخۆوە بگرێت کە لە مەودای ئەو (من بیر دەکەمەوە) بە ئەقڵ توانای (گومانی) نامێنێت، بەمجۆرەی کۆژیتۆی دیکارت ئامادەگی مرۆڤە بۆ زاتی خۆی، بەڵام هەر بەمەندە نەوەستا، بەڵکو هەوڵیدا بزانێت تا چەند ئەو بیرکردنەوەیە بەردەوام دەبێت، چونکە ئەگەر بیرکردنەوە بڕایەوە، ئەوا وجودیش دەبڕێتەوە، ئەو-من-ە لای دیکارت-

هزرمەندە هەرچەندە (کانت) پێیوابوو دیکارت هەوڵیداوە لە پەیوەستکردنی چەمکەکانی هزری بپەڕێتەوە بۆ سەلماندنی گەوهەر، چونکە گەوهەر (بە ئەقڵ ئیدراک ناکرێت، بەڵکو بەو کارانە ئیدراک دەکرێت کە لە ئەقڵەوە سەرهەڵدەدەن وەک ئیرادە،،خەیاڵ، هەست، کە تەعبیر لە عەقڵ دەکەن، بەمجۆرە (کانت) بنەڕەتی فەلسەفەی دیکارتی کردووە بەوەی کە چۆن دەکرێت دیکارت لە سەردەمی خۆیداو دوا بەدواش-کانت- بۆ وەدەرخستنی تازەگەری لە رووی لێکدانەوەو بۆچوونو لێتوێژینەوەی فەلسەفەو کۆزمۆلۆژیا پشتیان بە جوولانەوەی-هزرو ئەقڵ بەستا بۆ ئەوەی لەگەڵ سەرجەم پرۆسەی نوێخوازیی سەردەمی خۆیان رێگە بگرن. تێمای هەردوو بابەتی کۆزمۆلۆژیاو فەلسەفە سەرچاوەی کتێبەکانی (کانت)ن، نوێخوازیی یاخود بەرەو نوێ چوون لای (کانت) تاکرەهەند نەبوو کە بە تەنها لەسەر فەلسەفەی کلیل بدات. گرنگترین هەردوو کتێبـی (کانت) رەخنەی ئەقڵی سافو رەخنەی ئەقڵی پراکتیکی لەوەدا خۆیان دەنوێنن کە بابەتێک تەواو دەکەن، ئەویش رزگار بوونە لە لێکدانەوەی فەلسەفەی کۆن. ئەو لێکدانەوەیەی کە لە سەر گرێمانی ئەو گوتەیە وەستابوو کە سەبارەت بەسەر یەکەوە پیادەکردنی زاتی زاناو بابەتی مەعریفییەوە بوو، بەمجۆرە ئەڵقەکانی فەلسەفەی پێشینەی لەدوا خۆیەوە جێهێشت کە بڕستو هێزی بەرهەمهێنانیان نەماوە، لە نەزەر (کانت)دا گەورەترین نەهامەتی فەلسەفەی پێشینە بوو، کانت هەوڵی ئەوەی دا کە لە رێگەی رەخنەی ئەقڵی بێگەردو سافدا ئەوە بسەلمێنێت کە ئەقڵ چۆن هۆیەکە بۆ مەسەلەی مەعریفەت کاریگەرێتی ئەقڵو ئاکتیفی ئەقڵ چییە؟ بۆ ئەوەی بزانین کە ئەقڵ بابەتێکە بۆ مەعریفەی رەخنەیی، هەر بۆیە رەخنە لەلای ئەو وەک -قازی- وابوو، چونکە ئەقڵ بە بیروڕای ئەو (ئەقڵی ئینسانی دەتوانێت کۆمەڵێک پرسیارو وەڵام بەرهەم بهێنێت، بەڵام برستی وەڵام دانەوەیانی نییە، چونکە ئەو پرسیارانە تخوبی هێزو بڕستی ئەو ئەقڵە دەشکێنن، ئەو مەبەستی لە رەخنەگرتنی ئەقڵ رەخنەگرتن بوو لە (مەلەکەی) بۆ ئەوەی بزانێت ئایا میتافیزیک ئیمکان دەبێت یان نا؟ هەموو مەبەستەکەش لەمەدا ئەوەبوو ئاخۆ ئەقڵ دەتوانێت بەکارهێنانی (حەقیقەتی تێگەیشتن) وەدەست بهێنێت، لە مەسەلەی ئەوەی کە ئاخۆ میتافیزیک ئیمکان دەبێت یاخود نا؟ ئەوەی پێیوابوو ئەقڵی رووت دەتوانێت پێوانەی هێزی خۆی بکاتو نەخشەیەکی هەیکەلی دابمەزرێنێت بۆ مەنزومەیەکی میتافیزیکی. (کانت پیلەی لەسەر ئەوە کرد کە دەبێت بابەتەکانی ئەزموون بچنەوە سەر (ئەندێشە) لە جانتایی ئەو کاتو شوێنەی کە دوو وێنەی رووتن لە وێنەی (هەست)و شوێن (روخساری دەرەوەی هەستەو هەموو موحتەیاتەکانی لەپاڵ



یەکدا رێکدەخاتو پرۆسەی هەستی ناوەکی تەیار دەکاتو کاتیش روخساری ناوەوە هەموو موعتەیاتەکان یەک لەدوای یەک رێکدەخاتو پرۆسەی هەستی ناوەکی تەیار دەکات، چونکە شوێن وێنەیەکی رووتی هەستە دەرەکییەکانە مەرجێکی وێنەیی پێشینەییە بۆ هەموو هەستێکی دەرەکی، (کانت) پێیوابوو میتافیزیک زانستێکە ناتوانێت تا ئەو رادەیە بڕوات کە شوێنی هەستی رووت دەیگاتێ، هەر ئەوەش بوو بە بناغەی دانانی کتێبـی-دامەزراندنی میتافیزیکای رەوشت- دیارە کانت پێیوایە چەند پێوانەیەکی مۆراڵی هەیە بەر لە هەموو ئەزموونێکو کاریگەرێتی ئەو ئەزموونانەش بەسەر هەموو مرۆڤێک دادەچێت بە یەکسانی هەروا بە درۆی خستەوە کە هەموو هەوڵی مرۆڤ بۆ بەختەوەریی بریتییە لە سلوکێکی ئەخلاقی، چونکە زۆر لەوە دڵنیا بوو کە مرۆڤ غایەتێکە لە زاتی خۆی.

رەخنەی ئەقڵی پراکتیکی (کانت) بەگشتیی، پابەندبوون بە قەدەغەکردنی ئەقڵی مەرجێنراو بە ئەزموون کە ئیدعای بکات کە تەنها بەوە خۆی هەڵدەستێت بناغەرێژی ئیرادە بکات، واتە ئەقڵ ناتوانێت بناغەی ئیرادە بێت.

داڕشتنی هەموو بیرۆکەیەکی ئەدەبیو هونەریی ئالێرەوە دەستپێدەکات کە نووسەر گەرەکی بێت گوزارشت لە هەڵچوونەکانی ناوەوەی خۆی بکات، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو تەقسێک ئەزموون دەکات و بە هەموو پەنجەرەیەکی والاو ناوالای هەستو نەستدا تێپەڕ دەبێت تا ئەو رادەیەی هەندێجار چەند لەمپەرێکی ترسناک هەمان ئەم تەقسو هەمان ئەو پەنجەرانەی بۆ دروستدەکەن، هەر لەم گۆشە نیگایەوە دەکرێت بە پرۆسەی داڕشتنی دەقی ئەدەبیو هونەری بڵێین داتاشینی جەستەیەک کە تەنها بەهرەمەندانی دەقو خالیقەکانی دەق دەزانن ئەم جەستەیە چەند ئەستەمو دژوارە، چونکە ناکرێت دەقێک داڕێژین کۆمەڵێک ئاگری گەشو باوەشێک بای ئەفسانەو چەندین کەرەستەی موعاناتو هەڵچوونو عاتیفەو عیشقو خۆشەویستی پێ نەبێت، بەمجۆرە لە داڕشتەیەکی فۆکۆیانەدا دەق دەبێتە کۆڵەکەی چەند دامەزراوەیەکی پڕ لە نهێنی کە هەر هەموویان خۆیان لەو جەستەیەدا دەدۆزنـەوە کە بەهرەمەندی دەق مەبەستییەتی، بۆ نموونە جەستەی هەر رۆمانێکی (برۆست) بەتایبەت لە (گەڕان بەدوای زەمەنێکی ونبوودا) بریتییە لە مەحرومکردنی جەستەیەکی حەقیقی خۆی لە پێناو خولقاندنی جەستەیەکی دیکەی ئەدەبیو هونەریی کە لە کۆتاییدا کۆمەڵێک ئاگردانو دۆزەخو بەهەشتو ئەفسانەی کۆکردووەتەوەو جەستەیەکی وای خولقاندووە کە لەهی کەسێکی دیکە ناکات. بنەمای دەق پەیوەستە بە خەونو خەیاڵی

خودان دەق، جا ئەو خەون و خەیاڵە تا چ رادەیەک دەستنیشانی بیروبۆچوونی سەرەکی دەکەن لە هێنانەکایەوەی ئەو دەقەی کە ئەدەب و هونەر مەبەستێتی، ئەلێرەوە دەتوانین بڵێین: با نموونەیەک لە رەوتی سەرهەڵدانی بنەمای دەق دەستنیشان بکەین، لە (هاملێت)ی شکسپیردا بنەمای دەق (دەقێکی هونەریی کە جەستە بتوانێت جووڵەی تیا بکات لە رێی نمایشکردنەوەی هەمان رەوتەکانی ئەو کارە هونەرییە) بریتییە لەو مەودا قووڵەی کە شکسپیر هەموو گومان و بەدگومانی خۆی تێدا شاردووەتەوە، بەمجۆرە گومان بنەمایەکی گرنگی دەقێکی وەک هاملێتە، هەرواش لە بیرو بۆچوونێکی فەلسەفیدا بۆ دیکارت کۆژیتۆکەی دەبێت بە بنەمای سەرهەڵدانی دەقێکی فەلسەفی گوزارشت لە بیروبۆچوونی ئەو بکات، لە رۆمانی زۆربای کازانتزاکی بنەماکانی دەقێکی ئەدەبی خۆی لە قەرەی رواڵەتێکی ئەفسانەئامێز دەدا، دەگاتەوە سەر فینۆمۆنۆلۆژیای ئەو رەستانەی لە برستیاندا هەیە سەمایێکی پڕ لە چەمک و نهێنی بخەنە بەر دڵ و دیدەی خوێنەران کە خۆیان هەڵسنەوەو هەوڵبدەن هەمان ئەو سەمایە لە نائاگاهی خۆیاندا مومارەسە بکەن.

هەندێجار بنەماکانی دەق ئەم مەودایەی خودی داهێنەر جێدەهێڵن و دەچنەوە سەر ئەو خاڵە نادیارانەی کەوا لە خوێنەر دەکەن بە دوایاندا بگەڕێت و بیکەن بە دەستووری تێگەیشتنیان بۆ ئەم دەقە، وەک چۆن لە رۆمانی (نان و شەراب)ی تسیۆ سلیونە و کۆمەڵە شیعری (گیا)ی (والت وایتمان) لە کاتی خوێندنەوەیاندا بە دوای ئەو گرێیە دەگەڕێی کە لێت ونبووە، هەموو رووداوەکان بەم گرێیە بەندن، ئەگەر چی لە رۆمانەکە خۆی لە رۆحانییەتی نووسەر دەبڕێتەوە، کە خودی کەسێک بوو باوەڕی بە مارکسیزم هەبوو، بەڵام نەیدەتوانی لەم رەوحانییەتە ببێتەوە، بەڵام (والت وایتمان) هەر لە بنەڕەتەوە پێوەست بوو بەم رۆحانییەتە، بۆیە خوێنەر ناچار دەکەن کە بە دوای گرێکاندا بگەڕێن، ئەلێرەوە بنەماکانی دەقی ئەدەبی و هونەریی بریتین لە:

خەون و خەیاڵەکانی کە داهێنەر خۆی دەزانێت لە ژێریانەوە چ ئافاتێ و گرکانێ هەن.

– مەودا نادیارەکان کە نهێنییەکانی داهێنەر لە خۆیاندا دەشارنەوە.

ئەو دوو کۆڵەکەیە لە دەستنیشانکردنی بنەماکانی دەق دەمانبەنەوە سەر ئەو شتە هەموارانەی کە تا چاو هەتەر دەکا هەن، بەڵام نابینرێن.

بنەمای دەق هیچ گۆڕانێکی لە رووی (لامرئیە)تەوە تێناکەوێت لە هونەرێکەوە بۆ هونەرێکو لە ئەدەبێکەوە بۆ ئەدەبێک، بەڵام دڵنیاین لەوەی کە دەورووپشت



یاخود (شوێن) داینەمۆی هەردوو ئەو کۆڵەکەیەن کە بۆ بنەمای دەق رامانخستن، ئێمە تا ئێستا لە چەمکی (شوێن)دا غەورایەن و هیچ نووسینێکمان تەرخان نەکردووە بۆ دەربڕینی ئاسەوارەکانی شوێن لە خودی دەقدا، ئەگەرچی هەندێک نووسین خراونە روو ئەویش هەر بە کاریگەرێتی (جوانییەکانی شوێن)ی باشلارەوە، واتە ئێمە لە روانگەی (باشلارەوە) شوێنمان پێ زانیوە لە دەق، بەڵام تەنها لە رووی جوانییەوە باسکراوە، باشلار بە درێژایی کتێبەکەی خۆی باس لەو نوختە نیگایانە دەکات کە بوونەتە مایەی ئەوەی بایەخ بەو شوێنە بدەین، چونکە جوانیی تیایە. هەر بۆیە کە لە کتێبەکە دەبییەوە هەست بەوە دەکەیت (جوانیی) وەک چەمکێکی/عاتیفە/ بەهێزترە لە (جوانیی) وەک چەمکێکی (مەعریفە)... ئەلێرەوە دابڕانێکی ئەنقەست هەیە لە نێو رۆمانسییەتی دەق، ئەو دەقانەی لە رێچکەیەکی ئەنتی رۆمانسییانەدا پاڵ بە خوێنەرەوە دەنێن بۆ ئەوەی بەدوایاندا بکەوێت.

*ئەم دیدارە لەگەڵ چەند دیدارێکی تردا پرۆژەی کتێبێکە بەناوی (کۆڕامانێک تێڕامانێک لە شیعر)

# وەرگێڕان


ڕۆمان پەنجەرەیەکی کراوە بەرەو ڕووناکی یان تاریکی؟
**هیوا سەلیمی**

دان براون: ئاین یەک دوژمنی هەیە، ئەویش بێموبالاتییە
**شێرزاد هەینی**

دیدار لەگەڵ تەسلیمە نەسرین
**دلێر محەمەد**

میوانداریی
**دلاوەر قەرەداغی**

هاملێت بێ هاملێت
**غەفور ساڵح عەبدوڵڵا**

ئەوا هەر یەک شت هەیە!
**ئەنوەر محەمەد ئەحمەد**

بۆ ماریانا
**عەزیز ڕەئوف**

# ڕۆمان

## پەنجەرەیەکی کراوە بەرەو ڕووناکی یان تاریکی؟

ن: مەهدی عاتفی ڕاد
و: هیوا سەلیمی

داستایۆفسکی ڕۆمانی وەک پەنجەرەیەک دەناسی، پەنجەرەیەک ڕوو لە ڕووناکی ڕاستەقینە و پشت لە تاریکایی دڕدۆنگ بوون، لەم دەلاقەوە ڕۆشنایی ڕاستی دەچۆڕێتە دەرەوە و تاریکستانی دڕدۆنگ بوون ڕوون دەکاتەوە.

تۆلستۆی ڕێک بە پێچەوانەی داستایۆفسکی ڕۆمانی وەک دەلاقەیەک وێنادەکرد، کراوە لەسەر ڕووناکی خەیاڵ و پشت لە تاریکایی ڕاستەکی، کە گزنگەکانی خۆی بەسەریدا دەدرەوشێنێتەوە و تاریکییە ڕاستەقینەکان لە خێر و بەرەکەتی گزنگە درەوشاوەکان ڕوون دەبنەوە. لەگەڵ هەرکام لە داستایۆفسکی یان تولستۆی هاودەنگ بیین ناچارین ڕۆمان وەک دەلاقە یان کلاو ڕۆژنەیەک بناسین، دەلاقەیەکی کراوە لە تاریکایی بەرەو ڕووناهی یان کراوە لە ڕووناکایی بەرەو تاریکی، کە گزنگ لەو ناوەوە بەرەو دەرەوە دەچۆڕێت یان بە پێچەوانە. لە ڕەوتی درەوشانەوەکان و تیشکدانە پەیتا پەیتاکان لەسەر شتێک یان گۆشەیەکی تاریک لەسەر زەین یان سووچێکی تار لە داڵانەکانی لە تاریکی ڕۆچوو و لەسەر خەیاڵ و بیرەوەری و ئاوات و مۆتەکە و وەهم و گومان، یان هەر شتێکی لەو چەشنە تیشک پەخش دەکاتەوەو بە تیشک هاویشتنی ڕاستەقینە یان درۆیینەی



خۆی حەقیقەتی پێدەبەخشێت: حەقیقەتێکی ڕواڵەتی یان ڕاستەقینە، حەقیقەتێکی ناوەکی یان دەرەکی، حەقیقەتێکی سیمبۆلیک یان بنەڕەتی.

کەواتە بەم پێیە ڕۆمـان ڕەوتێکی دروستکەری حەقیقەتە، پەیگرێکی ڕۆشنکەرە، فڕینێکی بێ باکە لەسەرووی ڕەشییەکان و لیلّ بوونەکان و سێبەرەکان، فڕینێک کە هەڵگری بێگەردی خەونەکان و لێڵبوونی مۆتەکەکانە و درەوشانەوەی ئیلهامەکان و تیشکدانەوەی وەهم و گومانەکانە. ڕەوتێکە لە نەزانراوەو بۆ زانراو یان بە پێچەوانە، ڕەوتێک لە ئاسایی بۆ نائاسایی یان لە نائاساییەوە بۆ ئاسایی، ڕەنگە ڕەوتێکی هاتوچۆی یەک سەرە یان چەند سەرە، زۆر کراو خوڵقێنەر و ڕوو لە گەشە، ڕێک وەک ڕەوتی ڕۆشنایی، کە خۆی لە درەوشانەوەکان و تیشکدانەوەی لەسەریەک و پەیتا پەیتاکان دەخوڵقێنێتەوە و بە دنیا دەهێنێتەوە و بڵاودەکاتەوە، ڕەوتێک بەو ڕادەیەی، کە ڕۆشنکەرەوەیە بەو ڕادەیەش گەڕیدە و بە پێچەوانە.

داستایۆفسکی لەم بارەیەوە باوەڕی تایبەتی هەبوو. ئەو لەو بڕوایەدا بوو ئەو شتەی لە دنیای ڕووناکی ئەدەبیاتدا لای ڕەشبینەکان تیشکی درۆیینەی خەیاڵ سازدان پێناسە دەکرێت و لەم ڕوانگەوە بە تاڵە لە هەر چەشنە بایەخێکی ڕۆشنکەری هەمە لایەنە، قووڵترین بەشە لە گەوهەری درەوشـاوە، بەڵام شاراوەی حەقیقەت و سەرچاوەی درەوشانەوەی تیشکەکانی ڕۆشنکردنەوەیە. لەو بڕوایەدا بوو دیتنی سەرسەری و بێ ئاکامی ڕووداوە هاکەزاییەکانی ڕۆژانە، کە تاریکن و لێڵی زێدە دەکەن و لە ڕۆشنایی بێبەشن، نابێت لەگەڵ ڕیالیزمی هونەر و ئەدەبیات تێکەڵ بکرێت و وەک یەک خوێندنەوەی بۆ بکرێت، چونکە گزنگێک لەناو ئەودا نادرەوشێتەوەو تیشکێک لەناویدا ڕێناکەوێت. داستایۆفسکی لەو بڕوایەدا بوو، کە لە هەر بەرهەمێکی ئەدەبیدا موقناتیسێک هەیە بۆ ڕاکێشانی سەرجەم تیشکەکانی بەرهەم و ناوەندی کۆبوونەوەی تیشکەکان. لەسەر ئەو باوەڕە بوو، کە ئەم ناوەندە لە نێوان سنووری خەیاڵ و واقعییەت و لە سەرووی زانراو و ئاساییەکانە.

تولستۆیش بوونی ناوەندێک بە ناوی حەقیقەتی ڕوونکەرەوە بە گرنگترین بەش لە هەر بەرهەمێکی ئەدەبیدا دەزانێت، لەو بڕوایەدا بوو، کە لە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی گرنگترین شت هەبوونی وەها ناوەندێکە بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم تیشکە درەوشاوەکان لە بەرهەم یان درەوشاوە لەسەر بەرهەم، یان لەو شوێنە داببڕێت و بڵاوبێتەوەو ڕووناککەرەوە بێت. لەو بڕوایەدا بوو ناکرێت تەنیا بە وشەی ڕووت ئەم ناوەندە ڕوون بکرێتەوە بەڵکو تەنیا دەکرێت تاڕادەیەک

لەناو ئاکار و کردەوەکان و لە ناو خەیاڵ و گومان و یان لەناو کردەو نواندنەکاندا راڤە یان شیبکرێتەوە. لە روانگەی ئەوەوە تەنیا بە خودی بەرهەمەکەوە ئەم ناوەرۆکە رۆشنکەرەوە بەشێوەیەکی رەها دەدرکێت و ئاشکرا دەکرێـت.

جوزێف کۆنراد ژیانی تاریکی مرۆڤە خەیاڵییەکانی لە واقعییەتە رۆشن ئاساکان بە روونتر دەزانی، لەناو رەشییەکانی ژیانی خەیاڵییەکاندا لە شوێن رووناکی دەگەڕا. ناوبراو لە راڤە کردنی ئەم نووسراوەی (نوالیس) کە (کەسێکی تر بەو شتە بڕوا بێنێت، کە من باوەڕم پێیەتی، ئیمانی من کتوپڕ و لە رادەبەدەر زیاتر دەبێـت) مەبەست لەم وتە کێشەدارە بەم شێوەیە روون دەکاتەوە، کە ئەمە تیشکە رووناکیدەرەکانی بەشی ئەدەبیات و رۆمانە، کە لە درەوشانەوەو تیشکدانەوەی پەیتا پەیتایی لەسەر ئاوێنەی زەینە بەرامبەر و هاوتاکاندا زیاد دەبن و لە دەوری رەشی راستەقینەدا خەرمانەیەکی خێرایی و بەربڵاو دروست دەکەن. ئەو هەبوونی باوەڕێکی هاوبەشی هەڵقوڵاو لە چەشنێک بڕوا بە رۆحی هاوشێوەیی یان هەستی هاوئاهەنگی گشتی لە تاریکترین بەشەکانی وەهم بە مەرجێک، کە بڕوایەکی بەهێز و کردە سازکەر بەرهەم بێنێت و بتوانێت بە شێوەی ژیانێکی خەیاڵی دەر بێت، زۆر رووناکتر لە واقعییەتی رووناک ئاسا دەزانێت. رەنگە رۆمان ئەو عەدەسە هاوکێشەیە بێت، کە تیشکەکانی راستەقینە و خەیاڵ لە رووی ناوەندی خۆی کۆدەکاتەوە، کە بیری داهێنەری رۆماننووس بێت.

داستایۆفسکی لە کورتە باسێکدا دەڵێت، کە ئەگەر رووداوەکانی ناو چیرۆکەکانی وەک بەسەرهاتێکی تایبەت و نائاسایی لە تاریکی دەبیندرێت، هەڵە و چەواشە لە زەینی رەشبینی ئێمەیە نەک لە چیرۆکەکە، چونکە بە هۆی رەشبینی، رووناکی سروشتی دیتنمان لەناو دەچێت و هەموو شتێکی زەینمان ئاوەژۆ دەبێت، ئەو شتەی کە بە رۆشنایی دەبینین رەشی رووتەو ئەو شتەی کە بە رەشی ناو دەهێنرێت، رووناکی رەهایە چونکە ئەو دەستکەوتەی ئێمە لە (ئەگەر و خوو)ە و ناڕاستە. پێکهاتەی ئاسایی و نائاسایی و عەقڵانی و ناعەقڵانی چوارچێوەی ریشەیی و بنەڕەتی رۆمانە، کە لە راستیدا هەر پێکهاتووی سێبەری رووناکی، تاریکی و رۆشناییە. لەم روانگەوە رۆمان شێوەیەک لە درەوشانەوەی تیشک و ئاشکراکردنە، شوناس بەخشین و ئاشکراکردنی تاریکی و کوژانەوە و بێدەنگییە، دەرخستن و بریقەدارکردنی ئەو شتانەیە، کە لە سێبەری تاریکیدا رۆچوون و خەوتوون، وریاکردنەوە و زیندووکردنەوەی ئەو شتانەیە، کە مردوون یان خەریکە دەمرن، راپەڕینێکی دووبارەیە و بەخشینی ژیانێکی



نوێ و رۆحێکی تازەیە. لەسەر ئەساسی ئەم روانگەیەیە کە ڤالتێر ئێسکات دەربـارەی بەرهەمی (چارەنووسی نایجل) دەڵێت ئەم رۆمانەی ئەو وەک پڕۆژۆکتۆرێک وایە، کە بەسەر تاریکییە مردووەکانی چاخەکانی رابردوودا تیشکی ژیانەوە پەخش دەکاتەوە و تاریکییە سەیرو سەمەرە بێرۆحەکانی بە تیشکی زیندووکەرەوە رۆشن و زیندوو دەکاتەوە.

هەر بە پێی ئەم روانگەیەیە، کە هێنری فێلدینگ لە رۆمانی (بەسەرهاتی تام جۆنس)دا سنوورەکانی ئیمکان و ئەگەری راستەقینەی ئەدەبی بە سنوورەکانی تاریکی و رووناکی پێناسە دەکات، ئەو سێبەرە رۆشنانەی کە ئەگەر رۆشنایی تەواو بێت و لەگەڵ تاریکی تێکەڵ بێت وەهمی تاریک ئاسا دەستپێدەکات. ناوبراو دەنووسێت: هونەری گەورەی رۆمان لەوەدایە، کە تیشکی حەقیقەت لەگەڵ رەشی گومان ئاوێتە بکات تا گەوهەری باوەڕپێکراوی رۆشنایی بە ماکی جێی سەرنج و فێڵەزانی تاریکی ببەستێتەوە.

هەر لە سووچی ئەم روانینەیە کە هێنری جێمس لە «هونەری چیرۆک»دا رۆمان وەک مەنشوور(پواز)ێک پێناسە دەکات کە تیشکەکانی درەوشاوە لە حەقیقەت یان تیشکدانەوە لە راستی بە حەوت رەنگی گرنگی وەک درۆو فریو و وەهم رەواو گومان و خەون و مۆتەکە دابەش دەکرێت و هەر یەکە لەم تیشکانەی تارمایی خەیاڵ بە شێوەیەکی شکاو لە خۆی تێدەپەڕێنێو لە هێڵێکی دیاری کراودا بە لاڕێیدا دەبات.

لە هەر روانگەیەکەوە لەم شتە بڕوانین رۆمان جیا لە پەنجەرەیەک نییە، کە لە تاریکایی ناوەوە بەرەو رۆشنایی دەرەوە دەکرێتەوە، یان لە تاریکایی دەرەوە بەرەو رۆشنایی ناوەوە. لە هەر یەک لەم حاڵەتە گونجاوانەدا تیشکەکانی دەرەوە و ناوەوە لە رێگەی ئەم دەلاقەوە خەریکی هاتوچۆ و درەوشانەوە و تیشکدانەوەی پەیتا پەیتایین. جاری وایە بەرەو لای یەک و بەشێوەی کۆ لە ناوەندەکانی خەیاڵ و وەهم یان ناوەندی حەقیقەت و راستەقینەن و هەندێک جاریش لە یەک دوور و لە ناوەندەکانی خەون ومۆتەکە دوور دەکەونەوە. هەندێکجاریش لەرزۆک و بڵاو بە لاڕێدا دەچن، جاری واشە لە زەینی خوێنەر تیشکدەر راکێشەر مردوون و هەندێکجاریش بە زەینی خوێنەر فڕین دەبەخشن و باڵندەی خەیاڵی خوێنەر دەفڕێنن.

# دان براون: ئاین یەک دوژمنـــی هـــەیـــە، ئـــەویـــش بێموبالاتییە



**دیمانە: ئالیس هوراتشکوفا**
**وەرگێڕانی: شێرزاد هەینی**

ڕۆمانی کۆدی دافینشی زۆرتـر لە هەشتا ملیۆن دانـەی لێفرۆشراوە، هەروەها بەشی دووەمەکەی کە خەڵکەکە شەش ساڵ چاوەڕوانی بوون زۆری لێ فرۆشراوە، لەو ماوەیەدا ڕۆمانێکی تری لەسەر شیکەرەوەی سونبلەکانی ڕۆبیرت لانگدۆنا بەناوی (سونبلە بزربووەکە) دەرچووە، ئەو دیمانەیەش تایبەتە بەو ڕۆمانە نوێیەی دان براون.

دیمانەکەمان لەزێدی لەدایکبوونی (ئاکسیتر) خۆی بوو، ئەو بەو دیمانەیە زۆر کامەران و ڕووخۆش بوو.

**تۆ تا ئێستا پێنج ڕۆمانت نووسیوە، شەش ساڵ لەسەر ڕۆمانی (سونبلە بزربووەکە) کارتکردووە، ئایا تۆ لە چیرۆکی ورووژاندن و داڕشتنە ئاوێتەکان ماندوونەبوویت؟**

بەڵێ من زۆر ماندووم، من خەیاڵ ناکەم کار لەسەر پرۆژەیەکی سادەو ئاسان بکەم، بەڵکو مەسەلەکە پێچەوانەیە، من لە نووسینە نوێیەکانم زۆرتر بابەتی ئاڵۆزتر دەنووسم، لە ڕۆمانی (سونبلە بزربووەکە) توانایەکی زۆرم سەرفکردووە، ئەم ساڵ کار لەسەر شانۆنامەیەک بەناوی (پەنجەرەی جاڵجاڵۆکەکە درۆ دەکات) دەنووسم، کاریش لەسەر دەقێک دەکەم بۆ فیلمی ڕۆمانی سونبلە بزربووەکە،



بۆیەش من بیر لە نووسینی کتێبـی نوێی تر ناکەمەوە، دەرچوونی کتێبەکانی من لەگەڵ جەستە تەماوییەکان کە بەئاسمانەوە وەنووساون دەبەستمەوە، زۆرجار ئەوانە بەیەکەوە کۆدەبنەوەو هەسارەیەک دروستدەکەن، ئێستا من لە قۆناغی تەمەکەدام، چەندین بیرۆکەم هەیە، چاوەڕوان دەبم تا گرد دەبنەوە.

****

## من ماسۆنی نیم

**ماسۆنیەت بابەتی سەرەکی ڕۆمانی سونبلە بزربووەکەبوو، وەک چۆن بابەتی سەرەکی ڕۆمانی کۆدی دافینشی بوو، تۆ بیر لەو ناکەیتەوە ببیتە ئەندام لە ماسۆنیەت و کاریان بۆ بکەیت؟**

من کەسێکی ماسۆنی نیم، هەرگیزیش ناکرێ من وابم، یەکێک لە مەرجەکانی ئەندامەتی لە ماسۆنیەت پاراستنی نهێنییە. منیش حەزدەکەم و کار بۆ ئەوە دەکەم نهێنییەکان ئاشکرا بکەم، ئەگەر من بوومە ئەندامی ئەوان ئەوە ناوبانگیان دەشێوێنم، پاشان ناچارم لە دەرەوەی ئەوانەوە زانیارییەکان کۆبکەمەوە.

**لە پێشەکییەکەدا تۆ وتووە من زۆر سوپاسی ئەوانە دەکەم کە لە کارەکەمدا بەشدارن، ئەوانەش زۆرن کە یارمەتی تۆیان بۆ سازکردنی توێژینەوەکان داوە، دەکرێ بزانین ئەوانە ژمارەیان چەندە؟**

لە واشنتۆن ژمارەیان سەد کەس دەبێت، بەڵام کەسێکی دیار نییە یاریدەرم بووبێت، ئەوان بەبێ بەرامبەر یارمەتی منیان داوە، من وادەزانم زۆر مەترسیدارە ئەگەر فێرە پارەیان بکەیت، بۆیەش بڕواکردن نامێنێت، چونکە وای لێ دێت ئەوان زانیارییەکان تەنها بە پارە دەگێڕنەوەو بەس.

**ماسۆنیەت ڕێکخراوێکی ناشەفافەو پڕە لەناوی زۆر ناسراو، دەکرێ ئەوانە ترسناک بن؟**

نەخێر، من زۆر ڕێزیان دەگرم، زۆر خەڵک پێیان سەیرە کە من ڕێزی زۆرم بۆ ئەوان هەیە، ئێمە لە جیهانێکدا دەژین خەڵکەکە لەبەر قەناعەتەکانیان یەکتری دەکوژن، یان لەبەر ڕۆشنایییە وەهمییەکانی ئاینە وا کەوتوونەتە گیانی یەکتری، ماسۆنیەت دەکرێ کەسانی جوولەکەو موسڵمان و کریستیان و هیندۆسی یان بوزییش بەئەندام وەربگرێت، ئەوانە لەناو چوارچێوەیەکی یەکگرتووی برایانە

کاردەکەن، من ڕێزی ئەو فەلسەفە کەونییە هەمەلایەنییە دەگرم.

**که تۆ وەسفی ئەو سرووتانەی ئـەوان دەکەیت، هەندێک کەس هەیە بێزیان لێدەکاتەوە؟**

بەڵی، مەبەستیش ئەوەیە، ئەوەی پێشوەخت بڕیاردەدات لە نەزانینەوەیە، لە دیمەنێکدا ڕۆبیرت لانگدۆن بەو شێوەیە ڕوونکردنەوەیەک بۆ خوێندکارەکانی دەکات و دەڵێت:

ئەنگۆ وا بیردەکەنەوە کەوا سرووتەکانی ماسۆنیەت مەترسیدارە، ئەدی خۆتان بەو سرووتانەی کە ئێوە بڕواتان پێیان هەیە، چ بەو جۆرە کارانە دەڵێن کە ڕەزامەندییان هەیە لەسەر ئازاردان و ئەشکەنجەدان و خوێن فڕکردن، ئەوانەی جەستەکان دەخۆن...؟ بەوانە چ دەڵێن، ئەوانە ئێوە دەترسێنن، بەڵام ساتێک دێت بۆتان ڕوون دەبێتەوە کەوا مەسەلەکە پەیوەستە بە قەداسی کاسۆلیکیەت. هەموو هێماکانی شارستانیەت و فەلسەفەکان ئەگەر بێ شرۆڤەکردن ترسناک دەبینرێن ئەگەر بەهەڵە شرۆڤەیان بکرێت، ئەگەر شتێک بخوێنەوە کە وا ماسۆنیەت خوێن بە کەللەسەرەکان فڕدەکەن، ئەوا ئێوە بەدکاری زۆر کوشندە مەزندە دەکەن، بەڵام لەڕاستیدا ئەوانە بەشیکن لە دروشمە جوانەکان.

**لە کتێبەکەدا نووسراوە کە ساڵی ٢٠١٢ کۆتایی جیهانە، ئەوەش بە بۆچوونی مەزندەکانت ئەوە ڕوودەدات، ئایا تۆ لەوەیان ترست هەیە؟**

من وادەزانم ئێمە لەماوەی ئەزموونیداین، بەشێوەیەکی کاتیی و لەلایەنی تەکنەلۆژییەوە پێشدەکەوین، من دڵنیانیم لەوەی کە ڕەووشت و فەلسەفە بە هەمان ئاراستەو بەخێرایی ڕێدەکات، دروستکردنی چەکی ناوەکی زۆر مەترسیدارە، بەبێ ئەوەی لەڕووی ئەخلاقییەوە مانایەکی هەبێت، وەک ئەوە وایە ئەگەر گۆگرد لەبەر دەستی منداڵێک دابنێت وایە. وەک هەمووومان دەزانین کە کۆتایی گەردوون نزیک بووە، بەڵام من ناترسێم، چونکە گۆڕانەکان ئیجابی دەبێت، لەودەمانەدا ساتە مەستوورەکان دەردەکەوێت، ئەودەمانە ساتی ڕۆشنگەری گەورەیە، تێدەگەین هێزی بیرکردنەوەی مرۆڤ چەند مەزنە، ئەو چۆن دەتوانێت دەسەڵاتی بەسەر مادەدا بشکێت، ئەوەی پێویستە بزاندرێت ئەوەیە کەوا تێبگەین ئەو هێزە چۆن گەشە دەکات و چۆن لەو حاڵی دەبین، ئەوەندەمان بەسە.

****





## گۆڕینی جیهان

**وەک چۆن تۆ لە کتێبەکەتدا نووسیوتە کەوا تەنها هزرێکی بەشرییەت دەتوانێت شتێکی هەستپێکراو لەو جیهانەدا بگۆڕێت، بە ڕاستی تۆ بڕوات بەوە هەیە؟**

بە هەموو دڵنیاییەکەوە، ئەو ئەزموونەی من لە کتێبەکەدا وەسفم کردووە ڕاستییە، هەندێک لە توێژەرەکانی کارکەر لە بواری توێژینەوەی هاوچەرخ دەیانەوێت باندۆری بیرکردنەوەی بەشرییەت بسەلمێنن، لەو بوارەشدا چەندین بابەت و توێژینەوە بوونی هەیە، منیش کە یەکەم جار شتێکی لەو جۆرەم خوێندەوە بڕوام نەکرد، بۆیەش نووسینی ڕۆمانی سونبلە بزربوونەکەم ئەوەندە ساڵەی خایاند، چونکە چەندایەتی دەراسەتەکە مەزن بوو.

**ئایا ئەدەب دەتوانێت شتێک بگۆڕێت؟**

بێگومان ئەویش وەک هەموو جۆرەکانی تری هونەرو داهێنانەکان زمانێکی جیهانییە، کە سەیری وێنەیەک دەکەیت لەناکاو هەموو لەمپەرەکانی نێوان زمان و کولتوور لێکدەترازێن، هەمان پرۆسەش لەسەر ئەدەب و موزیک باندۆریان هەیە، لەبەر ئەوەی من کەسێکی نووسەرم ئەوەم لەسەر شانە کەوا کۆشش بکەم جیهان بەرەو ئاراستەیەکی ترو بەرەو باشتر بیگۆڕم.

**لەناو کتێبەکانتاندا دیارە کە تۆ زۆرتر بایەخ بە مێژوو و بە دوێنی دەدەیت لە ئیمڕۆ، تا چ ڕادەیەک بۆ نمونە کەسێک وەک باراک ئۆباما جێگەی بایەخە؟**

من بە وزەیەکی مەزنەوە کارم لەسەر کتێبەکەم کـردووە، تا ڕادەیەک زۆر ئاگام لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکە نەبوو، یان لەودەمانەی ئەو پۆستەکەی وەرگرت، من ئاگام لێنەبوو، من بایەخ بە سیاسەت نادەم، من وادەزانم ئەوە پرۆسەیەکی کاتییە، ئەوەی لەلای من گرنگە کەوا گۆڕان چەند کاریگەریی لەسەر مێژوو دەبێت و هزرەکان چەند سەدە دەمێننەوە، نەک کەسانی سیاسەتمەدار کە پاش چەند هەفتەیەک یان پاش چەند مانگێک .... یان پاش چەند ساڵێک کۆتاییان دێت، من سیاسەت وەک شتێکی ڕووکار دەبینم، من لەناو تەکوینی قووڵی شارستانیەت و کولتوورو ئاین شۆڕدەبمەوە.

**تۆ لەمناڵییەوە لەبەر رۆشنایی ئاین پەروەردەبوویت، تۆ خۆت وەک کەسێکی ئیماندار دەبینیت؟**

من وادەزانـم ئاینەکەم پرۆسەیەکی تەواونەکراوە، من زۆرتر رۆحانیم نەک ئیمانداری، من ناچمە کڵێسە، من وادەزانم لەناو کتێبە کۆنەکاندا وەڵامی پرسەکانم دەست ناکەوێت، ئیمانداریيەکەی من زۆر تایبەتییە، لە کۆبونەوە ئاینییە گەورەکاندا بەشداریی ناکەم، زۆریش بیر لە خودا ناکەمەوە، لەبەر ئەوەی من ئەو کتێبانە دەنووسم، بۆیە وادەزانم دەبێ من کەسێکی وابم.

****

## ئیمانداری رۆحانی

**زۆر خەڵک وا مەزندە دەکەن تۆ دژی ئیمانداری و ئاینیت؟**

وادەزانم ئەو خەڵکە هەرگیز ئەو کتێبەیان نەخوێندبێتەوە، ئەوەیان بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکان دژی ئاین نییە، تا ئێستاش من نامەم لە قەشەکانەوە بەدەست دەگات، بۆم دەنووسن: بەرێز براون، ئێمە لەگەڵ بۆچوونەکانت هاوسۆزنین، بەڵام نووسینەکانت لەسەر دەستەیەک لە دێرە ئاینیەکانمان کاریگەری هەبووە، لەسەر نووسینی کۆدی مامۆستا دافینشی سوپاست دەکەین، جاران تەنها پێنج کەس کاری توێژینەوەیان لەسەر ئینجیل کردووە، بەڵام ئیمرۆ سەدان کەس لەو بوارەدا هاتوونەتە پێشەوە.

ئاین یەک دوژمنی هەیە، ئەویش بێمومبالایەتییە. من دوژمنی ئاین نیم، من کەسێکم خەڵکەکە لەسەر مەسەلەیەک هاندەدەم ئەوان بۆچی ئیماندارن، من مەبەستم نییە، ئەوان کتێبەکانم بە حەقیقەت دەزانن یان نا... ئەوان ئازادن چ لەو کتێبانە وەردەگرن، لەوەیاندا ئەوان خۆیان سەرپشکن.

**بەڵام تۆ بە کتێبی کۆدی دافینشی خەڵکێکی زۆرت تووڕەکرد، بەوەیان وادەزانیت کە تۆ لە هەڵویستێکی نائارامیت، یان هەڕەشەت لەسەرە؟**

من نامەوێ بەدرێژی لەسەر مەسەلەی سەلامەتی و ئاسایشی خۆم قسە بکەم. ئەو کتێبە خەڵکێکی زۆری تووڕە کردووە، بەڵام ژمارەی ئەوانەی هەڵوەستەیان کردووە زۆرترە لەوانەی لە کتێبەکە تووڕەن، دیارە کەسانی نەیار دەنگیان بەرزترە لەوانەی هاوسۆزن. بەڵی وایە ڤاتیکان زۆر لە کتێبەکەم سەرگران بوون، منیان بە کەسێکی درۆزن ناوزەد کردبوو، بەڵام من هەر ئەوەندەم رەچاو



دەکرد، بەتەما نەبووم بەشێوەیەکی تر کاردانەوەیان هەبێت. بابەتی سەرەکی مرۆڤ بۆ خودا، من لە ئاین نزیک دەکاتەوە، نەک دوورم بکاتەوە، بەڵام کەسانی تر ئەوە بە(هەرتەقە)و لەتبوون و دابڕان لە عەقیدە دەزانن.

*** بەڵام رەخنەکانی سەر کتێبی کۆدی دافینشی تەنها لەسەر لایەنە ئاینییەکەی نەبوو، ئایا دەزانیت لە ماڵپەڕەکەی ویکینیدیادا بەشێکی بۆ ئاماژەدان بە چەواشەکانی ناو کتێبەکەت کراوەتەوەو قەبارەکەی ٢٢ لاپەڕەیە؟**

ئەگەر ژمـارەی لاپەڕەکان لەوەندەش زۆرتربووایە من هیچ سەرسام نەدەبووم، ژمارەیەکی زۆر خەڵک هەیە کۆشش دەکەن کتێبەکە بڕووخێنن یان هەرەسی پێبهێنن. کتێبەکەم باس لەوە دەکات، ئەوەی لە بابەتی مێژوو لە قوتابخانەکان و لە کڵێسەکاندا دەخوێندرێت وردو راست نییە. ئەوەش شتێکی مەنتقییە کە زووتر خەڵکێکی زۆر هەبوون زووتر و لە سەردەمەکانی پێشوو هەردوو دەقەکانیان بەراورد دەکردو دەیانووت، ئەوە راستە، ئەوە درۆیە، دیارە بنچینەی کتێبەکەی منیش لەوە سەرچاوەی گرتووە.

****

## سەربردەکانی پابەند بە واقیعەکە

**راستترە نییە بڵێن کە تۆ رۆمانێکت نووسیوەو ناتەوێت باس لەوە بکەیت کە مەسەلەکە بە راستییەکانی واقیعیەوە بەندەو تۆش ئەوە بە بەردەوامی دەکەیت؟**

من بایەخ بە رەخنەکان نادەم و بە هیچ جۆرێکیش من نابزوێنن، من ئەو رۆمانەم خۆشدەوێت کە بە واقیعەوە بەستراوەتەوە، ئەدەبی تر ناخوێنمەوە، من لەسەر واقیع دەنووسم، وەک مێژوو، بیناسازی، زانست، سرووتە کۆنەکان، لوغزەکان، هەموو شوێنەکانی ناو کتێبەکانم واقعیین.

**راستییە؟ برایانی سهیۆن کە یەکێکە لە کۆمپانیا یان کۆمەڵە نهێنییەکان کە زۆر ناسراون، ئەوانە لە سەدەکانی ناوەڕاست دانەمەزراون وەک خۆت دەڵێیت، بەڵکو ئەوە لەلایەن پییر پلانتاردەوە لەساڵی ١٩٥٦ دامەزراوە..!؟**

بەڵام ئەوە تەنها بۆچوونە، من کتێبێک دەنووسم لەلای من راستییە، من بڕوام بەوە هەیە، مەرج نییە هەموو خەڵکەکە بڕوا بەو قسەیەی من بکەن، رەنگە یەکێک لە جوانییەکانی نووسین ئەوەیە کە نووسەرەکەی بۆچوونی تایبەتی خۆی نیشان

بدات، من سوورم لەسەر ئەوانەی خۆم نووسیومن.

**ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی بەشێکی تری (کۆدی دافینشی)بووین، دەڵێن تۆ لەژێر فشارێکی زۆردا بوویت؟**

پاش دەرچوونی کۆدی دافینشی، من کارم لەسەر سونبلە بزربووەکە کردووە، لەناکاو نامەی پشتگیریم بەدەست گەیشت، ئەو نامانە هێدی هێدی زۆرتر دەبوون، بۆیەش بڕوام کرد کەوا ئەوەی من دەینووسم لەلایەن ملیۆنەها کەسەوە دەخوێندرێتەوە، لەسەرانسەری جیهان خوێنەریان هەیە، ماوەیەک ئەوەش باندۆری لەسەر من کردبوو، من وام لێهات لەسەر هەموو شتەکان بەشێوەیەکی تر بیرم دەکردەوە، هەموو شتەکانمان هەڵدەسەنگاند، بەڵام دوایی ئەوانە هەموو بزربوون، بەیانییەکیان کە لەخەو هەڵسام بینیم هیچ لە شتەکان نەگۆڕاوە، من بەیانیان سەعات چوار لەخەو هەڵدەستم و لەسەر کۆمپیوتەرەکەم دادەنیشم، ڕوو لە لاپەڕەیەکی سپی دەکەم، کۆشش دەکەم کتێبێکی باشتر بنووسم، ئەوەی لەدەستم دێ باشتر بنووسم، کەسایەتییەکانم پێیان گرینگ نییە کە چەند ملیۆن دانە لە کتێبەکانم دەفرۆشرێن.

**لەبەر کێشەو دۆسیە زۆرەکانی دادگاکان تۆ لەکارکردن دوا دەکەویت ؟**

ئەوەیان هیچ باندۆری لەسەر نووسین و شێوەی کارکردنی من نەبووە، بەڵام ئەوانە کاتیان بەفیرۆداوم، ئەوەش شتێکی خۆش نەبوو، سەیرە کە دەبینی لە ڕۆژنامەکان هێرش دەکردێتە سەر کەسێک، یان یەکێک بە درۆزن یان بە دز ناوت دەبات. من ئەوە دەزانم کە کار لەسەر توێژینەوەیەک دەکەم، ناکرێ کاری یەکێکی تر کۆپی بکەمەوە، من ترسم نییە. دیارە ئەو کێشانەش خۆش نەبوون، دۆسیەکانیش ژمارەیان زۆر بوو، هەندێکیان کێشەی گشتی بوون، ژمارەیەکیشیان نەخێر. مەسەلەکە ئیحراجی تێدابوو، بەتایبەتی کە لەڕاستی دووربوون، تۆ هیچت لەدەست نایێت تەنها ئەوە نەبێت بەئارامییەوە سەبر بگریت، چونکە دادگا بڕیارە ڕاستەکە دەدات، وەک چۆن بڕیارەکانی داوە.

**پێش ڕۆمانەکەی کۆدی دافینشی، تۆ سێ کتێبی ترت نووسیبوو، بەڵام ئەوان ڕەواجیان نەبوو، بۆ کەم دەفرۆشران؟**

بێگومان ڕێگاکە سەخت و درێژبوو، کە خەڵکەکە کتێبەکانیان نەدەکڕی، جیاوازییەکە لێرەدایە، کتێبی (ملائیکەتەکان و شەیتانەکان) دە ساڵ زووتر چاپ



ببوو، ئەوەدەمانە فرۆشتنی باش نەبوو، دە ساڵ پێش ئێستا ڕەواجی نەبوو، بەڵام هەر ئەو کتێبە ئێستا ملیۆنەها دانەی لێ دەفرۆشرێت، ئەگەرچی من یەک وشەم لەناو کتێبەکە نەگۆڕیوە، هەمان کتێبەکەی جارانە، کاتەکەش باشتربوو، وەک کاتی دەرچوونی کۆدی دافینشی. من وادەزانم ئەوانەی یارمەتی ئەوەیان کرد کەوا کتێبەکانم بفرۆشرێن، پەخشکەرە بە ئیمکانیەتەکانم بوون، ئەوان ڕۆڵیان هەبوو.

****




**ڕۆمانەکەو فیلمەکە**

**تا ئێستا دوو فیلم لە ڕۆمانەکانی تۆ دەرهێنراون و وێنەیان گیراوەو ڕۆمانی سێیەمیشت وا کاری لەسەردەکەن، دوو فیلمەکە هەڵبژاردنی ناو ڕۆمانەکانیان خراپ بوو، ئەوان چۆن پێشوازییان لە پێشنیارەکانی تۆ دەکرد؟**

وادەزانم لە فیلمەکاندا ئیقاع و ڕۆحی ڕۆمانەکانیان پاراستبوو، ئاسان نییە ڕووداوەکان کورت بکەیتەوە سەر کاری تەنها دوو سەعات، دیارە کەوا ناکرێ لەو پرۆسەیەدا کورتکردنەوەو گۆڕان نەکرێت، من لەپشت پەردەکانەوە بەشداری دەرهێنانی هەردوو فیلمی کۆدی دافینشی و ملائیکەتەکان و شەیتانەکانم دەکرد، بەڵام من ئەو کەسە نیم ئامۆژگاری و ڕێنمایی دەرهێنەرەکە بکەم، کە چۆن فیلمەکە ساز بکات و چۆن وێنەکان بگرن، من بڕوام بەو هەیەو ڕێزیشی دەگرم، بەڵام من وادەزانم کارەکەی ملائیکەتەکان و شەیتانەکان باشتربوو.

**ئایا تۆ داوات کردبوو ئەکتەر تۆم هانکس ڕۆڵەکە بەرجەستە بکات؟**

من و دەرهێنەرەکە بەیەکەوە ڕامان وابوو، دیارە کەوا ئەو ئەکتەرێکی جیهانییە، زۆریش زیرەکە، کەسێکی بەڕێزو گوێڕایەڵەو کاریش بەجدی دەکات.

سەرچاوە:

لەڕۆژنامەی ئەلقەبەسی کوێتی ڕۆژی ١٤ی فبرایەری ساڵی ٢٠١٠ وەرگیراوە.

## تەسلیمە نەسرین:

# هیچ ئایینێک نییە شکۆداریی و ستایشی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو بکات



**وەرگێڕانی: دلێر محەمەد**

* ئاشکرایە ژنە نووسەرو فیمینیزم و چالاکوانی بواری مافە کۆمەڵایەتی و سیاسی و مەدەنییەکانی ئافرەتان خاتوو تەسلیمە نەسرین لەسەر نووسینی بەرهەمگەلێکی خۆی، کە تیایاندا بەتوندی رەخنە ئاراستەی تێروانینی ئوسوڵی و چەقبەستوو بۆ دین و نەریتی باوی کۆمەڵگای بەنگلادیشی دەکات. دیارە هەر ئەم جۆرە نووسینە رەخنەییانە و چالاکییە مەدەنییەکانی بە مەبەستی ئازادی ئافرەتانی وڵاتەکەی و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان، تەسلیمە نەسرین رووبەرووی ئازاردان و سوتاندنی ژمارەیەک لە بەرهەمەکانی دەکاتەوە، دواجاریش ئەم خانمە کاتێک هەڵدەستێت بە دژایەتیکردنی بیروباوەڕە ئایینییە نەگۆڕەکان، تێروانینە سۆسیۆلۆژییە سونەتییەکانی کۆمەڵگاکەی، بەر نەفرەتی زۆربەی دەسەڵاتدارانی دادگای وڵاتەکەی، ئیدی دووچاری راوەدوونان و زیندان و ئازاردان و لە کۆتاییشدا بە یەکجاری لە زێدو لە نیشتمانەکەی دەردەکرێت، ئەویش بە ناچاری لە مەنفاو تاراوگە ژیان بەسەردەبات... شایەنی باسە لەم دیدارەدا تەسلیمە نەسرین هێرشێکی توند دەکاتە سەر بیروباوەڕی ئایینی سەلەفی تەنیا خۆ بە حەقیقەتزان و چەقبەستوو، هەروەها لەو بڕوایەشدایە کە



سەلەفییەتی دینی بە تەنیا تایبەت نییە بە ئایینی ئیسلام، بەڵکو بەشێکی زۆری شوێنکەوتووانی ئایینەکانی تریش لە قۆناغی خۆیدا هەڵگری ئەم بیروباوەڕە سەلەفییەبوون...

**جەنگی تۆ لە دژی سەلەفییەت تەنیا کورت ناکرێتەوە بۆ سەر سەلەفییەتی ئیسلامی، چونکە تۆ بە هەمان شێوە ئیدانەی سەلەفییەتی یەهودی و مەسیحی و هیندۆسی دەکەیت، ئایا خاڵی هاوبەشی نێوان ئەم سەلەفییەتانە چییە؟**

بەڵێ بە دڵنیایی من لە هەموو شوێنێک رووبەڕووی هەموو سەلەفییەتەکان بوومەتەوە، بەشێوەیەکی تایبەت و بەدرێژایی ژیانیشم بە دەست سەلەفییەتی ئیسلامییەوە ئازارم چەشتووەو ناڵاندوومە، من لە وڵاتێکی ئیسلامیدا لەدایکبووم وا گەورەبووم، کاتێکیش رەخنە لە سەلەفییەتەکان و لە ئایینەکان دەگرم لە خودی خۆیاندا، لەوانە دینی هیندۆسی یان مەسیحی یان یەهودی یان بودیزم، لەبەر ئەوەیە کە ئەم ئایینانە ئافرەتان دەچەوسێننەوە، بەڵام هیچ کەسێکی سەر بەم دینانە هەڕەشەی کوشتنی لێنەکردووم، کەچی کاتێک دەربارەی ئیسلام قسەمکرد، ئوسوڵییە ئیسلامییەکان لەوکاتەدا فتوایەکیان دەرکرد، کە بانگەشەی بۆ لە سێدارەدان ولە مەقسەڵەدانم دەکرد، بەدڵنیایی ئەوان لە بەرامبەر سەری مندا نرخێکیان دانابوو، هەر بەمجۆرەشبوو کە لە وڵاتەکەم(بەنگلادیش) دوورخرامەوە، پاش ئەوەی، کە دە ساڵ لە ئەورووپا ژیام، سەفەرم بۆ هیندستان و بۆ شاری کەلکەتا کرد، لەوێش چەند فتوایەک منیانکردە ئامانج، کتێبەکانیشم لە مەیدانێکی گشتیدا سوتێنران، جارێکیش کە لە شاری حەیدەرئاباد سەرقاڵی نمایش و پێشکەشکردنی یەکێک لە کتێبەکانم بووم لەسەر دەستی سەلەفییە ئیسلامییەکان دەستدرێژی کرایە سەرم. هەروەها لە شاری کەلکاتا_ش سەلەفییەکان هاتنە سەر شەقام، داوای دەرکردنیانکردم، وەڵامی حکومەتە چەپڕەوەکەی ئەوکاتەی هیندستان_یش ئەوەبوو، کە لە شاری نیودەلهی دەمخاتە ژێر چاودێرییەوە، بەرلەوەی هەستێت بە دەرکردنم. بەهۆی سەلەفییەکانەوە لە ئەمڕۆدا خۆم وادەبینمەوە، کە ناچاری ژیانم لە تاراوگەیەکی نوێدا. ئەمەش ژیانێکی ئەستەم و سەختە، چونکە من ژنە نووسەرێکی بەنگلادیشیم و بەهۆی دوورخستنەوەمەوە لە وڵاتەکەم زۆر دڵڕەقییم بەرامبەر کراوە، بەجۆریک ئەگەر لە وڵات بوومایە لە توانامدا دەبوو ئافرەتان هانبدەم، کە درێژە بە خەباتی خۆیان بدەن لە پێناوی ماف ولە پێناوی ئازادیدا.

**بۆچی سەلەفییەکان مافەکانی ئافرەتان دەکەنە باشترین ئامانجی خۆیان؟**

ئەوان وا دەبینن، کە دەسەڵاتی پیاو بەپێی ئەو ستەم و چەوساندنەوەیە

پێوانەدەکرێت، کە لەسەر ژنان پەیڕەوی دەکەن. هەروەها ئایینیش هۆکاری سەلەفییەتە، بەهەرحاڵ هیچ ئایینێکیش نییە، کە تەمجیدی یەکسانی نێوان ژن و پیاو بکات، چونکە هەموویان دژایەتی ئافرەتان دەکەن، ئەوە دیینەکانن، کە هانی ستەم و چەوساندنەوەی ئافرەتان دەدەن، هەروەها رێگە لە ئافرەتانیش دەگرن، کە چێژ لە هەمان ئەو مافانە وەرگرن، کە پیاوان چێژیان لێدەبینن، ئایینەکان هەڵدەستن بە لایەنگیریکردنی سیستەمی باوکسالاری کە ناکۆک و لێکدژە لەگەڵ ئازادی ئافرەتاندا...

**تێڕوانین و بۆچوونی تۆ لەسەر ئەو رووبەڕوو بوونەوانە چییە، کە لەم ساڵانەی دواییدا لە فەرەنسا و لە ئەوروپا بەگشتی روویاندا، بەهۆی لابردن و هەڵگرتنی سیمبول و نیشانە دیینیەکان لەناو خوێندنگاکان و فەزای گشتیدا؟**

من بەوپەڕی هێزەوە پشتگیری یاسای فەرەنسی دەکەم، کە هەڵگرتنی نیشانە ئاینیەکانی قەدەغەکرد لە چوارچێوەی خوێندنگا گشتییەکاندا، پێویستە لەسەر کۆمەڵگای لائیکی پارێزگاری لە خوێندنگاکانی بکات، بەو پێیەی کە خوێندنگا فەزایەکە بۆ ئازادی بیرکردنەوە، بەجۆرێک کە شوێنێک نەبێت بۆ سیمبول و نیشانە ئایینیەکان. بەڵام لەوەدا کە پەیوەندی بە حیجابەوە هەیەو مشتوومڕێکی چڕی لە بارەوەکرا، ئەوا بەلای منەوە حیجاب رەمزی چەوساندنەوەیە، پێویستە لەسەر ئافرەتان کە پۆشین و لەبەرکردنی رەتبکەنەوە، بەڵام ئەگەر قەناعەتیان بە حیجاب هەبوو، ئەوا دەبێت وەک مەسەلەیەکی تایبەتی بمێنێتەوە، پێویستە لەسەر هەر کۆمەڵگایەکی لائیکی کە پارێزگاری لە خوێندنگا بکات، پێویستە بەشێوەیەکی هەمەلایەنیش فەزای گشتی لە هەموو نیشانەو رەمزێکی دینی بپارێزێت...

**ئایا هەوڵی کەسانی ئایینی بۆ سەرلەنوێ کۆنترۆڵکردنەوەی فەزا گشتی و سیاسییەکان لە ئەوروپا دووچاری کتوپڕی و موفاجەئەیان نەکردوویت؟**

ئەمە بۆ خۆی دەلالـەت لەوەدەکات، کە ئەم دۆزە بە تەنیا لە وڵاتانی ئیسلامییدا ناخرێتەڕوو، چونکە سەلەفییەکان پێشکەوتنێکیان لە ئەوروپا تۆمارکردووە، ئەمەش بە تەنیا سەلەفییە ئیسلامییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو سەلەفییە مەسیحیەکانیش لەخۆدەگرێت، چونکە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەم سەلەفییە مەسیحییان دوودڵ نیین لەسەر هێرشکردنە سەر ئەو پزیشکانەی کە مومارەسەی لەباربردنی سکپڕی خۆویستانە دەکەن، هەروەها هەڕەشەی کوشتنیشیان لێدەکەن. لەناو یەکەمین هێزی جیهاندا مەسیحییە ئینجیلییەکان هەتا دزەشیان کردووەتە ناو فەزاکانی دەسەڵاتەوە، لە بەریتانیاش





ئیسلامییە سەلەفییەکان داوای ئیمکانییەتی پراکتیزەکردنی شەریعەتی ئیسلام دەکەن لەسەر ئەو هاووڵاتیانەی، کە بڕوایان بە ئایینی ئیسلام هەیە، بێگومان پیاوانی دینی ئەنگلیکانی و پیاوانی سیاسەتیش رایانگەیاندووە، کە ئەوان رێگر نیین لەبەردەم ئەم داواکارییەدا. ئەگەر بەر بە هەڵپەی ئەم فراوانبوونە سەلەفییە نەگیرێت، ئەگەر وازیان لێبهێنرێت کە بەبێ چاودێری رەفتاربکەن، ئەگەر پشتگیری چەپەکان و عەلمانییەکان و هیومانیستەکان نەکرێت، لە دژی هەموو شێوازەکانی سەلەفییەت، ئەوکات مومکینە کەوا پاشەکشێیەکی شارستانی گەورە رووبدات...

**ئایا بڕوات وایە کە هێزە چەپڕەوەکان زۆر لێکبووردوو بن لەگەڵ سەلەفییەکاندا؟**

ئەو هاووڵاتیانەی، کە لە ئەوروپا ئینتمایان بۆ ئیسلام هەیە کەمینەن، لێرەوە هەندێک لە چەپەکان لە ئاراستەکردنی هەر رەخنەیەک بۆ ئایینی ئیسلام دووردەکەونەوە، بەڵکو ئەوان لە بەرامبەر لادانی سەلەفییەکانیشدا لێبووردن پیشاندەدەن، بەمکارەش چەپەکان بڕوایان وایە کە زامنکەری بەرگریکردنن لە کەمیینەیەک، کە بەدەست رەگەزپەرستییەوە دەناڵێنێت، بە بڕوای من ئەمە هەڵەیەکی یەکجار بەرجەستەیە، چونکە بەبێ چەپڕەوی چۆن ئەگەری بەرپاکردنی جەنگێکی لائیکی، جەنگی مافەکانی ئافرەتان دەکرێت؟ دەستبەرداربوون لەوەی کە راستڕەوەکان ئەم مەسەلانە بگرنە دەست، پشتگیریمان بکەن دەبێتە کارێکی ئابڕووبەر، چونکە راستڕەوی دژایەتی ئیسلام و موسڵمانەکان دەکات، هەوڵیش دەدات، کە لائیکەکان وەک ئامرازێک بەکاربەرێت بۆ سەرخستن و پەرەپێدانی نیازە رەگەزپەرستەکانی... ئێمە خوازیاری وەرچەرخانێکی پێشکەوتنخوازانەین بۆ کۆمەڵگاکان، کەواتە بۆمان نییە واز لە ئایدۆلۆژیای راستڕەوی بهێنین، کە جەنگە لائیکیەکەمان دەستنیشان بکات...

سەرچاوە:

alawan.org، بقلم: دومینیک باری وروزا موسوی ترجمە: المنتصر الحملی، الخمیس ١٨ **شباط** (فبرایر) ٢٠١٠.

# میوانداریی

میوانداریی
میوانداریی

**گوڵی تەرەقیی**
**و: دلاوەر قەرەداغی**

کەس نازانێ کە هەر لەم ڕۆژانەدا دەمرم- ڕەنگە هەر ئەمشەو، هەر ئەم عەسرە لە گەرمەی میوانداریییەکەدا، بەو جلکە تازانەوە کە بۆ سەفەرەکەمم کڕیوە، یان لەسەر مێزی فراوین لەکاتی قووتدانی پاروویەکی خۆش و بەتامدا، یاخود هەر ئێستا بەر لە بیرکردنەوە، بەر لە حاڵیبوون، بەر لە تەواوکردنی ئەم ڕستەیە بمرم.

مەزەندەکردنی مردن، مەزەندەکردنی هیچ، هیچی ڕەهام پێ شتێکی گێلانەیە. باوەڕم بە شتێک نییە کە نەکرێ بیری لێ بکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە قووڵایی دڵمدا دەزانم کە ناکرێ نکوڵی ئەم شتە نەبینراو و بەدەر لە مەزەندەیە بکرێ و لەبەرامبەریدا خۆت بە نادان پیشان بدەیت و گەلۆرانە پێبکەنیت.

حەپەساو بەملاولادا دەنۆڕم، لە درەختەکان دەنۆڕم کە لە لێواری دیوارەکەوە بەرزبوونەتەوە، لەو خانووە نیوە تەواوکراوەی بەرامبەر، لە پەردە خەتخەتەکان، لە دەر و دیوار و دەستە زلە تووکنەکانم دەنۆڕم. باوەڕ ناکەم، هەر بەڕاست لە جاران لەشساخ تر دیارم – پێستم پرشنگدار و گەرم، قامکی پڕ لە خوێن، نەبزی چالاک و تۆکمە. خۆزیا بە کەسێکم دەگوت، بۆ نموونە بە باوکم، یان لانیکەم بە مونیژە، بەڵام کەڵکی چییە؟ چۆن دەکرێ لەگەڵ کەسێکدا کە چاوەڕێی سبەینێیە باسی بێ سبەینێیی بکرێت و لەگەڵ کەسێکدا کە سبەینێی هەیە باسی نەبوونی سبەینێ بکرێت؟ نازانم لەمەودوا چی دەکرێت. چاوەڕوانیی مردن لەپەلوپۆم دەخات.

مەحموود دەڵێ: «من لەدایکبووی بورجی شێرم، تایبەتمەندییەکانی من تایبەتمەندی خۆر و شێرە. ئێمەی لەدایکبووانی بورجی شێر خەڵکانێکی ئاسایی نین. ئێمە لە هەڵبژێردراوانین. پێشەوایەتییکردنی دونیا لە دەستی ئێمەدایە». مەحموود دەست بە شانمدا دەکێشێ و پێدەکەنێ. بۆنی دەمی دێ.

باوکم دڕدۆنگیی میوانەکانە. گڵۆپەکان تاقیدەکاتەوە. کورسییەکان دەژمێرێت.



فوارەکە دەکاتەوە و دەیگرێتەوە. دەستی بە تەواوی قورسایی جەستەی دەنێتە سەر سەرم و هەوڵ دەدا پێبکەنێ. دەڵێ: «هەر دەڵێی شایی خۆمە. هەر دەڵێی هەمدیس گەنج بوومەتەوە. هەر دەڵێی چل ساڵ بۆ دواوە گەڕاومەتەوە. جیاوازی چییە؟ باوک... کوڕ».

تەماشای دەکەم و دەزانم درۆ دەکا. دەزانم کە حیسابی بەختەوەریی من جودایە لە حیساباتی بەختەوەریی ئەو. ناتوانێ لەجێی من بێ و خۆیشی ئەمە دەزانێ و لە قولایی دڵییەوە بە نەفرەتم دەکا.

دەڵێ: «من ئیدی پیربووم، ئێستا ئیتر نۆرەی ئا ئەمانەیە»، بەڵام من بینیومە کە بە چ حەسرەتێکەوە تەماشام دەکا، بە چ حیرسێکەوە پێستی چەور دەکا، مووی لاجانگەکانی بۆیاخ دەکا، قەترە دەکاتە چاوییەوە، ددانەکانی پڕ دەکاتەوە، دەڕزن و دەیانگۆڕێ. من بینیومە کە بە چ پێچەقێنییەکەوە وەرزش دەکا، دەچێتە گەرماوی هەڵم، جەستەی ماساژ دەکا، حەپ دەخوا، شرینقە لە خۆی دەدا، خۆی بەهێز دەکا و بە چ دڵتەنگییەکەوە هەموو بەیانییەک دەست بە شانماندا دەکێشێ و پێدەکەنێ.

ژنەکەی مەحموود دەترسێ. دڵی ختوورەی شتێکی خراپی کردووە. لە بارەی کارەساتی سرووشتییەوە قسان دەکا، لە بارەی مەترسیی بوومەلەرزە و گڕکانی کێوی دەماوەندەوە، لەبارەی بەیەکداکێشانی ئەستێرەکان و کزبوونی ڕووناکیی خۆرەوە. ئەو دڵنیایە کە شتێکی ترسناک چاوەڕوانی هەموو ئێمەیە و نازانێ ڕێگەچارە چییە و دەبێ مرۆڤ چ بکا.

دایکم بەردەوام دەگری و بە دزییەوە لە خۆی دەدات، مەولووی قەرار داوە، نەزری کردووە، دوعا و نووشتەی کردووە کە من واز لە ڕۆیشتن بهێنم. بە سادەیی و بە مەنتیقێکی ساکار من بە هیی خۆی دەزانێ و نایەوێ بە هاسانیی لە دەستم بدات. خۆی بە ملمدا هەڵدەواسێ و دەڵێ: «مەگەر ئێرە چ عەیبێکی هەیە؟ مەگەر ئەم هەموو ساڵەت خراپ لێ ڕۆیشتووە؟ مەگەر دەکرێ لەپێناو کچێکی غەریبەدا ئێمە جێبهێڵیت و بڕۆیت؟».

پوورەکانم بە جلکی ڕەش و پێڵاوی نووک تیژی کارەباییەوە، پێکەوە دەگرین و لەژێر لێوەوە شتگەلێک کە مرۆڤ لێیان حاڵی نابێت، بەگوێی یەکتریدا دەچپێنن. دەستی دایکم دەگرن و هەوڵدەدەن دڵنەوایی بکەن. بۆی ڕاڤە دەکەن کە هەمیشە و لە هەموو شوێنێک هەروا بووە، بۆی ڕاڤە دەکەن کە ئەمە یاسای سرووشتە و هیچی بەرامبەر ناکرێت، بەڵام دایکم فڕی بە یاساوە نییە، فڕی بە سرووشت و حیسابی دوو زائید دوو دەکاتە چوارەوە نییە. سەر بادەدا و دەپرسێت بۆچی؟ دەستم دەگرێ و بە چاوە تەڕ و نیوە تاریکەکانییەوە پرسیارە ساکارەکەیم لێ دووبارە دەکاتەوە.

مونیژە پێدەکەنێ. دەست دەنێتە سەر چاوی و جێگەی خاڵیی ئەڵقەی بووکێنییەکەیم پیشاندەدا. دەڵێ: «تا دەستم گرت فڕێمدا. تووڕمدایە تەنەکەی خۆڵەکەوە. ئیتر تەواو. ئیسراحەتم کرد. دە ساڵ وەک ئەڵقەی سیحر ژیانی لێ حەرام کردبووم. تا دەستم گرت تووڕمدا و ئیدی بۆ خۆم ئیسراحەتم کرد. سبەینێ لە سەرەوە دەستپێدەکەمەوە.

سبەینێ بەخۆم دەڵێم: مونیژەخان وەرە، ئەمە ئەو شتەیە کە دەتویست. بینیت کە دواجار بەخت یار و یاوەرت بوو». دادەنەوێتەوە و لاملم ماچ دەکا. مونیژە بۆنی نانی تازەی لێدێت. بۆنی گۆشتی کاڵ و ساخ. جەستەی وەک نەبزێکی بەتاو لێدەدا. پێستی هێشتا بۆنی مێردەکەی پێشووی لێ دێ، بۆنی مناڵ و بۆنی ماڵەکەی، بۆنی دە ساڵ ژیانی رابردووی لێدێ. بە گوێمدا دەچپێنێ: «خۆشت دەوێم؟».

من بەرامبەر خاترجەمیی و پێداگرییە ساکارەکەی شەرم دەکەم و حەزم دەکرد هەر ئێستا هەموو شتێکم بە هەمووان بگوتبا. تەنها دەترسم ئەوان هەراسان و زەندەقچوو بەدوای رێگەچارەدا بگەڕێن، مل نەدەن و تەسلیم نەبن. دەترسم بیانەوێت بەرگریی بنوێنن، بجەنگن و بەرگری لە بەشی خۆیان بکەن. دڵم شپرزە پێیان دەسووتێ. نامەوێت لەمە زیاتر فریو بخۆن و زیاتر لەمە کڵاو بچێتە سەریان.

مەحموود لەبارەی تایبەتمەندییەکانی شێرێکی بەرجەستەوە قسان دەکا، لەبارەی رزگارکەرانێکەوە کە چارەنووسی مێژوویان گۆڕیون. دەڵێ: «ئێوە تێمناگەن، ئێوە نامناسن. هەمووتان فریوی رووکاری دەرەوەم. فریوی ژیانە بێ قرە و برەکەم دەخۆن، بەڵام هەموو شتێکی من لەگەڵ ئێوەدا جیاوازی هەیە. جیاوازی نێوان من و ئێوە جیاوازی نێوان خۆر و ئەستێرەیە، جیاوازی نێوان مەزنیی و حەقارەتە. من تەنها چاوەڕێی دەرفەتم. من تەنها چاوەڕیی رۆژ و دەقیقەی خۆیم. هەر بەڕاستی هێشتا وادەی نەهاتووە و بەڵام دواجار پیشانتان دەدەم».

ژنەکەی مەحموود نیگەرانە. دەیەوێ تا کار لەکار نەترازاوە بڕوات. بەردەوام دەترسێ کە منداڵەکانی ون نەبن، کە نەکەونە حەوزەکەوە، نەبن بەژێر ترومبێلەوە، نەبوورێنەوە، گێل و گەمژە و کەڕ و لاڵ نەبن. دەترسێ کە نەبا ئوتووەکە بە وایەری کارەباکەوە مابێ، کە سەماوەرەکە دوکەڵ بکا، کە تەباخەکە گڕ بگرێ. دەڵێ: «قەزا و قەدەرە. شتەکە لەپڕ دەقەومێ. دەبێ بونیام ئاگاداربێ. دەبێ بونیام وریا بێ».

چاکەتەکەم دادەکەنم. پەنجەکانی دەستی چەپم بێ ئەندازە سڕ بوون. خۆزیا دەکرا قسان بکرێ، بەڵام ئێمە چیدی لە زمانی یەکدی حاڵی نابین. من هەر بەڕاستی شتێکی هەڵپەسێردراوم- شتێکی بێچارە و سەرگەردان، شتێک لەنێوان بوون و نەبووندا، لەنێوان ئێرە و ئەوێدا.

مونیژە خۆشحاڵتر لە هەمیشە دێتە بەر چاو. پێنج ساڵی تەواو ئارامی گرتووە، نەخشەی کێشاوە و بەرگەی زۆر گرتووە. پێنج ساڵی تەواو سەری بە نیشانەی نکوڵیی راوەشاندووە و گوتوویەتی نەو، قەبووڵ ناکەم، نامەوێ... پێنچ ساڵی تەواو بە دەستە بچکۆلە و فریو خواردووەکانی لەبەردەم یەک رەوشی نەبینراودا راوەستاوە و پێچەقێنیی کردووە کە خۆم هەڵدەبژێرم، ژیان هیی خۆمە، مافی خۆمە و مەسەلەی سەرەکی خۆمم.

حاشییەی نایلۆنی لە جلکە بووکێنییەکانییەوە پێچاوە و گوڵی رەنگاوڕەنگی بۆ دەورانـدەوری سەری کڕیوە. پێدەکەنێ و پرچی دادێنێ. لەبەر ئاوێنەکەدا رادەوەستێ و پۆدرە لە دەموچاوی دەدا، دەستی بە کرێم چەور دەکا. عەتر لە لاملی



دەدا و نەرمیی پێستی پیشاندەدا، باریکیی نێوقەد و سپێتیی ددانی. لەبارەی رۆژە تاڵەکانی رابردوویەوە قسان دەکا و لەبارەی ئەو رۆژە خۆشانەوە کە پێکەوە دەبین، لەبارەی هەموو ئەو شەوانەوە قسان دەکا کە لەیەکدی دوور بووین و لەبارەی ئەو شەوانەشەوە کە پێکەوە دەنووسێین، لەباری تەواوی ئەو کارانەوە قسان دەکا کە بەتەنها کردوومانن و لەبارەی ئەوانەشەوە کە پێکەوە دەیانکەین، لەبارەی تەواوی ئەو نەخشانەوە کە بە تەنها کێشاومانن و لەبارەی ئەوانەشەوە کە پێکەوە دەیانکێشین. تەماشای دەکەم و هیچ ناڵێم. ئەو نازانێ کە من ئیدی نە بیر لە رابردوو دەکەمەوە و نە لە ئایندە، نە بیر لەو لەحزانە دەکەمەوە کە توند و لەخۆڕا تێپەڕین و نە بیر لەو لەحزانەش کە توندتر و لەخۆڕاتر دێن. ئەو نازانێ کە لەپڕێکدا هەموو شتێک لای من لە جووڵە وەستاون و چیدی زەمەنێک لەمیاندا نییە.

باوکم لە سڵامەتی من دەخواتەوە. لە سڵامەتی خۆی، لە سڵامەتی ئادەم و پێداگرییەکەی، لە سڵامەتی لەدایکبووانی بورجی شێر و هەڵبژێردراوان. پوورەکانم بەردەوام بە گوێی یەکدیدا دەچرپێنن و پێکەوە بێدەنگ فرمێسک دەوەرێنن. من بە درێژایی تەمەنم ئەم دوو ژنەم بەهەمان روخسار و لەهەمان جلکدا بینیون کە پێکەوە هۆن هۆن دەگرین، وەک بڵێی هەزاران ساڵە خەبەریان لە نهێنییەک هەیە کە ناکرێ بگوترێ و تەنها هەر ئەوانیش بن کە لە زوبانی یەکتر تێدەگەن.

مونیژە خەیاڵی لای سەفەرەکەی سبەینێیە. جانتاکانی لەپاڵ یەکدا ریز کردوون و بە هەناسەبڕکێوە دێت و دەچێ، وێنەی کوڕەکەی ماچ دەکا و دەیخاتە سەر مێزەکە. لە پاڵمدا دادەنیشێ و هەمدیس حیسابی رێگە دەکاتەوە، حیسابی خێرایی ترومبێل و زۆریی کیلۆمەترەکان- حیسابی گردەکان، خانووەکان، درەختەکان، چیا و دۆڵەکان- حیسابی حەرەکەت و مەودا و سووڕانەوەی زەمەن دەکا و بە دەستە بچکۆلەکانی و بە بست مەودای خۆی تا ژیان و بەختەوەریی دەپێوێت. هەموو شتێک جارێکی تر بە وردیی دەپشکنێ و دەترسێ کە نەبادا شتێک جێ بمێنێ یان شتێک کەم بهێنێ. حیسابی هەموو شتێک دەکا: سۆڵ، جلکی خەو، رووپۆش، میسواک، دەرمانی ددان، کرێمی ریش تاشین، قەمسەڵەی باران، جزمە، نینۆککەر. پێدەکەنێ. پووکی سوور و ساخە، قژی بۆنی گوڵی لێ دێ، بۆنی خاکێکی کێڵراوی بەپیت. دەپرسێ: «ئەو رۆژانەت لەیادە؟ بینیت دواجار هەموو شتێک رێکبۆوە؟ راستیت دەوێ ئەوە من بووم کە کارەکەم رێکخست. من بووم کە بڕیارمدا، ئەوە من بووم کە ویستم. هەموو وایاندەزانی گاڵتە دەکەم. درۆ دەکەم. شێت بووم. دەیانگوت مونیژە مەحاڵە منداڵەکەی جێبێڵێ. دەیانگوت مەحاڵە مونیژە واز لە مێردەکەی بهێنێ و بڕوا. ئەدی بۆچی وازی لێ نەهێنم؟ بۆچی بە قسەیان بکەم؟ ئەدی بەختەوەریی کێ گرینگترە؟».

دایکم زەندەقچووانە تەماشام دەکا و مەلوولانە دەڵێ: «لانیکەم دە هەر لێرە بن، لەلای خۆمان». دایکم تەواوی عومری ئەرکی بە منەوە کێشاوە، ئەرکی گەورەکردنم، ئەرکی پاراستن و پارێزگاری لێکردنم. وەک بڵێی من هەر لە هەمان لەحزەی پیتانی نوتفەوە، تەواوی بوونیم بە نەفرەتێکی ئەبەدیی مەحکوم کردبێ. دەبوو هەر

یەکەم رۆژ لە پەنجەرەکەوە فرێیدامایە دەرەوە، دەبوو هەمان ساتی لەدایکبوونم بیخنکاندمایە، سەری بخستمایە ژێر پێی و پێکەنیبا، لە رووی هەمووان‌دا پێکەنیبا، لە رووی زەوی و ئاسماندا. دەبوو هەر یەکەم رۆژ شانی با دابا و بیگوتبا: ((نە گیانم، کڵاو ناچێتە سەرم. من دەزانم چ بەزمێکتان بۆ ناومەتەوە، ناکرێ کەڵەک لەمن بدرێ)). دەبوو تفی لە روخساریان کردبا و ئانیشکی بادابان.

ورده ورده میوانەکان دێن. دەستم دەگوشن و بە شانمدا دەکێشن. مونیژە ماچ دەکەن و بە دوودڵییەوە تەماشای دەکەن. پیرۆزبایی لە هەردووکمان دەکەن و دوعای خێرمان بۆ دەکەن. ژنەکەی مەحموود بەدوای تەلەفۆندا دەگەڕێ. دەیەوێ تا دونیا تاریک نەبووە بڕوات. دەڵێ: ((نابی ماڵەکە جێبهێڵرێ. مناڵەکان بە تەنیان. دوایی شتێک دەبێ. نابێ هێندە بێ باک و کەمتەرخەم بین)).

باوکم تەوقە لەگەڵ هەمووان‌دا دەکا. بەخێرهاتنی هەمووان دەکا. لەگەڵ هەمووان‌دا رەسم دەگرێ. قژی بریقە دەداتەوە. ورگی هێندە هەڵاوساوە کە خەریکە خەفە دەبێ. دەڵێ: ((نەخێر، نا، بەو جۆرە نییە کە ئێوە دەڵێن. ئێوە هەڵەن. لێگەڕێن من پێتان بڵێم. ئێوە بە دروستی نازانن. لە خۆم بپرسن)).

جۆری داخستنی دەرکی کامێراکە فێری وێنەگرەکە دەکا و لەبارەی یادەوەرییە خۆشەکانی رابردوویەوە قسەی بۆ دەکا. رەخنە لە نارێکوپێکیی جلەکانم و تۆزوخۆڵی سەر پێڵاوەکانم دەگرێ و بە گوێمدا دەچرپێنێ: ((بۆ خۆت باش بوویتە خاوەنی ژنی خەڵک، لەگەڵ ئەوەشدا تەنها یەک تۆزقاڵ زرنگیت)).

من بەرامبەر زرنگیی خۆم هەست بە خۆشحاڵیی دەکەم، بەرامبەر قودرەتی سەرکەوتن و داگیرکارییم. من خۆم بەسەر مێردە شەکەت و غەمگینەکەی مونیژەدا بادەدەم و بە یادی قارەمانانی دێرین قاچ بە زەویدا دەکوتم. من بە هەموو ئەوانەی کە بە ئیرەییەوە تەماشای ژیانم دەکەن، هاوڕێیانە پێیاندەڵێم چاوتان کوێر و خۆشحاڵم کە بەخت یاوەرم بووە. حەز دەکەم پێبکەنم، سەمابکەم، تاجی شانازییم بنێمە سەر سەرم و زووتر بمرم.

مونیژە پێدەکەنێ و سەرکەوتووانە دەستم دەگوشێ. پێچەقێنیی دەکا کە پێکەوە رەسم بگرین، لە وەزعی جیاواز جیاوازدا رەسم بگرین، بە دانیشتنەوە، بە پێوە، لە حەوشە، لە ڕاڕەوەکە. لەبەر پەنجەرەدا، لای گوڵەکانەوە، لە هەموو شوێنێک و هەموو شوێنێک. وەک ئەوەی لە قووڵایی دڵیدا بزانێت کە ئەمشەو بە هەموو شانازییەکانییەوە لەبیر دەچێتەوە و دەبێ یادەوەرییەکەی بەزۆر و بە هەزار یادگاری رابردوو بە زیندوویی بهێڵرێتەوە. من بەهەر سازێک کە بۆم بژەنرێ میهرەبانانە دەڕەقسم و ئیدی ناپرسم بۆچی.

دڵم ژان دەکا و پێستم ختوولکە دەکا. پێموایە یەکەمین پەلامار دەستیپێکردووە. لە سەرمدا بە پەلە حیساب دەکەم کە دەتوانم تا چەند سەعاتی تر بەرگە بگرم. لەپاڵ پەنجەرەکەدا رادەوەستم و روخسارم بە تاریکیی شەوەوە دەنووسێنم. هەست دەکەم کە جەستەم بە قورسایی یەک چیایە. هەست دەکەم لە دوورەوە بانگم دەکەن، لە جێگەیەکی نادیار و نەبینراوەوە. وەک بڵێی دەمێک بێ چاوەڕێم بن و هەموو شتێکیان رێکخستبـێ.



لە کۆڵان حەسحەسەکە دادەنەوێتەوە و سڵاو دەکا. چاوەڕێی بەخشیشە. شەوانە تا رۆژ دەبێتەوە ئاگای لە ماڵی ئێمەیە. فیکە لێدەدا و دزەکان دەترسێنێ، تێڵاکەی بە مشت دەگرێ و بەدوای سێبەرگەلی نادیاردا رادەکا. هەمووان لەبیری ئێمەدان، لە خەیاڵی ئیسراحەت و مانەوەی ئێمەدا، لە خەیاڵی پارێزگاریی و بەختەوەریی ئێمەدا.

مەحموود خەریکە قاوە دەگرێتەوە. لە بنی فنجانەکەدا وێنەی تاج و شێر و چرا دەبینێ و خۆشحاڵە. دەستی لەپاڵ دەستمدا دادەنێ و دەڵێ: ((ئەم هێڵە دەبینیت؟ ئەم هێڵەی کە تا لای سەری پەنجەم گەییشتووە؟ رەنگبـێ تەنها دە نەفەر لە دونیادا دەستی وەک دەستی منیان هەبێ. ئەم هێڵە پیشانی دەدا کە من خاوەن ئایندەیەکی پرشنگدارم. بەم دەستەوە من وەک گەدایەک وەهام کە لەسەر خەزنەیەک دانیشتبـێ. هەرکاتێ تەماشای ئەم هێڵە دەکەم بە خۆم و بە ژیانم ئومێدەوار دەبم. راستیت دەوێ ئەم هێڵە سەنەدی شانازیی منە)).

مونیژە لە دوورەوە تەماشام دەکا و بە خۆشحاڵییەوە بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە. دەڵێ: ((بینیت کە دواجار هەموو شتێک رێکبۆوە؟ بینیت کە ئەگەر مرۆڤ شتێکی بوێت دواجار بەدەستی دەهێنێت)).

سەرم گێژ دەخوا و خەریکە بڕشێمەوە. بێ قڕە خۆم دەگەیەنمە ژووری نووستن و دەرگەکە لە دوای خۆمەوە کلیل دەدەم. لەسەر لێواری قەرەوێڵەکە دادەنیشم و چاوەڕێ دەبم. زەینم بەتاڵە لە هەموو شتێک، لە بیر، لە هەست، لە وەهم، لە چاوەڕوانیی، لە زەمەن، لە شوێن و لە ژیان.

لە ڕاڕەوەکەوە دەنگی پێگەلی سەرگەردان و چپەچپی دووردوورو درێژ دێت. دەنگی زڕینگە زرینگی پەرداخ و تەقەتەقی چەقۆ و چنگاڵ. گوێم لە دەنگی مونیژەیە کە ئەمسەر و ئەوسەر دەکا و بە دوامدا دەگەڕێت. مەحموود لە دەرگەی ژوورەکە دەدا و بە خۆشحاڵیی بینەرێکی جیددییەوە دەڵێ: ((وەرە دەرەوە، وەرە دەرەوە بزانە کێ هاتووە. مێردەکەی مونیژەیە و کۆڵ نادا، هاتووە تێکی بدا. دەی زووکە وەرە دەرەوە)).

مونیژە پێمەوە دەلکێ. دەستم دەگرێ. تووڕە و کڵافەیە. خۆی بۆ زۆرانێکی گەورە ئامادە کردووە و دڵنیایە کە سەرکەوتن هی خۆیەتی. پەڕەی کەپووی دەلەرێ. دەستمی بە جۆرێک گرتووە کە وەک بڵێی تەواوی ژیان لەم کوتە گۆشتە سارد و بێ هەستەدا کۆبووبێتەوە و چ بەدیلێکی نەبێ و دەرەوەی خولگەی ئەم دەستە، تاریکیی و عەدەم بێت.

دایکم وەک کەسێک کە کتوپڕ ئومێدی بە پەرجۆیەکەوە گرێدابێ، لە پاڵمدا دادەنیشێ و بە خۆشحاڵیی دەڵێ: ((حەق بەو پیاوەیە. ئەم ژنە ئەسڵەن حەڵاڵ نییە. ماڵی ئەو پیاوەیە. ناکرێ مرۆڤ بە بەدبەخت بوونی کەسێکی تر بەختەوەر بێت. وازی لێ بێنە با وەل بێ)). پوورەکانم کە تازەکیی بێدەنگ بوون، هەمدیس دەکەونەوە گریان

و لە ژێر لێوەوە قسەگەلێک دەکەن کە بوونیام تێیان ناگات. باوکم لەبارەی خۆیەوە قسان دەکا، لەبارەی ئەزموون و شکستەکانییەوە، لەبارەی یەکەمین ئەوینییەوە بۆ کچێکی بەلژیکیی و زامێک کە تا ئەبەد لە دڵیدا ماوە، سۆراغی نامەکانی گەنجێتیی خۆی لە دایکم دەکا و لەگیرفانی بەرباخەڵیدا بەدوای وێنەیەکی کۆنیدا دەگەڕێت.

مێردەکەی مونیژە شەکەت، هەڵاوساو و بێ خوڵق، لەبەر دەرگەکەدا، ناچار و داماو ڕاوەستاوە. بە سەرێکی خڕی بێ مووەوە، بە شانی داکەوتوو و چاوانی بێدەنگ و خەواڵووەوە، پیرتر لە هەمیشە دێتە بەر چاوم، دەستم دەگوشێ و لە حاڵ و ئەحواڵم دەپرسێ. نیازی شەڕی نییە، خۆی دەزانێ و حەپەساو تەماشام دەکا. سەرنج دەدەم کە نەنوستووە، کە نانی نەخواردووە، کە چڵکن و پیس و نەخۆشە. بە خۆشحاڵی کەسێکی غەریب کە لەناکاوێکرا ڕێکەوتی شتێکی دێرین و ئاشنای کردبێ، لە مونیژە دەنۆڕێ و پێدەکەنێ. بەڵام مونیژە دەڵێ: «نەو، هەرگیز، نەو». مونیژە دەزریکێنێ. هەڕەشە دەکا، جنێو دەدا و دەڵێ: «تەواو، من ئیتر ئەو کەسەی جاران نیم. دەمەوێ بۆ خۆم بژیم. هیچ شتێک ناتوانێ پێشم لێ بگرێ».

مەحموود بە گوێمدا دەچرپێنێ: «گرەو دەکەم کە لەدایکبووی مانگی میهرە. ڕێک لە تۆ دەچێ. دەستەمۆ و تەمبەڵ و ترسنۆک. تەنها شێر دەتوانێ بەرگریی لە حەقی خۆی بکات». لە قووڵایی دڵەوە خۆشحاڵم کە پەیوەند بە خۆر و دروشانە مەزنەکەی نیم و نیشانەکانی لەدایکبوونم شێر و نەعرەتە ترسناکەکانی نین. پێدەکەنم و قاییلم کە ئەستێرەکەی من لەو ئەستێرە بێ نوور و بێ نموودانەیە کە لەهیچ ڕەسەدخانەیەک ناوی تۆمار نەکراوە و هیچ کەسێک خەیاڵی فڕین بۆ ئەوێی لە کەللەدا نییە.

مەحموود دەڵێ: «مەترسە، ڕا مەگۆڕە. ئەم مردارەوەبووە ناتوانێ تێکی بدا». دەزانم، تەنانەت دەشزانم کە ئەم پیاوە بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە قاییل دەبێ کە لەگەڵماندا بێت، ئیشمان بۆ بکات، پێڵاوەکانمان بۆ بۆیاخ بکا، ماڵمان بۆ گسک بدا و دڵسۆزانە منداڵەکانمان گەورە بکات. دەزانم کە ئەو لە قووڵایی دڵیدا دەزانێ کە مونیژە حەقی خۆیەتی، دەزانێ کە هەر کەسێکی تریش لەجێی مونیژە با هەمان کاری دەکرد، دەزانێ کە نەیتوانیوە ئەم ژنە بەختەوەر بکات، قاییلی بکات و بیکاتە هی خۆی، بەڵام دەپرسێ گوناهی کێیە و بە سادەیی تەواوی مرۆڤەکانی تر، بەشی خۆی دەوێ و لە مانای ئەم ناعەدالەتییە سەیرە تێناگات. مونیژە دەرگەکەی بۆ دەکاتەوە، ڕێگەی کۆڵانی پیشاندەدا، قۆڵی هەڵدەکا و دەیەوێ دەری بکاتە دەرەوە، دەیەوێت بە یەک پێ لەقە ئەم بەربەستە گەورەیە لەسەر ڕێگەی بەختەوەریی خۆی لابەرێت، بۆی ڕووندەکاتەوە کە هەر بەڕاستی هیچ ناکرێت، دەبێ تێبگا و قەبووڵی ئەوە بکات کە هیچ ئومێدێک نییە، کە هەر کەسێ لە بیری خۆیدایە، کە بەزەیی کەڵکی نییە، کە خودا بتباتەوە و موزمەعیل بیت، هەر ئەوەیە کە هەیە.

بەڵام ئەم پیاوە هێشتا باوەڕ ناکا. هێشتا بە ئەقڵیدا ناچێ و تێناگا. بە زەردەخەنەیەکی ئومێدەوارانە و چاوانێکی خۆشباوەڕانەوە لە جێگەی خۆیدا بزمارکوت بووە و تەواوی ئازای بەدەنی لە نکوڵیی ئەوەدا کە دەیبینێ و دەیژنەوێ،



هیشک و ئیفلیج بووە و لە هەوادا هەڵواسراوە. ڕەنگبێ بۆ یەکەمجار و لە ساتێکی کورتتر لە یەک چرکەدا، پەی بە شتێکی نەگوتراو بردبێ و کتوپڕ خۆی بەرامبەر ئەو فەزا خاڵییە بێ کۆتاییە، ئەو تەنیاییە ڕەهایە، ئەو مەحاڵەدا بینیوە و ئیدی لە ترساندا زەندەقی چووە. حەز دەکەم دەستی بگرم و تێی بگەیەنم کە تێدەگەم، بەڵام مونیژە لەنێوانماندا ڕادەوەستێ و دەڵێ: «نەو». ڕوخساری سوور هەڵگەڕاوە و قژی بە نێوچەوانە تەڕەکەیەوە لچکاوە. شەکەتتر لە هەمیشە دێتە بەرچاو.

میوانەکان لەودیو دەرگەکەوە کۆبوونەتەوە. باوکم پێچەقێنیی دەکا کە وێنەیەکی بەکۆمەڵ بگرین. ئەو پێیوایە کە ئەلبوومی خێزانیی باشترین یادگارییە. بێ خشپە خۆم دەگەیەنمە ڕاڕەوەکە. پوورەکانم بە پەلە بە ساقە و بە قوربانم دەبن و هەر بۆ دڵنیایی دەست لە پشتی چاکەت و لە شانم دەدەن. هێند گریاون کە چاوانیان پەنماوە. هەست دەکەم کە بە زوویی دڵم لە کار دەکەوێ. هەوڵدەدەم هەناسەی قووڵ بدەم و خۆم بەسەر پێیەکانمەوە ڕاگرم. بێدەنگ خۆم دەگەیەنمە دەست شۆرییەکە. یەخەی کراسەکەم دەکەمەوە. ئاو دەکەم بە دەموچاومدا. پێستم خەریکە درز دەبا. لە گیرفانمدا لوولەیەک حەپ دەردێنم. دەستم دەلەرزێ. بە خۆم دەڵێم کە هەر لێرەدا دادەنیشم تا کارەکە تەواو دەبێ. چ مەرگێکی پڕ شانازیی! هەڵبەت لەسەر ئەم دیوارە ناوم دەنووسن و هاوسەرە ئازیزەکەم بە یادی عیشقی نەمرمانەوە شەوانی هەینی گوڵم لەسەر ئەم چاڵە بۆ دادەنێ.

ڕوخسارم لەبەر ئاوەکەدا ڕادەگرم. دەنگی هات و هاوار دێت. دەنگی قرچەی کامێرای وێنەگرتن. دەنگی چپە چپێک کە بوونیام تێی ناگا، دەنگی ژنەکەی مەحموود کە بەدوای ژمارەی تەلەفۆنی پۆلیسدا دەگەڕێ تا منداڵ و ماڵەکەی بپارێزێ و دەنگی مەحموود دێت کە لە حەژمەت بەرفراوانیی خۆر و قودرەتی شێر، لەوەدایە بتەقێتەوە و هەزاران دەنگی نائاشنای تر کە بانگم دەکەن و من بە هی خۆیان دەزانن. پێکانم وردە وردە بە ئەرزدا ڕۆدەچن. مونیژە لە دەرگەکە دەدا و بە خۆشحاڵییەوە هەواڵدەدا کە مێردەکەی ڕۆیشتووە، کە هەموو شتێک ڕێکوڕاست بۆتەوە، کە ئیتر هیچ بەربەستێک لە ڕێگەدا نییە و کە سەرکەوتن هی خۆمانە. دەنگی وردە وردە دوور و دوورتر دەکەوێتەوە. دەستم بە لێواری دەستشۆرییەکەوە دەگرم، چاوانم لێکدەنێم و تا دە دەژمێرم.

هاوینی ١٩٦٧

سەرچاوە: من هم چە گوارا هستمسەر
گلی ترقی
مجموعە داستان
انتشارات نیلوفر/ چاپ دوم
١٣٨١

شانۆنامە

# [هاملێت بێ هاملێت]



**نووسینی: خەزعەل ماجدی**

**وەرگێڕانی: غەفور ساڵح عەبدوڵڵا**

((مافی دەرهێنانی ئەم شانۆنامەیە پارێزراوە بۆ هونەرمەند بەکر رەشید))...

کەسەکانی شانۆنامەکە

١ – کلۆدیۆس: شای دانیمارکە
٢ – گرتروود: شاژنی دانیمارکە (دایکی هاملێتە)
٣ – پۆلۆنیۆس: وەزیری کلۆدیۆس شایە
٤ – لیرتس: کوڕی پۆلۆنیۆسە
٥ – ئۆڤیلیا: کچی پۆلۆنیۆسە (خۆشەویستی هاملێتە)
٦ – هۆراشیۆ: برادەری هاملێتە
٧ – گۆڕهەڵکەنەکان...







(دیمەنی یەک)

مەرگی هاملێت

(ئایا بینیووتانە ئاو دەسەڵاتی بەسەر ئاودا هەبێت؟)

((دیمەنی یەک لە تەختی کلۆدیۆس شادایە، دەست و پێوەنەکەی لەدەوری دانیشتوون، دیمەنەکە لەبەر مەرگی شای پێشوو خەماویە)).

دەنگێک: (لە قووڵایی دیمەنەکەوە) ئای... خۆزگە ئەم جەستە ڕەقە زۆر ئەستوورە تەردەبوو و شیدەبووەوە و دەبوو بە ئاونگ...، ئەی خودایە، هێندە داب و نەریتی ئەم جیهانە بەسەرچووە و کۆنە، قبووڵ ناکرێن و هیچ سوودێکیان نییە تەنها... بەنەعلەت بێ ئەم دنیایە، بە نەعلەت بێ...

(مۆسیقایەکی خەمناک ڕێخۆشدەکات بۆ دەستپێکردنی دیمەنەکە).

کلۆدیۆس: کەواتە بەو جۆرە مەسەلەکە بەڕێوەچوو، نیوەی هەستمان خەمی لێ دەچۆڕێ و لەبەر مەرگی براکەمان ڕەشی پۆشیوە، نیوەکەشی گڕی گرتووە بۆ ئەوەی بزانێت چارەنووسی شانشینەکە و چارەنووسمان چی لێدێت. ئەگەر بکرابایە چاوی زەمانەمان دەگریان و چاوی خۆشمان خوێناویی دەکرد بۆ ئەوەی ڕوویداوە، بەڵام جگە لە چاو، دڵیشمان هەیە، سەرەڕای ئەوە خەم لێدەدات و گوێ نازانێت چۆن بە ئێش بێت، هەروەها لووت و قاچیش... وەڵڵا ئەگەر هەستمان کردبایە بۆ چرکەساتێکی زەمەنیش، بەو هەموو دابڕانەی کە تێیداین، براکەمان دەهێنێتەوە، هەموو ئەندامەکانمان توور دەدایە گۆڕەکەیەوە، بۆ ئەوەی ئەو لە گۆڕەکەیەوە هەڵسێتەوەو ئێمەش ببینە قوربانیی ئەو، بەڵام سەبرمان کرد و بینیمان کە بۆ ئەمە سەبر باشترە. مانگ پێشکەوت و خۆر پێشکەوت و تاریکیمان بە ڕووناکی کردەوە و بینیمان کە لە ژیاندا هەیە بەسەر مەرگدا سەربکات و پڕیبکات لە کەسکایی، بۆیە هەستمان کرد کە شانشینمان هەیە و دەبێت تەگبیری کاروبارەکانی بکەین، بۆئەوەی گەلەکەی بتوانێت خۆشگوزەران بێت.

پۆلۆنیۆس: شایانی شای خاوەن شکۆمانە، کە دوای ئەوەی ئەرکەکانی براکەی ئەنجامدا و میراتگری شای پێشوومانە، ئاینده بە چاوێکی کراوەوە ببینێت و گەلەکەی بەختەوەر بکات و ئەوەی دڵان خواستیانە دووقاتی بکات و ئەوەی هەستەکان ڕقیان لێیەتی کورتی بکاتەوە.

کلۆدیۆس: هەرچییەکمان هەیە لە خزمەتی شانشیندا تەرخانی دەکەین.

پۆلۆنیۆس: ئەمە دەبێت ئەگەر مەولامان کاری خۆی گرتە دەست، کە ژیان

خۆش دەکات و دەروونەکان دڵنیا دەکات و هەستەکان ئارام دەکات.

کلۆدیۆس: پۆلۆنیۆس چی بکەین.

پۆلۆنیۆس: نیوەی عەرشەکە تەواوبکرێت و لەدەستی شاژنەکەمان بگیرێت بۆ شەرەفی پایەی ئێوە، تا ئەو دوو خەمەی لەسەر لابچێت: خەمی لەدەستدانی خزم و خەمی دوورکەوتنەوە لە ناوجەرگەی مەملەکەت و ناوەندەکەی.

کلۆدیۆس: سوورین لەسەر ئەوەی کە بیکەین بەهاوسەری خۆمان، وەکو ڕێزنانێک لە براکەمان و لە خۆشیی و خەمدا، خۆشیی و کزە دەخەینە دووتای هاوسنگەوە، وەلێ پێمان باش بوو بۆ خەڵکی ئاشکرا نەکەین، تا برازاکەمان و جێنشین هاملێت لە «وتنبێرگ» دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی لە نێوانماندا جێگای خۆی بگرێت و ئەو ئەرکەی لە سەریەتی بۆ سەرکردایەتی شانشینەکە ئەنجامی بدات (ئاوڕ لە لیرتس دەداتەوە)، ئێستاش لیرتس پێم بڵێت چ دادێکت بۆ هێناوین؟

لیرتس: ئەگەر مەولامان ڕێگامان بدات، من خەریکی ڕۆیشتنم، دوای ئەوەی لە فەرەنساوە هاتمەوە، بۆ تەواوکردنی ئەوەی شایانی دەست و پێوەنێکی وەکو منە بۆ شای خاوەن شکۆمان، لە ڕێوڕەسمی دەستەونەزەر لەسەر تەخت نشیندا. من داوای روخسەت دەکەم کە بگەڕێمەوە بۆ فەرەنسا.

کلۆدیۆس: ئایا روخسەتت لە باوکت وەرگرتووە؟ پۆلۆنیۆس چی دەڵێت؟

پۆلۆنیۆس: خوازیاربووم لەتەکماندا بمێنێتەوە، وەلێ ناتوانێت، زۆری گوشار بۆهێنام کە ڕێگەی بدەم بڕوات و تکام وایە مەولام کە روخسەتی بدەیت.

کلۆدیۆس: لیرتس چۆنت دەوێت باوابێت، کەی حەزت لێبوو بڕۆ...

(پۆلۆنیۆس هەڵدەسێت و نامەیەک وەردەگرێت و دەیداتە دەست شا).

پۆلۆنیۆس: نامەیەکە کە فەرماندەی ڕۆخەکانی دانیمارک ناردوویەتی...

کلۆدیۆس: با ئەوەی بۆی ناردووین خێر بێت، (نامەکە دەکاتەوەو دەیخوێنێتەوەو لە تەختەکەی هەڵدەسێت و سەوڵەجانەکەی لە دەستی دەکەوێتە خوارەوە، خەم و پەژارەیەکی زۆری پێوەدیار دەکەوێت).

کلۆدیۆس: ئەی ئاسمان... دەتەوێت تاقیمان کەیتەوە و ئازارمان زیاترکەیت و دڵمان لە ڕەگەوە هەڵکێشیت، هەموو ئەوانەمان لە کیس بدەیت کە خۆشماندەوێن، بۆ ئەوەی نەتوانین شمشێرەکانمان لەسەر گەردنی خۆمان لابەرین... داوا لە خوا دەکەین سەبرێکی جوانمان بداتێ بۆ ئەوەی هەرچی پەڕەی دڵمان هەیە، کە دڕاوە پێی بدوورینەوە. ئەی ئامادەبووان و بەتایبەتی خانمەکەم، شاژن،... ئێستا هەواڵی نقووم بوونی ئەو پاپۆرەم پێگەیشت کە هاملێتی هەڵگرتبوو (لە وتنبێرگ)ەوە بۆ شانشینەکەمان، بۆ بەشداریکردن لە مەرگەساتی باوکی و لەسەر



تەخت نشینمان و بە خنکاویی تەرمەکەیان لەنێو مردووەکاندا دۆزیوەتەوە. ئای بۆ کارەساتەکەمان بۆ ئەو چڵەی کە لە درەختەکەماندا بەخێومان کرد، تا ببێتە هێزێک و لە هاوشانمان بێت و درەختێک دوای مردنمان جێگەمان بگرێتەوە، بەڵام قەدەر وەکو خۆی دەیەوێت حوکمی خۆی هەیە. با خانمە جوانەکەم پشووت هەبێت و ڕەشپۆشی دووبارە بڵاوبێتەوە. (شاژن بەسەر کورسییەکەیدا هەرەسدێنێت دوای ئەوەی کە سەرەتای هەواڵەکە دەبیستێ و قیژەیەکی بۆ دەکات و دەقیژێنێت و بە کوڵ دەگریا).

شاژن: هاملێت خۆشەویستەکەم... کوڕەکەم هاملێت، ئەی ڕووناکی دییەکانم... چۆن لەبەرزایی خۆت بەربوویتەوە و بنی ئاو لووشی دایت. ئێستا تۆ بارانیت و لەگەڵ دەریای براتدا بەیەکگەیشتن! ئێستا تۆ هەورێکی خوا پێداو و بە سۆزیت بۆت ڕەخسا بەسەر ئەسڵەکەتدا داکەیت... هاملێت خۆشەویستەکەم... چۆن کەوتیت و کاتێک کە تۆ دارستان بوویت!، چۆن ئەم هەموو سەوسەنە خەواڵوو و گوڵە ڕووسوورەت لێکەوتە خوارەوە، ئێستا ئەم هەموو تاڤگە خەمەت تیایە تا لە ئاوی دا و تیاییدا پارەپارە بوویت!! ئەوە هاملێتە لەگەڵ ئاودا زۆرانبازیی دەکات و تیا سەرنگووم دەبێت... ئەرێ بینیوتانە ئاو دەسەڵاتی هەبێت بەسەر ئاودا!! یان هاملێت خۆڵەمێشەو ئێمەش تەختەیەکی ڕەق و تەقین!. یان هاملێت خۆڵەو ئێمەش ڕووخامێکی تووندوتیژ و ساردین!. چەند سۆزی خۆی بە هێزی بەرەوە بەستەوە و چەند ناسکی گوڵ و وردەکاریی تەونی ڕەتکردبوو! ئامادەبووان... وەڵڵا با بکەوینە بەر پریشکی مەرگ و بەسەرماندا بکەوێت و هەستی پێنەکەین و بمانرفێنێت و پێی نەزانین و نەفرەتی هەتاییش بەسەر ئەم شانشینەدا بکەوێت، تا بە چاوی خۆتان ببینن کە بچووکمان بەر لە گەورەکەمان بۆ نێو هەڵدێر دەخزێت. خوێن لە ئاسمان هاتەخوارەوە و گرتیانەوە و شانشینەکە هاتەلەرزین، بە بەردێک بەر لە ماڵان دای لە دڵان، بەر لە گۆڕستانەکان مێرگەپانەکانی هێنایە لەرزین... خۆتان بۆ خۆڵەمێش ئامادەکەن کە ئاسۆکانتان بەسەردا دادەخات و... سنگەکانیش پڕدەکات لە خۆڵ... هاملێتی کوڕم وەکو گەڵای پاییز لە نێو دەستەکانماندا دەکەوێتەخوارەوە و ئێمەش درەختی پاییزین و نەجووڵە دەکەین و نە ئاوڕیش دەدەینەوە... هاملێت پارەپارە دەبێت، ئێمەش بە ڕووقایمی و غروور و خۆشەویستی پارەو سامانەوە یەکدەگرین... ئەی زەوی بەوەی وا لەسەرتە بلەرزێت... یان ئەوەتا دەتلەرزێم... دەتلەرزێنم و گاڵتەشت پێدەکەم... (دەگری)...

## (دیمەنی دوو)

## سەرسوڕماوی ئۆڤیلیا

## ( پشتمان کۆم بوو هێندە چەماینەوە)

(لەماڵەکەی پۆلۆنیۆس لەو جێیەی کە بنەماڵەکەی و ئەو و لیرتس و ئۆڤیلیا یەکدەگرن).

پۆلۆنیۆس: قەدەر وایکرد بەو جۆرە بژیین، لە نێو گۆچانەکانی مەرگدا قاچەکانمان راماندەدەن بەرەو چارەنووسە وێڵەکان. بە نێو دارستانێکی تیردا تێدەپەڕین، لەوانەیە لەهەر ساتێکدا یەکێکیان دەرپەڕێت و بمانپێکێت و بمانکوژێت. کێ دەیزانی هاملێتی باوک دەمرێت و بەدوای ئەویشدا هاملێتی کوڕ دێت، وەکو کەوتنە ناو هەڵدێرەوە دوای پێهەڵکەوتن وایە.

لیرتس: کێ لەو بڕوایە بوو ئەم رەچەڵەکە بەخشندەیەی خەڵک ببڕێتەوە، بێئەوەی شوێنەوارێکی بەخشندەیان لێ بەجێبمێنێت، پشتاو پشت تا بارانی زۆرمان بەسەردا ببارێنێت.

پۆلۆنیۆس: لیرتس کێ وتی رەچەڵەکێکی بەخشندەیە، پێموایە هێشتا دووریت لە پشکنینی ئەم مەسەلانە و دیاریکردنی خۆشگوزەرانەکەی و سەلماندنی ناخۆشییەکانی، تۆ هێشتا نەوەکامی بۆ ئەو جۆرە حوکمدانانە و ئاستی مەبەستە راستەکان دیاری بکەیت... پێموایە ناتوانی بارێکی قورسی نهێنیەکان هەڵبگریت و بەرەو ئامانجەکان پێی بڕۆیت...

لیرتس: باوکە ئەم هەمووە بۆ ،...ئایا مەسەلەیەکم لێدەشاریتەوە تا ئەم قسانە بکەیت..... روونی بکەرەوە... ئەگەر ئەوەی لێم دەشاریتەوە مایەی ئەوە بێت کە شەرەفی کارێکی میرخاسیم بخاتە ئەستۆ...

پۆلۆنیۆس: پێم وانییە کە هێشتا کاتی ئەوە هاتبێت... بەڵام داوایەکم هەیە کە تۆ بەجێبەجێکردنی شایستەی ئەوە دەبیت رۆڵەکەم کە رۆژانی داهاتوو ئەرکەکەی بگرینە ئەستۆ.

لیرتس: باوکە هەتا هەتایە خزمەتکاری تۆم...

پۆلۆنیۆس: بەڵام هاملێت مرد کە هەر لە دوورەوە برادەرت بوو، تۆ جیاوازیی لە گەڵ ئەودا، لە ناسکی سروشت و ئەوەی ناخت و دڵرەقیدا... ئێستا گۆڕەپانێکی ململانێی نوێمان بۆ تەخت بوو، کە هەرگیز حسابم بۆ نەکردبوو، بەم پانی و بەرینیەش ئاوها بکرێتەوە، بۆیە کوڕەکەم دەبینم کە بوونی تۆ لەهاوشانمدا زەروورەتە، لە هەموو تەنگانەکاندا پەنای بۆ دەبەم...



لیرتس: باوکە دەبا دەستم پاڵپشتی دەستی تۆ بێت، لەم باروزرووفەدا بوونم لەتەک تۆدا گرنگترە لە داواکردنی زانستی زیاتر.

پۆلۆنیۆس: کوڕەکەم باشترین رایە، ئەمەیش پێشەکییەکە بۆ نهێنییەکی قووڵ، کە لە ناخمدا هەڵمگرتووە، بە خۆشەویستییەوە دوای ماوەیەک بۆ تۆی دەدرکێنم، هەرکە دەبینم ئەوە شیاو بێت...

لیرتس: با دەستم پاڵپشتی دەستی تۆ بێت باوکە، با بوونم دڵخۆشکەر بێت بۆ شای خاوەن شکۆمان و پێی قبووڵ بێت.

پۆلۆنیۆس: ئەم مەسەلەیە بۆ من لێگەڕێ... ئەمەی پێ رادەگەیەنم... (ئۆڤیلیا دێتە ژوورەوە و بێدەنگەو سەری نەوی کردوەو خەمبارە). بەڵام ئۆڤیلیا من ڕێز لەوە دەگرم بۆ ئەو لوتف و خۆشەویستییەی کە بۆ هاملێتت هەڵگرتبوو، دەبینم شایستەی سەرەخۆشییت، بەڵام نەک تا ئەو رادەیەی کە وەکو دایک یان خوشک یان هاوسەرت لێبکات، بەڵام وەکو وتم ئەمە لەپایەی دڵدانەوەیە.

لیرتس: لەوە زیاتری دامەنێ، موجامەلەو هەڵچوونێکی خوێنە... بەنەوشەکە لە هەرەتی دا ماچ دەکرێت و بە بۆنخۆشی نامێنێتەوە. بۆن و بەرامەو تۆزێک تەرو پرەو لەوە زیاتر نییە.

ئۆڤیلیا: ئەوەیە و لەوە زیاتر نییە !!

لیرتس: تۆی خۆشدەویست...کێ وتی ئەم دڵدارییە کە راستی پێکابوو، کێ دەڵێت ئەگەر بەردەوام بووایە جلوبەرگەکەت هەندێک لە درکەکانی بەرناکەوت، دڵداریی... لەم هەورانە رەوانتر نەبوو، لەم شنانە بۆ باران بە پەیمانتر نەبوو، نەماندەزانی مەستی چییە، جگە لەوەی کە تاسەی بایەکان لە سەر نامە فریوەکان لێرە و لەوێ دەینێرن، دڵداریەک لە هێڵەکانی ناولەپ رەوانتر نەبوو، کە هەرکەسە و وەکو خۆی چۆنی دەوێت ئاوها راڤەی دەکات... سۆزت لە ئەقڵت جیابکەرەوە، وا لە ئەقڵت بکە لەبەرزاییەوە سۆزت ببینێ و ناوەکۆڵی بکات، خەڵکی بەوە کێشانە بکە کە دەیخەنە تەرازووی ئەقڵتەوە و دڵت بخەرە دەرەوەی تەرازووەکە، لێرەو لەوێ لە پاشگەزبوونەوە مەترسە، ئەگەر ئەوە لە قازانجتدا بوو...

ئۆڤیلیا: برام ئەم ئامۆژگاریەت لە جێگایەکی ئەمین دادەنێم، کە نە دەستی بگاتێ و نەچاو بیبینێ، وەلێ دەستت لە جێگای خۆی دانێ و چاوەکانیشت لەچاڵەکانی خۆیاندا، بەڵام من بەسەر برینەکانمدا دەنووشتێمەوە و چاوم لێیان دەبێت.

پۆلۆنیۆس: قەدری خۆت بەرز رابگرە و بزانە کە تۆ لە رەچەڵەکێکی مەزنی، شایانی ئەوەی لەوەی کە لەم شانشینەدا مەزنتر بێ بۆ کرنۆش بردن لەبەر

پێیەکانتدا.

ئۆڤیلیا: هێزم لە ڕەچەڵەکەکەمدا نییە، بگرە لەو دەروونە دڵنیایە و بە بڕوایەدایە کە هەڵمگرتووە و من بەو گەوهەری خۆم پایەبەرزم، کە لەگەڵ کیژانی حەوادا لێی بەشدارم، بگرە پێموایە لە ئاودان و مشتومالْکردنی زیادەڕۆییم کرد...

پۆلۆنیۆس: کچەکەم لەوە گومانم نییە... تۆ بڕێکی مەزن خوێنەواریی و پەروەردەیت هەیە...

ئۆڤیلیا: هێزی ڕۆحیش باوکە...

پۆلۆنیۆس: هێزی ڕۆحیش کچم...

ئۆڤیلیا: کەواتە لەبەر هەندێک لەو سۆزەی کە بۆ هاملێتم هەڵگرتبوو، ئەودەمەی لێرە بوو لۆمەم مەکەن، یان ئەوەی لەکاغەزدا لە (وتنبێرگ)ەوە بۆی ڕەوانە دەکردم... پەنام بەوە بوو کە هاملێت لەگەڵ لاوانی دانیمارکدا، لە هەستیارییەکی ناسک و شەڵەژانی خاترا، کە شیاوی سروشتی منە، لێی جیاواز بوو...

لیرتس: بەڵام هاملێت ڕۆیشت و دەبێ ئەوە بۆ بەرژەوەندی خانەوادەکەت هەڵبگریت...

ئۆڤیلیا: کێڵگەتان هەیە و دەچنە ناو کێڵگەیەکەوە کە من دەچمە نێوەیە... بەوازهێنان لێم بەختەوەرم کە تا دەسماڵی خۆم بچنم و لەبەر بەدکاریی و کاولبوونی جیهان خۆمی پێداپۆشم. (لیرتس و پۆلۆنیۆس دەچنە دەرەوە و ئۆڤیلیا بە تەنیا دەمێنێتەوە).

ئۆڤیلیا: هاملێت بۆ بەتەنیا جێتهێشتم تا نقوومی فیتنەنانەوە بم و بچمە نێو گۆمی توڕەهاتەوەو کە دەروونمان بۆمان وێنە دەکێشێت، گوایە کردنەوەی ئاسۆکان و شکاندنی بەربەستەکان و خولْقاندنی چارەنووسەکانە... نوتفەی حەرام چووە سکمانەوە، ناخمان لە بەدکاریی و بەدکاریی تێربوو، خۆی بە تەلەفبوون جوانکرد لە تووندی بەدکاریی کە بەرەو هەڵدێری برد، هێندە چەماینەوە تا پشتمان کۆم بوو، خەسڵەتەکانمان بوو بە بەلەمی ئاگر، یان هاوڕێتی شەهوەت یان قەلەڕەش... هاملێت بۆ بەجێتهێشتم؟... نەدەکرا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بمێنیتەوە، یان شتێکت لەخۆت بۆم بەجێهێشتبایە، تا لە تاریکییەکانمدا پەنای بۆ بەرم، بەڵام دابەزیتە ناو ئاوەوە وەکو بڵێی خۆت سەرجەم پاپۆڕێکی ڕووناکی بوویت، دەوروبەرت تاریک کردم و گرماندت و چەخماخەتدا، خوێن دای لە هەموو ئەم دەڤەرە و شانشینە لە هەموو خۆشەویستی و داخوازیەک چۆڵ بوو، تەنانەت باوک و براکەیشم لەدەورم وروژاون و ئاشوبێکی دیارم بەدیکردوە،



کە دەستاری خۆی دادەمەزرێنێت... بۆ بە تەنها بەجێتهێشتم... چیبکەم لەگەڵ کەڵەشێرێکدا کە بەیانیدەدا ناقوولێنێت. هاملێت شوێنگری ئەستێرەکان بوو لەخۆڵدا لەناوچوو... پەپوولەی ئەم شانشینەو گوڵەکەی بوو... لەدەورت چڵەکان ملکەچن و ڕووناکی ڕەنگزەرد بەسەر ڕووخسارتدا دەبارێت، دەریا کە لەم شانشینە بەرینتر و پێشکەوتووترە تۆی برد... بەیداخی زانستی و هارو شێتی و جوانی لەدەریا لەدەستت کەوتەخوارەوە... شانشینەکەت دەریدەکردیت و بەرەو ڕووت پاڵی دەنا بە شەپۆلە لەناوبەرەکانەوە... شانشین شێوەی وەکو تۆی خۆشناوێت... لێزان و سەرنجدەر و نیگەران و جوان بێت... شانشین ناشرینی و چەق و جەهالەتی خۆشدەوێت...

**(دیمەنی سێ)**

**-ڕاکردنی هۆراشیۆ-**

**(لێمگەڕێ با بەسەر خودی خۆمدا داخرێم و بەسەرمدا دابخرێت، من لە بەرگریکردن لە خۆم وەکو کیسەڵم )**

(هۆراشیۆ دێتەژووره ئۆڤیلیا دەبینێت)

هۆراشیۆ: خانمەکەم بەزەییت بەو بۆنەدا بێتەوە، کە قەدەرە تەگبیرکراوە سەیرەکان بەریان گرتووە.

ئۆڤیلیا: برادەران چۆن هەواڵی مردنی هاملێتیان وەرگرت.

هۆراشیۆ: زۆر بە خەمباری و هەندێک سەبرەوە... ئاواتەخوازن دادپەروەری ڕێگای خۆی بگرێت و ئارامی سەقامگیر ببێت...

ئۆڤیلیا: چ سەقامگیریەک کە قەدەرەکان بواری ئەوەمان نادەن هەنگاوەکانی داهاتوو بزانین، شەو زیاتر تاریک دەبێت، دەروونەکانیش هێندەی دیکە بە مەرگی هاملێت شڵەژاوترن، وەکو لەوەی لە مەرگی باوکیدا، شاو شازادە وەکو ڕووناکی وابوون لەم دارستانی دانیمارکەدا.

هۆراشیۆ: بەڵام بەهاکانیان ماون، ئەنجام دەتوانین داوێنگیریان بین.

ئۆڤیلیا: هۆراشیۆ زۆر جیاوازە کە ئەو بەهایانە لە کەسێکدا هەبێت، کە لە ناکۆکی دژایەتیەکانیدا دەیبینین، کە تەنها لە وشەیەک یان لە کتێبێکدا یان لە بیرەوەریەکدا دەیبینین.

هۆراشیۆ: کەسەکان ئیرادە موتڵەقەکان جێبەجێ دەکەن و دەڕۆن، هاملێت و

باوکی لە قەدەرە گەورەکاندا تەنها وێستگەی بچووک بوون کە سروشت وێنامان بۆ دەکات.

ئۆڤیلیا: هۆراشیۆ، ئەگەر قەدەر سەرپشکی کردیت، تا ببیتە ئەڵتەرناتیڤی هاملێت بۆ جێبەجێکردنی ئیرادەی سروشت، ئایا قبووڵی دەکەیت؟

هۆراشیۆ: نەخێر... نەخێر ئەوە ناتوانم و نامەوێت ببمە داشی دامەیەکی درۆزنانە، ڕۆڵێکم هەیە سروشت و هەست و پەیوەندییەکانم دروستی دەکەن، لەوانەیشە مەزن نەبم، بەڵام بەهەرحاڵ ئەمە دەکەوێتە کرۆکی ئەوەی کە منی تێدام...

ئۆڤیلیا: تەنهایی شەو منی بۆ ئێرە هێنا، نیگەرانی و سەرسووڕمانم هەڵیانگرتم بۆ ئەوەی گوێم لەوەبێت کە برینم سارێژدەکات و ئاگری دەروونم کەمدەکاتەوە، وتم چاوم بە هۆراشیۆ دەکەوێت، کە نزیکترین کەسە لە خۆشەویستەکەمەوە و لە هەموویان بە ئەقڵ وردتر دەپێکێت و وریاترە و... ئەوەتا دەیبینم دەسکێکی لەرزۆکە لە قووڵینگەکانی قەدەردا...

هۆراشیۆ: خانمەکەم!

ئۆڤیلیا: کەواتە تۆ و برادەرەکانت قسەی چیتان دەکرد.

هۆراشیۆ: شانشین هیچ قسەو باسێکی نییە جگە خەم و دووڕوویی نەبێت، خەم بۆ لە دەستچوونی هەردوو هاملێتی باوک و کوڕ و دوو ڕووییش بۆ چەسپاندنی شاو شاژن و برا و ژن، ئەی خانمەکەم خۆی لە کوێدا دەبینێ؟

ئۆڤیلیا: نزیکتر لەوەی کە هەردوو هاملێت لەسەرین، دوورتر لەوەی کە شاو شاژن کەوتنەسەری. پاڵم بە خۆمەوە نا لە نێوان زوهدی ئەو دووانە، ئەوەی کە ئەو دوانەی دواتر خواستیان بوو. ئەی تۆ هۆراشیۆ بارەکەی خۆت فڕێنادەیت بۆ ئەوەی هەڵکشێیت و بەرزبیتەوە لە هەڵدێرەکەی خۆت بۆ ئەوەی پێبگەیت؟

هۆراشیۆ: هەوڵدەدەم شایانی ئەوە بم کە کات لە منی دەوێت.

ئۆڤیلیا: ئایا بەرزنابیتەوە؟

هۆراشیۆ: ئایا لەوەدا بەرزبوونەوەو پایەبەرزی نییە...

ئۆڤیلیا: بەڵکو لە تێکەڵبوون و داڕووخان و ڕۆچوونەدا بۆ ئەم ڕۆخ یان بۆ ئەو ڕۆخ، مەبەستم ئایا نەتدەتوانی خۆت بەرزکەیت و بەرزایەتی بڕفێنی.

هۆراشیۆ: خانمەکەم نازانم مەبەستت چییە.

ئۆڤیلیا: بۆچی قسەکەم سەح ناکەیتەوە؟ بۆ واتاکەی سەح ناکەیتەوە، وەکو چۆن چاوت هەورێک سەح دەکاتەوە کە ئایا بەباران ئاوسە یان ئاوس نییە و بە بینایی خۆت فەرهەنگێک بکەرەوە، کاتی ئەوە هاتووە کە مەیەکی گەرم بکەیتە



نێو ئەم بادە ساردانەوە و وابکەیت کە هەموویان لێی بخۆنەوە... تەنانەت تۆیش.. .بخۆرەوە ئەی نووستوو

هۆراشیۆ: خانمەکەم!

ئۆڤیلیا: هەنگاوەکانم وەکو لێشاو بەرەو تۆ ئاژنگیان نا و... زەویم لەناو لەپمدا وێناکردو وتم دەستگیرم کرد... ئەوەتا تۆیش بێ ماندووبوون و خۆشی یان خەم ئاسوودەبە ئەی نەرم و لاواز، لەشێکی باغەبیت هەیە کیڕی تیا ناکەوێت و نوێنێکت هەیە کە چەرچەفەکانی ناژاکێن.

هۆراشیۆ: هەستێکی ئاڵۆزو گوماناوی و ترسناکم هەیە، لەوەی کە لە شانشینەکەدا ڕوودەدات، پێمخۆش نییە لێرە بم تا لە هیچ گاڵتەجاڕیەک لە گاڵتەجاڕییەکان بەشدارنەبم و بۆنی خوێن دەکەم و هەموو شوێنێکی داپۆشیوە و بەرزدەبێتەوە، دەسەڵاتی مەرگ لە نان بەلەزەتتر و تاڵترە، بۆیە خانمەکەم لێگەڕێ با بەسەر خۆمدا دابخرێم و وەکو گوێچکەماسی بەسەرمدا دابخرێت، من لە بەرگریکردن لە خۆم وەکو کیسەڵ وام لەڕێگەی زرێ ڕەقەکەمەوە، وەکو ئەویش بەرەو ئامانجەکانم هێواشم و تۆبەکارێکی بەبەزەییشم لەگەڵ ئەو ڕێگایەی کە قاچەکانمی پیادەنێم..... ئۆڤیلیا گوێ لە خۆڵەمێشەکەم بگرە، گوێ لەمۆزیکی ئاڵتوون بگرە، کە دوور لە خوێن دەیژەنم و هەمووانی بۆ داوەت دەکرێت...

ئۆڤیلیا: ئەم مۆزیکەت بەرەو کوێ دەڕوات.

هۆراشیۆ: بۆ دوا جووڵە و... پێچینەوەی نۆتەکەیە و نزمکردنەوەی عودی ئاماژەکە و کۆچکردن دوور لەم شانشینە.

ئۆڤیلیا: کەواتە دەتەوێت رابکەیت.

هۆراشیۆ: مەعریفەتی قووڵ ناودەنێیت راکردن؟

ئۆڤیلیا: هیچیتر نییە جگە راکردن نەبێت.

هۆراشیۆ: تۆ، نەک من، نەزرکراویت بۆ تاڵێک لە تاڵەکانی کارەساتەکە، لەگەڵ قەدەردا رابوێرە بەوەی کە دەیخاتە ناو تەونەکەوە.

ئۆڤیلیا: تۆ، نەک من، کە لە چاویدا ژیانی پەراوێزی و ڕزگاربوون بە سەلامەتی جەستە مەزن بوو.

هۆراشیۆ: کەواتە جیابووینەوە.

ئۆڤیلیا: هاملێتیش کە ئاو پارچە پارچەی کرد.

هۆراشیۆ: هاملێت لە کوێیە تا بزانم چیم دەوێت و چیم ناوێت، بۆچی بە بێ ئەوانی دیکە دەکرێمە دژی حەشاماتێکی نادیارو ئاڵۆز کە دوای ماوەیەک پەیا

دەبن.

ئۆڤیلیا: زۆر گەڕایتە دواوە.

هۆراشیۆ: ئۆڤیلیا دوور لە دانیمارک برۆ، بەڵکو ڕۆژێک دەگەڕیمەوە کاتێک هەموو شتێک هێوردەبێتەوە، من نامەوێت دەستم خوێناویکەم، ئەگەر هۆکارەکە هەق بوو یان ناهەق بوو. ئیدی لەمەودوا ناکوڵیم وەکو رووبارەکان دەکوڵێن، دەمم لە گیرفانەکانم دادەخەم و شمشێرەکەم دەخەمە جانتاکانمەوە، قەدەرەکان بەجۆرێک دایاننام تا بۆنی قەدەرەکانی داهاتوو بکەم... ئیدی بۆچی نەڕۆم، من لەم دنیایەدا هیچم نییە، جگە پێستەکەم نەبێت، بۆ ئەوەی جەستەیەکی داهێزاوی پێ پینە بکەم و ڕۆحی خۆمی پێ لە بارانی بەدکاریی و ریسوایی بەدوور بگرم. پەیوەندیم بە نابووتییەوە نییە، پەیوەندیم بە گوناهەوە نییە... پەیوەندیم بە سزاوە نییە.

ئۆڤیلیا: هۆراشیۆ.

هۆراشیۆ:ماڵئاوا (دەچێتەدەرەوە).

ئۆڤیلیا: ئەستیرەیەک ونبوو کە بەدڵم دەچوو... لێیدا... لێیدا تا تاریکایی قووتیدا... ئایا ئەمە کۆتایی نییە... بەڵێ... بێسوودە، بێسوودە هەرگیز... کێ فێربکەم و... بەکێ بڵێم و سکاڵا بۆ کێ بکەم و بۆچی... بۆچی ئەوە دەکەین کە دەیکەین، ئایا ناتوانین لەخۆمان بپرسین و لە کەسانی دیکە بپرسین: بۆچی ئەم هەمووە؟. ئا ئەوەتا قەدەر بەبەرچاومەوە درزدەبات و هاوارم لێدەکات: لێیانگەڕێ... لێیانگەڕێ با بۆمن ببنە چیلکەو چێواڵ، یا با دوور لە بینینم لێژببنەوە. تەنانەت هۆراشیۆش رایکرد... ئەو کەسەی کە بەهێزتر بوو لەوەی ترسی سەرەوە بیجووڵێنێت و دایخست و کۆچیکرد... مەرگ لەسەرەوە راماندەکێشێت... مەرگ لە قووڵاییەکاندا راماندەکێشێت و لە هەردوو حاڵەتیشدا لە دوای خۆمانەوە هەڵەکان بەجێدێڵین و، جگە سرروودی وشە بەترپە بەسەرچووە پەرتە تێکچووەکان نەبێت هیچ نامێنێتەوە...



## (دیمەنی چوار)
## شاژن و ئۆڤیلیاژن و ئاوێنە
## (ئەم هەمووە بە هۆی ئارەزووی ژنێکەوە ڕوویدا).....

((لە بەلآتی کۆشکدا...ئۆڤیلیا لەگەڵ شاژندایە...))

ئۆڤیلیا: بێگومان خانمەکەم هەر کە درەخت بەر و گەڵای لەدەست دا، نەخۆش و کز دیار دەبێت، ئارەزوی زەوی دەکات و شتێک نادۆزێتەوە تا هەناسەی بۆ سەرەوە پێوەرگرێت... تۆی ئازیزو بەسۆزو بەرەحم... دڵرەقی قەدەرەکان وەکو باران بەسەرتا باری... خانمەکەم لەسەرخۆت بەو سەبرت هەبێت.

شاژن: بینیت ئۆڤیلیا چۆن بە ڕووداوی یەکەم کزەمان لێکەوت، تا شمشێرەکانی دووەم بەسەرماندا باری، بە ماندوویی و بە مەرگ بارگران لە ناخی خۆماندا رزگاربووین. حەزدەکەم منیش بگەم بەوانەوە، نەک لە ژێر بارانی خەم و ئازاردا بمێنمەوە.

ئۆڤیلیا: هاملێت سەرپۆشی تەنکی ئەم شانشینە و ترپەی ویژدانی بوو، گوڵێک نەبوو لە دەشتی دانیمارکدا چاوەڕێی نەکات، هەورێک نەبوو بارانی بۆ کۆنەکاتەوە... هاملێت تروسکاییەک بوو لە ئاسمانەوە شۆڕببوەوە...

شاژن: ئۆڤیلیا پێم بڵێ... لە دوورەوە هەستم پێکردبوو کە هەستت بۆ هاملێت بۆنی خۆشەویستی لێدەهات، حەزم لێیە لە خۆتەوە گوێم لێ بێت.

ئۆڤیلیا: بەڵێ خانمەکەم... هەر پێم دەووتیت کە ئەوەی لەنێوان من و هاملێتدایە گەورە بوو، خۆشەویستییەکی ئەوتۆم بۆی هەبوو کە خۆم بەخیلیم پێیدەبرد.

شاژن: ئایا هاملێت لەم بارەیەوە شتێکی بۆ باسی کردویت؟

ئۆڤیلیا: بەڵێ خانمەکەم...

شاژن: چی وت؟

ئۆڤیلیا: بە تێکرایی قسەکەیم لە بیر نییە.

شاژن: تکات لێدەکەم.

ئۆڤیلیا: باشە هەندێک لەوەت بۆ دەخوێنمەوە کە لە دوایین نامەکانیدا هاتووە (نامەیەکی شاراوە دەردێنێت و دەیخوێنێتەوە):

((ئایا لە بەرزاییدا ئەستێرەکان ئاگریان هەیە؟... بپرسە دەبێ ئەو کەسە درۆبکات کە راستی دەڵێت؟ بپرسە بەلآم لەبارەی ئەشقەکەمەوە مەپرسە خۆشەویستەکەم)).(١)

شاژن: ئۆە... کوڕە خۆشەویستەکەم... بینیت هاملێت چەند خۆش و ناسکە!...

ئایا دەستی لێداویت، مەبەستم لێت نزیک کەوتووەتەوە؟

ئۆڤیلیا: ئەو لەوە ناسکتربوو کە بە مێشکی ژنێکدا بێت، لەسەرەوە تێوەدانی پەنجەیەکی ئەفسووناوی و زارێکی لەرزۆک و سەروچاوێکی ئەفسووناوی وەکو سەروچاوی پیرۆزمەندێک، یان شاعیرێکی جوانپەرستم پێبەخشی. خانمەکەم فێر بوو کە دەستەکانم ماچکات و لە ژێر کاجێرەکانیدا بیانشارێتەوە... هەندێجاریش بە پەنجەکانی گەمەی بە قژەکەم دەکرد...

شاژن: کەواتە بۆنی ئەوت لێدێت... کیژە شۆخەکە لێمگەڕێ با هەردوو لەپت بخەمە ژێر کاژێرەم و گەمەش بە قژەکەت بکەم. ئۆڤیلیا لێمگەڕێ با بتگرمە باوەش و دەست بە لەشتا بێنم، بەشکو ئەمە ئارەزوویەک بەدیبهێنم کە هاملێت پێی نەگەیشت، تا پێی بگەیەنم و بەمەیش هەست دەکەم کە هێشتا زیندووە و لەمن و تۆدا هەڵدەقوولێت. (شاژن ئۆڤیلیا لە باوەش دەگرێت و بەحەپەساوی رادەچەنێت)، ئۆڤیلیا ئەمە چییە، جلەکانت بۆنی ئاویان لێدێت!... ئایا بۆنی هاملێتە، یان هی چارەنووستە... من بۆنی ئاو دەکەم لە دووتۆی جلەکانتدا رێدەکات و، وەکو بڵێی لە زەمەنێکی دیکەوە، یان لە شوێنێکی دیکەوە هاتووە.(٢)

ئۆڤیلیا: خانمەکەم... دوور رۆیشتی و تکات لێدەکەم وریای خۆت بیت، لەو هەڵدێرەی کە جەستەو ئەقڵت رووبەرووی دەبێتەوە، هاملێت کۆچی کرد، بەڵام لەناخی تۆدا دەنگمان بۆ دەداتەوە، ئێمە نزیکترین کەسین بۆ ئەو...

شاژن: بەڵام هەست دەکەم ئەگەر هەتا زەمانە دەبڕێتەوە بۆی بگریم هەقی خۆی نادەمێ.

ئۆڤیلیا: چونکە تۆ دایکی ئەویت.

شاژن: بگرە لەبەر ئەوەی من هۆی مردنی بووم.

ئۆڤیلیا: بەڵام خانمەکەم ئەو دوور لە ئێمە لە ئاودا خنکا... بێگومان تۆ ماندوویت و نازانی چیت دەوێت.

شاژن: بگرە هەموو شتێک دەزانم... بەڵێ هەموو شتێک دەزانم، هاملێت بە خنکاوی مرد... وەکو بڵێی خۆی کردە قوربانی تۆ، یان قوربانی من، ئۆڤیلیا.

ئۆڤیلیا: ئایا ئەگەر ئەو مابایە منیش بە خنکاوی دەمردم؟

شاژن: بەڵێ بەخنکاوی دەمریت. منیش لە خوێنی خۆمدا دەمرم، یان لە ژەهری خۆمدا دەخنکێم، بەڵێ ئۆڤیلیا. من ئێستا هەموو شتێک دەبینم. ئەم هەمووەیش بە هۆی ئارەزووی ژنێکەوە روویدا.

ئۆڤیلیا: خانمەکەم ئەو ژنە کێیە؟

شاژن: هەر ژنێک بێت... لەوانەیە بەهۆی -حەوا- یەکەوە بێت...



ئۆڤیلیا: چونکە سێوی دا بە ئادەم.

شاژن: بەڵکو چونکە تاجی دا بە شاە.

ئۆڤیلیا: کەواتە هەر یەکن... سێو و تاج... هێشتا گوناە تیاماندا دەگەڕێت، هێشتا بازدەدەین لە یەکێکەوە بۆ ئەویتر، بەڵام جلوبەرگەکە گۆڕاوە.

شاژن: بەڵێ جلوبەرگ... جلوبەرگی تۆیە کە لەسەر ئاوەکەدا بڵاوبوەوە و دەریاش بۆ ساتەوەختێک هەڵیگرت، وایلێکرد چەند پارچە ئاوازێکی کۆن لێبدات... ئەوە واتای مەینەتیەکەی نەبوو، یان ئەوەتا ئەهلی ئاو بوو و لەسەری راهاتبوو. جیاوازی لە نێوان تۆ هاملێتدا وەکو جەستەو چارەنووسە. بگرە جیاوازی لەنێوان هەردوکتان و شاەدا نییە... هەموومان خاوەن یەک خودین و تێڕوانین زۆرە بۆی، لێرەدا گرترۆد دەردەکەوێت و لەوێ کلۆدیۆس دیاردەکەوێت، لێرە ئۆڤیلیا و لیرەیش هاملێت... ئێمە لە ئاوێنەکانی گەردوندا ژمارەمان زۆرە... بەڵام لەبەرامبەر یەکتردا خودی سەربەخۆین. (ئۆڤیلیا دەچێتە دەرەوە)

١ - : ئەمە بڕگەیەکە لە نامەکەی هاملێتدا هاتووە بۆ ئۆڤیلیا، لە دەقەکەی شەکسپیردا، کاتێک پۆڵۆنیۆس شاە و شاژن ئاگاداردەکاتەوە لەو نامانەی هاملێت بۆ ئۆڤیلیا.

٢ - ئەمە ئاماژەیەکە بۆ ئەو چارەنووسەی کە تووشی ئۆڤیلیا دەبێت لە دەقەکەی شەکسپیردا، لێرەدا لە ناهۆشی شاژندا دەنگدەداتەوە، گوایە هاملێت کە لە ئاودا خنکا خۆی کردوەتە قوربانی ئۆڤیلیا.

## (دیمەنی پێنج)

## کوشتنی گرترووت

## (نابینی کە من بووم بە بزن و خۆڵ و گژوگیا تێکەڵ دەکەم و بەدرێژایی ئیتاعەت بۆ شوانەکەی سۆزی هەیە)

((دوای دەرچوونی ئۆڤیلیا شاە دێتە ژوورەوەو بەرەو شاژن دەڕوات)).

شاە: خانمەکەم سەبووریت هەبێت ئازیزترین کەس کە هەمانبوو پێکەوە لەدەستماندا.

شاژن: پێتوایە کەسێک لێرە هەبێت کە گوێمان لێبگرێت، بۆیە بەم شێوەیە قسەدەکەیت.

شاه: نەخێر... بەڵام کۆتاییەکی ئاوهامان نەخشە نەکێشا بوو.

شاژن: بەڵکو نەخشەی سەرەتات کێشا تا گەیشتە ئەم کۆتاییە و هێشتایش دەڕوات.

شاه ((بەدەنگی نزم)): ئێمە هۆکاری مردنی نەبووین.

شاژن: بەڵێ ئێمە بووین... ئەگەر ئەوەی کردمان نەمانکردایە، ئەویش دەستی لە خوێندنەکەی هەڵنەدەگرت و بۆ ئێرە نەدەهاتەوەو پاپۆڕەکەیشی لە دەریا نقووم نابوو.

شاه: چارەنووسەکان نووسراون و لێیان راناکەیت.

شاژن: بەڵکو نهێنی شاردراوەی ژێرەوە ئەم هەمووە دەکات کە بۆ ئەوانی دیکە دیارە.

شاه: هەموو شتێک کەوتە ژێر دەستت.

شاژن: لە ژێر دەستی تۆیشدا، بەڵام من دوو تەرمی مێرد و کوڕەکەم کەوتە دەستم...

شاه: شانشینی دانیمارکیش...

شاژن: ئەویشم لە دەستدا بوو.

شاه: کەواتە نکوڵی لە خۆشەویستییەکەمان دەکەیت.

شاژن: لە کوێیە تا نکوڵی لێنەکەم؟

شاه: لە قووڵایی ناخماندایە، لەو نهێنیانەدایە کە لە دوای خۆمانەوە بە جێمانهێشت، لە خۆبوردووی تۆ و لە قوربانیدانی مندا بوو.

شاژن: بەڵکو خیانەتی من و غەدری تۆ بوو.

شاه: گرتروود، نابێت بەم شێوەیە بیربکەیتەوە و ڕێگات نادەم لوتکە بە خۆڵی چڵپاو بشاریتەوە.

شاژن: قوڵترین بیرمان هەڵدایەوە بە دوو کلکی مارەوە، یەکێکیان لە دڵی منەوەو ئەویتریش لە دەستی تۆوە بوو، تا حەرام بووە حەڵاڵ و تا شمشێرەکانمان ملی سروشتی تەختی پەڕاند و سەری لەسەر سنگمان شۆڕبووەوە و بارێکی قورسیش کەوتە سەرشانمان، کە لێدانی لە دەروونماندا کپ نابێت، تا بە زەنگی ئاسمان گۆرانی بۆ خوێنەکانمان بڵێین، تا لە نێوانماندا ئەندام لەگەڵ هاوسێکەیدا بکەونە جەنگەوەو پڕبین لە سزا.

شاه: ئێمە هاملێتمان نەکوشت ئەو خۆی لە ئاودا خنکا و مرد.

شاژن: کێ پێی وتووی مەسەلەکە لەم سنوورەدا دەوەستێت، دەزانی مەرگی پیاوێکی مەردو ڕەند، کە بە زوڵم کوژرا چی بەسەر شانشینەکە دەهێنێت؟





کلۆدیۆس ئێمە خۆمانمان کوشت.

شاه: خانمەکەم تۆ شەکەتی دەبێت تۆزێک بحەسێیتەوە...

شاژن: ئێستا دەبێ چی کەفارەتی ئەوەی کردومانە بداتەوە؟

ئایا ڕێگاچارە کوێریە، یان رزگاربوونی خوێناویە، یان پاڕانەوەی بێدەسەڵاتە، یان پەناگەیە لە سەر هەڵدێردا... فریشتەکان دەرفەتمان بدەنێ بەکۆت بدەن لە کۆت و، سەبر بڵاوبکەنەوە بە هیوا، ئەی چارەنووسەکان بەزەییتان بێتەوە بەژنێکی تەفرەدراو، وەرن ئەی کارەساتەکان لەسەرەخۆ بێن بۆلام، وەرن ئەی کارەساتەکان...

شاه: خانمەکەم... هەموو گوڵێک کڕنۆشی بۆ بردویت، هەموو مانگەکانیش بە نەخۆشییەکەی تۆ نەخۆشن، واز لەعەرش مەهێنە تا گوڵەکە پەژموورده دەبێت و هەڵدەوەرێت، لاواز مەبە تا ڕۆژەکان لە دەورت دەشکێن و دەگرین...

شاژن: چاوەڕێی سزایەکی توند و تاڵتر دەکەین...

شاه: بۆچی!؟

شاژن: چونکە حەرامەکانت حەڵاڵ کرد و بۆ منت جوان کردن، هەنگاوەکانم بەرەو لات هاتن، پاکیزەیی و چاکە بۆ نێو قوڕاو خزین.

شاه: خۆت لەگەڵ مندا ئەم ڕێگایەت هەڵبژارد.

شاژن: مێردەکەمت کوشت و گوناهی ملکوچبوونم هاملێتی ڕاکێشا و کوشتی، دەبێ خۆم لە گوناهەکانت پاک بکەمەوە... لە بەردەمتدا دانی پیادەنێم تا هەست دەکەم لەم دڕکە ڕەپ وەستاوەی سەر سنگم رزگارم دەبێت.( لە وێنەیەکی بچووکدا کە بە ملوانکەکەیەوە هەڵواسراوە دەگرێت و پیشانی دەدات)، سەیرێکی ئەم وێنەیە بکە... ئایا پیرۆزمەندێک نابینی، ئاسمان کە ئاسمان بە واتای هەموو شکۆ و جوانی ناوی ناوەو دیاریشە کە تێکەڵەیەکە لە فریشتەو ئادەمیزاد، سەیری ئەو ڕووناکییە بکە کە لە ناوچەوانیدا دەبریسکێتەوە، کە چۆنیش سنگەکان پڕ دەکات (ئاوێنەیەکی دەستی دەگرێتە دەستەوە و لە شای نزیک دەکاتەوە)، ئێستایش سەیری خۆت بکە، ئایا دڕندەیەک لەدڕندەکانی پێدەشتەکان نابینی، ئایا بە تەوێڵتەوە دڕکوداڵ نابینی، هەموو ڕەزالەت و مارەکان تاجەکەیان بۆ ڕازاندویتەوە!.

شاه: گرتروود، زۆر شولت لێهەڵکێشا، دەزانی شاه فێڵەو دیمەن نییە، من لە براکەم فێڵاوی ترم، بەڵام ئەوەکانی دیکە بۆ منی لێگەڕێ، با کات بەسەربچێت و هونەری وات پیشاندەدەم کە سەر سووڕبمێنێت...

شاژن: ناتوانێت جگە لەوەی بەرەو دانپیانانی زیاتر پاڵم پێوە بنێیت...

ئەهریمەنێک تەفرەیدام، چ پیاوێک بینینی هەبوو بەصیرەی نەبوو، چ جووتە گوێیک ئاوازی وێرانەی بیست، خودایە چیم لێقەوما؟، ڕۆیشت وتم هیچ پەیوەندیەکم پێوەی نییە جگە لە پەیمان نەبێت... بەڵام گۆشت و خوێنم لە هاملێتدایە... کاتێک نقووم بوو هەستم بە خنکان کرد و هەستم کرد چەقۆکانی ئاو هەرچییەکم هەیە بەر چەقۆی دەدەن، خودایە لێمگەڕێ با لەبەردەم بکوژەکەم و بکوژی مێردەکەم و کورەکەمدا دانیپیابنێم... خودایە لە ناخەوە هێزێکم بۆ برەخسێنە تا پێت بگەم، وەکو چۆن ئەهریمەن هێزی فەزیلەتی لێسەندمەوەو کڕنۆشم برد.

شاه: گرتروود، ئیدی تەحەمووڵ ناکرێیت.

شاژن: بێگومان پێویستم بە کاهینێک هەیە بۆ ئەوەی لەبەردەم خودادا دانپیانانەکەم تەواوکەم...

شاه: تۆ دوور دەڕۆیت و دەتەوێت نهێنییەکەمان لە شانشینەکەدا بڵاوبێتەوە...

شاژن: دەبێت وابکەم...

شاه (پەتێک لە نوێنەکە، یان لە جلەکان دەردێنێت و هەوڵدەدات لە ملی شاژنی بئاڵێنێت) بەڵکو دەبێت بمریت...

شاژن: دەبوو بمزانییا ئەوەی کە خیانەت لە براکەی بکات، گوێ ناداتە ژنە قەحپەیەکی وەکو من... من حیسابی خۆم و نرخی کردەوە بەدناوەکەم دەدەم و پێشی رازیم، ئەگەر تۆ بتوانیت هەزارجار بمکوژیت شایانی ئەوەم. ژیانت بە خۆڵەمێش جوانکردم و ژەهرەکەت لە گردۆڵەکانمدا بریسکایەوەو، هەورە رەشەکان چەخماخەی خۆیان فردایە خوێنەکەمەوە،... ئەی نابینی بووم بە بزنێک و خۆڵ و گژوگیا تێکەڵ دەکەم و، بەدرێژایی دەستەوسانی بۆ شوانەکەی نوشتایەوە تا گەیشتە ئەم هەڵدێرە... نەعلەت لەوەی کردم و ریسوایش بۆ تۆ لەگەڵ مندا.

شاه:(شاه، شاژن دەخنکێنێت و تووری دەداتە سەر زەویەکە) بەرەکەی بۆ من و رەگ و پواز و بەردەکانیشی بۆ کەسانی دیکە، ئەم ئاسۆیانە بۆنی من هەڵدەمژن و هەزار سنەوبەری ناسک دەپشکوێت، هیچم لە بەردەمدا نییە جگە لەوەی پێشکەوم و، چاوەکان بەرەو خۆم بکەمەوەو، ئەو کلە بلێسەمەوە کە چاوی پێ دەرەژن و جنێودان بەو بەرەبەیانەی کە سەرەخەوی پێ دەسرنەوە، مەی و رووناکی لە ئاسۆکانەوە دەرێژم و، ژەهرەکەم دەکەمە هەموو پەرداخێکەوە کە درەختە بەبژەکانم پێ ئاودان... وایان لێدەکەم لەو باخچەی مەرگەی، کە ئامادەم کردوە پیاسە بکەن و وادەکەم هەرکەسێک حەزی لێیەتی تێدا خۆی



داپۆشێت و بخەویت. ئەی پەردەکان دادرێنەوە بەسەر شانشینی بەسەرچوودا، کە خۆشگوزەرانی تیا بەرقەرار بوو و دەگووترا بەهێزترین شانشین و سەربەستترو بەنرخترە و مێژوو کون دەکات، ئەی ئاسۆکان خۆشنوود بن و لەگەڵ مندا هارەتان بێت... (پاڵ بەقەرەوێڵەکەوە دەنێت کە شاژنە مردووەکەی لەسەر راکشاوە و دەیگەیەنێتە لایەکی تەختەی شانۆکەو، راستەوخۆ بەرامبەر بە بینەران). ئەستێرەیەک لە دوور هەڵواسرابوو... بە پەتێک رامکیشا بۆ دەستم، ئەوەتا ئێستا وا لەدەستمدایە... ئەم ئەستێرەی ئاگرە لەزەت بە ئێسقانەکان دەدات... ئەستێرەیەک لە دوور ئێستا لە ژێر پەنجەکانمدایە... کەوانەکەم سووری وەهمەکان بوو... وەلێ ئەمڕۆ سیخناخە بە کەوانەکان، کە لەهەر چاوێک و لە هەر دەستێک و لە هەر دەمێکەوە دەردەپەڕن... لە گەڵیاندا هێزم دەردەپەڕێت، لە هەر جەستەیەک دەستێک و لەهەر دەستێک پەنجەیەک و لە هەر پەنجەیەک نینۆکێک بەنددەکەم... لەهەر بەربایەک و لە هەر رەپ راوەستانێک بۆ من دەبێت... هەمووی بۆ منەو منیش بۆ خۆمم...

(دیمەنی شەشەم)

(شەهوەتەکانی لیرتس)

( چیاکان هەناسە نادەن یان دۆڵەکان رانازەنرێن تەنها بۆ ئەوەیە مرۆڤ بەرەو مەملەکەت مل بنێت).

((پۆڵۆنیۆس لە کۆشکدا لەگەڵ لیرتسە))

لیرتس: باوکە چی روویدا؟ ئەوەتا دەسەڵاتی وا بەسەر شانشینەوە و بەتایبەتی بەسەر خاوەن دەسەڵاتەکانەوە دەشکێتەوە، شاە مردو پاشان هاملێت و دواجاریش شاژن.

پۆڵۆنیۆس: لیرتس مەسەلەکە چۆن دەبینی.

لیرتس: بۆ ئەم مەرگە بەیەک پەیوەیستە دەرفەتی داینێ بۆ بیربکەینەوە، یان بۆ بینینێکی روون، بێگومان شانشینەکە تاوانێکی گەورەی ئەنجامداوە، کە بەم شێوە ترسناکە شاهەکان کەوتن.

پۆڵۆنیۆس: ئەمە بێگومانە.

لیرتس: باوکە چۆنی تێدەگەیت؟

پۆڵۆنیۆس: کورم گوێبگرە... ئیمرۆ من باوکتم و سبەی بەجێتدەهێڵم، ئەگەر مام خاوەنی خوێنی خۆمم و ئەگەریش کەوتم ئەوا لە ناوچوون ژووانمە،

ئەگەریش لەنێوان ئەمەو ئەوەدا گینگڵمدا ئەمەیش سونەتی خەڵقەندەیە، کە مەرگی پێ هاندەدەم و ژیانی پێ دەسەلمێنم، بەڵام لە ژیاندا بەرلەوەی بمرم لۆچی زۆرم هەن، کە نهێنیەکانم تیاشاردوونەتەوە، لە خودی خۆمدا باخچەیەکی زۆرم بەخێوکرد، جوانییەکانیم بە ریایی و مەرایی کردن و بەژن چەماندنەوە داپۆشین... کورم، ئێستایش کاتی ئەوە هاتووە بوەستم و ئەو نهێنیانە ئاشکراکەم کە شاردوومنەتەوە.

لیرتس: باوکە دەبینم لە قسەکردنەکەتدا دوور بازت دا؟

پۆڵۆنیۆس: تۆ لە چۆڵەوانی رێدەکەیت، لە مەبەست تێبگە، ئەگەر گوێت لە باوکت نەگرت و ویستی ئەوت نەگرت، کەواتە باڵتی بۆ نەویکە و خۆت بۆ قسەکانم نەرمکە و لە رووداو لە شاراوەشدا خەمدەربربە، لە نێوان خۆم و خۆتدا، پاک بە لە وەرگرتنی قسەکەم بۆ ئەنجەتێک بێت بۆ لاساریکردنت ئەگینا بێدەنگبە و... لەگەڵمدا بەردەوامبە.

لیرتس: باوکە تۆ دەتەوێت شتێکی ترسناک بڵێیت.

پۆڵۆنیۆس: بەڵێ وەڵاهی کورم زەنگلێدانی تاوانە دێرینەکە هاتووە، کە خەریک بوو بۆ هەتا هەتایە بمرێت، بەڵام چارەنووسەکان منیان بەئاگاهێنایەوە، کە شتێکی مەزنت بۆ بدرکێنم... لەباوکمەوە کە دەکاتە باپیرەی تۆ بۆم ماوەتەوە.

لیرتس: ((بە حەپەسانەوە)): باوکت کە باپیرەی منە!

پۆڵۆنیۆس: لەباپیریشمەوە کە باوکی باپیرتە...

لیرتس: ((بەحەپەسانەوە)): باپیرەت کە باوکی باپیرەمە!

پۆڵۆنیۆس: نهێنییەکی مەزنم بۆ ماوەتەوە دەبێت بۆتی بدرکێنم و هەوڵی ئیرادەیشی بخەمە ئەستۆت... ئەگەر تۆ بگەڕێیتەوە بۆ مێژووی دانیمارک... دەبینی رەچەڵەکی شای پێشوو و خانەوادەی هاملێت لە باپیریەوە کۆتایی دێت، ئەگەر تۆ بکۆڵیتەوە لەوەی کە بەر لەم رەچەڵەکە هەبووە، دەبینی ئەوە شایەی کە فەرمانڕەوای دانیمارک بووە، ناوی لیرتس بووە، بەڵام یەکێک لە باپیرەکانی شای پێشوو، شۆرش دژی لیرتس شاە بەرپادەکات و دەیکوژێت و خۆی دەکات بە شاە لە شوێنەکەیدا، ئەوەبوو جەنگێکی ئەهلی بێ ئامان بەرپا بوو، بەوە کۆتایی هات کە کورەکەی لیرتس شاە کرا بە سەرۆکی وەزیرانی شای زەوتکەری عەرش، بۆ ئەوەی خوێن نەڕژێت و بۆ پاراستنی زوڕیەتی دوو خانەوادەکە لە فەوتان... ئایا دەزانی ئەو لیرتسە کێیە؟

لیرتس: (بەحەپەساوییەوە): کێیە؟

پۆڵۆنیۆس: باپیرەم و کوڕەکەیشی باپیرەتە کە باوکی منە...



لیرتس: باپیرەم و کورەکەی کە باوکی تۆیە!

پۆڵۆنیۆس: بەڵام ئەم دابەشکردنە شوورەییە بەردەوام بوو، تادوای ئەو شایە و کورەکەی شایەتی بەرکەوت و منیش سەرەک وەزیران و منیش بۆ تۆم بەجێهێشووە. خەڵکی ناکۆکی یەکەمیان لە بیرچوەوە و بەسەرچوو، تەنانەت کەسیش دەربارەی قسەی نەدەکرد، دوای قەدەغەکرا کە نابێت کەس لە بارەیەوە قسە بکات و رچەڵەکی هاملێت بووە شایانی ئەوەیە تا زەمان ماوە لە سەر عەرش بێت... بەڵام ئێستا کورەکەم شای پێشوو کەوت، مرد، کورەکەی مرد، ژنەکەی مرد، عەرشیش کەوتە دەستی برایەکی گەندەڵی سووکی دەبەنگ، کە شایانی ئەو عەرشە نییە... لیرتس ئێستا کاتی ئەوە هاتووە عەرش بگێڕینەوە بۆ خۆمان و با رەچەڵەکی لیرتس شاە بۆمان بگەڕێتەوە بۆ فەرمانڕەوایی دانیمارک و کاروبار بەرقەرار بێت و شەرعیەتی عەرش بگەڕێتەوە شوێنی خۆی.

لیرتس: باوکە تۆ قسەی ترسناک دەکەیت... بەڵام چۆن عەرش بگەڕێنینەوە؟

پۆڵۆنیۆس: بەکوشتنی کلۆدیۆس شاە... تۆیش بۆ ئەم ئەرکە بەتواناتریت، چونکە بەدەستی راستت بەرپای دەکەیت و بە دەستی چەپیشت تاجەکە دەخەیتە سەر سەرم. (لیرتس دەچێتەدەرەوە... شاە دێتەژوورەوە)

شاە: پۆڵۆنیۆس پێم بڵێ...کاروباری شانشینەکەمان چی بەسەرهات و،باروگوزەرانی خەڵکی چۆن بەرێوەدەچێت، دوای ئەم رووداوە پەیدەرپەیانە؟

پۆڵۆنیۆس: مەولام بەتواناترە بۆ راگرتنی رەعیەت و دوورخستنەوەی ئەو دەردو بەڵایەی کە شانشینەکەی هەژاندوە.

شاە: تۆ زۆر بە لیاقەتتری ئەی پۆڵۆنیۆسی رەوشت رێک و پێک... ئایا هیچێکت لەوەی هەتە لە لیرتسی کوڕتدا بەجێتهێشتووە؟ دەبینم سەرەڕای زۆر بە ئەدەبیەکەی توندو تیژیەک لە سروشتیدا هەیە کە تۆ نیتە.

پۆڵۆنیۆس: ئەو لە رەعیەتی تۆیە و خزمەتکاری ئەمینی تۆیە.

شاە: وتم ئەو دەیەوێت لەلامان ئامادە بێت بۆ مەسەلەیەکی دەسوبردو نوێ ئەو لە کوێیە؟

پۆڵۆنیۆس: لەبەردەرگا چاوەڕێیە.

شاە: بابێتە ژوورەوە.

( پۆڵۆنیۆس بانگی لیرتس دەکات لیرتس دێتەژوورەوە)

لیرتس: مەولام... بڕیارمداوە بڕۆم بۆ پاریس بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەم، هاتووم داوای رووخسەتت لێبکەم تا بڕۆم، دوای ئەوەی کە لەسەرم بوو جێبەجێم کرد، لەو قەرزەی تۆ و شای پێشوو بۆ دڵنەوایی، زۆر دڵگرانم بەوەی

کە هاتم جەنازەی شای پێشوومانم بینی، سێ جەنازەم بەرێخست، کە یەکێکیان تەرمی هاملێتی برادەرم بوو، دڵگرانم و بۆیە دەمەوێت بڕۆم.

شاه: تۆ ئازادیت لیرتس کە چی دەکەیت، شانشینەکە لەبەردەمتدا کراوەیە تا یارمەتی باوکت بدەیت، یان ئەوەتا بێیتە ریزی خزمەتی ئێمەوە، یان ئەوەتا پێت وایە بۆ زانستی زیاتر وەرگرتن باشترە، دەبینم لەسەر ئەوە سووریت و بڕۆ.

لیرتس: مایەی دڵخۆشیم دەبێت ئەگەر بتوانم ئەوەی بۆ ئێوەی بکەم، بەڵام تەمەنی درێژی ئێوە ئازارم دەدات، دوای ساڵانێک ئەوە پێشکەشکەم، کاتێک ئەوەی ماوە لە خوێندنەکەم تەواوی بکەم.

شاه: زۆرمان پێخۆش دەبێت ئەگەر ئەوە بکەیت و تەواوتریش دەبیت.

لیرتس (لە شاە نزیک دەبێتەوە و شمشێرەکەی هەڵدەکێشێت و بەر شمشێری دەدات): مەولام بە مەرگی تۆ تەواوتر دەبم.

پۆلۆنیۆس: ئێستا تەرازووی دادپەروەری لە بەردمتدایە... من لە تایەک و کوڕەکەشم لە تایەک ئەوەتا بە رێکی لاردەبێتەوە و بەرزدەبێتەوە... جارێک بەلای مندایە و جارێکیش بەلای کوڕەکەمدایە، هۆ پاسەوانەکان لە جێگاکانی خۆتان بن و بەڵێنی خێرتان دەدەمێ.

( لیرتس دەست دەکات بە راکێشانی لاشەی شایەک بۆ دەرەوەی شانۆ و لەو کاتەدا پۆپۆلۆنیۆس دەچێتە دەرەوە و ئۆڤیلیا بەترسەوە دێتە ژورەوە)

لیرتس: ئێستایش ئۆڤیلیا... دەزانی کە چۆن باپیرانم مافیان لەعەرشی دانیمارکدا هەیە. مافێکی میراتییە و لە شووشەیەکی داخراودا هەڵگیراوەو توورردراوەتە ناوسکی رۆژەکانەوە و دەبێت دەرکەوێت.

ئۆڤیلیا: بگرە مافێکە لە دەروونداو وەسواس و چاوچنۆکی وێنەی بۆ کێشاوە... ئامادەبوویت پەلاماری نێچیرەکە بدەیت...

لیرتس: بگرە ئەوەی لەدەروونداهەبوو پەیوەست بوو لەگەڵ ئەوەی کە لە مێژوودا هەیە...

ئۆڤیلیا: شەرەنگای گومانەکان و پایگای یەقین و کردارە و پاکانەیش دادڕین و برینە بە باڵای ئەم و ئەودا. سەراب نابڕێتەوە و جوانییەکە وەهمەکان دەریدەخەن و لەگەڵیدا کوشتارێکی نەبراوە پەیادەبێت...

لیرتس: بەمردنی کلۆدیۆس هەموو شتێک تەواو بوو، لە گەڵیشیدا زەوتکردنی عەرش کۆتایی هات.

ئۆڤیلیا: زەوتکردنێکی نوێ دەستی پێکرد.

لیرتس: کەسێک لێرە نییە لە خانەوادەی هاملێت کە داوای گەڕانەوەی عەرش



بکات.

ئۆڤیلیا: بەڵام هەیە کە داوای لەناوبردنی زەوتکەرە نوێیەکە بکات.

لیرتس: کێیە... کێیە... کێیە؟

ئۆڤیلیا: رەگی خوێن کە کراوەتەوەو ناوەستێت.

لیرتس: تۆ وەکو ژنێک نازانیت چۆن لەبەردەم مافێکی زەوتکراودا، یان عەرشێکی بە بریق و باقدا هەڵسوکەوت بکەیت.

ئۆڤیلیا: بۆ تۆ بەخوێن و کوشتن دەبریقێتەوە... بەتەنها خوا خۆی دەزانێت کە قوربانیی داهاتوو کێ دەبێت، تا مەمملەکەتت بۆ بەرقەرار دەبێت و تا وەکو پێویست عەرشەکە جێگیر دەبێت.

لیرتس: تەنها شمشێر دەتوانێت چیرۆکی مرۆڤ لەسەر تەرمی مێژوو بنەخشێنێت و چیاکان هەناسەدەدەن یان دۆڵەکان رادەژەنرێن بۆ ئەوەی مرۆڤ بەرەو موڵک ئاژنگ بنێت و ئاڵتوون و خوێنی بەسەردا دادەبارێت. بۆ چەند سەدەیەک خاوەنی ئاڵتوون بووین و پێویستمان بەوە بوو ببینە خاوەن خوێن تا ئاڵتوون ببێتە کورسی، نە بازنگ یان گەردانەی مل... ئۆڤیلیا سەیرم کە... خۆم دەبینم چەند لە قوڕاو و کاوکۆتەڵدا چەقیووم، ئەگەر شمشێرەکە بەرووی وەهەمە یەک لەدوای یەکەکانی وەکو چاکەو بەدکاریی و فەزیلەت و جوانیدا هەڵکێشم و... چەند دەپەڕیو دەبم ئەگەر بەرامبەر شتێکی بەدەستگیراو کە ناوی عەرشە هەڵیکێشم... ئۆڤیلیا سەیرێکی من بکە... دڵێکی چەند باشم هەیە، کە دارێکی باریکم لە پێکهێناوە وەکو بەژنم، هەموو ساڵێک لە نێوان پاریس و دانیمارکدا گوزەردەکەم، بێئەوەی سێبەرو پایەیەکم هەبێت... بەڵام ئێستا وام لە لێواری عەرشەکەو وەکو ئەو دەدرەوشێمەوە.

ئۆڤیلیا: لیرتس تۆیش تۆوی هەژان و مەرگی خۆت هەڵگرتووە، ئەگەر ئەمە نەبووایە لە هەڵدێرەوە بۆ ئەم قسەیە غلۆر نەدەبوویتەوە کە بەراستی بنی دۆزەخەکەیە... لە ئاوێنەدا سەیری خۆت بکە لە رۆژێکدا لەوەتەی شاهت کوشتووە چۆن سەروچاو و دەست و بەژنت گۆڕاوە... هەموو شتێک خەڵتان بووە...

لیرتس: بە ئاڵتوون.

ئۆڤیلیا: بگرە بە خوێن ئەویش ئاڵتوونێکی ترە و لە لەشماندا رێدەکات، نەک لەبەرچاومان تا دەرکەوێت و پشکێنەرانی وەکو تۆ لە کانزاکانی دەرییهێنن تا ببێتە رەنگی مەرگ... لیرتس تۆ دەڕۆیت بۆ دۆزەخێک کە تەواوبوونی نییە.

لیرتس: لە گەڵماندا لەسەر ئەم عەرشە دانیشە.

ئۆڤیلیا: دانانیشم و سپیاو ناخەمە سەر سەروچاوم، یان گوڵ نادەم لە جلەکەم یان لە سەرم، بگرە بە چڵی درکی بەستراوی سەرم دەمێنمەوە، وەهم و تارماییە راکردووەکانم بەخێودەکەم، تەرمەکان هێشتا تەڕن و خوێن لە دەمارەکاندا سارد نەبووەتەوە. ((لیرتس گوێی لە جووڵەیەک دەبێت لە پشتی پەردەکەوە، بە نیگەرانی و گومانەوە بەرەو رووی دەڕوات و شمشێرەکەی هەڵدەکێشێت و پۆڵۆنیۆس کە لەپشتی پەرەکەوەیە بەشمشێر دەپێکێت)).

لیرتس: ئەم بیلاٌتە چەند پڕی لە سیخوڕ و گزیرە، ئەمەیش یەکێکە لە مشکەکانی کلۆدیۆس یان تەماحکارانی عەرش...

ئۆڤیلیا: چیتکرد؟... ئا بەم ئاسانییە خەڵکی دەکوژیت.

((ئۆڤیلیا پەردەکە لادەدات دەبینێت باوکی خشڵی تەواوی تاجدارکردنی لەخۆی داوە و مردووە، دەقیژێنێت))، باوکە... باوکە لیرتس باوکمت کوشت، خوایە چیمان کردبوو تا دۆزەخی خۆتمان بۆ رەوانەکەیت، بەر لەوەی خۆمان بۆی بڕۆین! (بەگریان دەچێتە دەرەوە و لیرتس خۆی بەتەنیا دەمێنێتەوە لە حاڵەتێکی حەپەسان و شێتی و خۆشی و سەرسووڕماندا).

لیرتس: لەو شوێنەی کە مێرووله بۆ دواجار جەنگی خۆی تیا بەرپاکرد... لە جێگای شمشێرەکان... لە جێگای قوربانییەکان... بەزەیی لە خوارەوەبوو... لەسەرەوەش کەللەسەرەکان دەفڕین... چاوێکی گەورە کراوەیە لەسەر سەوەڵجانەکە... چاوێک لەلای منە... ئەی سروشت دڵم بەرە، بیبە... ئەو لە ماوەی رابردوودا ئەرکی خۆی ئەنجامدا... بەڵام ئێستا بیبە... بۆ تۆیە پێویستم پێی نییە، خوێنەکەم بەتاج دەگەڕێت نەک بە دڵ، بگرە لەوانەیە ئەگەر دڵم بمێنێت دەبێتە خاڵی لاوازبوون و ئەوسایش دەیبڕم... ئێستا بیبە... ئێستا بۆ ئەوەی لەبەردەممدا نەبێتە کۆسپ...

دڵم مەزرا دەفەوتێنێت
دڵم خوان هەڵدەگێڕێتەوە
دڵم لە هەوادا باڵەفڕە دەکات
دڵم دەفڕێت کە حەزی پێناکەم...دەبێ بفڕێت.

دوو کەس بووین، من و باوکم، لە نێو ئاگری ئارەزووە گەورەکاندا دەڕۆیشتین... ئاگر لە لۆچێک لە لۆچەکانی چاوماندا قەدکرابوو، ئێمە یان کەسانی تریش هەستی پێناکەن... بەڵام چۆن دەتوانم سەبرم هەبێت، تا باوکم بمرێت، بۆ ئەوەی ببمە شاه دوای ئەو، گریمان تەمەنی درێژ بوو، گریمان لەکاتی تاج لەسەردانانداندا قژە سپییەکەی نەما و لەشی ساغ و تۆکمە بوو... گریمان چەند





دەیەیەک تەمەنی خۆی دایەدواوە، دەبێ چاوەڕێ بم؟ چەندێک چاوەڕێکەم؟ رۆژێک...دە ... هەزار... ملیۆن... بڕواناکەم کە کات بڕوات و منیش بستێک لە تاجەکەوە دوورم. پاشان کامیان باشترە... مەمملەکەت یا ئیمان! عیبرەت لەوەدا نییە تۆ ئاسوودە بیت، بگرە عیبرەت لەوەدایە کە شاه بی... شاه بی و بەس... باوکە کلۆڵەکەمم خەڵەتاند و پێم وت کۆشک پڕ بووە لە سیخوڕ و دەستەو تاقمی کلۆدیۆسی سووک و چرووک، زۆر بە چاکی و دڵنیاییەوە پێی وتم: کوڕەکەم چی بکەین... وتم بەسەریانەوە دەبینە گزیر، جارێک باوکە تۆ چاودێریی ئەوە بکە کە لە بیلاٌت روودەدات و منیش دوای تۆ، بەوجۆرە بە نۆرە ئەو چاوانە دەسنیشان دەکەین کە نامەردیی و فێلیان تیا دەبریسکێتەوە. چونکە باوکم بە درێژایی تەمەنی لە بیلاٌتی پێشوو ئەمە ئیشیی بووە، گزیر بووە... گوێی گرتووە، چاودێریی کردوە... بۆنی کردوە... سیخوڕی کردوە، دەورەکەی بە تەواوی پێ قبووڵ بووە و ئەمجارەیەش بە گوێی کردم و، واملێکرد لە پشتی پەردەوە چاودێریی بکات، دەورێک کە شایانی ئەو نییە، بەڵام پێی قبووڵ بوو، ماوەیەکی دوونیەتی کە هێشتا تیا مابوەوە، دەبێ کەسێکی ئاوها ببێتە شا !! دەبێت ببێتە خزمەتکار، ئەمجارەیش کەسی نەدۆزییەوە کە خزمەتی بکات، بۆیە بووە خزمەتکاری کوڕەکەی، موستەحەقی ئەوە بوو کە ویستی، دەمێکە موستەحەقی ئەمەیە. دارستانێک ئاژەڵی هەڵاتووی تەماحکاری پێ بە ئاگاهێنامەوە... دەرگای جەنگەڵەکەی کردەوە وتی ئاژەڵەکان وەرنەدەرەوە، ئەوەتا دەردەچن و لە رێگای خۆیانەوە دەیپلیشێننەوە و لە چاو ون دەبێت... ئەوەی لە پەنجەکان مایەوە دەشێ ببێتە شاه!... کەس نییە. ئەوەی لە ئەندامەکان مایەوە شایانن... کەس نییە. ئەوەی لە دوژمنان مایەوە شایانە... کەس نییە... تەنها خۆم و خۆم... (بە شەکەتیی بەرەو عەرشەکە دەڕوات)، ئەی عەرش ئەی بچکۆلەکەم ئەگەر ژنیشم هێنابا... منداڵێکی وەکو تۆم نەدەخستەوە، چ منداڵێک ئەی عەرش... کوا دایکت؟ نەخێر... تۆ دایکت نییە، بگرە تۆ باوکێکت هەیە هەمیشە پشتی بۆ دەچەمێنیتەوەو سوارت دەبێت. ئەگەر ئێستا لەسەرت دانیشتم داوای چ شتێک دەکەم... چ شتێک، (بە هێمنی لەسەر عەرشەکە دادەنیشێت)، ئێستا دەمەوێت... بارانم دەوێت...ئاه. ئا ئەوەتا باران دەمشۆرێتەوە. ئاه. دەمەوێت... خۆرم دەوێت... ئاه... ئا ئەوەتا خۆر وشکم دەکاتەوە و پڕم دەکات لە ژیان. دەمەوێت... دەریام دەوێت... دەمەوێت بخەوم... بخەوم...

(دیمەنی حەوت)

(گوڵەکانی مەرگ)

(( دەمرین یان نامرین ئەمەیە دەردەکە ئەی دەروونم))

(گۆڕستان و لە پشتییەوە کۆشک و عەرش بە قاڵدرمەیەکی پان تێکەڵ دەبن گۆڕهەڵکەنەکەمان لێوە دیار دەکەوێت)

گۆڕهەڵکەن: تەرمی بە قاچاخ هێنراو لەبەرەبەیانێکی دوورەوە، تەرمەکان خۆڵ دەشۆرن و واتاکان لە نێوانیاندا غلۆر دەبنەوە... چاوم لەسەر ئەم حەشاماتە کردووەتەوە و لە رۆژگارێکی دوورەوەیە خەو نەچووەتە چاوم... شەهوەتەکان... شەهوەتەکان لە ئاسۆکاندا پەرش دەبنەوە، تا ئەم رۆژە هەڵواسراوەی بە رۆحەوە بەردەبێتەوە، شەهوەتەکان قوڕ لە لاشەکانمان زەوت دەکەن و لێماندەگەڕێت تەنها بە ئاو، ئاوی باسقەکردووی نێوان هەردوو چاو و هەردوو قاچ. گۆڕ لەماڵەکان زیاتر دەمێنێتەوە... لە گۆڕدا شتێک لە نەمریی هەیە، تەرم و چارەنووس و زەمەن. (ئۆڤیلیا بەجلی سپییەوە دێتەژوورەوە و تاجەدرکێکی لەسەرناوە و سەبەتەیەک گوڵی بەدەستەوەیە و دەست دەکات بە رژانی گوڵەکان بەسەر گۆڕ و ئەو ستوونانەی کە لە گۆڕستانەکەدا هەن).

ئۆڤیلیا: دەمرین یان نامرین، ئەمەیە دەردەکە ئەی دەروونەکەم. مەرگ لە هەموو ئاقارێکەوە دەورەی داوین، ژیان لە ناوەنددایە... مەرگ لە هەزار ئاقارەکەیەتی، خاڵێکی زیندوو نییە هەوڵ نەدات بۆ دەربازبوون بە هێزەوە بەرەو مەرگ... هەر چەند ساتێکەو بۆ هەتا هەتایە لە ئامێزی دەگرێت. مەرگ دوا شەهوەتی ژیان و دڵڕەقییەکەیەتی. هەموو شایەک و هەموو کۆیلەیەک بە خۆبەخشیی بۆی دەڕوات. شا تاجەکەی دادەکەنێت، کۆیلە نەعلەکانی و بە رەزامەندیی خۆیان دەچن بۆلای. جوانیی خەمباری ئاوابوویش لەم جیهانەدا کلکی خۆی لوول دەدات و شکست دێنێت.

تا ئەژنۆمان نقوومی خوێن دەبین بۆ ئەوەی ئاڵتوون بگرینەدەستەوە
لە قوردا دەچەقین بۆ ئەوەی رووخام بگرینە دەستەوە
لە زبڵدان دەچەقین بۆ ئەوەی زبڵدانێکی گەورەتر بگرینە دەست

دەمرین... یان نامرین. شکست و سەرکەوتنەکان بەساردیی مەرگ دەیانگرێتەوە و بەسنگی خۆیەوەیان دەگوشێت... ئەوانەی دەچن بۆ جەنگ... ئەوانەی لە جەنگ دێنەوە... شتێک لەمەرگیان تیایە... ئەوانەی بەدوای نەمرییدا دەگەڕێن... لە وشەدا نەمرن... هەموویان مەرگ هەڵدەمژن و خەوی پێوە





دەبینن. خۆر بۆ سەربڕینگەکە بەرزدەبووەوە و شاڵی خۆی بەسەر کانی خوێدا رادەخست و منیش تەرمەکانم سەردەخستە سەرەوە، لەدەممدا ترێ تامی خۆشی دەگرمێنێت و لە سەر شانم چڵەکان دەخوێنن، لە کوێوە دەست بە گمە بکەم... لە گۆڕەوە یان لە عەرشەوە، خوێڕییە لادەرەکان هەموویان بۆ مەرگی خۆیان و گڵکۆی خۆیان ملیان شکاند، رۆژەکانیش بەرەبەیانێکی دەرپەڕاند خوێنی لێ دەتکێت و وەلێ بێگومانیشە، پێشوازی لە بەیانێکی خەواڵوو دەکەین... شەو لە شەڕە شمشێرێکی درێژدا خۆی کوشت، کۆتر نهێنی ئەم گاڵتەجاڕییەی بۆ بروسکە کردم.

بمرین... یان نەمرین

خۆم دادایە سەر دیواربەندە بەردەکەم و چاودێریی زەوییم کرد و دیتم ئاگر بەرزدەبێتەوە و رووناکی گرمۆڵە دەبێت، بەڵام دڵم ئاگاداری کردمەوە کە رۆژ لەسەر باڵەکانی شەودا دەشکێتەوە و ئەشکەنجەش نوێژی هەموانە. من تاقە شایەتم لە سەر خومخانەی خوێن و ئەم جوانییەدا... چەپکە گوڵەکە کەوتەخوارەوە و ژمارەی گۆڕەکان زیادیان کرد، وەلێ بەرەبەیان بە خەمباریی دابەزی... رۆژەکان رۆژەکان دەچنن و دەست لە دەست دوور دەکەوێتەوە، هیچ یەکێک لەم شمشێرە شۆڕەوەبووانە پێم نەکەوتوون و ئەقڵم لەشوێنی خۆی خزا، مۆمدانەکە توایەوە و منیش توامەوەو ئەوەتا ئەمرۆ لە نێوان تەرمە کوناهکارەکاندا، کە شەڕی سرووشتیان کرد، مەلە دەکەم. ئەمرۆ سروودێکی قووڵ لە زارمدا زرنگەی دێت، یەکەم کەسمان شیوەن بۆ دوا کەسمان دەکات... ئێمە لە نێو وێرانەکان و باڵە شکاو پرسیارەکاندا رێدەکەین. دەمرین... یان نامرین. (بەر لە دوا رستە دەچێتە ناوەڕاستی یەکێک لە ستوونەکانەوە، کە ستوونەکانی کۆشکن و بێجووڵە دەوەستێت، لەم کاتەدا لیرتس دێتەژوورەوە لەبەردەم گۆڕهەڵکەنەکەوە).

لیرتس: کێ ئەم هەموو ئارامگەیانەی داڕشتووە... کێ وایکردووە بەم شێوەیە دیاربن؟

گۆڕهەڵکەن: ((بێ بایەخانە)): من... و تۆ، من بەدەستم، تۆش بە لەشت.

لیرتس: زێوانی ئەم گۆڕانەو برادەریان تۆیت.

گۆڕهەڵکەن: چارەنووسەکان بە مردوویی بۆ ئێرەیان توور دەدات... ئەوەی تۆی تووڕدایە ئێرە.

لیرتس: تۆ دانایشیت؟!

گۆڕهەڵکەن: و هەڵکەنی.

لیرتس: گۆڕەکان.
گۆڕهەڵکەن: و خودەکانش.
لیرتس: کەواتە سڵاو بۆ ئەو کەسەی راستەو لەو چاڵەی تۆ لادەدات.
گۆڕهەڵکەن: ئەی لەم ساتەدا پەنابردنی تۆ بۆ من چۆنی شرۆڤە دەکەیت؟
لیرتس: تیشکی چراکەت لەم کۆتایی شەوە رایکێشام.
گۆڕهەڵکەن: چی وای لێ کردیت خۆت بگۆڕی بەم جل و بەرگی شاهانەوە... پێتوایە شانشینەکەی ئەمرۆ شای تیا نەمابێت!
لیرتس: بەڵکو من شاهم و دوای منیش کەس شاه نییە.
گۆڕهەڵکەن: ((پێدەکەنێت)): گوێبگرە... ئەم کۆشکە هەمووی شاهن و هەرچەندێ لەناوبچن، هەمیشە شاهێکی نوێ پەیادەبێت، بۆیە پێویستی بە شایەکی وەکو تۆ نیە تا ئەم رۆڵەیان پێ ببەخشیت.
لیرتس: بگرە من شاهم... تەماشای جل و بەرگەکەم کە و تەماشای بەرگەکەی خۆیشت کە.
گۆڕهەڵکەن: تۆ لیبۆکیت، چونکە ئەم جل و بەرگە لەبەر دەکەیت... لێتدەگەڕێم بچیتە شوێنی برادەرە لیبۆکەکەم، سەرەڕای ئەوەی لە تۆ دڵی باشترە.
لیرتس: سبەی لەبەردەم بینەراندا تاجی شاهانە لەسەردەنێم و سزایەکی توندی تۆش دەدەم.
گۆڕهەڵکەن: ئەگەر بە راستی تۆ شاهی دەبێت رێزم لێبنێیت، چونکە من رێگام بۆ خۆشکردیت و پێش تۆ گۆڕی هەر پێنج شاهەکەم دروستکردووە و لە گۆڕم نان تا تۆ دەرکەویت... ئەم هەمووەت نەدەبوو ئەگەر بەسەر ئەم پێنج گۆڕەدا بازت نەدابایە.
لیرتس: بەڵێ قەدەرەکان رایماڵین لە بەردەممدا و بەسەر گۆڕەکانیاندا بازمدا.
گۆڕهەڵکەن: بەڵکو من رامماڵین... تۆش بەسەر گۆڕی کەسدا بازت نەداوە... ئەگەر ئەمەت بکردبایە ئێستا، سبەی بە تەواوی خەونەکەت دەهاتەدی.
لیرتس: ئەی چی بکەم؟
گۆڕهەڵکەن: گوێبگرە... بۆ ئێستا پیرۆزباییت لێنەکەم و دەستت بگرم بۆ ئەوەی بەسەر پێنج گۆڕەکەدا باز بدەیت، بۆ ئەوەی تاجدارکردنت بەڕاستی ببێتە رێورەسمێک لەشەودا و بە رۆژیش ببێتە مافێکی موتڵەق.
لیرتس: دەی با وابکەین.
( گۆڕهەڵکەنەکە لەدەستی پڕ لە ئەنگوستیلەی لیرتس دەگرێت و ناولەپی دەخاتە ژێر ناولەپی و بەرەو گۆڕی یەکەم و دووەم دەڕوات و بەو شێوەیەو گۆڕهەڵکەنەکە گۆرانییەکی بەپەلە دەڵێتەوە):



گۆڕهەڵکەن: یەکەم بەغەدر مرد
دووەم لە ژێر ئاودا مرد
سێیەم بە خنکاویی مرد
چوارەم بەشمشێر کوژرا
پێنجەم وەکو مشک
ئەی خوداوەندی چاڵەکان رەحممان پێبکە...
لیرتس: باشە گۆڕهەڵکەن ئایا بووم بە شاه؟
گۆڕهەڵکەن: لەم مەییە بخۆرەوە (شووشەیەکی مەی دەداتێ) بۆ ئەوەی تەشقەکە تەواو بێت و تاجدارکردنە پیرۆز بکرێت.
لیرتس: بەڵام پێم بڵێ... ئەم چاڵە تازەیە بۆ کێیە؟
گۆڕهەڵکەن: بۆ شاهی شەشەمە.
لیرتس: (پەنجەکانی خۆی دەژمێرێت): من شاهی شەشەمم.
گۆڕهەڵکەن: مەولام بۆ تۆیە (دەچەمێتەوە) دەفەرموو بچۆرە ناویەوە (لیرتس بۆ ناو چاڵەکە بازدەدات).
لیرتس: زۆر قووڵ نییە.
گۆڕهەڵکەن: بەڵام لە رووی درێژییەوە شیاوە.
لیرتس: با بیبینم.
گۆڕهەڵکەن: پێویستت بە هیچ نابێت.
لیرتس: ئێستاش هەموو شتێک تەواو بوو ئەی گۆڕهەڵکەن من چی بکەم؟
گۆڕهەڵکەن: خۆڵت بەسەرا بکەین. (گۆڕهەڵکەنەکە خۆڵی بەسەردا دەکات بێ ئەوەی گوێی لە بەرگریکردن بێت، یا دەنگێک لە لیرتسەوە بێت تا بەتەواویی لە چاڵی دەنێت... بە هاوڕییەتی مۆزیکێکی هێمن، پاشان دەنگی ریکۆرد لەسەر شریت پەیا دەبێت و دەڵێت):
هەمیشە دەبێت گۆڕی نوێ هەبێت بۆ هاوسەنگی ئەم جیهانەو ئاسوودە بێت. جێگایەکم پێ نیشان بدە جگە لە گۆڕ نەبێ، کە مرۆڤ درێژتر لە تەمەنی خۆی کاتی تیا بەسەر بەرێت. شەهوەتەکان... شەهوەتەکان لە ئاسۆکان پرش دەبن تا ئەو گوڵە هەڵواسراوە بە رۆحەوە بکەوێتەخوارەوە. لەدوای نەمریی دەگەڕێن... دەگەڕێن... هەموو هەوڵی ئەوە دەدەن پاشان دەکەوێتە نێو گۆڕەوە، ئایا مەرگ نەمرییە...

((تەواو))

# ئەوا هەر یەک شت هەیە!*

ڤۆڵفگانگ بۆرشێرت
لە ئەڵمانییەوە: ئەنوەر محەمەد ئەحمەد

تۆ، ئەی پیاوی سەر مەکینە و ناو ژووری کار، ئەگەر سبەینێ فەرمانت پێبکەن؛ ئیدی نابێت بۆری ئاو و مەنجەڵ، بەڵکو دەبێت خودەی ئاسن و چەک دروست بکەیت، ئەوا هەر یەک شت هەیە؛

بڵێ نەء!

تۆ،ئەی کیژی پشت مێزی دوکان  یان نووسینگە، ئەگەر سبەینێ فەرمانت پێبکەن، تۆ دەبێت نارنجۆک پڕ بکەیتەوە و لوولەی قەناس ببەستیت، ئەوا هەر یەک شت هەیە؛

بڵێ نەء!

تۆ، ئەی خاوەنی کارگە، ئەگەر سبەینێ فەرمانت پێبکەن؛ دەبێت لە بریتی تۆزی وشک و کاکاو، barووتی فیشەک بفرۆشیت، ئەوا هەر یەک شت هەیە؛

بڵێ نەء!

تۆ، ئەی لێکۆڵەرەوەی ناو لابۆر، ئەگەر سبەینێ فەرمانت پێبکەن؛ دەبێت لە دژی ژیانی رابردوو، شێوەیەکی نوێی مردن بدۆزیتەوە، ئەوا هەر یەک شت هەیە؛

بڵێ نەء!

تۆ، ئەی هەڵبەستەوان لەماڵەوە، ئەگەر سبەینێ فەرمانت پێبکەن؛ تۆ دەبێت لە بریتی گۆرانیی خۆشەویستی، سترانی رق و قین ببێژیت، ئەوا هەر یەک شت هەیە؛

بڵێ نەء!

تۆ، ئەی پزیشکی بان پێخەفی نەخۆش، ئەگەر سبەینێ فەرمانت پێبکەن؛ دەبێت پیاوەکان بۆ جەنگ بە تەندروست باش و کارامە بخەملێنیت، ئەوا هەر یەک شت هەیە؛

بڵێ نەء!

تۆ، ئەی قەشەی پشت مێزی و تاربێژیی، ئەگەر سبەینێ فەرمانت پێبکەن؛ تۆ دەبێت کوژراو بەڕەوا و جەنگیش بە پیرۆز بخەملێنیت، ئەوا هەر یەک شت هەیە؛

بڵێ نەء!

تۆ، ئەی کاپیتانی بان کەشتی، ئەگەر سبەینێ فەرمانت پێبکەن؛ دەبێت لە بریتی گەنم، تۆپ و زرێپۆش بگوێزیتەوە، ئەوا هەر یەک شت هەیە؛

بڵێ نەء!

تۆ، ئەی فڕۆکەوانی ناو گۆڕەپانی هەڵفڕین، ئەگەر سبەینێ فەرمانت پێبکەن؛ تۆ دەبێت بۆمبا و فۆسفۆر بەسەر شارەکاندا بەربدەیتەوە، ئەوا هەر یەک شت هەیە؛

بڵێ نەء!

تۆ، ئەی بەرگدرووی بان مێزەکەت، ئەگەر سبەینێ فەرمانت پێبکەن؛ دەبێت بەرگی سەربازیی بدووریت، ئەوا هەر یەک شت هەیە؛

بڵێ نەء!

تۆ، ئەی دادوەری ناو دادگا، ئەگەر سبەینێ فەرمانت پێبکەن؛ دەبێت بچیتە جەنگ بۆ دادگایی، ئەوا هەر یەک شت هەیە؛

بڵێ نەء!

تۆ، ئەی پیاوی وێستگەی سەرەکی شەمەندەفەر، ئەگەر سبەینێ فەرمانت پێبکەن؛ دەبێت جاڕی ڕۆیشتن و رەوانەکردنی شەمەندەفەری تەقەمەنی و سەربازەکان بدەیت، ئەوا هەر یەک شت هەیە؛

بڵێ نەء!

تۆ، ئەی پیاوی گوند و شاریی، ئەگەر سبەنێ بێن و فەرمانی بانگکردنت بۆ بێنن، ئەوا هەر یەک شت هەیە؛

بڵێ نەء!

تۆ، ئەی دایک لە نۆرماندی، لە ئۆکراین. لە فریسکۆ و لەندەن. لە هوانگۆ و میسیسیپی. لە نیپاڵ و هامبۆرگ. لە قاهیرە و ئۆسلۆ. دایکانی هەموو پارچەکانی ئەم زەوییە و جیهان، ئەگەر سبەینێ فەرمانتان پێبکەن؛ ئێوە دەبێت منداڵ بێننە ژیانەوە، هەتا ببنە سەربازی نوێی جەنگە نوێکان. ببنە پەرستاری بنکەی چارەسەرییەکان. ئەوا ئەی دایکانی دنیا تەنیا هەر یەک شت هەیە؛

بڵێن نەء، ئەی دایکان بڵێن نەء!

(*) لەبەر پاتە نەبوونەوە، تەنیا بەشە سەرەکیەکە وەرگێردراوە!
کۆبەرهەمی ڤۆڵفگانگ بۆرشێرت، ١٩٥٩دەستگای رۆڤۆڵت / هامبۆرگ.

# بۆ ماریانا

نۆمی گوتمەن
و. عەزیز رەئوف

کاتێک وەرگرە بۆ هەناسەدان
کەمێک لە رۆخی رێگاکە بووەستە
زۆرن ئەوانەی چاویان لە هەنگاوەکانتە
تۆ رێگاکەت وندەکەی لە دەرەوەی دەرگای حەوشە
جارێکی تر ئەژنۆکانت شل دەبن
بەڵام تۆ زۆر بێڕەحمانە هەنگاو دەنێی
هیچ شتێک لەتۆ ئاوا نابێت
تا ئەوکاتەی هەمووان تێتدەڕوانن

×××

من راهاتووم تەماشای روخسارت بکەم
هەموو ئێوارەیەک شەقامەکانت لێدەگرم
پێش تۆ کێ هاتووە نەمبینیوە
من هەموو شتێک لەبیر دەکەم جگە لەتۆ



کچان بە بلوزە سپیەکانیانەوە بەرەو رووم دێن
لە ژێر برۆکانیانەوە چاوێک هەیە بۆ تێڕوانین
چاوێک هەیە بۆ عەشق، بۆ ژوان
من فەرامۆشیان دەکەم و چاوەڕێم
چاوەڕێم تۆ بێیت ماریانا

×××

بارانەکە بەخوڕ دەبارێت
من پێویستم بە چەتر نییە
ئەوان هەموو چەتریان هەڵگرتووە
هەڵمی هەناسەیان دەبینرێت
من کەس نابینم ماریانا
من خۆم نابینم ماریانا
حەزدەکەم لەگەڵ پێی بارانا بێیت
وەکو دوێنێ
من گوێم لە ترپەی بارانە
گوێم لە ترپەی دڵمە
گوێم ترپەی پێیەکانتە
بەڵام دڵنیام کە تۆ دێیت و
کەمێکی تر لەپشتەوە چاوم دەگریت و
منیش دەزانم تۆی ماریانا

سەرچاوە:
White apples, Naomi Guttman, London 2003

azizrauf2003@yahoo.com

# هونەر

سەردەمی پڕ خوماری
دیاری قەرەداغی

**ئالان پەری**

شوان کەمال-ی
پەیکەرساز:

**چنور محەمەد**

دیدار لەگەڵ
مۆفەق لهۆنی:

**شەنکار عەبدوڵڵا**

ساتە فەلسەفییەکانی
مۆسیقا

**ئەنوەر عەبدوڵڵا**

# هەبر

# سەردەمی پڕ خوماری دیاری قەرەداغی





ئامادەکردنی:
ئالان پەری

لە یەکێک لە قاوەخانەکانی (کۆپنهاگن) بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک من و کاک دیاری وتووێژێکی هاوڕێیانەمان ئەنجام دا، من لە ساڵی پارەوە دەمویست ئەم دیدارەی من و کاکە دیاری ساز بێت، بۆ ئەوەی ئەم نووسینەمی پێ دەوڵەمەند بکەم، هەڵبەت لەبەر سەرقاڵیی پرۆڤەکانی بۆ کۆنسێرتەکانی دانیمارک و سویدو هەروەها نەپەرژانی، لەبەر ئەو ماوە کەمەی کە تەرخانی کردبوو بۆ گەشتەکەی، بۆیە نەکرا دیدارەکەمان درووست ببێت. ئەمجارە لە میانەی گەشتەکەی بۆ ئەڵمانیاو بۆ کۆنسێرتەکەی (نۆرنبێرگ) توانیم لە (کۆپنهاگن) بەدیداری شادبم، کە بە مەبەستی پرۆڤەکردن هاتبوو لەگەڵ تیپە مۆسیقییەکەی کە زۆربەیان نیشتەجێی وڵاتی دانیمارکن، خۆشبەختانە لە ڕێی هەوڵی هاوڕێیەکی نزیکی هەردووکمان توانیم بەسەرهاتی ئەم نووسینەم کۆکتر بکەمەوە.



### دونیایەک لە گۆرانی

ئەو گۆرانییانەی منداڵیی پڕ دەکەن لە عیشق و هێڵەکانی سنووری سەردەمی ئەوسا و ئێستا دەکوژێننەوە، ئەو بانگەوازانەی عیشق کە شوێنەکان بۆنی تایبەتیان دەداتێ و بەهەشتی سۆزێک بۆ چاوشارکێکانی ئەوینە سادەکانی زەمەن بەجێدێڵن، ئەو گۆرانیانە، کۆڵانەکانی شار کاڵ ناکەنەوە لە ئاوازی ئێواران و پردێکی پرتەقاڵی لە بەختەوەریی دەکێشن بۆ گەیشتن بە هەستکردن بەوانی تر، وشە نۆستالیژیاییەکان ڕێگەوبانە دوورو درێژەکان سەوزدەکەن بە بیستنی دەنگی ئارامیی و گەشتێک سازدەکەن بۆ بەرکەوتنی نەرمیی، زەوی و خۆر و هەوا.

(دیاری قەرەداغی)، لەو سرووشتە پاکەی میللەتێک دێتە گۆرانی وتن و ئاهەکانی هەموو گەردوون دەگرێتەوە، بەهەمان گوزارشتی گۆرانیوتنیش بە پەستییەکی پڕ هەستکردن بە ئەمەکداری دیسانەوە بەرەو ڕووی ناپاکی چەند دەستەیەک دەبێتەوە، دەنگی خۆی بەرز دەکات... بە ڕیتمی هەناسەکانی، دۆستایەتییەک دێنێت و سفرەی هاوڕێیەتی نێوان مرۆڤەکان رادەخات.

بەو سرووتەوە دێتە گۆرانی وتن کە چرینی ئاوازەکانی ئەم زەوییە تەنیا ئامێرو دەنگ نییە، بەڵکو ڕۆحێک و هەستێکی نزیک لە هەموو دڵەکانی دەوێت... دیاری هەر لە سەرەتاوە ویستی جیاواز بێت لە هەمووان و ڕێگەیەکی ئاستەم و لەهەمان کاتدا پڕ بە پرسیارەکانی سەرکەوتنی گرتەبەر.

لە دڵە تاقانە جێماوەکەیەوە هەتا دەگاتە زیکری عیشقە، دێت کۆلارە ڕەنگاوڕەنگەکانی ئەوین بە نێو هەورە پەشمەکییەکانی موحیبەت هەڵدەدات، وێنەی خومارێک لە نیشتنەوەی بەسەر زەوییە بێدارەکان دەکێشێت و لە هەناسەکانی ئێمەو زەریا ورد دەبێتەوە، ئاگاداری پەنجە پیانۆییەکان دەبێت کە چۆن هەر زوو دەکەونە نوقمی یەکتری. لە ماڵئاواو ئافات و باران دیسانەوە دەروونمان پڕدەکات لە نیانیی و تاریکیی شەومان بۆ دەدرەوشێنێتەوە.

دیاری، یەکەم کەس بووە لەساڵی ١٩٩٦ بە شێوازێکی نوێی شایستە بە هونەری کۆنسێرتگێڕان لە کوردستان کۆنسێرت بۆ گۆرانییەکانی بگێڕێت و لەوبارەیەوە سەرکەوتنی خۆی سەلماندووە، کە بە ڕۆحێکی بێوچان لەگەڵ جەماوەرەکەی بوونەتە ئاوێتەی خەم و پەرۆشی و عەشقی یەکدی، دواتر پەرۆشیی بۆ کۆنسێرتگێڕان ناشکێت و بەردەوام لە ساڵەکانی دوایی، واتە ١٩٩٧ تا ٢٠٠٠ بەردەوام کۆنسێرتی بۆ گۆرانییەکانی گێڕاوە دیارترینیان کۆنسێرتەکەی ساڵی ٢٠٠٠ بوو کە لە شاری هەولێر سازی دا، ئەم کۆنسێرتە من خۆم بە

بوویرترین جوامێریی ئەم هونەرمەندەی دادەنێم، چونکە لەو کاتەدا وڵات تازە لە شەڕێکی خوێناویی و خۆکوژیی هاتبووە دەرەوەو ئاستەم بوو کارێکی هونەری لە شارێکی تری کوردستان ئەنجام بدەیت، بەڵام دیاری ئەم بێدەنگییەی شکاندو بە دەسەڵاتی وت پەیامی ئێمە تەنها هونەرە بۆ هەموو مرۆڤەکانی کوردستان و تایبەت نییە بە شارێک و ناوچەیەکەوە، بەڕای من ئەم جوڵانەوەیەی دیاری بۆ کاتی خۆی زۆر پێویست بوو، مەگەر ئەرک و پەیامی هونەر ئەوە نییە کار بۆ یەکسانیی بوون و دوورکەوتنەوە لە بیری تەسکی حیزبیی یان خێڵەکی یان ناوچەیی بێت؟



### ئەلبوومی گۆرانییەکانی

دیاری لە هەر ئەلبوومێکی گۆرانییەکانیدا سەرکەوتنی بۆ خۆی و هونەرەکەی مسۆگەر کردووە، بەو پێیەی کە هەڵبژاردنەکانی جوان و ناوازەن و توانیویەتی چڵە گۆرانییەک بخاتە یەخەی هزری جەماوەرەکەی، کە دەتوانین بڵێین جەماوەری دیاری وەک خۆی جیاوازەو لە زۆر شت بەیەک دەگەنەوە، یەکێک لەو شتانە، هونەرەکەی دیاری گۆرانی شادیی نین، بەڵکو پڕن لە نامۆبوون و پرسیارو دواتر گەڕان بە دوای عەشق و بەختەوەریی. هونەرێکە گەڕانە بەدوای ژیانێک کە تائێستا بۆ زۆربەمان بۆتە گومان.

دیاری، لە شاکاری ئەلبوومی بۆنی خاکەوە دیسان ئەو جۆشەمان لە رۆحی هەمووومان بەگەڕدەخاتەوە، گۆرانییەکانی بۆ نیشتمان لەناو دڵمان وەک نێرگزێکی تاقانە لە دڵمان دەڕوێنێت، وەک ئەوەی دیاری تاقیمان بکاتەوە، ئایا نیشتمانمان لە بیرە:

**(تادێ خاکم خۆشتر دەوێ چونکە وڵات لەدڵمایە**

**زەڕەیەک خاکی وەتەن نادەم بە قەسری قەیسەری)**





پەیامێکی تری دیاری، رۆچوونی هونەرەکەیەتی لە بەسەرهات و نەهامەتییەکانی میللەتەکەیدا، تابلۆی مۆسیقیی ئەنفال و سێوبارانی هەڵەبجە لەدیارترین کارەکانێتی.

### پاشخانێکی رۆشنبیریی

لەبەرئەوەی دیاری خوێندنی بەشی زمانی کوردی لە زانکۆ تەواوکردووە، هەر ئەوە یارمەتییەکی زۆری داوە بۆ تێگەیشتن لە ئەدەبی کوردی، کاتێک لەگەڵ دیاری قسەدەکەین خێرا هەست بەوە دەکەین کە بەزمانێکی پاراو و بە هێنانی چەند نموونەیەکی فیکری و ویژدانیی گفتوگۆگەت زیاتر لا خۆشەویست دەکات، دیاری پاشخانێکی ئەکادیمی لە زمانی کوردیدا هەیەو سەلیقەیی خۆی بەکاردەهێنێت لە دانانی تێکستەکان بۆ گۆرانییەکانی... دیاری زیاتر وەک گۆرانیبێژ ناسراوە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا نووسەرێکی دیارە لە بواری هونەرو رەخنەی هونەریی، کە چەندین نووسین و پەرتووکی چاپکراویشی هەیە لەو بوارەدا.

لە هەڵبژاردنی تێکستدا، دەبینی وریایانە مامەڵە لەگەڵ ئەو شیعرانەدا دەکات کە لەگەڵ دەنگ و تۆنی خۆی دەگونجێت، لە پرسیارێکمدا، کە ئایا بۆچی شیعری کلاسیکی کەم بەکاردێنێت لە گۆرانییەکانیدا؟ لەوەڵامدا وتی: لەوانەیە تەواوی حەقی ئەو شیعرە کلاسیکییە لە گۆرانییەکەم نەدەم، چونکە شیعری کلاسیکی نرخێکی تایبەتی هەیە، چەند وەختە شیعرێکی کلاسیکم لەبەردەستەو کردوومە بە گۆرانی، جورئەت ناکەم بڵاوی بکەمەوە، لەترسی ئەوەی نەمتوانیبێت تەواوی مافی خۆییم دابێتێ.

### داریوش و ئاوازی ئەرمەنی

یەکێک لەو پرسیارە باوانەی کە هەمیشە رووبەڕووی دیاری دەبێتەوە پەیوەندیی نێوان دیاری و داریوش-ە، من بە پێویستم زانی پرسیارەکەم بەمجۆرە بکەم: بۆچی هەمیشە جەماوەری هونەرەکەت تۆ بە داریوش دەبەستنەوە؟

لەوەڵامدا دیاری وتی:

داریوش بۆ من بیرەوەریی و گەنجێتی و چێژە، بۆیە من وەک مرۆڤێک هەستم بۆ ئیشەکانی دەجوڵێت، مانای ئەوە نییە من بە کارەکانی داریوش بچمەوەو وەکو ئەو هونەر پێشکەش بکەم، بەڵام تەنها چێژێکی تایبەتیم بۆ هەست و گۆرانییەکانی هەیە.

جارێکیان من لە هەواڵێکی هونەریدا ئەوەم خوێندبووە کە داریوش حەز دەکات لە کۆنسێرتێکی دیاریدا ئامادەبێت و لەنزیکەوە دیاری بناسێت، دیاری ئەوەی بۆ پشتڕاستکردمەوەو ئەوەی درکاند کە ڕەنگە هەوڵێک بۆ ئەو پێگەیشتن و دیدارە بدرێت و بتوانرێت کۆنسێرتێک هەردووکیان لە کوردستان یان لەدەرەوەی کوردستان کۆبکاتەوە.

سەبارەت بە سوود وەرگرتن لە ئاوازی بیانی و بەتایبەت ئاوازە ئەرمەنییەکان وتووێژێکی زۆرمان کردو ئەنجام دیاری پرسیارێکی سەیری لێکردم، وتی: ئایا تۆ ئاو ئاوازانەت خۆش ناوێت؟ من وتم زۆربەی گۆرانییەکانم لەبەرە، وتی: کەواتە ئەگەر ئەو سوودوەرگرتنە لەو ئاوازانە بەو ئەندازەیە بێت کە خەڵک بەدڵیان بێت، کارێکی باشە، بەڵام دەبێت ڕەچاوی ئەوەش بکەین ڕۆحێکی کوردییانەی بکەینەبەو زیادەڕۆیی تیانەکەین.

دیاری باس لە تێکەڵبوونی کلتوورەکان دەکات و دەڵێت: ئێستا زەمەنی بچووککردنەوەی جیهانە، ئەدەب و هونەرو سیاسەت هەموویی لە هەوڵی بە گلۆباڵکردنی جیهاندان، بۆچی کوردیش لەو ڕەوتە دوا بکەوێت، بۆیە بەکارێکی باشی دەزانێت کە کلتوورەکان بڵاوبکرێنەوەو تێهەڵکێشی یەکتربکرێن، بەمەرجێک نەگاتە ئەوەی هەست بە کلتووری خۆت نەکەیت و وای لێبێت بشێوێنرێت.

### تاراوگەو وڵات

پرسیاری تاراوگەو ئایا ئێستا لەم گەشتەیدا هەست بە تاراوگە دەکات یان ئایا بۆچی تائێستا دیاری تاراوگەی هەڵنەبژاردووە. دیاری زۆر لێدوانی نەدامێ، تەنها ئەوەی وت کە ڕەنگە بۆ ئێوە ئێرە تاراوگە بێت، چونکە دیارنییە کەی دەگەڕێنەوە وڵات، من ئێرە بە تاراوگە دانانێنم، چونکە دەزانم کە ١٧ی سێپتێمبەر دەگەڕێمەوە بۆ وڵات.

سەبارەت بە پرسیاری مانەوەو نیشتەجێبوونی لە تاراوگە دیاری بە ئاهکێشانێکەوە وتی: مەگەر لە کوردستان هەڵمبکەنن، مەگەر ناچار بم ڕێگەی تاراوگە بگرمەبەر، ئەم وەڵامە بەس بوو بۆ ئەوەی دوودڵیی من پەک بخات لەوەی کە دیاری نایەوێت وڵات بەجێبهێڵێت و خوازیارە هونەر لە وڵاتی خۆی بەرجەستە بکات.

### هاندان و هاوکاریی تازەپێگەیشتووەکان

لــەدەرەوەی هونەری خۆی، دیــاری هەوڵیداوە یارمەتی و هاوکاریی



هونەرییانەی خۆی بۆ گەنجەکان بڕەخسێنێت و ئامۆژگاریی دەنگیان بکات و لەهەمانکاتیشدا بۆ تازەپێگەیشتووەکان ناوێکی وەک دیاری قەرەداغی دەبێتە هاندەرێک بۆ پەرەدان بە بەهرەکانیان، دیاری لەگەڵیاندا هاوکار دەبێت، تا ببنە ژیلەمۆیەک بۆ زیاتر برەودان بە ڕەوتی تازەی جیهانی هونەرەکەیان.

### سینەماو کلیپ

سەبارەت بە بەشداریکردنی لە سینەما، دیاری ئەوەی ڕەتکردەوە کە بتوانێت لە کارێکی سینەماییدا بەشدار بێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی زۆر داوای لێکراوە لە کاری سینەماییدا بەشدار بێت، بەڵام بەڕای ئەو هەتا ئێستا سینەمای کوردی نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بتوانێت ببێتە ڕکابەرێکی هونەری لە پاڵ بە بازرگانیکردنی سینەما.

لە میانەی کلیپکردنی گۆرانی و بەرجەستەکردنی خودی گۆرانیبێژەکە لە کلیپەکەدا، دیاری قەرەداغی بە کارێکی سەختی دەزانێت و کلیپی دەگمەن هەن کە توانایان هەبووە بەدڵی خەڵک بێت و نەگونجاندنێک دەبینێت لە نێوان گۆرانییەکان و بە کلیپکردنیان، بەڵکو زیاتر بە ریکلامکردنێک بۆ هونەرمەند دادەنێ و ڕەنگە لە هەندێککاتیش گۆرانییەکە بچێتە نێو دڵی خەڵکییەوە، بە مەرجێک هەموو پەیڕەوە هونەرییەکانی لە خۆگرتبێت.

دیاری کەسێکی جیدییە، هەر کارێکی هونەری کردبێت تەواو هزر و هۆش و کاتی خۆی بۆ ڕەخساندووە، دیاری ناتوانێت جیدی نەبێت، چونکە هونەر لەلای پەرۆشی و تێکشکاندنی بتیی سادەییەکانە، دەنگی دیاری لە دەنگی خواکانی هەست دەچێت و بە میهرو بە دڵ ئاوازەکانی خۆی بۆ ئێمە نوێتر و پاکتر دەهێنێتە سەر کۆشی بیستنمان. ئێمەی بیسەر تەنها لەسەرمانە لەگەڵ مەستیی دەنگی و جوڵە بێئاگاکانی سەرسام بین و تنۆکێک باران ببارێنین بەسەر زەوییە وشەکانی خۆشەویستیدا.

لە کۆتایی دیدارەکەماندا چەند گفتوگۆیەکی ترمان کرد لــەدەرەوەی ئەم نووسینە، کە لای خۆم دیاریم زیاتر ناسی، دیاری مرۆڤ و دیاری هونەرمەند، من هیوای سەرکەوتنی کۆنسێرتەکەی نۆرنبێرگم بۆ خواست و تەواو دەستی ماندووبوونیم گوشی... لە گەڕانەوەمدا تەنها گۆرانییەک لەخەیاڵمدا زرنگەی دەهات: ماڵئاوا... ماڵئاوا... لە ڕۆژانی خۆشبەختی.

## شوان کەمال-ی پەیکەرساز:

# پێویستە هونەرمەند وەک سەروەتێکی نەتەوەیی سەیر بکرێت



سازدانی: چنور محەمەد

شوان کەمال یەکێکە لە هونەرمەندە پەیکەرسازەکان، ئێستا لە ئەڵمانیا دەژی و سەرقاڵی ئیشکردنە لەسەر ئەو هونەرە، لە ساڵی (١٩٩٦)ەوە تاوەکو ساڵی (٢٠٠٠) بەشێوەیەکی مۆدێرن فێری چۆنێتی دارِشتنی قاڵب لە لم و سیلیکۆن بووە، لەو ماوەیەشدا ئیشی لەسەر کردووە، لە ساڵی (١٩٨٧) پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی بە پلەی یەکەم تەواوکردووە، ساڵی (١٩٩١) ئەکادیمیای هونەرەجوانەکان بەشی پەیکەرسازیی بەغدای بە پلەیەکی بەرز تەواوکردووە، لە ساڵی (١٩٩١)ەوە بۆ ساڵی (١٩٩٣) مامۆستای بەشی پەیکەرساز بووە لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی، گەلێک پەیکەری لە کوردستان دروستکردووە لەگەڵ هونەرمەندی کۆچکردوو کۆسار، لەوانە: (پەیکەری حەمەسەعیدی ئەندازیار، تۆفیقی کارەبا کە لە هەڵەبجە کە بە کارەساتی کیمیایی شەهید بوو، پەیکەری گادگروسی، لەناو پەیمانگەش گەلێک پەیکەری دروستکردووە، جگە لەوەی لە شاری ئەسینا و ئەڵمانیا گەلێک پەیکەری دروستکردووە. لە شاری دوسل دۆرفی ئەڵمانیا گەلێک قاڵبی لە برۆنز و ئاسن و ئەلەمنیۆم دارِشتووە، لە ساڵی (٢٠٠٠)ەوە تاوەکو ئێستا لە کارگەی رۆلف





گایزەر وەک هونەرمەندێک کار دەکات بۆ گەورەکردن و قاڵبگرتن و دارِشتنی پەیکەرگەلێکی هونەرمەندی جیهانی، ئەندامی هونەرمەندانی ئەڵمانیایە، کە بە (BBK) ناسراوە، ئەندامی هونەرمەندانی عێراقە لە کەنەدا.

**لە ساڵی (٢٠٠٠)ەوە تاوەکو ئێستا سەرقاڵی لە قاڵبکردن و دارِشتنیت بۆ گەلێک هونەرمەندی جیهان لە کارگەی رۆلف گایزەر لە شاری دۆسل دۆرف لە ئەڵمانیا، دەتوانیت بە وردیی باسی ئەو پرۆژەیەمان بۆ بکەیت؟**

من لە ساڵی (١٩٩٦) دەستم بەکار کردووە، زۆر کاری هونەریی گەورەم کردووە بۆ گەلێک هونەرمەندی جیهانیی، لەوانە تووماس شهووتەی ئەڵمانی، تونی کریگی بەریتانی، ئاباکانو فیجی پۆلونی، کە ئەمانە ناودارن لە جیهانی هونەریی ئەم سەردەمەدا، هەروەک دیارە لای هەمووان کارکردن لە ئەوروپا هەروا ئاسان نییە، بەتایبەتی بۆ هونەرمەند، کاتێک کە ویستم لەم کارگەیە کار بکەم زۆر ئاسان نەبوو، بۆ ماوەیەکی زۆر بە چەندەها تاقیکردنەوەو مەشقی جۆراوجۆردا تێپەرِیوم، تا لەدواییدا برِیاردرا کە کاری هونەریی بکەم، کاتێک توانای هونەریی منیان بۆ دەرکـەوت، برِیاریاندا کە کاری هونەریی کارگەکە بگرمە دەست. گەلێک پرۆژەی هونەریی گەورەم ئەنجامدا، بۆ گەلێک هونەرمەندی جیهانیی، کە ئەم کارانە لە گەلێک وڵاتی ئەمریکا و ئەوروپا و یابان دانراون، بەڵام من تەنها بۆ بژێویی ژیان لەم کارگەیە کار دەکەم، من دەبێت رۆژی (٨) سەعات کاری هونەریی کارگە بکەم، هەوڵدەدەم (٢) سەعات بۆ خۆم کارەهونەرییەکانی خۆم بکەم، کە ئەمە بەرِاستی زۆر پێویستی بە تواناو وزە هەیە، بەڵام ژیان پێویستی بە نەوەستانە. لە ساڵی (٢٠٠٩)دا پرۆژەیەکی هونەریی مەزنم ئەنجامدا، لە شێرِیٚ ڤووبەر تال کە پێکهاتبوو لە شاسوار ئارنولد رۆسس بە سوار ئەسپەکەیەوە، ئەم پەیکەرە لە شەرِی دووەمی جیهانییدا رووخابوو، من جارێکی تر دروستم کردەوە، زۆریان پێ جوان بوو، دوای ئەمە من کرام بە لێپرسراوی بەشی تەکنیک و هونەریی ئەم کارگەیە.

**لە رووی قەبارەی ئیشەکانتەوە زیاتر لەسەر چ قەبارەیەک ئیش دەکەیت، شێوەی ئیشکردنی چ قەبارەیەک بۆ تۆ ئاسانترە، قەبارە بۆ ئیشێکی پەیکەسازیی چ رۆڵێکی هەیە؟**

بۆ قەبارەی کارەکان، بەگوێرەی پێویست قەبارەکان دەستنیشاندەکرێن، قەبارەی پەیکەر بێگومان زۆر گرنگە، بەڵام دەبێت دراسەی بۆ بکرێت، پەیکەری

شیاو لە شوێنی شیاو. نموونەیەک بۆ قەبارە، هەڕەمەکانی میسر، ئەگەر مەزن نەبوونایە کەس سەیری نەدەکردن.

**ئەی وەک مادەی پەیکەرەکان زیاتر لەسەر چ مادەیەک ئیشدەکەیت؟**

بۆ مادەی دروستکردنی پەیکەرەکان، من بە قووڕ یان بۆرەک، دروستیان دەکەم، دوایی لە برۆنز یان ئەلەمنیۆم یان ئاسن، دایاندەڕێژین.

**ژیانکردن لە ئەڵمانیا بۆ تۆ چ کاریگەرییەکی هەبووە بۆ بەرەوپێشچوونت لە رووی پەیکەرسازییەوە، دەتوانیت پیمانبڵێیت بە چ هونەرمەندێکی پەیکەرسازی ئەڵمانیا سەرسامیت؟**

من لە ساڵی (١٩٩٥)ەوە لە ئەڵمانیام، وڵات بەجێهێشتن زۆر ناخۆشە، بەتایبەتی بۆ هونەرمەند، بەڵام من ئەمە زیاتر پاڵی پێوەنام بۆ کارکردن، زۆر تەکنیکی مۆدێرن فێربووم، کە دەتوانم بڵێم نەک لە کوردستان، بەڵکو لە عێراق و وڵاتانی دراوسێ نییە.

بۆ ئەوەی من بە کام لە هونەرمەندی ئەڵمانی سەرسام بووم. بەڕاستی گەلێک هونەرمەندی باشیان هەیە، بەڵام من تائێستا هیچ سەرسام نەبووم، هەندێک لە کارەکانی/Antonygreek پێ جوانە، من زیاتر کارەکانی هونەرمەندی ئەمریکی/Nina Akamu و هونەرمەندی ئوستورالی/ Ron muick زۆر پێ جوانە، زۆرجار بەڕاستی، کە هونەرمەندێک زۆر بەناوبانگ دەبێت، مانای ئەوە نییە کە توانای هونەریی باش بێت، من زۆربەی کارەکانی /Tohmas schütte م گەورەکردووە، خۆی چەندەها جار پێیوتووم شوان من بە چارەکێکی تۆ پەیکەرساز نییم، کە یەکێکە لە هەرە هونەرمەندە ناودارەکانی جیهان، بەڕاستی لەم وڵاتانە زۆربەی کات شوهرەت زۆر فاکتۆری جیاواز رۆڵی تیا دەبینن، بۆ نموونە کەسێکی پارەدار یان لایەنێک یان دەسەڵاتێک پشتی هونەرمەندێک دەگرن، دەیبەن بەرەوپێش بە هەرشێوەیەک بێت. نموونەیەک من چەند مانگێک لەمەوبەر دوو کابرای جەنتیل مان هاتن بۆ ئەو جێگەیەی کە کاری لێدەکەم، لە دواییدا زانییم، کە ئەمانە خاوەنی گرنگترین گەلەری هونەرن لە جیهاندا، بە ناوی Modern art لە نیویۆرک لە ئەمریکا، هەرچۆنێک بێت پرسیاریان کرد، کە کەی Tohmas schütte دێت بۆ ئێرە، وتم لەوانەیە سەعاتێکی تر، وتیان چاوەڕێ دەکەین، من لەوکاتەدا خەریکی کارێکی هونەریی خۆم بووم، ئەم دوو کابرایە هاتن بینییان، گوێم لێبوو لەگەڵ یەک کەوتنە گفتوگۆ، دەیانووت ئەم کارە



جیاوازە لەوانی تری، بەڵام زۆر جوانە، کە هات دەربارەی ئەم کارەی قسەی لەگەڵدا دەکەین، لە بەینی خۆیان زۆر باسی ئەم کارەیان کرد، دیاربوو زۆریان بە دڵ بوو، دوایی یەکێکیان خۆی پێنەگیرا هاتە لام، وتی: زۆری ماوە ئەم کارە نوێیەی Tohmas، وتم ئەمە کاری منە، هی Tohmas نییە، ئەم دوو کابرایە روویان وەرگێڕاو رۆیشتن، هیچیان نەوت، مەبەستم لەم نموونەیە ئەوەیە، کە زۆرجار ناوبانگ دروستیدەکات بۆ هونەرمەند، مەبەستییانە کە ئەو هونەرمەندە ناودار بکەن.

لێرە، لە ئەوروپا بەگشتیی لە ئەڵمانیاو لە شاری دۆسل دۆرف بەتایبەتی، کە یەکێک لە هەرە ئەکادیمیا بەناوبانگەکانی لێیە، زۆر جیاوازە مەنهەجی دراسەکردنیان وەک لەلای خۆمان، لێرە قوتابی رێگەی هونەری پیشاندەدەن، بەڵام فێریدەکەن چۆن بازاڕ بۆ هونەرەکەی دروست بکات، چونکە بەڕاستی ئەگەر هونەرمەند کارەکانی نەفرۆشێت بە هونەرمەندێکی سەرکەوتوو دانانرێت و ناتوانێت بەردەوام بێت، لێرە لە وڵاتانی خۆرئاوا هونەر بازاڕێکی گەورەیە، پارەیەکی زۆر دەخرێتە بازاڕی هونەرەوە، ساڵی بە ملیارەها دۆلار دەخەملێنرێت، کە ئەمانە هیچی لای خۆمان نیین بە داخەوە، هەر لە دراسەکردنمان، بەڕاستی ئەو مەنهەجانەی لە پەیمانگەو ئەکادیمییەکان دەخوێنرێن زۆر کۆنن، پێویستیان بە تازەگەریی هەیە، لای خۆمان بیستوومە لە هەموو شارو شارۆچکەیەک پەیمانگەیەک یان ئەکادیمیایەک کراوەتەوە، ئەمە ئاسانە، بەڵام چۆن بەڕێوەی دەبەیت، ئەمە گرانە، کادیری هونەریی زۆر گرنگە، هەموو ساڵێک ئەو هەموو هونەرمەندە دەردەچن، بەڵام بازاڕی هونەر نییە لای خۆمان، کێ لای خۆمان کاری هونەریی دەکات، چەند کاری لێرە و لەوێ ئەمە بازاڕ نییە، دەبێت خەڵک هوشیاریی بگاتە رادەیەک کە کاری هونەریی بکڕن، هەست بکەن کە هونەرمەند کەسێکە وەک سەروەتێکی نەتەوەیی سەیری بکرێت، کارەکانی پیرۆز سەیر بکرێت، ئەوکاتە هونەر پێش دەکەوێت. لای خۆمان کێ بەکاری هونەریی دەژی، هونەرمەندەکانمان یان مامۆستان یان فەرمانبەرن، کەس بە هونەر ناژی، چونکە هونەر بازاڕی نییە.

بۆ ئەوەی کە وتم پەیمانگەو ئەکادیمیامان زۆربوون لە کوردستان، ئەمانە زۆر باشن ئەگەر بەڕێوە ببرێن، بەڵام نەک هەر زۆر و بۆر، ساڵی هەشتاکان لە هەموو کوردستان یەک پەیمانگە هەبوو، بەڵام هونەرمەندی زۆری پێگەیاند، لەبەرئەوەی کادیری هونەریی باشی لێبوو، مامۆستای دڵسۆزمان هەبوو بۆ هونەر، بەڕای من کادیری باش و خاوەن ئەزموون زۆر گرنگە، لای خۆمان هەر

قوتابی پەیمانگە یان ئەکادیمیا تەواو دەکات، ساڵی دوایی دەبێتەوە بە مامۆستا لە هەمان جێگە، ئەمانیش ئەزموونیان کەمە، هەر ئەوەیە کە لەوێ فێربوون، کەوابێت وەک وێنەیەکی لێدێت کە چەند جارێک کۆپی بکەیت، تا بێت بەرەو کاڵیی دەچێت.

**لە کارە سەرەتاییەکانتدا فۆرمێکی بەرجەستە بەرچاو دەکەوێت، ئایا بۆ هونەرمەندێکی پەیکەرساز فۆرم چ گرنگییەکی خۆی هەیە؟**

بێگومان فۆرم گرنگی خۆی هەیە، هەر ئەمەشە کە کاری هونەریی جۆراوجۆر هەیە، قوتابخانەی هونەریی جیاواز هەیە...

**بەڵام لە زۆربەی کارەکانی دواترتدا، فۆرمێکی دیاریکراو نابینرێت، ئەمەیان چۆنە؟ یاخود فۆرمەکان هەن بەشێوەیەکی هەڕەمەکی، دەتوانیت بۆمان روون بکەیتەوە چۆن فۆرم لە ئیشێکی بچووک بێت یان گەورە تێگەیشتن بۆ ئەو پەیکەرە دەگۆڕێت، بە حوکمی ئەوەی ئیشی پەیکەرسازیی ئیشێکە بۆ هەموو مرۆڤێکی دنیا، نەک تەنیا بۆ کۆمەڵە کەسێک، چۆن ئەمە تەفسیر دەکەیت؟**

من لە ژیانی هونەرییمدا گەلێک فۆرمی جیاوازم بەکارهێناوە. بێگومان کارە نوێکانم دەبێت جیاواز بێت، ئەگەر نا، کەوا بێت هیچ پێش نەکەوتووم، بێگومان من لەگەڵ سێ پەیکەرسازی بەناوبانگی ئەم جیهانە کاردەکەم، ئەو هەموو مۆزەخایە دەبینم، دەبێت فۆرمەکانم گۆڕابن.

**هونەرمەندی پەیکەرساز لە رووی فیزیکییەوە پێویستی بە هێزو وزەیەکی گەورە هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت ئیشەکانی تەواو بکات، لەگەڵ ئەوەی کارێکی سەخت و گرانە، تۆ وەک هونەرمەندێکی پەیکەرساز چ چێژێک لەو سەختییە دەبینیت لە ئیشکردندا، لەکاتێکدا ژیان لە سەردەمی ئێستادا ئەو هەموو ماوەیەت نادات تا بە چەندین ساڵ سەرقاڵی ئیشێک بیت؟**

بەڕاستی هونەری پەیکەرسازیی پێویستی بە تواناو وزەی تایبەتی هەیە، وەک هەموو کارێکی تر، من خۆم زیاتر لە (٢٥)ساڵە کاری پەیکەرسازیی دەکەم، هیچ هەست بە هیلاکی ناکەم، کاتێک سەرقاڵی کاری هونەریی دەبم، کاتم بیر دەچێتەوە. بێگومان هاوسەنگیی لە ژیاندا گرنگە، هەموو شتێک کاتی خۆیم بۆ داناوە، خاتوو چنوور بۆ ئەوەی کە لە راگەیاندنی کوردستان نەناسراوم، ئەمە کەمتەرخەمیی راگەیاندنە، یان کەمی رۆژنامەنووسی شارەزا لە بواری هونەری شێوەکاریی...



# مۆفەق لهۆنی:

## ئەو سیستمەی پەیمانگای هونەرەجوانەکان لەسەری دەروات لە هەموو دنیادا بەسەرچووە



**سازدانی: شەنکار عەبدوڵڵا**

رەوشی شانۆی کوردی لە ئێستادا لە قەیراندایەو هەریەکە بەشێوەیەک گوزارشتی لێدەکاتو هۆکارەکانی دەستنیشان دەکات، بۆ ئەم مەبەستە دیدارێکمان لەگەڵ مامۆستاو شانۆکار مۆفەق لهۆنی سازداو بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

**شانۆی کوردی لە ئێستادا لەچ ئاستێکدایە؟**

بێگومان شانۆ گەشەیەکی بەخۆوە بینیوە، کۆمەڵێک هەنگاوی بڕیوە لەچاو پێشتر یان لەسەرەتای گەیشتنی شانۆ بە میللەتی کورد، بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، هەریەکە لەو قۆناغانە گرنگییان هەبووە لەسەر پێشخستنی شانۆو ناساندنی شانۆ بە گەلی کوردو بینەرەکەی، کە گەلی کورد یەکێکە لەو گەلانەی زۆر تامەزرۆی بینینی شانۆیە، هەرچەندە پرسیارەکەت زۆر دیراساتی دەوێت، بەڵام دەتوانین بڵێین لە هاتنە کایەی شانۆو گەیشتنی بە ئێمەی کورد تائێستا لە قۆناغی لاسایکردنەوەوە هەنگاوی ناوە بەرەو قۆناغێکی نوێتر، کە قۆناغی ناساندنی شانۆ بووەو بۆچوونە ناو جومگەکانی ئەدەبو هونەری کوردیی، پاشان بەرەو قۆناغی رامیارییو سیمبولیزم هەنگاوی ناوە، کە دەتوانم بڵێم پێش راپەڕین بەشێک بووە لە قۆناغی رۆحیو رامیاریی بۆ میللەتەکەمان، کە زۆرجار

وەک چۆن سیاسەت رۆڵی خۆی هەبووەو کەسانێک هەبوون خەباتگێڕبوون لە شاخەکان بەرەنگاری زوڵمو ستەمی رژێمە یەک لەدوایەکەکان بوونەتەوە، شانۆش بەهەمان شێوە هەڵگری کۆمەڵێک رەمزی خۆی بووە، یان لە رێگای ئەو شیفرانەی کە هەیبووە توانیویەتی شان بەشانی سیاسەت کاری خۆی بکات، کاریگەری هەبووە لەسەر پێشخستنی ژیانی سیاسییو کۆمەڵایەتی، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک بەرهەمی جوان هەبووە، کۆمەڵێک کاری ناوازە پێشکەشدەکران، ئەگەر ئێمە ئاوڕێکی خێراش لە دوای راپەڕین بدەینەوە، دیارە هاتنەکایەی کۆمەڵێک ستایلی نوێ، لە شێوەی شانۆی وێنە لە شێوەی سیمبول بەشێوەیەکی تر، نوێگەراییو هاوچەرخێتی هاتووەتە بوارەکەوە، ئەمەش کارێکی کردووە، جارێکی تر هەنگاوەکانی شانۆ بەرەو رەسەنایەتیو هەندێکجاریش بەرەو هەڵدێر بڕوات، زۆرجار ئەو سیمبولانەی کە هەبوون لەپێش راپەڕینەوە هەمووی بەتاڵکرایەوە، بینەریش بەدوای ستایلی نوێدا دەگەڕا، ئیتر پێویستی بەکۆدو شیفرە نەبوو ئاماژەکانی خۆتی پێببەخشی، ئیتر پێویستی بەوە بوو بە روونی ئاماژەکانی خۆتی پێشکەش بکەیت، بۆیە شانۆکاریش بەدوای ستایلی نوێدا دەگەڕا، بۆئەوەی هاوچەرخێتی بدات بەدەقەکانو شوێنی نمایش شێوازی نواند، تەنانەت دارشتنی دەقەکان، ئەمانە هەموویان کۆمەڵێک گۆڕانکاریان بەخۆوە بینیوە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار جۆرێک لە قەیران لە شانۆدا دروست بووە، هۆکارەکان زۆرن، لەوانە شانۆکار خۆی هۆکاربووە وەک ئەوەی ناخوێنێتەوەو بەردەوام نییە، یەکێکی تر لە هۆکارەکان دەسەڵاتە، کە بەشێوەیەکی مۆدێرنانە نەهاتووەتە ناو کایەیەکی گەورەی وەک شانۆو بزانێت رەوتی شانۆ چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵگا، بێت و بەستراتیژێکی تر مامەڵە بکات، بودجەو پێداویستییەکانی بۆ دابین بکات، یەکێکی تر لە هۆکارەکان ئەوەیە ئێمە تائێستا بەس بە بیستن شەپۆلە نوێکان دەگاتە لامان، دەنا وەک تەکنیکو دەرهێنانو نواندن ئێمە نەمانبینیوەو بەرجەستەمان نەکردووە، ئەمەش جۆرێکی ترە لەو قەیرانەی کە شانۆی پێدا تێپەڕیوە، هەروەها نەبوونی هۆڵ و نەبوونی بودجە قەیرانە دیاردەکانی تری شانۆی کوردین.

**ئەکادیمی بوون چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر هونەرمەند ئایا مەرجە هونەرمەند ئەکادیمی بێت؟**

ئەگەر مەبەست ئەکادیمی بوون بە زانست وەرگرتنی هونەرە، من بە مەرجێکی دادەنێم بۆ سەرکەوتنو بەردەوام بوونی هونەرمەند، بە مەرجی سەرەکی دانانێم، ئەگەر کەسەکە خۆی بەهرەو توانای نەبێت، بۆیە بەهرەو توانای کەسەکە هەروەها بە زانست وەرگرتنی هونەر کاریگەری زۆری دەبێت، بۆیە ئەو دوانە پێکەوە دەتوانن کاربکەن، بەڵام ئێمە ئەگەر سەیری وڵاتانی تر بکەین، زۆربەی هونەرمەندە بەتواناکان رەنگە حەز و ئارەزووی خۆیانی تێدا بێت، تەنانەت ئەگەر بە دیراسەی پاش دەوامی رەسمیش بێت خۆیان دەوڵەمەند کردووە بە زانست، چونەتە پەیمانگا یان کۆلێژی هونەریان تەواو کردووە، بۆ ئەوەی بتوانن زانستیانە نواندن بکەن، ئەگەر کەسێک لە سەرەتاوە توانای بەهرەی نەبوو ئەوکاتە ئەکادیمی بوونیش هیچ رۆڵێکی نابێت.

**ساڵانە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان کۆمەڵێک خوێندکار تەخەروج دەکەن، ئەم خوێندکارانە تاچەند خەریکی کارەکەی خۆیان دەبن؟ یان پەیمانگا زیاتر وەک قۆناغێک تەماشادەکرێتو دەبێت تەواو بکرێت؟**

خوێندکار لە نۆی بنەڕەتییەوە رووودەکاتە پەیمانگای هونەرەجوانەکان، تیایدایە بۆ قاڵبوونەوە دێت لە هونەردا، بەڵام زۆربەشیان وەک کەناڵێکی پەروەردەو کەناڵێکی خوێندنە، پێدەچێت نەتوانێت ئامادەیی تەواو بکات، ئیتر لەبەر زروفی مەعیشی بێت، کە رێگەی پێنەدات بچێت لە دەرەوەی کوردستان یان لە شارەکانی تری کوردستاندا بخوێنێت، بۆیە رووودەکاتە پەیمانگا، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە هەموو پەیمانگای هونەرەجوانەکان تائێستا ئێمە نازانین کادیرێکی هونەری پسپۆڕ دەردەچێنین بۆ نموونە دەبێت بە ئەکتەرێکی بە توانا، یان ئێمە مامۆستایەکی هونەر پەروەردە دەکەین، وەک کادیرێکی ناوەند دەچێتە خوێندنگاکانو خوێندکارو قوتابی فێری هونەر دەکات، ئەمە گرفتێکی گەورەیە چەندجار ئێمە ئەمەمان دووبارە کردۆتەوە، بە کۆنگرەیەک یان بە کۆنفرانسێک چارەسەری ئەمە بکاتو پێداچوونەوەیەک بە سیستمی پەیمانگا بکات، لێشت ناشارمەوە ئەو سیستمەی پەیمانگای هونەرەجوانەکان لەسەری دەڕۆن لە هەموو دنیا بەسەرچووە، ئێستا لە هەموو دنیادا شتی واگشتگیر نەماوە، پەیمانگای پسپۆڕی هەیە، بۆ نموونە پەیمانگایەک تایبەتە بە نواندن، یان بە دەرهێنان، یان تایبەتە بە مۆسیقا، یان بەجۆرێک لە جۆرەکانی ژەنیاری شەرقی بێت یان غەربی، یان جۆرێک لە جۆرەکانی شێوەکاریی، کە تایبەتە بە نیگار یان گرافیک یان نەحت، بەرامبەر بە ئەویش دەزگایەکی تر یان کەناڵێکی خوێندن هەیە، کە قوتابیو خوێندکار پێ بگەیەنێت وەک مامۆستایەکی باشی پرۆفیشناڵ لە هەموو بوارەکانی هونەردا، بۆئەوەی کە چووە قوتابخانە لەوێ منداڵان

بەباشی پێ بگەیەنێت، بۆیە تاوەکو ئەم پەیمانگایانە یەکلایی نەبنەوە لەم قەیران‌و چەقبەستنەدا دەمێنینەوە، ئەوەشمان لەبیر نەچێت زۆربەی دەرچووەکانی ئێمە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن‌و ڕەوتی هونەری کوردیدا ڕۆڵێکی باشی هەبووە، هەرچەندە هەندێکیان بوونەتە مامۆستا لە قوتابخانەکاندا، واتە ئەم پەیمانگایە ڕۆڵێکی ئیجابی هەبووە لە زۆربەی بوارەکانی هونەردا، ئەگەر هەر شتێک بکرێت دەرچووی پەیمانگای لێدەربهێنیت ئەوە شتێکی وەهای نامێنێتەوە، بۆیە دەرچووی پەیمانگای سلێمانی ڕۆچوون بەناو زۆربەی دەزگاکانی تایبەت بە هونەردا، بەڵام ئەمەش هێشتا هەر بەپێی پێویست نییە، بەپێی ئەو ژمارە زۆرە نییە کە ساڵانە لە پەیمانگا دەردەچن.

**نەبوونی پێداویستییەکانی شانۆ وەک میکانیزمەکان‌و نەبوونی هۆڵ‌و نەبوونی هاوکاری، چ کاریگەرییەکی کردووەتە سەر بواری هونەر؟**

ئەو شتانەی کە تۆ باستکرد تەنها بە چارەسەرکردنی یەک دانەیان چارەسەری هەموو شتێک نابێت، چونکە هەموو ئەوانە بەیەکەوە ئەو گرفتەیان دروستکردووە، هەر لە نەبوونی ستراتیژو لە نەبوونی دەزگایەکەوە بۆ سەرپەرشتیکردنی هونەر، بەتایبەتی هونەری شانۆ، نەبوونی ڕێکخراوێکی تایبەت بە شانۆ تادەگاتە هەڵسەنگاندنی ئێستای شانۆ، یان بێباکیی شانۆکار، نەبوونی هۆڵی پێویست‌و نەبوونی سەدان تەکنیکی نوێ کە لە دنیادا هەیە، ئەمانە هەر هەموویان پێکەوە گرفتی گەورەن‌و پێکەوە گرێدراون، بە نەبوونی یەکێکیان گرفتەکە گەورەتر دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر هۆڵێکی باشت هەبێت، بەڵام ئەکتەری باشت نەبێت، بەچی دەچێت، یان تەکنیکی باشت نەبێت بەچی دەچێت، کە نوێگەری دیراسەت نەبوو بۆ هونەرو ئاگاداری شەپۆلە نوێکە نەبێت، بەچی دەچێت، بۆیە من هەمیشە داوای ئەوەم کردووە، کە ڕاسپاردەکان جێبەجێبکرێن، من خۆم ئەندامی باڵای کۆنفرانسێک بووم، ڕاسپاردەی زۆری تێداکرا بۆ حکومەت و وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەڵام هیچی نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە، تەنها بۆ کات بەسەربردن‌و دروستکردنی زەجەیەک بووە، کە گوایا فڵان کۆنگرە بەسترا، چونکە ئێمە دەزگایەکمان نییە بۆ بەدواداچوونی ڕاسپاردەکان.

بۆ ئاشتکردنەوەی بینەریش بە دڵنیاییەوە بینەر زۆر تامەزرۆی شانۆیە، بە بەڵگەی ئەوەی کە شانۆ هەیە مانگێکە کاردەکات، جۆرێک لە بازاڕ گەرمییان بۆ خۆیان دروستکردووە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە، کە بینەر تامەزرۆیە، چونکە خەڵک



چەندین سەرئێشەی هەیە، شوێنێک نییە خۆی تێدا بەتاڵبکاتەوە، شوێنێک نییە چێژ لە کاتەکانی خۆی ببینێت، ئێمە بینەرمان هەیە، بەڵام شانۆیەکی وەهامان نییە، یان هۆڵێکی وەهامان نییە تابینەر چێژی لێوەربگرێت.

مۆفەق عارف لهۆنی، دەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانییە لە ساڵی ١٩٨٧و کۆلێژی هونەرەجوانەکانی بەغدا بەشی دەرهێنان ساڵی ١٩٩٢، ماوەی ١٠ساڵە سەرۆکی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکانە و ئێستاش وەک یاریدەدەری بەڕێوەبەری پەیمانگا بۆ کاروباری هونەر دەست بەکاربووە، زیاتر لە ٢٥ساڵە لە بواری هونەردا کاردەکات‌و سەرۆکی تیپی هونەری منداڵانە، کە ماوەی١٩ساڵە لە شاری سلێمانی‌و شارەکانی تری کوردستان کاری هونەریی دەکات.

# ساتە فەلسەفییەکانی مۆسیقا



**لە فارسییەوە: ئەنوەر عەبدوڵڵا**

ادۆرنۆ لە نێوان توخم و ماکەکانی مۆسیقادا جەخت لەسەر گرنگی هارمۆنی دەکاتەوە و لەسەر ئەو بڕوایەیە، کە پیشەی کولتووری هارمۆنی دەبێتە هۆی وێکچوواندنی سووژەکان. بەم بۆنەیەوە لەلای ئادۆرنۆو هەروەها شۆئنبێرگ، تازەگەری مۆسیقایی دەبێت ئاڵوگۆڕێکی هارمۆنی بێت. لەڕوانگەی ئادۆرنۆوە مۆسیقایەک کە لە دڵ بنیشێت، ئاسۆیەک بۆ مرۆڤ وێنادەکات، کە لە ئەودا گۆڕانەکان پێشبینی دەکرێتو ئارامی و هێمنیشی پێدەبەخشێت. بەم هۆیەوەیە کە مۆسیقای سوننەتی ئێرانی دەبووە هۆی ئازاردانی شارۆمەندێکی ئەڵمانی لە سەدەی نۆزدەدا. ئادۆرنۆ سەبارەت بە هارمۆنی دەڵێت: هارمۆنی جوانیناسانە، بەشێوەیەکی تەواو بەدەست نایەت. زیاتر شتێکی ساختەو هاوسەنگییەکی کاتییە. لە هەر شتێکی هونەری، کە هارمۆنی پێی بوترێت، ژمارەیەک ناوکی جیاوازو دژواز خۆی حەشارداوە. "خۆش نەبوون" حەقیقەتی هارمۆنییە. هارمۆنی بەیانکردنی شتێکە، کە لە واقیعدا بوونی نییە. هارمۆنی ئەو کارە ڕەت دەکاتەوە، کە ئارمان و ئامانج لەسەری بنیاتنراوە. ئەم بۆچوونەش لە



درکی مارکسو باقی کەسانی چەپ دەچێت سەبارەت بە هارمۆنی کۆمەڵایەتی. لەبەرئەوەی روانگەی ئەم بیرمەندانەوە هەر شتێک کە بەناو نەزمی کۆمەڵایەتی دەناسرێت، سووکایەتی لێهاتووییەکانو چەوساندنەوەی جەماوەرە. بەم بۆنەیەوە باسی مۆسیقایی ئادۆرنۆ لەسەر ئەساسی باسەکەی مارکسە، بەم چەشنەی ئەوەی وەک هارمۆنی دەناسرێت، گرێبەستێکەو بەس. بەمجۆرە ئەوەی کە وەک هارمۆنی موزیکاڵ دەردەکەوێت، بەردەوام خۆی لەبەردەم گۆڕان و ئاڵوگۆڕدا دەبینێتەوە. لە مێژووی مۆسیقای رۆژئاواداو بەو جۆرەش ئادۆرنۆ نیشانیدەدات، هارمۆنی بەزۆری سازگارە لەگەڵ پێشکەوتنی چینی مامناوەند، زاڵبوونی پێوەندی سەرمایەداریی و پەرەسەندنی مۆدێرنێتە.

بەزۆری و هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی بـۆرژوازی رۆژئاوایی، بناغەی مۆسیقای تەنالی رۆژئاوایی لە بەرهەمەکانی سوڵتانی هایدنو موتزارتدا بێچمی گرت. لە مێژووی مۆسیقای رۆژئاوادا و پێش لە رێنیسانس، مۆسیقی خۆجێی، فولکلۆرێک، هەروەها ئاتونال و پلی-فۆونیک بوونیان لە ئارادا بوون، بەڵام لە کتێبەکانی مێژووی مۆسیقادا، سەرەتای مۆسیقای کلاسیکی رۆژئاوایی هاوکات بۆ مۆنتەوروی لە سەدەی ١٦دا دەگەڕێنەوە. لەم کاتەدا چۆنێتی راهێنانو سیستمی مۆسیقایی نووسراو و مسۆگەر بوو. تا سەدەی هەژدەش مۆسیقا، تێکەڵاوییەک بوو لە مۆسیقای سوڵتانیو مۆسیقای کڵێسەیی. ئەمە مۆسیقای تەنال بوو. واتە بەیەک نۆتی سەرەکی دەستیپێدەکرد، لە پەرەسەندنی خۆیدا هەر بەم نۆتە وەفادار دەمایەوەو مەقتوعەکەش هەر بەم نۆتەیە کۆتایی پێدەهات. بەجۆرێک کە نۆتە سەرەکییەکە سەرەتای مەقتووعەکانی دیکەشی دیاریدەکرد. لەم رووەوەیە کە لە روانگەی ئادۆرنۆوە فۆرمی سوننەتی سیمای مۆسیقا بۆرژوازییە. تازەگەریی ئاوازدانەران لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە وەکو بروکز، پاش بێتهۆڤنو مۆسیقای پۆست رۆمانتیک لەوەدا بوو، کە خۆگرێدانەوە بەو نۆتە سەرەکییە بشارنەوە.

بە بۆچوونی ئادۆرنۆ ئاڵوگۆڕی گەورەی سەدەی نۆزدەیەم لە سەرەتادا هاتنەناوەوەی دەنگی ناخۆشو ئازاراوییو پاشان لەنێوچوونی فۆرمی گەشی مۆسیقا بوو. لەم خاڵەدا کە لە دوایین بەرهەمەکانی بێتهۆڤندا دەبیسترێت. ئەو هەوڵیداوە فۆرمە ناسراوەکانی هارمۆنی تێبشکێنێت. بە پێچەوانەی ژمارەیەک لە رەخنەگران، کە ئەم بەرهەمانەی بێتهۆڤنیان وەک بەرهەمی پیرەپیاوێکی ناڕازیی لە جیهان زانیوە، ئادۆرنۆ بەستێنەکانی مۆسیقای ئاتوناڵی لەم مەقتوعانەدا دەدۆزییەوە. هەندێک نموونەی دیکەی وەک بەرهەمەکانی ڤاگنێر، فرانتس لیست،

بەتایبەتی سەمفۆنیای نۆیەمی گوستاو ماهلێر، کە بوونەهۆی سەرهەڵدانی مۆسیقای ئاتوناڵ لە سەرەتای سەدەی بیستدا. مۆسیقای ئاتوناڵ لە ساڵی ١٩٠٩ لەلایەن ئارنۆڵد شۆنبێرگەوە ناسرا. باقی نوێنەرانی ناسراوی ئەم مۆسیقایە، ئانتوان وێبرۆنو ئاڵبان بێرگ، مامۆستای پیانۆی ئادۆرنۆ بوون.

تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم مۆسیقایە لەوەدایە، کە یەکەم  بە نۆتێکی سەرەکی دەست پێناکات، دووەمیش لە کامڵبوونی مۆسیقاکەدا بە هیچ شێوەیەک نموونەیەک لە شێوازەکانی سوننەتی نابینینو هیچ چوارچێوەیەکی لەپێش دیاریکراویش تێدا ڕەچاو ناکرێت. لەم ڕووەوە ئەم بەرهەمانە بەزۆری لە فۆرمی ئۆرکێسترایی دوور دەکەونەوەو با ئامێرە وێکنەچووەکان بە شێوەی (کۆبوونەوە ١ تا ٤ ئامێر) لێدەدرێت. ئادۆرنۆ مۆسیقای ئانۆتاڵی بە گەورەترین دەستکەوتی مێژووی مۆسیقای دەزانێتو دەیوت ناسازگاریی مرۆیی هاوچەرخ لە ژیانی نوێدا نیشاندەدات.

بنەمای ڕەخنەکانی ئادۆرنۆ لە مۆسیقای ئیستراوینسگی، شوستاکویچ، جازو ڤاگنێریش هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەمە. ئەو لەلای ڤاگنێر هێرش دەکاتە سەر بیری "هونەری کامڵ"، وێڕای ئەوەش ڕەخنەی توندی لێدەگرێت   سەبارەت بە گەڕانەوەی بۆ ڕابردوو و دوورخستنەوەی مێژووی مۆسیقا لە ڕەوتی گەشەی خۆیدا.

سەرچاوە:

http://www.persianpersia.com/articles/music/musicarticledetails.php?marticleid=189



a_aida١٨@yahoo.com





دەتوانیت گۆڤاری هونەر لەم ماڵپەڕانەدا بخوێنیتەوە:

www.dengekan.com

www.chrakan.com

www.chra.tv

نرخی ١٠٠٠ دینارە